# سەدەیەک گەڕانەوە بۆ قووڵایی مێژوو
# گەشتێک بۆ ئیسیۆپیا

ناوەندی بیری میانڕەو

ناوی کتێب : سەدەیەک گەڕانەوە بۆ قووڵایی مێژوو، گەشتێک بۆ ئیسیووپیا

نووسینی : ئەمجەد شاکەلی

هەڵەبڕین : یووسف مەلا خەلیل

نەخشاندنی بەرگ :

نۆبەتی چاپ : یەکەم

ساڵی چاپ : 2018

شوێنی چاپ : تاران

تیراژ : 500 دانە

نرخ: (6000) دیناری عێراقی

ژمارەی نێودەوڵەتی: ISBN: 978-91-9817755-0-9

ماڵی ئەلیکترۆنیی میانڕەوی www.hawsani.org

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (    )ی ساڵی (    )ی پێ دراوە

پرۆژەی بیری میانڕەو (45)

# سەدەیەک گەڕانەوە بۆ قووڵایی مێژوو
# گەشتێک بۆ ئیسیووپیا

ئەمجەد شاکەلی

بسم الله الرحمن الرحيم

بۆ:

یــاد و گیــانی پــاکی، ئەوانەی ڕۆژگارێــک هــاوخەون، هاوئومێــد، هاوئامانج و  هاوخەبات بووین، بـۆ وەدیهێنـانی جیهـانێکی ئـازادی دادپـەروەری بـــێ هەڵاواردن و بـــێ چەوســـاندنەوەی چینـــایەتی، ڕەگەزایەتی، ئایینی و نەتەوایەتی، هاوڕێیانم:

شەهید حوسەین موحەممەد سەعید شێخ جەمیل تاڵەبانی
شەهید خەلیل ئیبراهیم جاسم حەممادی ئەلبەیاتی
ئەحمەد کەمەر ساڵح سەیالی موحەممەد ڕۆغزادی جاف
عیسا عەلی عەبباس  (دای عیسا/ ئەبوو ئەنوەر)

# پێڕست

بیرۆکەی سەفەرەکە ........ 9
نیشتمان، خەڵک و مێژوو ........ 15
فەرمانرەوایانی ئیسیووپیا ........ 21
خاک و ئاو و کشتوکاڵ ........ 25
قاوە ........ 31
ئەدیس ئەبابا (Addis Ababa) ........ 35
ڕەوشی ئابووری و ژیانی خەڵک ........ 55
نێر و مێ لە جڤاکی ئیسیووپیاییدا ........ 63

خۆراک ........................................................................ 69

جگەرەنەکێشان ........................................................................ 73

پیسوپۆخڵی و بۆنی ناخۆش ........................................................................ 77

دین لە جڤاک و وەڵاتی ئیسیووپیادا ........................................................................ 85

گوێزتنەوە و جادە و هاتووچۆ ........................................................................ 113

لالیبێلا (Lalibela) ........................................................................ 117

بەرەو بەهردار ........................................................................ 131

بەهردار (Bahir Dar) ........................................................................ 139

گۆندەر (Gonder) ........................................................................ 153

جارێکی تر بەهردار ........................................................................ 163

جارێکی دیکە ئەدیس ئەبابا ........................................................................ 171

خۆشویستنی وەڵات ........................................................................ 174

سێ شت، کە دەبێ لەمەڕ ئیسیووپیاوە بگوترێن ........................................................................ 176

ئیسیووپیا و وەڵاتگەلێکی وەک ئیسیووپیا ........................................................................ 177

دوو وشە بۆ ئیسیووپیاییەکان ........................................................................ 221

وێنەگەلێک لە ئیسیووپیاوە ........................................................................ 223

# بیرۆکەی سەفەرەکە

کە هاوڕێم سەردار ئەمین، زەنگی بۆ لێدام و باسی ئەوەی کرد، لەگەڵ هاوڕێ سەفوەت جەباریدا، بەتەمان گەشتێکی ئیسیووپیا بکەن و پرسیاری لێکردم ئەگەر حەز دەکەم منیش هاوڕێی سەفەریان بم، بێ یەکودوو دوای دوو خولەکێک، سولەیمانی قەسساب ئاسا، قایل بووم و گوتم باشە[1]. ئیدی پاش ئەو زەنگەی

---

[1] دەڵێن ساڵی 1981، کە سامی عەبدوڕەحمان لە شام خەریکی خڕکردنەوەی خەڵک دەبێ بۆ حیزبە نوێیەکەی، حیزبی گەلی دیموکراتی کوردستان، کە ئەودەمی لەسەروبەندی دامەزراندنیدا دەبێ، لە خڕبوونەوەیەکدا تووشی سولەیمانی قەسساب دەبێ، کە پێشمەرگەیەکی دێرینی شۆڕشی ئەیلوول بووە و ئەو کاتەش، کە لە شام بووە، لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا کاری کردووە و ئەم گوتوبێژە دەکەوێتە نێوانیانەوە.

– سامی عەبدوڕەحمان: کاک سولەیمان بۆ نایەی لەگەڵ ئێمە کار بکەیت؟

– سولەیمانی قەسساب: کاک سامی ئێوە کێن و کاری چیتان لەگەڵدا بکەم؟

**هاوڕێ سەردار و قایلبوونم، لەسەر کاتی سەفەرەکە ڕێککەوتین و کەوتینە مشووری بلێت پەیداکردن و خۆمان ئامادەی ئەو سەفەرە کرد و بڕیار وابوو سەرلەبەیانی ڕۆژی 06 – 01 – 2016، کاتێک لە فڕۆکەخانەی بۆڵی (Bole) لە ئەدیس ئەبابا دادەبەزین، یەکدی ببینین و هەر بەو جۆرەشمان کرد.**

**لەبارەی ئیسیووپیاوە، زانیارییەکی کەمم هەبوو و دەمزانی بە زێد و لانکی مرۆڤ دادەنرێ و خودانی ژیارییەکی[2] دێرین و**

---

– سامی عەبدوڕەحمان: ئێمە حیزبێکی تازەمان دامەزراندووە، ناوی حیزبی گەلی دیموکراتی کوردستانە و حەز دەکەم لەگەڵ ئێمە بیت.

سولەیمانی قەسساب، تەماشای ناوچاوانی سامی عەبدوڕەحمان دەکات و دوای دوو خولەک بێدەنگی و بیرکردنەوە دەسبەجێ دەڵێ:

– باشە کاک سامی.

– سامی عەبدوڕەحمان: کاک سولەیمان چۆن وا زوو بڕیارت دا و گوتت باشە؟

– سولەیمانی قەسساب: کاک سامی، ئێمە مەلا مستەفامان تاقیکردەوە و ئەبوشەللال (جەلال تاڵەبانی)یشمان تاقیکردەوە، توخوا با تۆیش تاقیبکەینەوە بزانین تۆ چ دەکەیت!

[2] شارستانییەت یا ژیاری، لەکن ئەوروپاییەکان هاوتایە بە: فەرهەنگ، شێوازی ژیان، هزر، پێشکەوتنی ئابووری و تەکنۆلۆگی و ڕەوتار و کرداری ئەوروپاییانە، لێ ئەوان ئەوە لەبیر دەکەن، ئەو سەردەمەی ئەوان (ئەوروپاییان) لە تاریکیدا دەژیان، چین، فیرعەونییەکان (مسرییانی کۆن)، ژاپۆن، ئینندیانەکان، هیندوستان، ئێران، ئیسلام، خودانی ژیاری بوون و فەرهەنگ و جڤاک و ژیاریی ئەوان، بەسەر ئەوروپادا زاڵ بوون. ژیاری، شێوازی ژیانی مرۆڤگەلێکە، کە لە مێژوویەکدا و لە دەڤەرێکی جیۆگرافیاییدا، پێکەوە ژیاون و ئامانجێکی هاوبەشیان هەبووە و شتگەلێکیشیان داهێناوە و بەرهەمهێناوە. شێوازی ژیان، جیۆگرافیا، مێژوو و داهێنان، پایە و کۆڵەکە و ستوونەکانی شارستانییەتن. گەلێ جار، شارستانییەت و فەرهەنگ، تێکەڵ دەکرێن و وەک یەک دەخوێنرێنەوە. لە ڕاستیدا فەرهەنگ , ئەفسانە، ئایین، هونەر و ئەدەبییات دەگرێتەوە، لێ شارستانییەت پتر داهێنانی مرۆڤ لە تەکنۆلۆگی و زانستدا دەگرێتەوە. شارستانییەت، کە بۆ خۆی سیستمێکی کۆمەڵایەتییە و شێوازی ژیانی مرۆڤ و ڕاهاتنیانە لەسەر جۆرێک لە ژیان لەو دەمەوە، کە ئیدی نیشتەجێبوون و وەک کۆمەڵ و گردبوونەوەیەکی جێگیر و سەقامگیر، ژیاون و ئاوایی و شاریان دروستکردووە و دواتریش دەوڵەت. شارستانییەت لە چوار ڕەگەز پێکدێت: سیستمی

ئابووری، سیستمی سیاسی، نەریت و ئاکار و بەها و شێوازی ژیان، فەرهەنگ و زانست و هونەر و بەرهەمەکانی ئەو شارستانییەتە، کە تەنانەت پاش لەبەینچوونی ئەو شارستانییەتە، دەمێننەوە. شارستانییەت، هەموو ورد و درشتێکی پێوەندار بە شێوازی ژیانی مرۆڤەوە لە کۆمەڵدا تا دەگاتە دەوڵەت، دەگرێتەوە. شارستانییەت، گەلێک، نەتەوەیەک، جڤاکێک، لە یەکێکی دیکە، جودا دەکاتەوە، چونکە هەر یەک لەوانە، تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە، لە نەریت، شێوازی پۆشاک، چۆنیەتی و شێوازی ژیان، بەها و باوەڕە ئایینییەکان و ئاکار و ڕەوتار، پێوەندە کۆمەڵایەتییەکان، فەرهەنگی خەڵک، باری ئابووری، فەرمانڕەوایی و دەسەڵات، ئەو کارانەی لەسەردەمی ئەو شارستانییەتەدا ئەنجام دراون، بەرهەمە هونەری و فەرهەنگی و داهێنانەکانی، لەو سەردەمەدا وەدیهاتوون و تەواوی شوێنەوارگەلێکی لەو شارستانییەتە بەجێماون. شارستانییەت لەسەر دوو پایە ڕادەوەستێ، زانست و هونەر. زانست بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن و پەرەسەندنە و هونەریش بۆ مانەوەی پەیکەرتاشی و وێنە و تەلارسازی، کە دوای لەبەینچوونی شارستانییەتەکان، هەر دەمێننەوە. ئەو ڕەگەز و بنەمایانەی شارستانییەتیان لێ پێکدێت، بە نەمانی دانەیەکیان، ئەو شارستانییەتە لەنێو دەچێت. شارستانییەت، زۆرجاران، لەلایەن شارەزایانەوە وەک زیندەوەر تەماشاکراوە، کە دەزێ و گەشە دەکات و دواتر دەمرێت. بە بۆچوونی ئەو شارەزایانە، کۆچەری و دەوارنشینی، ناچێتە خانەی شارستانییەتەوە. کۆچەر، دێت و دەڕوات و گەرمیان و کوێستان دەکات و گرێدراوی ژینگە و خاک نییە و خاوەنی پیشە و کارێک نییە، هەربۆیە هێندە ڕووبەڕووبوونەوەی تووش نابێت و کەمتر یا ڕەنگە هیچ پێویستییەکی بە بیرکردنەوە و داهێنان نەبێت، هەرچی جێگیر و دانیشتوو و سەقامگیرە، ڕووبەڕووی سەختی ژینگە و ژیان دەبێتەوە و گەرەکە ئامرازەکانی خۆپاراستن و درێژەدان بە ژیان، دەستبەر بکات، هەربۆیە گەرەکە بیربکاتەوە و داهێنان بکات، پێویستی دایکی داهێنانە، عەرەبیش دەڵێن: "الحاجة ام الإختراع" و ئینگلیزیش دەڵێن: "Necessity is the mother of invention". ڕووبەڕووبوونەوەی سەختی سروشت و سەرما، وای لە خەڵکی بەستەڵەکی جەمسەری باکووری زەوی کردووە، کە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەیەکی تێیدا دەژین، خانووی سەهۆڵ و پۆشاکی لە کەوڵی ئاژەڵ دروستکراو چێبکەن. شارستانییەتە کەوناراکان، سۆمەرییەکان و میزۆپۆتامیا، مسر، ئێران، هیندوستان، چین، مەکسیک و ئەمەریکای ناوەند، ئەنکا و شوێنەوارەکانی ماچۆپیچۆ (Machu Picchu) لە پەروو، گرێکییەکان و ئەفریقا (شانشینی ئەکسوم، کە 300 ساڵ پێش مەسیح، هەبووە و دەسەڵاتێکی فراوانی هەبووە و کۆنگۆ، کە لە 1300 ەوە دەوڵەتیکی سەربەخۆ بووە، هەروەها مالی) و ڕۆمەکانن. کشتوکاڵ و ئاودێری، شار، نووسین و ماتماتیک، سیستمی ئابووری، سیستمی سیاسی و فەرمانڕەوایی، ئایین، فەرهەنگ، سیستم و ڕێکخراوی هێزی جەنگ، تەکنۆلۆگی، هەموو ئەمانە نیشانەی جڤاکی شارستانین. نیوەی ژیارییەکانی جیهان بە بەشداریی زیاتر لە یەک ڕەگەز و ڕەچەڵەک دروست بوون و هیچ ڕەچەڵەکێک نییە بە تەنیا خۆی شارستانییەتێکی دروست کردبێ،

**مەزنە و هـــایلا سیلاســـی ئیمپراتـــۆری وڵات بـــووە و دواتـــر کۆمۆنیســتەکان کوودێتایــان بەســەردا کــردووە و وڵاتەکە بــووە بە کۆمــاریی و وڵاتــی قــاوەیە و هەنــدێ وردە شــتی دیکەیــش، لــێ زانیاری لەکوێ و بەچاوی خۆت ببینی لەکوێ! سەفەر، ڕێـگەیەکە بـۆ دیـتن و تێـداژیان و هەسـتپێکردن و تـاقیکردنەوەی جیـاوازییە**

---

بەڵـکە لەیەکـدییەوە شـتیان وەرگرتـووە. مەرج نیـیە هەمیشـە شارسـتانییەتە پێشـکەوتووەکان، شارستانییەتە کەمپێشـکەوتووەکانیان پیتانـدبێت یـا هەمـوو شـتێکیان پێیـان بەخشـیبێت، بەڵـکە زۆرجاران دەوڵەتە پێشکەوتوو و سەرکەوتوو و بەرەنـدەکان، گەلێـک لە نەریـت و ئاکـار و ڕەوتـار و شـێوازی ژیـانی کـۆمەڵە کەمترپێشـکەوتووەکانیان وەرگرتـووە. هێـرش و داگیرکردنــی شارسـتانیی هەمیشە یەکلایەنە نەبووە، فارسەکان، لە میدییەکانەوە پۆشاک و جل و لە یۆنانییەکـانەوە هەنـدێک خوو و نەریتـی سێکسـییان وەرگرتـووە. ئارنۆڵـد تـوێنبی (Arnold J. Toynbee/ 1889-1975) گەورەمێژوونووسی بریتانی، کە بە کتێب و توێژینەوە مەزنەکەی"خوێندنەوەی مێژوو/ A Study of History"، کە لە دوانــزدە بەرگـدایە و لەنێـوان ســاڵانی 1934-1961دا، لەمەڕ شارسـتانییەتەوە نووسیویەتی، بەناوبانگە، دەڵێ:"ئێمە (مەبەستی ئەوروپاییانە) لە ئیندیانەکانەوە، کە قرمان کردن، تووتنکێشانمان وەرگرت، خواردنەوەی قاوە و چای و گەمەی (چوگان)مـان لە ڕۆژهەڵاتەوە وەرگـرت و لە چیـنەوە پیجـامەلەبەرکردن و لە تورکیـا حەمـامی هەڵمـی و لە ئەفریقایشـەوە، کە کردمـانن بە کۆیلە موورزیکی جازمان وەرگرت". چوگان، لە بنەمادا وازییەکی میللیی ئێـرانییە، کە مـاوەی 2500 ساڵێکە لە وڵاتی فارس و ئێراندا و لەنێو گەلانی ئێرانیدا هەبووە و دواتر گەیشتووەتە چین، ژاپۆن، عەرەبستان، هیندوستان و تیبێت. بە گۆ و گۆچان دەکرێ. ئێستا بـووە بە وازییەکـی جیهـانی و لە پێشبڕکێ جیهانییەکاندا دەلیزێت و پێی دەڵێن پۆلـۆ (Polo)، کە لە وشـەی (Pulu)ی تیبێتیـیەوە هاتووە و بە واتای"گۆ"یە. ویل دیورانت (Will Durant/ 1885-1981)، فیلۆسـۆف و مێژوونـووس و نووسەری ئەمەریکایی، کە لە ماوەی چـل سـاڵدا لەنێـوان 1935-1975، لەگەڵ ژنەکەیـدا ئارییێـل دیورانت (Ariel Durant)، کتێبی "چیرۆکـی شارسـتانییەت/ The Story of Civilization"یـان لە یازدە بەرگدا نووسیوە، دەڵێت:"شارستانییەت شتێک نییە لەسەر ڕەگەزێکی مـرۆڤ ڕاوەسـتابێ و چ پێوەندی بە ڕەگەزێکی دیکەوە نەبێت، ڕەنگە لە کێشوەرێک یا یەکێکی دیـکە یـا لەکـن ڕەنگێـک یـا یەکێکی دیکە پەیدا بێت. شارستانییەت، شـتێکی خۆڕسـک نیـیە لە سروشـتی مرۆڤـدا و شـتێکیش نییە، لەنێو نەچێت، شـتێکە هەر نەوەیەک دەبـێ بـۆ خـۆی سـەرلەنوێ دەسـتبەری بکـات و ئەگەر هەژان و لەرزینێــک لە قــووڵایی ئەو دەســتەبەرکردنەدا ڕوویــدا، ئەوە دەبێــتە هــۆی ڕاگرتنــی بەردەوامبوونی و دواتریش لەبەینچوونی".

**فەرهەنگی و جڤاکی و هـزری و ئـابووری و هەمـوو وردە شـتەکانی دیـکەی پێوەنـددار بە ژیـانەوە و بیرکـردنەوە لێیـان و کـردەیەکە، دنیـایەک پەنـد فێـری مـرۆڤ دەکـات و یەک حەمـکە شـاراوە و نادیـاری دەوروبەر و جیهـانی بـۆ ئاشـکرا دەکـات و دەردەخـات و تەکانێک بە لایەنە گیانی و هەستەکییەکانی مرۆڤ دەدات و مرۆڤ نوو دەکاتەوە[3].**

[3] دکتۆر جەمشید حەیدەری، بەینێـک بـوو ژنـی دووەمـی هێنـابوو، ڕۆژێکیـان لە گەڕەکـی ڕینکەبـی (Rinkeby) شاری ستۆکهۆڵم لەگەڵ خانمەکەی و منداڵێکیدا تووشـم بـوون. دوای سـڵاو و چـاک و خۆشـی و پیرۆزبـایی، گـوتم: کـاک جەمشـید، ژنـی نـوێ هێنـان و تـازەزاوایی چۆنە؟ گـوتی: "نـوو دەبیـیەوە نـوو!". پیـاوانی عەرەب، کە ژنـی نوێیـان هێنـاوە، گوتوویـانە: تەجدیدولفیراش"تجدیـد الفراش"،واتە: جـێگە نـوێکردنەوە، پـێخەف نـوێکردنەوە، نـوێن نـوێکردنەوە، واتە ژنیـان تەنـێ وەک ئامرازی نێو جێگەی خەوتن و نوێکردنەوەی ژماردووە.

## نیشتمان، خەڵك و مێژوو

ساڵی 2006 لە لەندەن دوو هاوڕێی ئیسیووپیاییم هەبوون، ناویان (تەشوم) و (فرەی) بوون، پێکەوە دەچووینە خولێکی سەرەتایی زمان، پاش دوو سەعاتێکی وانەکان، وێکڕا دەردەچووین و دەگەڕاینەوە، هەموو جارێ، تەشوم، کە بڕێک نێزیکتر بووین لەیەکتر، بە شانازییەوە باسی ئیسیووپیای وەک، وەڵاتێکی خاوەن ژیارییەکی دێرین و دایکی وڵاتان و لانکی مرۆڤ، دەکرد، منیش پێمدەگوت: کە ئیسیووپیا لانک و زێدی هەموو مرۆڤە و ڕەگوڕیشەی هەموومان دەگەڕێتەوە سەر ئەو وڵاتە، کەواتە ئێمە هەموو منداڵ و نەوەی ئەو خاکەین و هەموو یەکێک لە ئێمە، سا ئیدی خەڵکی هەر عەردەک بێت و هەر زمانێک بئاخڤێ و هەر ڕەنگ و دینێکی هەبێ، مافی ئەوەی هەیە ببێتە هاووڵاتی ئیسیووپیا و خاوەنی پاسپۆرتی ئیسیووپیایی، وەرە لەتەکەمدا با بچین بۆ باڵیۆزخانەی ئیسیووپیا و داوای پاسپۆرت بکەین بۆ من!

تەشوم، قاقا بە قسەکەم دەخەنی و دەیگوت، وەڵلا خۆ جێی خۆیەتی و بیرۆکەیەکی خراپ نییە! بەڵام ئێستا بچین و ئەو باسەیان بۆ بکەین، سەگمان پێوە دەنێن! نە بەکردەوە هیچم کرد و نە بەتیۆرییش ئەو بیرۆکەیەم گەیاندە باڵیۆزخانەی ئیسیووپیا!

ئیسیووپیا، یا کۆماری ئیسیووپیای دیموکراتی فیدراڵ، وەڵاتێکە لە ئەفریقا. ئێریتریا، سوودان، خوارووی سوودان، سۆماڵ، جیبۆتی و کینیا، وڵاتگەلێکن، کە دەورەی ئیسیووپیایان داوە. بەرینایی وەڵاتی ئیسیووپیا 1104300 کم$^2$یە و ژمارەی دانیشتووانیشی لە 100 ملیۆن پترە، بەوەش لە ڕووی زۆریی دانیشتووانەوە، دوای نایجیریا، دەبێتە دووەم وەڵاتی ئەفریقا. ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووانی ئیسیووپیا، گەلێک خێرایە، بۆ نموونە دانیشتووانی ئەو وەڵاتە لە ساڵی 1950دا، 18, 434, 000 کەس بوونە، لێ لە ساڵی 2010دا بوون بە 82, 950, 000 کەس، واتە لە ماوەی 60 ساڵدا نێزیکەی 64 میلیۆن کەس زیادیان کردووە. لە ساڵی 1983دا، 33, 5 میلیۆن بوونە و لە 2014دا بوون بە 87, 9 میلیۆن، واتە: لە ماوەی 31 ساڵدا 54, 4 میلیۆن زیادیان کردووە. ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووان، یا لەدایکبوونی منداڵ، لەنێوان 2, 6 و 2, 8دایە و وا چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی 2060دا، ژمارەی دانیشتووانی ئیسیووپیا، بگاتە 210 میلیۆن مرۆڤ. کۆمەڵە ئەفرۆ – ئاسیاییەکانی ئیسیووپیا، زۆرینەی دانیشتووانی ئەو وەڵاتە پێکدەهێنن و لەنێو ئەوانیشدا ئەوانەی بە زمانە سامییەکان دەئاخڤن، خۆیان وەک"حەبەشی" یا

"ئەبەشـی"دەدەنە ناسـین. لەنێـو ڕۆژھەڵات و جیھـانی ئیسـلامیدا، بەھــۆی ئەدەبییـــات و فەرھەنگـــی عەرەبەوە، ئیســـیووپیا بە ئەلحەبەشە"الحبشـــة" ناســراوە و حەبەشـــەش، کــاتی خــۆی بە شانشینی "ئەکسوم Aksum" گوتراوە. نـاوی حەبەشـە لە خێڵێکـی یەمەنییەوە ھاتووە بەناوی"حەبەشت"، کە لەنێـوان سـەدەی دەیەم و حەوتەمــی (پــێش.ز)دا و دوای ڕووخـــانی بەنــداوی مەئــرەب (مــارب)، لە یەمەنەوە کۆچیــان کــردووە بــۆ ئەکســوم. نــاوی ئەلحەبەشەیش بووەتە بنەمـای وشـەی ئەبیسـینیا (Abyssinia)، کە لە زمانانی ئینگلیزی و ئەوروپاییاندا، پـێش ئەوەی وەڵاتەکە نـاوی ئیسیووپیای لێبنرێت، بەو ناوەوە، واتە: ئەبیسینا، ناسرابوو. ناوی ئیسـیووپیا، شــا "مەنیلیــک Menelik II"ی دووەم، بەســەر ئەو وڵاتەیدا بڕیوە. شا مەنیلیکی دووەم، بە دامەزرێنەری ئیسـیووپیای ھاوچەرخ و نوێ دادەنرێ و گەلێـک ئـارەزووی ھـاوردەی زانسـت و تیکنۆلــۆگیی ڕۆژاوای ھەبــووە و لەتەک ڕووسیاشــدا نێزیکــایەتی ھەبووە. وشەی ئیسووپیا لە زمانی یۆنانییەوە ھاتووە، کە بۆخۆی "Aithiops"ە و لە دوو وشــەی"Aithio" و"ops" پێکھــاتووە، کە بە واتــای "ڕوومەتــی ســووتاو، ڕەشــتاڵە، ئەســمەری پڕڕەنــگ، یــا قاوەییڕەنگ"[4] دێت، کە ئەودەمـی بە خـوارووی مسـر و سـوودان و ئیسیووپیای ئێستا گوتراوە.

[4] لە سەردەمی منداڵیمدا، ھێشتا نەچووبوومە بەر خوێنـدن، لە کەلار مـاڵێکی ھاوماڵمـان ھەبـوو، ماڵی حاجی مەحموودی عەلی موحەممەد بوو، کە بێجگە لە کاری کشتوکاڵ و وەرزیـری و پەزداری، فرۆشگەیەکیشی ھەبوو و بازرگانیی دەکرد و بڕێک حـاڵی لە خەڵـکەکەی دیـکەی ھـاوچینی خـۆی،

مێژووی وەڵاتی ئیسیووپیا دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە 2000 ساڵ پـێش زایـین، لـێ یەکەم پێشـەی مـرۆڤ لە خـاکی ئیسـووپیادا دۆزراوەتە، کە دەگەڕێـتەوە بـۆ 4 ,4 میلیـۆن سـاڵ و یەکەم گیانلەبەرێکیش، کە کەوتووەتە سەر دووپێ، ڕۆیشـتووە، خـاوەنی هـۆش و عەقـڵ بـووە، بە یەکەم مـرۆڤ دادەنـرێ و بە ڕۆژهەڵاتـی ناویندا بڵاوبووەتەوە، هەر لەو خاکەدا پـێش 200000 سـاڵ، پەیـدا بـووە، کە هۆمـۆ سـاپینەس (Homo Sapiens)ی پـێ گـوتراوە. ئەو مرۆڤە سەرەتاییانەی، بە زمانـانی ئەفـرۆ- ئاسـیایی دواون، هەر لە ئیسـووپیاوە، لە چـاخی بەردینـی نوێـدا[5]، بە ڕۆژهەڵاتـدا بڵاوبوونەتەوە.

ئیسـیووپیا وڵاتێکـی فـرەنەتەوە و ئیتنـیکە و پتـر لە 80 نەتەوە و ئیتنیک و نێـزیکەی 83 زمـان و 200 شـێوەزاری تێـدایە. زمـانی ئەمهەریـک (Amharik)، زمـانی ڕەسـمیی وڵاتە و زمانـانی

---

باشتر بوو. خێزانەکەی ناوی میمکە سەلمە بوو. میمکە سەلمە و حاجی مەحموود، دایکوباوکی ئەحمەد کەلاری و حەمەومین و حەسەن و مامۆستا حوسەین بوون. وەک هۆز و بنەچە کەلهوڕ بوون. لەگەڵ ماڵی ئێمەدا تێکەڵاوییەکی یەکجار زۆر و توندمان هەبوو. میمکە سەلمە هەر کە منی دیتبا، ئیدی ئەگەر ڕۆژی چەند جاریش بووایە، گازی دەکردم: "پاقلەی برژیاگ/ پاقلەی برژاو، ئا بێ". ئیدی توند لە ئامێزی دەگرتم و یەک حەمکە ماچی دەکردم. ئەو لەبەر پڕپەنگی منەوە ئەو ناوەی بەسەرمدا بڕیبوو.

[5] چاخی بەردینی نوێ (بە ئینگلیزی: Neolithic)، کە لە نێوان 9000 – 2000 ساڵ پێش زاییندا بووە، دواچاخەکانی سەردەمی پێش مێژوو و پێش نووسینە. لەو سەردەمەدا، شۆڕشی کشتوکاڵی ڕوویداوە و مرۆڤ فێری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و نیشتەجێبوون و دروستکردنی ئاوەدانی بووە و هزری ئایینی هاتووەتە گۆڕێ و گڵکاری و دروستکردنی هەندێ وردەدەفر بۆ شیولێنان و هەڵگرتنی دانەوێڵە و خۆراک، پەیدا بووە.

ئۆرۆمیففا (Oromiffa)، تیگرینیا (Tigrigna) و گوراجینا (Guragina) زمانگەلێکی گەورەی وڵاتن، کە خەڵکانێکی زۆر قسەیان پێ دەکەن. ئەوەی، کە ئەو هەمووو ژمارە زۆرە زمان و شێوەزاری تێدایە یا بە زمان و شێوەزار دێنە ژماردن، بە من، بۆچوونێکی نادروستە، ئەوە بیر و دیدێکی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەوروپاییانە و ڕۆژاوایانەیە بۆ زمان، جیاوازییەکی کەمی زمان لەنێوان گوندێک یا بەرەباب و بنەماڵەیەک لەگەڵ گوند و بەرەباب و ماڵباتێکی تردا، بە تایبەت لە وڵاتانی ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای خواروو، لەکن ڕۆژهەڵاتناسان و ئەوروپاییان، وەک دوو زمانی جیاواز دەژمێردرێن. ئەو 80 زمانەی باسیان لێوە دەکرێن، بەشێکی زۆریان تەنیا شێوەزاری جیاوازی یەک زمانن[6]. گەورەترین ئەو نەتەوانەی ئیسیووپیا 10 نەتەوەیەکن، بەڵام دووانیان لە هەمووان مەزنترن، ئۆرۆمۆ (Oromo)، ڕێژەیان 34%ن و ئەمهەرە (Amhara)، ڕێژەیان 27%ن و گەورەترین زمانانی ئیسیووپیایش: "ئۆرۆمۆ" و"ئەمهەریک"ن، کە سەر بە گرۆی زمانانی ئەفرۆ- ئاسیایی (Afroasiatic) و زمانانی سامین و ئەمهەریک زمانی ڕەسمی وڵاتە و بە ئەلفبێیەک دەنووسرێ "ئیسیووپیک"ی پێ دەگوترێ، کە یەکێکە لە کۆنترین ئەلفبێیەکانی جیهان.

---

[6] ڕێک وەک زمانی کوردی لەمەڕ خۆمان، کە لە دیدێکی ڕۆژهەڵاتناسانەوە، کەڵهوڕی و زازایی (دملکی) و هەورامی، لێ جودادەکەنەوە و بە زمانی سەربەخۆیان دەژمێرن و هەوڵ بۆ دوورخستنەوەی کرمانجی سەروو و خوارووویش دەدەن بۆ ئەوەی وەک دوو زمانی جیاواز و سەربەخۆ بێنە ژماردن و لەنێو کورد خۆیشیدا هەن، پەرە بەو بۆچوونانە دەدەن.

لەنێــــوان 1881 – 1914دا، لە ســــەردەمێکدا، لە ســــەدەی نۆزدەیەمدا، کاتێک تەواوی ئەفریقا کەوتبووە بن دەستی وەڵاتـانی کۆڵۆنیالیســتی ئەوروپــا، ئیســیووپیا تــاکە وەڵاتێــک بــووە لەو کیشوەرەدا، سەربەخۆیی و خاکی خۆی پاراستووە و بە هێـز دژی سپا و هێزی داگیرکەرانی ئەوروپایی بـووەتەوە. ئیسـیووپیا یەکەم وەڵاتێکـی ئەفریقـایە، کە لە سـەدەی بیسـتەمدا بـووەتە ئەنـدامی کۆمەڵەی دەوڵەتان (LN) و دەوڵەتانی یەکگرتوو (UN).

## فەرمانڕەوایانی ئیسیووپیا

بەشی زۆر و درێژترین مێژووی ئیسیووپیا، وەڵاتێکی شانشین بووە. شا مەنیلیک (Menelik II)ی دووەم، کە لەنێوان 1889 — 1913دا شا بووە و پێتەختەکەی لەسەر کەژی ئێنتۆتۆ (Entoto) بووە، کە 2400 میترێک بەرزە و شاری ئەدیس ئەبابا دەکەوێتە دامێنییەوە. دوای ئەو شا ئیاسو (Iyasu V)ی پێنجەم لەنێوان 1913 — 1916دا ئیمپراتۆری وەڵات بووە.

هایلا سیلاسی (Haile Selassie I) یەکەم، کە لەنێوان 1916— 1974دا و دوای شا مەنیلیک و شا ئیاسۆ، بووەتە شای ئیسیووپیا، دواشا و دوائیمپراتۆری ئەو وەڵاتە و گرنگترینیان بووە و درێژترین ماوەیش لەسەر تەخت بووە. هایلا سیلاسی، وەک ئیمپراتۆر لە ساڵی 1930دا خۆی دایە ناسین و خۆی وەک: شای شایان، گەورەی گەورەیان، سەروەری سەروەران، شێری ڕزگارکەر

**له هۆزی یوودا (Judah)[7]، هەڵبژاردەی خودا، ناو نا و ناوی خۆی نا هایلا سیلاسی، کە بە واتای هێزی ترینیتی (Power of the Trinity) دێت واتە: هێزی سێیینە (هێزی باوک و کوڕ و گیانی پیرۆز)، کە لە عیسایەتیدا وەک سێکوچکەی دین سەیر دەکرێ. هایلا سیلاسی (23ی جولای 1892 — 27ی ئۆوگوستی 1975)، کە لەدایک بوو، ناوی (تەفاری ماکۆنن ولدمیکایل/ Tafari Makonnen Woldemikael) بوو و لەنێوان 1916 — 1930دا جێنشین (ولي العهد، الوصي على العرش)ی شای ئیسیووپیا بوو و لەنێوان 1930 — 1974دا ئیمپراتۆری ئیسیووپیا بوو و ماوەی 2 ساڵێکیش سەرۆکی یەکیەتیی ئەفریقا بوو. لەنێو پێڕۆیانی بزاڤی "ڕاستافاری Rastafari"[8]دا، کە ژمارەیان لەنێوان 2 — 4 میلیۆن مرۆڤدایە،**

---

[7] یوودا یا یەهوودا، ناوی کوڕێکی یەعقووبە و بە باپیری پەیامبەران داوود و سلێمان و عیسا دادەنرێت و جوولەکە هەموو دەگەڕێنەوە سەر ئەو.

[8] بزاڤی ڕاستافاری لە ساڵی 1930دا لە جامایکا لەنێو چینی کارگەر و هەژارانی ئەو وڵاتەدا و لە ئەنجامی لێکدانەوەی پێشبینییەکی ئینجیلیدا هاتە گۆڕێ، کە بە ڕای ئەوان هێمایەکە بۆ حاڵەتی هایلا سیلاسی وەک تاکەفەرمانڕەوایەکی ئەفریقایی بەسەر وڵاتێکی تەواو سەربەخۆدا و نازناوەکانیشی"شای شایان" و "سەروەری سەروەران" بوو. ئەوەی وای لە هایلا سیلاسی کردبوو، لەنێو ڕەشپێستان و ڕەگەزەکانی ئەفریقادا , خۆشەویست بێت و وەک ڕێبەر تەماشا بکرێت، ئەفریقایەتی ئەو بوو و واڵاکردنی دەرگەکانی وڵاتەکەی بوو بەڕووی هەموو ئەفریقاییەکدا و تەماشاکردنی هەموو ئەفریقاییەک وەک هاووڵاتی ئیسیووپیا. مارکۆس گارڤی (Garvey Marcus/ 1887 — 1940)، کە ڕۆژنامەنووس و پەخشکار و سەرمایەدارێکی بە ڕەگەز جامایکایی بوو و دامەزرێنەری بزاڤی نەتەوەیی ڕەش (Black Nationalism) و بانئەفریقایی (Pan-Africanism) بوو، بە یەکێک لە پەیامبەرانی ڕاستەفاری دادەنرێت و هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی ڕاستافاریش دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی کاریگەریی مووزیکی ڕێگی (Reggae) جامایکایی، کە گەورەهونەمەندی ئەو مووزیکە، بۆب مارلی (Bob Marley)، بە ستران و مۆسیقا مەزن و بەرزەکانی خۆی و کێشانی ماریوانا، مژدەدەرێکی سەرەکی بوو بۆ ئەو ئایینە. ڕێگی، ئەو جۆرە

هـــايلا سيلاســـی وەک خـــودا و بەرجەســـتەکردنی خـــودا تەماشـــا دەکرێ، کە بە ئینگلیزی بە جـاه (Jah) نـاو دەبـرێ و بە بەشـێک لە سـێیینەی پیـرۆز (بـاوک و کـوڕ و گیـانی پیـرۆز)ی دادەنـێن و پێیـانوایە ئەو (هـایلا سیلاسـی)، ئەو مەسـیحەیە، کە لە ئینجیلـدا ئاماژەی پێ کراوە. وشەی "ڕاس" لە زمـانی ئەمهەریکـدا بە واتـای "سەر" و "تافاری" ناوی خۆیەتی و "ماکۆنین" یش ناوی باوکیەتی، کە نـاوی هـایلا سیلاسـی، پـێش ئەوەی لە سـاڵی 1930دا ببێـتە ئیپمراتـۆری ئیسـیووپیا، بەوجـۆرە بـووە. هـایلا سیلاسـی، کە شـا بووە، گرنگییەکـی زۆری بە خوێنـدن و بڵاوکـردنەوەی و زانسـت و فەرهەنـگ داوە و ویسـتوویەتی وەڵاتەکەی ببـاتە ڕیـزی وەڵاتـانی پێشـــکەوتووەوە، هەربـــۆیە، کۆشـــکەکەی خـــۆی بەخشـــیوە بە زانستگەی ئەدیس ئەبابا و تا ئێستاکەش، دوای نەمـانی خۆیشـی، هێشتا شوێنی خوێندن و توێژینەوەیە. بێجگە لەو زانسـتگەیە، لەو شـــارەدا چەنـــدین زانســـتگە و خوێنـــدنگەی خوێنـــدنی بـــاڵا هەن. لەمیانەی داگیرکردنی ئێریتریاوە لەلایەن ئیتالیاوە ساڵانی 1936 — 1941، هـــایلا سیلاســـی، ئیســـیووپیای جێهێشـــت و بـــۆ بریتانیـــا هەڵهـــات. شـــای شـــایانی ئیســـیووپیا، شـــێری هـــۆزی جـــوودا و هەڵبژاردەی خودا، هایلا سیلاسـی، لە 27ی ئۆوگوسـتی 1975دا لە تەمەنـی 83 سـاڵیدا مـرد و گـۆڕەکەی خـۆی و گـۆڕی ژنەکەیشـی

---

مۆسیقایەیە، لە کۆتایی ساڵانی 1960دا لە جامایکا بڵاوبووەوە و پەرەی سەند. قژی لوول و بسـکی درێژ و ڕەنگەکانی ڕەش و کەسک و سۆر و زەردی زێڕین، نیشانەی ئەو ئایینەن.

لەنێو کاتـدراڵی ترینیتـی (Cathedral Trinity)، کاتـدراڵە گەورەکەی ئەدیـس ئەبابـادان، کە گەورەتـرین کەنیسـەیە لە شـاری ئەدیـس ئەبابا.

لە 12ی سـێپتەمبەری 1974دا، حیزبـی شۆڕشـگێڕی گەلـی ئیسـیووپی (EPRP)، کە حیزبێکـی مارکسـی – لێنینـی سـەر بە سۆڤییێت بوو، بە کۆمەکی هێزی چەکدار (Derg) و بە کوودێتایەکی سەربازیی، هایلا سیلاسییان لەسەر دەسەڵات لابرد و ڕێژیمەکەیـان گۆڕی بۆ کۆماری دیموکراتی گەلی ئیسیووپیا و ئیسیووپیا بـوو بە کۆمـارێکی سۆسیالیسـتی تـاک حیزبـی. لە 1977یشـەوە ژەنـڕاڵ مانگیستۆ هایلی ماریەم (Mengistu Haile Mariam) بـوو بە ڕێـبەری وڵات. ئەم ڕێژیمە سۆسیالیستییە تا داڕووخانی سـۆڤییێت و بەرەی سۆسیالیستی لەسەرکار بوو و لە 1991دا ئەمیش وەک وڵاتانی ئەو بەرەیە ڕووخـا و سـەرۆکی ڕێـژیمەکەش هەڵهـات و لە وڵاتـی زیمبابوێ داڵدە درا و تا هەنووکەش هەر لەوێیە. ئیدی ڕێژیمێکـی دیـکەی سـەر بە خـۆراوا هـاتە سـەرکار، کە تـا ئێسـتاش مـاوە و ئیسـووپیاش وەک وڵاتێکـی فیـدراڵ پێناسـە کـرا. ئیسـیووپیا لە سـاڵی 1995ەوە، وەک دەوڵەتێکـی فیـدراڵ بەسـەر 9 دەڤەردا، لەسەر بنەمای نەتەوەیی دابەشکراوە.

## خاك، ئاو و كشتوكاڵ

ئیسیووپیا لە ڕووی خاكەوە جیاوازییەكی زۆری لە دەڤەرێكەوە بۆ دەڤەرێكی دیكە هەیە. دەڤەری ناوەڕاستی، كە هەردە و گردە و بەرزاییەكانی لەنێوان 2000 — 3000 میتردایە. لە باكوور و ناوەندی وڵاتیش، كە پێی دەگوترێ، بەرزەخاك، كەژ و كێو و شاخاوییە و 25 چیای لێیە، بڵندابیان لەنێوان 1500 — 4550م دەبێ و بڵندایی لوتكەكانیان دەگەنە 4500م. بەناوبانگترین ڕووباری ئیسیووپیا، نیلی شینە. لە زەریاچەی تانا (Tana Lake)ەوە لەلای شاری بەهردار (Bahir Dar)ەوە دەست پێ دەكات و بەرەو باكوور بە درێژایی 1450كم دەڕوا، كە 800كم بەنێو خاكی ئیسیووپیادا دەڕوات و 325000كم$^2$ ئاو دەدات، دواتر لە باژێڕی خەرتووم (خرطوم)ی سوودان لەگەڵ (نیلی سپی)دا یەكدەگرنەوە و ڕووباری نیل پێكدێنن، كە بەرەو ژوور دەكشێ و خۆی دەكا بە مسردا و دەڕژێتە زەریای ناوەڕاست. نیل، هەمیشە هۆكاری

دروستبوونی ئاوەدانی و فەرهەنگ بووە و مرۆڤ و فەرهەنگیش لە ئەفریقاوە زاون و پەیدابوون. کە ئەفریقا دایکی شارستانی و فەرهەنگی هەموو مرۆڤایەتی بێت، ئەوا ئیسیووپیا لانکی ئەوانەیە.

نێزیکەی 80%ی خەڵکی ئیسیووپیا دەشتەکی و گوندنشینن و بەشێکی زۆریان وەرزێرن و بە کشتوکاڵەوە خەریکن. کشتوکاڵ بڕبڕەی پشتی ئابووری وڵاتە و بەشی زۆری هەناردەی وڵاتیش لەم بەرهەمانە پێک دێن: قاوە، کونجی، تێف، گەنمەشامی (زوڕات)، گەنم و جۆ، مۆز، ئەڤۆکادۆ، مانگۆ، پاپایا، ئەو تۆوانەی ڕۆنیان لێ دەردەکرێن، دانەوێڵە، گوڵ، سەوزە، شەکر و ئالکی ئاژەڵ. بێجگە لەوانەش ئاژەڵ مانەندی ڕەشەوڵاخ و پەز و پێستی ئاژەڵ بۆ دەرێی وڵات دەنێردرێن.

پلەی گەرما بەشێوەیەکی گشتی، لە ئیسیووپیا بەرزترینی لەنێوان 20 — 25 و نزمترینیشی لەنێوان 5 — 10 پلەدایە، دیارە لە هەندێ شوێنیشدا ڕیزپەڕ هەیە. وەڵاتەکە بە گشتی بارانی زۆرە، بەتایبەت لە مانگەکانی جوونەوە تا سێپتەمبەر و لەنێوان مانگی مارس- مەی باران دەبارێ. لە چیای سەمارە (Samara) کە 100کم لە باژێڕی گۆندەر (Gonder)ەوە دوورە و نزیکەی 4600م لە سەر ئاستی زەریاوە بەرزە، لە زستانی ئەوێدا، کە لە مانگی جوونەوە تا مانگی سێپتەمبەرە، بەفر دەبارێت.

ئاژەڵی کێوی لە ئیسیووپیا گەلێک زۆرن، ئاسک، پڵنگ، شێر، زەڕافە، ڕێوی و سەدان جۆری دیکە هەن. نزیکەی 20 پارکی مەزن، کە سەدان جۆرە ئاژەڵیان تێدان لە ئیسیووپیادا

هەن و یەکێــک لە ناســراوترینیان پــارکی ســیمین (Simien)، کە لەسەر کێـوێکە هەر بەو نـاوەوە. لە دەسـپێکی سـەدەی بیسـتەمدا 420000کم$^2$، کە نێزیکەی 35% خاکی ئیسیووپیایە دارستان بـووە، وڵاتەکە سەرسـەوز بـووە، لـێ ئێسـتاکە ئەو ڕێـژەیە دابەزیـوە بـۆ 11, 9%. ئیسیووپیا وەڵاتێکە بە پێچەوانەی کوردستان و وەڵاتـانی دیکەی ڕۆژهەڵات، چینـی دەرەبەگ و خـاوەن مـوڵکی تێـدا نیـیە و زەوی هــی هەمــوو مرۆڤەکــان بــووە یــا ڕاســتتر بڵێــین، زەویــی کشـتوکاڵ هــی دەوڵەتە و وەرزێـر دەتوانێـت بـۆ مـاوەی لە یەک ســاڵەوە تــا 99 ســاڵ بە کـرێ بەرانـبەر بە پـارەیەکی سـاڵانە لە دەوڵەتی بگرێ. ئەو ڕەوشە تا ڕادەی یەکسانی، خەڵـکە وەرزێـر و گونـدی و دەشـتەکییەکەی، لە ڕووی دارایـی و شـێوەی ژیـانەوە، لەیەکتــر نێزیــک کــردووەتەوە و چینــی بــاڵای خــودان زەوی و دەرەبەگ و ئەریستۆکراتی تێدا دروست نەبووە.

ئیسـیووپیا، لە ئەفریقـا بە بـورجی ئـاو نـاودەبرێ، چـونکە بەشــێکی زۆری ئەو ڕووبــارە مەزنــانەی ئەفریقــا لە بەرزەخــاکی ئیســیووپیاوە هەڵــدەقوڵێن، کە نیــل یەکــێکە لەوان و مەزنتــرین یەدەکــی ئــاویی هەیە لە ئەفریقــادا، لــێ ئەوەی بــۆ ئــاودێری بەکاردەهێنرێـت، تەنیـا 1- 5 ,1%ی ئەو هەمـوو ئـاوەیە. بەهـۆی زۆریـی ئـاوەوە بە ئیسـیووپیا دەگـوترێ وڵاتــی "نەوتــی ســپی" و بەهـۆی زۆریــی قاوەیشـەوە پێــی دەگـوترێ وڵاتــی "زێـڕی ڕەش". لەسەر نیلی شـین، کە یەکـێکە لە دوو لـقەکەی ڕووبـاری نیـل، کە 60%ی بەشە ئاوی مسر لە ڕووباری نیل دابـین دەکـات. لە دووری

900کـــم لە بـــاکووری خـــۆراوای ئەدیـــس ئەبابـــا، لە دەڤەری بێنیشـــەنگول گومـــوز (Benishangul-Gumuz)ی ئیســـیووپیایی، 20 کیلۆمیترێـــک دوور لە ســـنووری ســـوودانەوە، بەنـــداوێکی یەکجـــار مەزن، لەلایەن دەوڵەتـــی ئیســـیووپیاوە، بە بەهـــای 6, 4 ملیـــارد دۆلاری ئەمەریکی دروست دەکرێت. کە نزیکەی 74 میلیۆن م$^3$ ئـاو دەگرێـــت، لە ســـاڵی 2011ەوە دەســـتیپێکراوە و لە 2017دا تەواو دەبێـت. ئەم بەنـداوە، کە نـاوی "ڕابـوون"ی لێنـراوە و بە زمـانی ئەمهەریکـیش، پێـی دەگـوترێ "GERD یـا Taehige" و نـاوە ڕەسمییەکەیشـــی "Dam Grand Ethiopian Renaissance" یـــا "Millennium Dam"ە، گەورەتـرین بەنـداوی ئەفریقـا و شەشـەم گەورەبەنـداوی جیهـــان و گەورەبەنـــداوی ئەم هەزارەی دووەمەی مێـــژووە. بەنـــداوی ڕابـــوون، 170م بەرزە و درێژێکەیشـــی، واتە: درێژی بەربەستەکە نـزیکەی 1800 میتـرە. نـزیکەی 8500 کەس لە دروستکردنی ئەو بەنداوەدا، شـەووڕۆژ بیسـتوچوار سـەعاتە، کـار دەکەن. بۆ کارئاسانی دروسـتکردنی بەنـداوەکە، هەرچـی ڕووەک و سەوزاییە لەو دەڤەرەی بەنداوەکەی تێدا دروستدەکرێت، نەهێڵراوە و لەبەین براوە، تا ڕادەی ئەوەی دەڤەرەکە بـووە بە دەشـتاییەکی خۆڵ و خاکی و وشک و پـلەی گەرمـا تێیـدا دەگـاتە 48 پـلەیەک. بڕێک لە شارەزایان دەڵـێن، لەبەر ئەوەی بەنـداوەکە لە دەڤەرێکـی بەرز و ڕەقەن و تـاوێردا دروسـت دەکـرێ، بە کەڵکـی دامەزانـدنی پـرۆژەی کشـتوکاڵی نـایەت. وا چـاوەڕوان دەکرێـت، ئەم بەنـداوە 6000 میگاوات وزەی ئەلەکترێـک بەرهەمبهێنێـت، کە دەکـاتە سـێ

هێندەی ئەو وزەیەی بەنداوی ئەسوانی مسر بەرهەمـی دەهێنێـت و ئەلەکترێک نەک هەر تەنێ بۆ ئیسیووپیا خۆی، بەڵکە بۆ فرۆشـتن بە مســر و ســوودانیش، دابــین بکــات. کۆمپانیــا ئیتالییەکــان، بەڵێنــدەری ســەرەکین لە دروســتکردنی بەنــداوەکەدا. بەنــداوەکە، دەبێتە هۆی گۆڕینی پاناییەکی زۆری زەوی لە دەیم و وشکانییەوە بــۆ زەویــی بەراو و بەوەش پێشخســتنی کشــتوکاڵ و بەرهەمــی زیاتری کشتوکاڵی و دابینکردنی کار بۆ خەڵکانێکی زیاتر لە بواری کشتوکاڵدا، دەستەبەر دەکـات. هەمـوو مووچەخـۆرێکی دەوڵەت لە ئیســیووپیا 30%ی مووچەکەیــان، وەک قەرز و بــۆ خەرجــی ئەو بەنــداوە، لــێ دەبڕدرێــت، بــێجگە لەوەش حیســابێکی بــانکیش کراوەتەوە، هەرکەسێک کەی ویسـتی دەتوانێـت لەو پـارەیەی، کە لە مۆبایەڵەکەیدا هەیە، شتێک پـارە خۆبەخشـانە بخـاتە سـەر ئەو حیسـابە، بـۆ ئەو پـرۆژەیە. هەرچەنـدە مـن بـۆ خـۆم لە یەکێکـی ئیســیووپیاییم ژنەفــت، کە لە هەمــوو مۆبایلێــک، ڕۆژانە، هەمــوو بەیـانییەک، 0, 03 بـڕڕ (Birr) وەک کـۆمەکێکی مـاددی بـۆ بەنـداوە زەبەلاحەکەی"ڕاپەڕیـن"، دەبـڕدرێ و خەڵــکەکە بـۆ خۆیـان، وەک هەســتێکی نیشــتمانی و ئەرکێــک و وەک کــۆمەک بە دەوڵەت، دەیبەخشنە حیسابێکی بانکی، کە هی ئەو بەنداوەیە.

# قاوە

ئیسیووپیا شوێنی پەیدابوون و شینبوونی قاوەیە. وشەی قاوە (Coffee) لە وشەی کافا (Kaffa)وە هاتووە، کە ناوێکی کۆنی دەڤەری ئۆرۆمیا (Oromia)یە و دارستانە چڕەکانی بۆنگا (Bonga)ی لێیە، کە تژین بە داری قاوە. ئەو شانشینی قاوەیە، ماوەی 500 ساڵێک وەک وەڵاتێکی سەربەخۆ هەبوو، لێ ئیدی لە 1897ەوە بوو بە بەشێک لە شانشینی ئیسیووپیا. هەر لەو دەڤەری کافایە، ساڵانە 1600 تۆن هەنگوین بۆ دروستکردنی جۆرێک مەی، بەکاردەهێنرێت. ئەو مەیە پێی دەگوترێ تەج (Tej)، خواردنەوەیەکی نیشتمانیی وڵاتی ئیسیووپیا و ئێریتریایە، مانەندی ویسکی سکۆتلەندی و ڤۆدکای ڕووسی و تەکیلای مەکسیکی و عەرەقی هبهب و مەستەکی و ئەبولکەلەبچەی عێراقی و ڕاکیی تورکی و ڕەنگە عەرەقی عەنکاوەی کوردستانییش. قاوەی "تۆماکۆ To–Ma–co"، کە جۆرێک قاوەی ئیسیووپیاییە، بە ناسراوترین و

بەتــامترین قــاوەی ئەو وەڵاتە دادەنرێــت. وەک بیــانییەک ئەگەر پرسیاری باشترین جۆری قاوەی ئیسیووپیایی بکەیت، دەسبەجێ نـاوی تۆمـاکۆ دەبیسـیت و پێـت دەگـوترێ. مـن بـۆ خـۆم، کە لە شاری بەهر دار (Bahr Dar) بووم، کە دەکەوێتە دەڤەری "ئەمهـارا Amhara" لە بـاکووری ئیسـیووپیا، ئەو ڕۆژەی دەگەڕایـنەوە بـۆ ئەدیس ئەبابا، لە کارمەندێکی هۆتێلەکەم پرسـی، کە دەگەڕێـمەوە سوێد چ قاوەیەک لەگەڵ خۆمدا ببەمەوە و لەکوێ پەیـدای بـکەم؟ بێ یەکودوو گوتی: تۆماکۆ لەگەڵ خۆت ببەوە و لە ئەدیس ئەبابـا لە فــڵانە جــێگە دەســتت دەکەوێــت. ڕێکــوڕەوان ناوونیشــانی جێگەکەیشی دامێ. لە ئەدیس ئەبابـا ڕۆژێـک پـێش گەڕانەوەمـان، لەگەڵ هاوڕێ سەرداردا چووینە ئەو جـێگەیە، کە هەم قاوەخـانە و هەم فرۆشگەیەکی گچکە بوو. کە وەژوور کەوتین، گەلێـک خەڵـکی لێبوون. هەندەک قاوەیان دەخواردەوە و هەندێکیش کڕیـاری قـاوە بوون. ئێمە هەم قاوەمـان خـواردەوە و هەم کڕیـاریش بـووین. لەو جــــێگەیە هەر تەنیــــا قــــاوەی تۆماکۆیــــان هەبــــوو. هەر لە چوونەژوورەوەدا و لەسەر سـەری ئەوانەی لە پشـتی تەخـتەیەکەوە کـار دەکەن و قــاوەکەت دەدەنە دەســت، گـوتەیەکی نووســەری فرانسی بەلزاک (ئۆنۆغێ دو بەلزاک Honoré de Balzac/ 1850 – 1799) بە زمـانی ئینگلیـزی هەڵواسـراوە، کە دەڵـێ: "کە کووپێـک

قاوە دەخۆیەوە، هزر وەک سپایەک بەسەرتدا دادەبارێت "When inmarching like an army/drink a cup of coffe ideas come"[9].

ئەفریقا و ئەمەریکای خواروو (لاتین ئەمەریکا) بە زێدی قاوە دادەنرێن. لە ئەمەریکای خواروو، برازیل لە پێشی پێشەوەیە لە بەرهەمهێنانی قاوەدا و بە دوایدا پەروو، هیندۆراس، کۆستاریکا، نیکاراگوا، سلڤادۆر، گواتیمالا، مەکسیک و ڤەنزوێلا دێن. قاوە بێجگە لەوەی خواردنەوەیەکی میللییە وەک چای، نۆرەیەکی گەورەشی هەیە لە بواری ئابووریدا و سەرچاوەی داهاتێکی زۆرە بۆ ئەو وڵاتانەی بەرهەمی دەهێنن. ڕێژەی خواردنەوەی قاوە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە پلەی یەکەم دێت لە جیهاندا و بە دوای ئەواندا فینلاند دێت. نووسەرێکی ئیتاڵی بە ناوی ئەنتۆنیۆس فاوستۆس نایرۆنۆس (Antonius Faustus Naironus)، لە ساڵی 1671دا کتێبێکی لە بارەی تامی قاوەوە نووسیوە و لەوێدا هاتووە، کە ئاژەڵ یەکەم گیانلەبەر بووە لە سەدەی نۆیەمدا قاوەی دۆزیوەتەوە. وا باوە، داری قاوە لەسەر لوتکەی چیاکانی ئیسیووپیا ڕوواوە و بزن لەو دەوروبەرە لەوەڕاون و ڕێیان کەوتووەتە ئەو دارە و بەرەکەیان، کە دانی قاوەیە خواردووە و بەو هۆیەوە چالاکییەکی تایبەتیان پێوە دیار بووە، جیاواز لە ئاژەڵەکانی دیکە. بزنەکان چێژیان لە تامی مەیلەو ترش و ڕەنگی

[9] دەڵێن بەلزاک ئالوودەی قاوە بووە و بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆژانە 12 سەعات کار بکات، بەردەوام خواردوویەتییەوە، هەروەها دەڵێن گەورە مۆسیقاری ئەڵمانی بێتهۆڤن، ڕۆژانە 60 دانە، دانی قاوەی بە وشکی و بێ ئاو و کوڵاندن، جوویوە و خواردووە.

سووری پێش ڕەسینی قاوەکان بینیوە. شوانەکان، کە بزنەکانیان بەو چالاکی و کاراییە بینیوە، چیرۆکەکەیان بۆ قەشە و پیاوانی دینیی کڵێسە نێزیکەکانی ئەو دەڤەرە گێڕاوەتەوە، کە بزنان بە خواردنی ئەو دارە، هێندە بە ڕۆژدا چالاک دەبن و بە درێژایی شەویش بێدارن و ناخەون. ئەوجا پیاوانی دینیی کڵێسە و خەڵکی دیکە، ئەو دانە قاوانە تاقی دەکەنەوە و چێژی لێ دەبینن. ئیدی بەو جۆرە لەنێو دانیشتووانی ئیسیووپیادا بڵاو دەبێتەوە، لێ یەکەم تاقیکردنەوەیان لەگەڵ قاوەدا بڕێک دژوار بووە، چونکە ئەوان بە وشکی دەیانجوو و بە بەرد وردیان دەکرد و ئیدی لەبەر وشکییش، هەندەک ئاویان تێکردووە و ڕەنگی گۆڕاوە و قاوەیی بووە و ئەوانیش خواردوویانەوە و هەستیان بە چێژ و خۆشی کردووە. قاوە ماددەیەکی خاوێنکەرەوەی خوێن (Antioxidant)ی تێدایە، کە ئەگەری تووشبوون بە هەندێ نەخۆشی وەک شەکرە و بەشێک لە نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و نەخۆشی لەبیرچوونەوە (ئەڵزایمەر) و نەخۆشییەکانی پووکانەوەی ئێسک کەم دەکاتەوە.

## ئەدیس ئەبابا (Addis Ababa)

ئەدیس ئەبابا، کە پێتەختی ئیسیووپیایە، گەورەترین بازێڕپیشیەتی و نێـزیکەی 3,5 میلیـۆن مرۆڤـی تێـدا دەژیـن. دووەم بـازێڕی ئەو وڵاتە (ئەدامـــا)یە، ژمـــارەی دانیشـــووانی ناگـــاتە نیومیلیـــۆن (500000) و ئیـــدی دانیشـــتووانی بازێڕەکـــانی دیـــکەش هەمـــوو کەمتـــرن لەوە. ئەوە هـیچ کە زۆریـنەی دانیشـتووانی ئیسـیووپیا، بەدەســـت برســـییەتی و نەداریـــیەوە دەنـــاڵێنن، پتـــر لە 55%ی دانیشـتووانی ئەدیـس ئەبابـای پێتەختـی وڵات، لە گەڕەکە هەژار و لەنێو زنج و قوڕ و لیتە و سیانە و گوفەکدا دەژین و شوێنی ژیـان و خانووەکانیان لەو ماددە و کەرەسانەی، کە دەستیان دەکەوێـت، دروستی دەکەن و ئاساییترین و کەمترین ستانداردی ژیـانی شـار، ئاو، ئەلەکتریک، ئاوەڕۆ، ئاودەسـتخانەیان نیـیە، کە ئەوە بۆخـۆی ژینگەیەکـــی بـــاش و بە پیـــتە بـــۆ هەمـــوو جـــۆرە نەخۆشـــی و نەگبەتییەکی دیکە. هێشـتا ئەگەر بەراوردی ئەدیـس ئەبابـا لەگەڵ

گوند و دەشتەکییاندا بکەین، ئەوا دانیشتووانی ئەو بـاژێرە گەلێـک لە دەشتەکی و وەرزێران ڕەوشـیان باشـترە. ئەمە ئەوە نـاگەیەنێ، کە خەڵکی دەوڵەمەند و دارا لەو بـاژێڕەدا نـین، هەن، لـێ یەکجـار کەمن. ژیان لەنێو شاری ئەدیس ئەبابادا لەم ڕۆژگارەدا وەک ژیـانە لەنێو خانوویەک یا بینایەکدا، کە هەموو ڕۆژێک گۆڕانێکی بەسەردا دێت، ئیدی دیوارێکی زیادەی بۆ دروست دەکـرێ یـا پەنـجەرەیەک یا دەرکەیەکی لادەبرێ یا شتێکی دیـکە. هەر بینـایەو بە ئاسـماندا دەچێت و بەرز دەبێتەوە و هەر بلۆکەو دەخرێتە سەر بلۆکی دیـکە و چیمەنتـۆیە و دەگێـرێتەوە و دیـوارە و لەپـاڵ دیـواری دیـکەدا، دەبێـتە بینـا. ئەو هەمـوو بینـا زۆرانەی دروسـت دەکـرێن و بەرەو ئاسـمان بەرز دەبـنەوە، نـاتوانن کـوڵبە[10] و خـانووە قـوڕ و زنـج و خێوەتە لە تەنەکە و دار و چیلکە و پەڕۆوپاتـاڵ دروسـتکراوەکان، کە گەڕەکە هەژارەکـانی شـار پێکـدەهێنن و هەژارانـی تێـدا نیشـتەجێن، بشـارنەوە و گۆڕانەکـان هێشـتا لە چیـنە هەژارەکـان نزیک نەبوونەوە.

ئەدیـس ئەبابـا، کە ئێسـتا تەمەنـی 130 سـاڵێکە، تەواوی چیرۆکی ئەو بـاژێڕە لە 1886ەوە دەسـت پـێ دەکـات، کاتێـک شـا مەنیلیکی دووەم (Menelik 2)، کە یەکێـک بـووە لە شـا ناسـراو و ڕێزلێگیراوەکانی ئیسیووپیا، کە پێتەختی وڵاتەکەی لەسـەر چیـای ئێنتۆتـۆ (Entoto) بـووە، دەیەویسـت هێڵـی شـەمەندەفەر لەنێـوان

[10] زنج، کۆڵیت، قۆخڵ.

پێتەختی وڵاتەکەی و جیبۆتیدا بکاتەوە. ئەندازیار و شارەزایان، شایان لە سەختی ئەو بیرۆکەیە ئاگادار کردووەتەوە، چونکە هەموو ئەو ڕێگەیە هەوراز و نشێو و هەردە و کەژە، بۆیە لەو بیرۆکەیە پەشیمانیان کردووەتەوە. شاژنی وڵاتیش (تایتوبێتول/ Taytu Betul)، کە ژنی سێیەمی شا مەنیلیکی دووەم بووە، لە دامێنی کەژی ئێنتۆتۆدا، ئەو جێگەی، کە بوو بە ئەدیس ئەبابا، کۆشکێکی بۆ خۆی دروستکردووە و ئیدی شا مەنیلیکیش بەدوویدا، لەو چیایە هاتووەتە خوارێ و لەو پێدەشتەی دامێنی ئێنتۆتۆدا ئەویش لە نێزیک شاژن، کۆشکێکی بۆ خۆی دروستکردووە، واتە ئەو شاژنە شوێنی ئەو شارەی هەڵبژاردووە و دیاری کردووە. شا مەنیلیکیش دوای ئەوەی گرنگیی ئەو شوێنەی، کە لە دامێنی چیای ئێنتۆتۆدایە، لە ڕووی سەربازییەوە، بۆ دەرکەوت، ئیدی بڕیاری دا و دەستی بە دروستکردنی شارەکە کرد. هەرئەو جێیەی کۆشکی شا و شاژنی تێدا دروستکراون، ئیدی لە ساڵی 1886ڕا بووە بە پێتەختی ئیسیووپیا و ناوی ئەدیس ئەبابای لێنراوە، کە بە واتای: "گوڵی نوێ" دێت.

ئیمپراتۆر هایلا سیلاسی، کە دواتر دوای شا مەنیلیک بووە بە شا، درێژەی بە ئاوەدانکردنەوە و نوێکردنەوەی وڵات داوە و کەسێک بووە، بیری بانئەفریقا (Pan-Africanism)یی هەبووە، ویستوویەتی ئەدیس ئەبابا، بکا بە شارێکی نوێ و لە نەخشەی جیهاندا جێگەی بکاتەوە. ئیدی ئەدیس ئەبابا بووە بە پێتەختی ڕێکخراوی "یەکیەتیی ئەفریقا". شاری ئەدیس ئەبابا دەکەوێتە دامێنی چیای

"ئێنتۆتۆ Entoto"وە، کە 2400 میتر بەرزە. تاڕادەیەک کەشوهەوای ئەدیس ئەبابا نە زۆر گەرمە و نە سارد، لەنێوان مانگی ئوکتۆبەر — فێبریوەری هەندێک وشکە و مارس — مەی، نمە و وردەبارانی هەیە و لەنێوان جوون — سێپتەمبەردا بارانی قورس و زۆر دەبارێ. پلەی گەرما دەگاتە 16 پلەیەک، بەرزترینی لەنێوان 20—25 و نزمترینیشی 5 — 10 پلەیە. دەشێ بگوترێ لە ئیسیووپیادا بە گشتی، دوو وەرز هەن، وەرزی وشک (ئوکتۆبەر — مەی) و وەرزی تەڕ (جوون — سێپتەمبەر).

لە ئەدیس ئەبابا بە هۆی هاوڕێ سەفوەت جەبارییەوە، کە ناسیاوی زاوا و بووکێکی ئیسیووپیایی بوو، لە سوێدەوە هاتبوونەوە بۆ ئیسیووپیا بۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵ خزم و کەسی خۆیاندا زەماوەندەکەیان بکەن، بانگهێشتی زەماوەندەکەیان کراین. هۆڵێکی گەورە و پتر لە دووسەد میوانی ژن و پیاو و لاو و تیپی مۆسیقا و دەیان جۆرە خۆراک و خواردنەوەی هەمەجۆر و چەندین شێوازی جیاوازی سەما و جلی ڕەنگاوڕەنگ و جوانی و دنیایەک کەیف و خۆشی. هەر لە هوتێلەکەی خۆمانەوە چەندین ماشێن، بووک و زاوا و خەڵکی دیکە و میوان و ئێمەش، وەڕێکەوتین و بە چەندین شەقامی ئەدیس ئەبابادا سووڕانەوە تا گەیشتینە ئەو جێگەیەی بۆ ئاهەنگ و شاییەکە ئامادەکرابوو. ئیدی لەو شوێن و شەوەدا، بەزم و هونەر و جوانی دەبارین. تا درەنگانێکی شەو، تا نزیک دەمەوبەیان، هەر بەردەوام بوو و کە تەواو بوو و ئیدی دەبوو جێگەکە جێبهێڵین و بە ماشێنەکان بگەڕێینەوە هوتێلەکە،

مـرۆڤ حەزی دەکـرد، هەر درێـژەی هەبـووایە و بەردەوام بـووایە.
ئەوەی لەو زەماوەندەدا دیـم، جـۆری خەڵـکەکە بـوو، کە ئامـادەی ئەو بۆنەیە بوون، جۆری میوانەکان و ئەوانەی بانگهێشت کرابـوون و بووک و زاوا و ماڵباتی ئەوان. ئەوە زەماوەنـدی دوو کەس بـوو، کە لە ئەورووپـا دەژیـن و بە میـوانی هـاتبوونەوە ئەدیـس ئەبابـا.
ئەوانەی ماڵبـــــاتی ئەوان و میوانەکـــــان و بانگهێشـــــتکراوان و پێوەنـدداران بەو زەمـاوەنەوە، هەمـوو سـەر بە چینــی ناوەنـد و بـۆرژوازی جڤـاکی ئیسـیووپیایی بـوون. تەنـانەت هەڵسـوکەوت و شـێوەی بەرخـورد و قسـەکردن و خـۆراک و سـەماکردن و هەمـوو وردەکارییەکانی دیکەش، گرێدراو و ڕەنگدانەوەی پایەی چینـایەتی ئەوانی پێشان دەدان. ئەوەی سەرنجڕاکێش و جێـی سەرسـووڕمان و سەرسـامبوون و پەسـندان بـوو لەو زەماوەنـدەدا و لەو هەمـوو خەڵکەی لەوێ بوون، تاکە یەک جگەرەکـێش و تـاکە یەک جـگەرە وەدی نەدەکرا و نەبوو. هەر لە ئەدیس ئەبابا یەک دوو زەماوەندی دیکەم بەرچاو کەوتوون، کە لە کۆڵاندا و لەنێـو خێوەتێکـدا چەنـد کەسـێک خـڕدەبنەوە و مۆسـیقایەکی سـی دی و نەوار و ئەوانەی دەخەنەسەر و لەنێو چادرەکەدا دەیکەنە سەما و پاشان هەر لەوێ خۆراکێکی سادە و ساکار دەخۆن، ئەوە شایی کۆڵانە. ئەم شـاییە لەوەی ئێمەی بۆ چووین جیـاوازە، ئەمەیـان هـی چینێکـی نزمتـرە لەو چینەی دیکە، لێ هێشتاش گەنجگەلێکـی زۆری هەژار و شـڕۆڵ و پەرپـووت لە دەرێـی خێـوەتەکە ڕادەوەسـتن و بە خشـکەیی و تـــرس و لەرزەوە، لە کـــون و کەلەبەر و درز و ســـووچێکی

خێـوەتەکەوە، تـامەزرووی چوکلێتێـک، بیـرەیەک، شـەکرۆکەیەک، پلەگۆشـتێک، یـا هەر تەنـێ تـیکەیەک نـانن و دەمیـان ئـاوی تـێ دەزێ، لێ ڕێگەیان پێ نادرێ و بۆیـان نیـیە وەژوورکەون، چـونکە ئەوانە سەر بە چینێکی دیکەن. چینایەتی لە شـاییدا و چینـایەتی لە هەموو شـتێکدا نەک هەر لەو وڵاتە، بەڵـکە لە هەمـوو جیهانـدا، مرۆڤەکـان دابەش دەکـات و ڕیزبەنـدیان دەکـات و لە خـانە و چوارچێوە و قاڵبیان دەدا.

لەسەر لوتکەی چیـای ئێنتۆتـۆی پشـتی ئەدیس ئەبابـا، کە پتـر لە 2000م بەرزە، مـاڵ و خـانووە کـۆنەکەی شـا مەنیلیکـی دووەم و کڵێسـەیەکی کـۆن و گەورەی ئەو سەردەمەیشـی لێـیە و کـراون بە شـوێنی گەشـتیاری و خەلـک ئەگەر ماشـێنی خۆیـان نەبێـت، وەک ئـێمە، بە سـواری تاکسـی یـا توکتـوک (Tuk-tuk)[11]

[11] توکتوک، ماشێنێکی گچکەیە بە سێ پێچکە دەڕوات و بە بەنزین و ڕۆن و ئەوانە کار دەکات. لە گەلێ وڵاتی جیهان بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و شتومەکیش سوودی لێ وەردەگیرێت و وەک تاکسی بەکار دەبرێت و لەبەر بچووکی بە هەموو کووچە و کۆڵان و ڕێگەیەکدا دەڕوا و لە ڕاوەستانیشدا جێگە کەم دەگرێ، کە ئەوە بۆ شاری گەورە گەلێک باشە. بە ڕانەرەکەیەوە سێ کەسی باریکەڵە و لەشسووک هەڵدەگرێ. لە ئیسیووپیا، لە هەموو بازێڕەکانیدا، ئەو توکتوکە هەن و ئامادەن بۆ کار. زیاتر کوڕی لاو و مێردمنداڵ ئەو توکتوکانە لێدەخوڕن. لە کوردستان جۆرێک لەوانە هەن، لێ ئەوانە مۆتۆرسایکڵن کراون بەوە و عارەبانەیان بۆ کردوون، بۆ هەڵگرتنی بار، فرۆشیار، کاڵا و سەوزە و میوەی لێ بار دەکەن و دەفرۆشن. ئەوانەی کوردستان، لە سلێمانی و لە لایەن خەڵکانێکی تا ڕادەیەک چەقاوەسوو و زماندرێژەوە ناویان لێ ناون "کەریم کابان"، بە ناوی ئەو هونەرمەندەی کوردەوە. دەڵێن کاتی خۆی کەریم کابان دەچێتە کن جەلال تاڵەبانی و گلەیی ئەوەی لا دەکات، کە خەڵک بۆ گاڵتە و ڕابواردن ئەو بارهەڵگرە بچووکانەیان ناو ناوە کەریم کابان، تاڵەبانییش پێی دەڵێ: "جا تۆ بۆ گلەیی لە بەختی خۆت دەکەیت، بەس نییە شتێکی برێک

دەچنە سەری. ئێمە بە تاکسی چووین و تاکسییەکەمان بۆ شەش حەفت سەعاتێک گرتبوو، بۆ ئەوەی چەند جێگەیەک بگەڕێین، کە بێجگە لە مۆزەخانە و کۆشکی هایلا سیلاسی، ئەو کەژی ئێنتۆتۆیەش بوو. لە سەر لوتکەی ئەو کەژەوە دەیان کچی گەنج و منداڵکار دەبینی هەریەکەو کۆڵێکی گەورەی داری بە کۆڵی خۆیدا داوە و بەو جادە پێچاوپێچ و هەڵدێر و نشێوانەدا بەرەوخوار ئارام ئارام دەڕوا، بۆ ئەوەی ئەو بارەدارە بباتەوە بۆ شار و بیفرۆشی و جگێ پارەی دەستکەوێت، بۆ بژیوی خۆی و ماڵی خۆیان. دیارە ئەو کیژۆڵە کۆڵهەڵگرانە، بۆ سەرکەوتن بۆ سەر ئەو کێو و هەورازەڕێیە، پتر لە 2400 میترییە، هەر بە پێیان ڕۆیشتوون، چون ئەوان نە ماشێن و نە توکتوک و هیچیان نییە و پووڵی ئەوەیشیان نییە بیدەن بۆ سەرکەوتنی ئەو چیایە، دەبێ ئەوە چ شەکەتییەک بێت!

لەو کۆڵانەی گەڕەکی هۆڵی، لە ئەدیس ئەبابا، کە هۆتێل (Caravan)ەکەمانی لێبوو، کولبەیەکی گچکەی لە شڕەوشیتاڵ و پەڕۆ، کە لەسەر چاڵێک دروستکرابوو و پانایی لە دوو میتر پتر نەبوو، هەموو ڕۆژێک بەلایدا دەڕۆیشتین. جارێکیان سەرم پێداکرد بزانم چییە و چی تێدایە، دیتم منداڵێکی بچووک بە تەنێ لە ژوورەوەیە، کە سەرم هێنایە دەرێ، ژنێک هاتە پێشەوە و گوتی

گەورەیان بە ناوی تۆوە ناوە، ئەدی من چی بکەم، کە مۆبایلێکی گچکە و خڕ و پانۆڵکەیان بە ناوی منەوە ناوە".

چت دەوێ؟ گوتم هیچ، هەر دەمویست بزانم ئەو کولّبەیە چییە و چی تێدایە! ئیدی ئەویش بۆی باسکردم، کە ئەوە ژنێکی گەنجی هەژاری تێدا دەژی، بە تەنیایە و دایکی سێ منداڵە، دانەیەکیان براوە بۆ ئەمەریکا، دایکەکەی بۆی نییە بیبینێ و ئێستا بۆ خۆی و دوو منداڵەکەی دیکەی لێرەن و پێکەوە دەژین و خەڵک خێریان پێ دەکات، دەنا هیچیان بۆ بژێوێ نییە. دوای کەمێک ژنی نێو زنجەکەش، کە چووبوو هەندێ ئاوی خواردنەوە بۆ خۆی و منداڵەکانی پەیدا بکات، گەڕایەوە. هەر لەو کۆڵانەدا ئێوارەیەکی کۆمەڵە گەنجێکم بینی، ئاوا پێنج شەش دانە دەبوون، دانەیەکیان دەڵقێکی نایلۆنی ڕەشی بە دەستەوە بوو و بەدەم قسەی گەرم و هەنگاوی خێراوە، خۆیان کرد بە کۆڵانیکی دیکەدا و لە پەنا دیوارێکدا دانیشتن و سەریان کرد بەیەکدا و لە دەوری یەکتر خڕبوونەوە و منیش هەر ئەو ساتە چوومە سەرسەریان، دیتم زگی دەڵقە ڕەشیان دڕێ لە نێوەندی خۆیاندا دایاننا و سەریانکردە ناواخنەکەی، کە تەنێ نانی وشک بوو و هیچی تر. ئەوانە ئەو نانە کۆنە ڕەقانەیان بە جۆرێک پەیدا کردبوو، ئیدی یا پاشماوەی خەڵکانێکە لە چێشتخانەیەک خۆراکیان خواردووە و ئەمان بە هۆی کەسێکی ناسیاویانەوە، کە ڕەنگە لەو چێشتخانەیە کار بکات، دەستیانکەوتووە، یا لە چەند جێگەیەک پاشماوەی فڕێدراوی ماڵە دەوڵەمەندێک، چێشتخانەیەک، نانەواخانەیەکە یا لەسەر گوفەک و نێو زبڵ و خاشاکدا خڕیان کردووەتەوە. کە دەیانخوارد واتدەزانی قەل دەخۆن!. هەر لە ئەدیس ئەبابا و لە

جادەیەکی دیکە و بە ڕۆژی نیوەڕۆ، چەند هەرزەکارێکی دیکەم بینی بە هەمان شێوە، لە کەنار شەقامەکە و لەسەر خوانی دەڵقەڕەش و چەند پارچە نانەڕەقێک، بە چیچکانەوە دانیشتبوون و سەریان نابوو بەیەکەوە و دەیانخوارد، کە بە سەریاندا داچەمیمەوە، فەرموویان لێ کردم! لە کۆڵانەکانی دەوروبەری هوتێلەکە و هەر بیست سی میترێک لەولای کولبەی ژنە گەنجەکە و زارۆکەکانی و لەو کۆڵانەی کوڕە لاوەکان، نانەڕەقیان دەکرۆشت، چەندین ماڵ و خانوو دەبینرێن، بەرینایی هەر یەکەیان 400 و 500 و 1000م$^2$ و سێ نهۆم و چوار نهۆم و باخچەدار و دیواری بەرز و پەنجەرە و شووشەبەند و لەبەر دز، تەلبەندکراو بە تەلی ئەلەکتریک و چاودێریکراو بە کامێرا و پاسەوان و سەگ. ئەوانە خانووی دەوڵەمەندانن[12].

[12] ئیمام عەلی دەڵێ:"ما من نعمة موفورة الا وبجانبها حق مضاع"، واتە: هیچ تیروتەسەلی و دەوڵەمەندییەک نییە ئەگەر لە تەنیشتییەوە مافی کەسێک نەخورابێت. لە جێیەکی تردا دەڵێ:" ما جمع مال الا من شح او حرام"، واتە:

هیچ سامانێک نییە بە پیسکەیی یا حەرام گلێر نەکرابێتەوە. هەروەتر دەڵێ:" ما جاع فقیر الا بما متع به غني" واتە: بەوەی دەوڵەمەندێک چێژی لیوەردەگرێ، هەژارێک برسیی دەبێ"، واتە: دەوڵەمەندیی دەکاتە، مافی خوراو، پیسکەیی، حەرام و برسیکردن نانبڕینی خەڵکی دیکە، کەم دەوڵەمەندیی هەیە، بێ هیچ جۆرە فڕوفێڵ و ساختەکارییەک هاتبێتە گۆڕێ. مامۆستای شاعیر هێمنی موکریانی دەڵێ:

زێڕ بەڵایە بێ وەفایە دەوڵەمەند
هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەرد و ڕەند
چڵکی دەستە ماڵی دنیا، وەک دەڵێن
ماڵپەرست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن

دیاردەیەکی سەیر و سەرسوورِێنەر نییە، ئەگەر لەنێو باژێڕی ئەدیس ئەبابادا، لە دەیان جێگە، دەیان کۆمەڵە کەر ببینیت، ئیدی یا بەستراونەوە و بە پەت و مێخسکە قایم کراون، یا هەروا لە سووچ و قوژبن و پەنا دیوارێکدا، زۆر ئارام و گوێڕایەڵانە، سەریان بەیەکدا کردووە و لە حاڵەتی وەنەوزدا یا هەروا خەریکی رامانن. هەشیانە جاروبار و بە زەڕە و لووشکە و دەنگی خۆی، بوونی خۆی دەسەلمێنێت. لە چەندین جێگەی دیکە، بە کۆمەڵ سەدان سەر مەڕ و بزن، لە هەندێ مەیداندا دەبینرێن، کە جامباز بە دیاریانەوەن، ئیدی ئەوە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی جەڵەبی مەڕ و بزنە و تۆی بیانیش، کە بەلایاندا تێدەپەڕی، بانگت دەکەن بۆ کڕینی یەکێک لەوانە. لە ئەدیس ئەبابا و باژێڕەکانی تریش سەدان و هەزاران دەرۆزەکەر دەبینرێن و بۆ هەر جێیەک دەڕۆی لە دەرۆزەکەر دوور ناکەویتەوە، چونکە لە هەموو شوێنێک هەن و کورد گوتەنی: چاوی پیاو دەردێنن. منداڵ تەمەنیان هەر 2 — 3 ساڵێکە، فێری گەدایی دەکرێن، بە دواتدا هەڕا دەکەن و داوای پارە دەکەن، بە تایبەت لە خەڵکی بیانی، کە بە میستەر میستەر وەدوویان دەکەون. لەو کەنار شەقامانەی ئەدیس ئەبابا و باژێڕەکانی دیکەی ئیسیووپیا، سەدان مرۆڤی ڕووت و ڕەجاڵ دەبینی، کە هەموو ڕۆژەکە لەبەر خۆر و لەنێو خۆڵ و خاشاکدا، بە یەک دەرپێی کورتەوە، کە تەنی گەڵ و گونیان دادەپۆشێ و بێجگە لەوە ئیدی هیچی دیکەیان لەبەردا نییە، تەخت، لەسەر گازەرەی پشت یا لەسەر دەم، خۆیان داوە بە زەویدا، ئەگەر

نێزیکیـان نەبیـیەوە و تەماشـای سـنگ و لەشـیان نەکەیـت، کە لە ئەنجـامی هەناسـەدان و وەرگرتنەوەیـەوە، دەجـووڵێنەوە، لاتـوایە مردوون.

کڵیســە گەورەکەی ئەدیــس ئەبابــا، کە کاتیــدراڵی پــێ دەگــوترێ، بــێجگە لەوەی کڵێســەیە و جێــی خوداپەرســتییە، گۆڕستانیشی لێیە. ڕۆژێکی، کە لەو کڵێسـەیە بـووین، لە لایەکەوە دەنگی بڵنـدگۆ و ئینجیلخوێنـدن و دوعاخوێنـدن، ئەو دەوروبەرەی پــڕ کردبــوو، هەزاران ئیســـیووپیاییش، کە بە ســـەدان میتــر نەدەگەیشـتنە نزیکـی قەشـە و پیاوەکـانی، کە لە بڵنـدگۆیەکانەوە دەیانقیڕانــد، هەر لە دوورەوە و پــێش گەیشــتنیان بە شـــەقامی بەردەم کڵێسەکە، دادەچەمینەوە و کڕنۆشیان دەبرد بـۆ کڵێسـەکە و هەڵدەسانەوە و بە دەست نیشانەی خاچەکەیان لەسەر سـنگیان دەنواند و دوای چەندین جار، ماچکردنی خاک و دەرکە و پلیکـانە و دار و هەمــوو شــتێکی کڵێســەکە، دەهــاتنە پێشــەوە و لەوێ جێگەیەکیان دەگرت و بە پێوە ڕادەوەستان، تا ئیـدی هێزیـان لـێ دەبــڕا، ئەوجــا ئەگەر جــێگە هەبــووایە، دادەنیشــتن. دیــاردەی مــاچکردنی دەرکە و زەوی و دیــوار و هەمــوو شــتێکی کڵێســە و کڕنۆشـبردن، بـۆ هەمـوو شـتێکی کڵێسـە، لە هەمـوو جێیەکـی ئیســـیووپیا دەبینــرێ و هەیە و زۆر بـــاو و بەربـــڵاوە. ئەو ڕۆژە مردوویەکیان لە تابووتێکدا هێنا، دیاربوو، کەسێکی ناسراو و سـەر بە چـین یـا تـوێژاڵێکی بـاڵای کـۆمەڵە، چـونکە خەڵکێکـی زۆر و ماشێنگەلێکی فرەی بە دواوە بوون و گرنگییەکی زۆری پێـدەدرا و

هەمـوو کەسـێکی ئاسـایی ئەوەی بـۆ ناکرێـت و لەو گۆڕسـتانەدا گۆڕی بەرناکەوێت.

که باسی ئەدیس ئەبابا دەکرێ، وا بـاوە، شـارێکی ئـارامە و مرۆڤ بێ ترس و بی کێشە، ئازادانە تێدا دەگەڕێ، لێ ئەو قسەیە سەدلەسەد ڕاست نییە و ڕیزپەڕی هەیە. من بۆ خـۆم، ڕۆژێکـی کە لەگەڵ هـــاوڕێ ســــەرداردا لە تیــــۆدرۆ (Tewodros) و مەرکـــاتۆ (Marcato/Mercato/Merkato) و ناوەنـدی شـار پیاسـەمان دەکـرد، لەپڕ چەند مێردمنـداڵ و هەرزەکارێـک دەورەیـان دام و بە قسـە و پرسیارەوە خەریکیان کردم و بێ ئەوەی ئاگام لێیانبێت، دووانیـان بەردەمیـان گـرتم و یەکێـک لە پشـتەوە شـەقێکی لە ڕانـی چەپـم سرەواند و یەکێک لە لای ڕاستەوە دەستی کرد بە گیرفانی ڕاسـتی پانتۆڵەکەمدا لە پێشەوە، کە مۆبایلەکەمی تێدا بوو، ئیدی من هەر ئەوەندەم پێکرا، توند ئەو گیرفانە بگرم و دەستی کوڕە گەنجەکە پاڵپێوەنێم و بە دەوری خۆمدا بسووڕێمەوە و خۆم لە دەستیان بە سـەلامەتی و بـێ ئەوەی هـیچم بـبەن، ڕاپسـکێنم و ڕزگـار بـکەم. ڕۆژێکـی دیـکەش لەتەک هـاوڕێ سـەفوەتدا بـووم و لە ناوشـــار دەســـووڕاینەوە، لەپـــڕ یەک دوو گەنـــج پەلامـــاری ئەویـــان دا و دەسـتیان بـۆ بەرک و مۆبـایلەکەی بـرد و ئەویـش یەک قێـڕەی بەسەردا کردن و خۆی لە دەستیان ڕاتەکاند.

مەرکـاتۆ، گەورەتـرین بـازاڕی کـراوەی ئەفریقـایە، کە کـورد گـــوتەنی ســــەری هــــار و مــــاری تێــــدا دەســــتدەکەوێت. سەیروسـەمەرەترین شـتگەل و کـاڵای تێـدایە، لە مـامر و کەر و

ئاژەڵەوە تا دەگاتە پۆشاک و سەوزە و میوە و خۆراک و شتی ناومـاڵە و هەمـوو جـۆرە شرەوشـیتاڵ و تفـاق و پێویسـتی و ناپێویستییەکی کۆن و نوێ، ئەوەی بە خەیاڵتدا نایەت و بیری لێنـاکەیتەوە، لەو بـازاڕەدا دەسـتدەکەوێت[13]. لەو دەوروبەری نێوەندی شارەدا، مزگەوتێک بە ناوی ئەننوور (النور) هەیە، کە بانگی تێدا دەدرێ و نوێژی تێدا دەکرێ و گەلێک خەڵکی موسوڵمان ڕووی تێدەکەن و لە دەوروبەر و پێش دەرکە و پەنا دیوارەکەیدا، دەیان دەرۆزەکەر و سیواک و بۆن و کتێبی دینیی ئیسلامی و تەزبیحفرۆش، گردبوونەوە و، دانیشتوون و کڕیار بۆ لای خۆیان بانگ دەکەن. لەنێو هەموو شارێکی ئیسیووپیادا، دەنگی زەنگی کڵێسە و دەنگی قەشە و پیاوانی دینی مەسیحی و بانگی مزگەوت و دەنگی مەلا و خوێندنەوەی گوتاری هەینییان تێکەڵ بەیەک دەبن و چ ڕێگری و پێکدادان و کێشەیەک لە پیرۆزکردنی ئایینەکاندا چێ نابێت و دینەکان لەتەک یەکدا هەڵدەکەن و دەگونجێن[14].

---

[13] کۆمەڵێک وێنەی بازاڕی مەرکانتۆ لە شاری ئەدیس ئەبابا، کە لە گووگڵ (Google)ەوە وەرگیراون. ئەگەر هەموو جارێک کرتە لەسەر ڕەنگە شینەکەی بنەوەی لاپەڕەکە بکەیت، وێنەی نوێت دێنە بەردەست: https://goo.gl/zTHzWx

[14] شاعیری گەورەی عەرەب ئەبولعەلاء ئەلمەعەڕی (ابوالعلاء المعري/973-1057)، لە شیعرێکیدا دەڵێ:

في اللاذقية ضجة مـا بين أحمد والمسيـح
هـذا بناقـوس يـدق وذا بمئـذنة يصيـح
كل يعظم دينه ياليت شعري ما الصحيح ؟

عەلـی، پیـاوێکی چینـی بـوو، لەو هـوتێلە بـوو، کە ئـێمەی لێبووین. ئەو لە وڵاتی خۆی (چین)[15]، لە کارگەیەکی دروستکردنی خشڵ و مووروودا کاری کـردووە و دواتـر وەدووی جـۆرە بەردێکـی بەهادار و پیرۆزدا، کە پێی دەگوترێ زومرود (زمرد)[16]، چـووە بـۆ ئەفغانستان و کەوتووەتە نێـو موسـوڵمانان و ئەوانـیش کردوویـانە بە موسوڵمان و ناوی عەلییان لێناوە. دواتر ئیدی هەر وەک عەلـی مـاوەتەوە و بەو نـاوەوە ناسـراوە. پاشـان دەسـتیکردووە بە

واتە: لە لازقیـیە هەرایە لەنێـوان ئەحـمەد و مەسـیحدا، ئەمیـان لە زەنگێـک دەدات و ئەویـان لە مەنارەوە هاوار دەکات، هەریەکەو ئایینەکەی خۆی هەڵدەدات، بریـا دەمزانـی چـی ڕاسـتە؟ لازقیـیە، باژێرێکە لە سووریا و ئەحمەد، مەبەست لە موسوڵمانە و مەعەڕی مەبەستی ئەوەیە هەر ئایینە و بۆ خۆی هاوار دەکات و خەڵک خڕ دەکاتەوە، یەکێک بە زەنگی کڵێسە و یەکێک بە بانگدان، دەبێ ڕاستی و دروستی کامە بێ و لەکن کێ و لەکوێ بێت!

[15] چین لە ئەفریقادا دەستی لە سەوداوامامەڵە و کـاری پـیس و قرێـژدا هەیە، هەر لەو چینییـانەوە کە مـرۆڤ لە هۆتێلەکانـدا تووشـیان دەبـێ تـا دەگـاتە وردەبازرگـان و وردەکڕیـار و ئەوانەیشـی لە دەوری عەمبار و گەنجینە زەبەلاحەکان دەسووڕێنەوە و ئەو شوێنانەی ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرە زلەکـان بۆیان دەڕۆن، بەڵام هێشتا ئەوەی چینییەکان دەیکەن کارئاسـانییەکە بـۆ خەڵکـانێکی سـەرەوە، کە کۆمپانیا ئەمەریکایی و ئەوروپاییەکان و کڕیار و بەرخۆرەکانیانن.

[16] زومرود (زمرد)، وشەیەکی عەرەبییە و بە لاتینیـیش پێـی دەگـوترێ (Emerald)، نـاوی جـۆرە بەردێکـی گرانبەهـا و پیـرۆزە، کە ڕەنگـی سـەوزێکی پـڕڕەنگە و شووشـەییە، زۆرتـر لە و کانـانەدا دەبینـرێتەوە، کە لەنێـو بەرد و ڕەقەن و تـاوێردان. لە هەمـوو جـۆرە بەردە بەهـادار و پیرۆزەکـانی دیکە، گرانبەهاترە. لە سەردەمی فیرعەونییەکانی مسردا، دەشـتایی نووبە (النوبـة) بەناوبانـگ بـووە بە کانەکانی زومرود و لەوێوە هەناردەی کۆشـکی شـایەکانی وڵاتـی فـارس و هیندوسـتان و بیزەنتـا دەکـرا. لەنێـو گۆڕسـتان و پەرسـتگەکانی مەکسـیک و پەروو و کۆڵۆمبیاشـدا لە ئەمەریکـای خواروو(لاتین) زۆرێک زومرود دۆزراوەتەوە، لێ هەموو ئەوانە لە لایەن ئەوروپاییاکانەوە تاڵان کـران. زومرود لە ئوتریش (نەمسا)، نۆروێژ، ڕووسـیا، مسـر، هیندوسـتان، برازیـل، کۆڵۆمبیـا و زیمبـابۆی، ئەفریقای خـواروو،، مۆزەمبیـک، تانزانیـا، زامبیـا، ئەفغانسـتان، ئەوسـترالیا و ئەمەریکـا، هەیە، لـێ ئەوەی کۆڵۆمبیا لە هەموو جۆرەکانی دیکە، باشتر و نایابتر و گرانبەهاترە.

بازرگانیی خشڵ و بەردی گرانبەها و 20 ساڵێکە لە ئەفریقا، لە مەدەغەشقەر دەژی و لەو بەردە ناوازە و بەنرخانە، لە ئەفریقا دەکڕێت و دەیاننێرێت بۆ هۆنگ کۆنگ و لەوێ دەکرێن بە خشڵ. ئەو شارەزایەکی کارامە و لێزانی ئەو بوارەیە و هەرچی فرۆفێڵ و وردەکاری و کونوکەلەبەری ئەو بازرگانییەیە دەیزانێ. ئەو میلیۆنێرە و حاڵی گەلێک خۆشە. عەلی، لەبارەی ئەفریقاییانەوە، دیتنێکی گەلێ ڕەگەزپەرستانە و خراپی هەبوو و وەک زۆرێک لە ڕەگەزپەرستانی جیهان و زۆرێک لە سپیپێستان، هەرچەندە ئەو بۆ خۆیشی سپیپێست نەبوو، گاڵتەی پێ دەکردن. ئەو دەیگوت: "ئەفریقاییان وەک ئاژەڵ وان و دەبێت لێیانخوڕیت و ڕەگەزی ڕەشپێست، کەسێک دەبێ بیانباتە ڕێوە. ئەفریقایی تەنیا بۆ ئەو ساتە دەژین، کە تێیدان و داهاتوو لای ئەوان نییە". تەنیا ڕۆژی یەکەم، کە یەکدیمان ناسی و ناشتایەکمان[17] پێکەوە لە هوتێلەکە خوارد، هەندێک گوێمدایە قسەکانی لەبارەی خۆی و ژیانی و کارەکانییەوە، ئیدی کە هاتە سەر باسی ئەفریقایی و بۆچوونەکانی خۆی دەربڕی، هەستمدەکرد ڕەگەزپەرستیی لێ دەتکێ و بیرکردنەوەیەکی نامرۆڤانەی هەیە. هەر عەلی نەبوو بەو جۆرە بیری دەکردەوە، جۆرج، دواتر لە شاری لالیبێلا ناسیمان و هاوهۆتێل بووین، کابرایەکی بە ڕەچەڵەک پورتوگالی، لە

[17] ناشتا: بەرچایی، تاشت، تێشت، پارێڤ، قاوەڵتی، کە ئەمەیان لە زمانی تورکییەوە هاتووە و تورک دەڵێن کەهڤەئالتی (Kahvalti)، واتە: پێش قاوە یا بەرقاوە، وەک: بەرچاییەکەی خۆمان.

**دایکوباوکێکی پورتوگالی و لەدایکبووی ئەفریقای باشوور و دانیشتووی ئەوێ، وەڵاتەکەی ماندێلا، ئەویش مانەندی عەلی، بیری دەکردەوە و دەیگوت:"ئەفریقایی ئەگەر بە تێڵاوە بە دوایەوە نەبیت، هەرگیز کار ناکات و هەمیشە خۆی دەدزێتەوە لە کار و هەرگیز لە کات و گرنگیی کات و شێوە و چۆنیەتی کارکردن و وردەکارییەکانی تێناگات. گەرەکە هەموو جارێک لە نووکەوە چۆنیەتی کارکردنەکەی بۆ باس بکەیت و بۆی دیاری بکەیت چی بکات، دەنا هیچ ناکات و هیچ فێر نابێت. ئەوان مێشکیان داخراوە و بەستوویەتی و ناتوانن شتی نوێی تێکەن و خۆ بگۆڕن". ئەوە جۆری بیرکردنەوەی دوو دانە ڕەگەزپەرستی، خەڵکی دوو وەڵات و دوو فەرهەنگی جیاواز، لەمەڕ ئەفریقاییەوە. دیارە ڕەگەزپەرستیی بەوە نییە، مرۆڤ سەر بە چ ڕەگەز و نەتەوە و دین و ڕەنگ و وەڵاتێکە، بەڵکە لەنێو هەموو جۆرە ڕەگەز و نەتەوە و دین و ڕەنگ و وەڵاتە جیاوازەکانی مرۆڤدا هەیە[18].**

---

[18] پاتریک ئێنگەلاو (Patrik Engellau)، کە نووسەر و ئابووریناس و دیپلۆماتکارێکی سوێدییە و ساڵانێک لە کۆمەڵەی دەوڵەتەیەکگرتووەکان (UN) و وەزارەتی کاروباری دەرەوەی سوێد و ڕێکخراوی سیدا (SIDA)ی سوێدیدا کاری کردووە و لە ئەنیستوتووتی بانەڕۆژی سوێدی و ڕێکخراوی خۆشگوزەرانی و میدیای هزردا کار دەکات و چالاکە و ساڵانێک لە گینیابیسساو (Guinea-Bissau)، کە وڵاتێکە دەکەوێتە خۆراوای ئەفریقا، وەک کۆمەککار بە خەڵکی ئەوێ کاری کردووە و خاوەنی دەیان کتێبە لە بواری جیاوازی ئابووری و سیاسییدا و لە ڕووی ئیدیۆلۆگی و دیدی سیاسیشەوە لە سوێدییە دیموکراتەکانەوە (SD)، کە حیزبێکی ڕاستڕۆی سوێدییە، نێزیکە، دەڵێ: "خەڵکە بیانییەکان، وەک ئەفریقاییەکان، بۆیان سەختە بتوانن لەگەڵ گیانی سەرمایەداریدا و لەگەڵ ئەم فەرهەنگی هاریکاری سوێدییەدا خۆیان بگونجێنن. کارکردن لەگەڵ ئەو گیان و فەرهەنگەدا کاتێک دەکرێ، ئەگەر مرۆڤ یەک یا دوو یا سێ لەوانە وەرگرێت و تێکەڵ بە دە،

بیست سوێدی بکات و نوقمیانکات له قـوولایی فەرهەنگـی سـوێدییدا، لـێ ئەگەر ئەوان بـۆ خۆیـان بـژین، فەرهەنگـی سـوێدی، کە خوێنـدنەوەی کتێبێـک یـا چـوونە خـولێکی فێرکـاری بەسـە، نەیەتە نێـوەوە، ئەوە ئیـدی کـارێکی گەوجـانەیە. مـن نـاڵێم هەمـوو ئەفریقاییەکـان وەهـان یـا هەمـوو سـوورپاییەکان وەهـان، بەڵام فەرهەنگـی زاڵ، بەلای کەمەوە وەک مـن دیتـوومە، وەهـایە و هانـدانی خەڵکانێک، کە سەربە وەها فەرهەنگێکن، بۆ ئەوەی خۆیـان لەگەڵ فەرهەنگـی سـوێدیدا بگـونجێنن، هێندە سەخت و دژوارە، کە ناکرێ بیری لێ بکرێتەوە.." . ئەو کە ساڵانی 1970 بۆ چەند سـاڵان لە گینیـا بیسسـاو بەرپرسـی گەیانـدن و دابەشـکردنی کـۆمەکی سـوێدی بـووە بـۆ نـوێکردنەوە و بووژاندنەوەی کشتوکاڵ لەو وەڵاتە کاری کـردووە، پێیـوایە کـارەکە بەو ئاسـانییەی لە ئەڵمانیـا، کە ئەمەریکـا دوای جەنگـی دووەمـی جیهـانی لە چواچێـوەی "کۆمەکی مارشـاڵ"دا، بـۆ وەگەڕخسـتن و پێشخستنی ئابووری ئەڵمانیـا نـاردی، یـا هەر وەڵاتێکـی دیکە دەڕوات، لەوێ لە گینیابیسـاو بەو جـۆرە نـاڕوات و هۆکـارەکەش "جیـاوازیی فەرهەنگـی"یە. ئەو دەڵـێ: "ئەڵمـانی، پێشـکەوتن لە خوێنیدایە، ئەوەی پێشتر کردووە و دەزانێ ئەو کارە چ دەگەیەنێت. دەزانێت ئەوە کـارێکی سـەختە و دەبێ مرۆڤ کۆمەک بە یەکتر بکەن. پێشکەوتن فەرهەنگە. ئێمە دەمانەویست لە ئەفریقاش وەهـا کارێک بکەین. لەوێ ئەو فەرهەنگە نییـە. گیـانی سـەرمایەداری، ئەوەی مـرۆڤ بە قـامچی لە خـۆی بدات و زۆر لە خۆی بکات بۆ ئەوەی کار بکـات، تەنـانەت ئەگەر ئەوەی هەیەتـی بەشـی ڕۆژێکیشـی بکات، نییە. ئەو تایبەتمەندی و بەها سەرمایەدارییانەی، کە سوێد و هەموو ڕۆژاوای کـردوون بەوەی هەن و چۆنن، لەوێ (لە ئەفریقا) نین". ئێنگەلاو تەواوی کێشەی جیاوازییەکـانی نێـوان ئەفریقـایی و ئەوروپایی دەگێڕێتەوە بۆ جیاوازییە فەرهەنگییەکان. بە دەربڕینێکی تـر، ئەو فەرهەنگـی ئەفریقـایی بە پاشکەوتوو و بەجێماو و فەرهەنگی ڕۆژاوا و ئەوروپایی و ڕەگەزی سپی بە پێشکەوتوو دادەنێت. سەرمایەداری، کە بەردەوام پێویستیی ماددی بۆ مرۆڤ زیاد دەکات و مرۆڤ ناچار دەکـات هەمیشـە وەدووی پڕکردنەوەی ئەو پێویستییانەدا هەڕا بکات، وا لە مرۆڤ دەکات، هەموو کەسـیەتی خـۆی و گرنگیی خۆی و بایەخ و بەهای خۆی، تەنێ لە بواری کار و پلەوپایەدا ببینێت و هەرچی هەسـتێکی مرۆڤبـوون هەیە ببێـتە کـاڵایەک لە بـازاڕی کـاردا، ئەوروپـایی و ڕۆژاواییـانیش، "ئێـنگەلاو"یش وەک نموونە، نوێنەری ئەو سەرمایەدارییەن و ئەوان بە گشتی هەمـوو بەهـایەکی مـرۆڤ و ژیـان تەنـێ لە کـاردا دەبیـنن، ئەوان هەرگیـز لەو جیـاوازییە فەرهەنگییـانە تێنـاگەن و نایـانەوێ تێـبگەن، کە هەرخەڵـــک و هەرنەتەوە و هەرگەل و هەرجڤاکێـــک تایبەتمەنـــدیی خـــۆی هەیە و ئەوەی لەکـــن ڕۆژاواییەک ڕەنگە گرنگ بێت، لەکن ئەفریقاییەک هـیچ واتـایەکی نەبێـت، دیـارە بە پێچەوانەیشـەوە. دیتن و بیرکـردنەوە و لێنـۆڕینی مرۆڤـی سپیپێسـت لەهەمـبەر ڕەشپێسـت، دیتنیکـی لـووتبەرزانە و کۆلۆنیالانەیە. ئێستاش کە پۆسـتکۆلۆنیالیزمە و گـوایە کۆلۆنیـالیزم نەمـاوە، هێشـتا وەک کـۆیلە و کەمفـام و کەمعەقـڵ و نـۆکەر، لەوان دەڕوانـن. سپیپێسـتان بە عەقڵییەتـی کۆلۆنیـالیزمی جـاران تەماشای جیهانی جاران "سـێیەم" و خەڵـکەکەی دەکەن. وەنەبـێ لە وەڵاتـانی لەمەڕ ئـێمەش وەهـا

له ناوەنـــدی شـــاری ئەدیــس ئەبابـــا، جێگەیەکـــی گەورە و بەرینی لێـیە بـۆ فرۆشـتنی سـەوزە و میـوە (عەلـوە)، کە گەلێـک جۆری میوە و سەوزەی تێدایە.

چەنـدین مۆزەخـانە و شـوێنی مێژوویـی شایسـتە هەن، هـی ئەوەن مرۆڤ سەردانیان بکات، لەوانە: گەورە مۆزەخانەی مێژوویی شار، مۆزەخانە و کۆشکی هایلا سیلاسی و دەیان جێگەی دیـکە. کۆشـکەکەی هـایلا سیلاسـی، کە کـاتی خـۆی جـێگەی ژیـانی وی بووە، هێشتا تەواوی شتە تایبەتییەکانی، وەک: تەخـتەی خەوتـن، حەمام و ئاوێنە، بەشـێک لە جلەکـانی، مێـز و کورسـی و تـابلۆ و گەلـێ شــتی دیــکەی خــۆی و شــاژنی، وەک خۆیــان مــاون. کە ســـەیریان دەکەیــت، هەمـــوو شـــتگەلێکی ســـادە و ســـاکارن، چ کەشـوفش و گرانبەهـاییەکی ماددیـان تێـدا نـابێنرێن، تەنـێ بەهـا مێژووییەکەیـــان نەبێـــت. لەو شـــارەدا و لە هەمـــوو جێیەکـــی ئیســـیووپیا، هەرچەنـــدە ڕێژیمـــی شـــایی هـــایلا سیلاســـی، بە کوودێتایەکی سەربازیی ڕووخێنراوە و کۆمۆنیستەکان دەسـەڵاتیان گرتووەتەدەســت و دواتــریش کوودێتــا بەســەر ئەوانــدا کــراوە و خەڵکێکـــی دیـــکە بـــوونەتە دەســـەڵاتدار، لـــێ لەگەڵ ئەوەشـــدا، شـوێنەوار و مێـژووی یەکـدییان نەسـڕیوەتەوە و هەمـوو میـرات و مێژوو و شوێنەواری فەرمانڕەوایانی پـێش خۆیـان، هێشـتوونەوە و

---

دیتنێک نەبێت! زۆرێکی عەرەب و تورک و فارس، کە نەتەوەی سەردەست و حوکمڕانی کوردستانن، تا ڕادەیەک وەک نۆکەر و ناتەواو و پلەنزم لە مرۆڤی کورد دەنۆڕن!

پاراستوون و دەسکارییان نەکردوون[19]. ڕۆژێکی، کە لە مۆزەخانەی مێژووی شار بووین، ئەو مۆزەخانەیەی تەواوی مێژووی ئیسیووپیا و پەیدابوونی مرۆڤ لەو خاکەدا و شێوەی ژیانی مرۆڤ و کەرەستە و شتگەل و کاڵایەک، کە بەکاریان هێناوە و تا ڕادەیەک مێژووی ئەفریقاش، پێشان دەدات و قۆناخ قۆناخ دەیگێڕێتەوە، کۆمەڵێک خوێندکاری کچ و کوڕی پۆلەکانی نێوان 4 — 6 و هەورازتر لەوێ بوون. مامۆستاکانیان هێنابوونیانن بۆ بینین و هەستکردن و بیستنی مێژوو و بۆ ئەوەی ماوەیەک لەگەڵ دیرۆکی وەڵات و خاک و خەڵک و هەموو کۆنینە و شانازییەکی خۆیاندا بژین.

بۆ ئەوەی تۆ لە ئەدیس ئەبابا و لەو هوتێل و گەڕەکەی ئێمەی لێبووین، سیمکارتێکی تەلیفۆن بکڕیت، دەبوو ڕێگەیەکی زیاتر لە نیو سەعات بە پێیان بڕۆیت بۆ شوێنێک، کە کارگێڕییەک بوو و پۆلیس و پاسەوان لەبەردەمیدا ڕاوەستابوون و دەپشکنرایت

[19] ڕێک بە پێچەوانەی وڵاتێکی وەک عیراقەوە، کە کوودێتای 14ی تەممووزی 1958 کرا و ڕژێمی پاشایی عیراق ڕووخێنرا، هیچ شوێنەوار و مێژوو و شتگەلێکی بنەماڵەی شا فەیسەڵی دووەم و عەبدولئیلاه و نووری ئەلسەعید و ئەو ڕژێمەیان نەهێشت و هەموویان سڕییەوە، تەنانەت ئەوانەی ماڵباتی شا و نووری ئەلسەعید و هەموو ئەوانەی کوژران، گۆڕیشیان پێ نەبەخشرا. لە گەڕەکی ئەلئەعزەمییە (الأعظمية)ی بەغدا، لە نزیک مزگەوتی ئەبوحەنیفە، گۆڕستانی پاشایی (المقبرة الملكية) هەبوو، کە هەندێ گۆڕی کۆنی ماڵباتی شای تێدا بوو، ئەو گۆڕستانەش کرابووە، ئاودەستخانە و خەڵک تێیدا دەڕیان. کە عەبدولکەریم قاسمیش کوودێتای بەسەردا کرا، بەعسییەکان کوشتیان و گۆڕیان پێ ڕەوا نەبینی. جیاوازیی سیاسەتی هەڵە و خەڵکی دڕندە و سیاسەتی دروست و خەڵکی خاوەن فەرهەنگ و وەڵاتپارێز، وەک جیاوازییەکانی نێوان عیراق و ئیسیووپیایە.

و ئەوجا دەکرایتە ژوورەوە و لە ژوورەوە دەبوو نۆرە بگریت. پتر لە حەفتا هەشتا کورسی بە تەنیشت یەکەوە بە دەوری هۆڵەکە و لە ناوەندیدا دانرابوون و تۆ، کە وەژوور دەکەوتیت لە کورسییەکی بەتاڵی نزیکی خۆت دادەنیشتیت و چاوەڕێی نۆرەی خۆتت دەکرد و ئەوەی نۆرەی دەهات ئەو کەسە بوو لە مێز و جێی دانیشتنی کارمەندەکەوە نزیک بوو و کە ئەو کەسە هەڵدەستا و دەچووە کن کارمەندەکە بۆ وەرگرتنی سیمکارتەکە، کەسی سەر کورسییەکەی دوای ئەو دەچووە شوێنەکەی ئەو، ئیدی بەردەوام خەڵک هەڵدەستا و دادەنیشت و کورسییان دەگۆڕی و دووسەعات دەبوو چاوەڕوان بیت تا نۆرەت دەگەیشتێ و خەڵکەکەش نۆرەی خۆیان دەزانی. بۆ وەرگرتنی ئەو سیمکارتەش دەبوو پاسپۆرتەکەت، یەک دوو وێنەی خۆت پێ بێت و چەند فۆرم و کاغەزێکیش پڕ بکەیتەوە، ئیدی دوای ئەوە دەبوویتە خاوەنی سیمکارتی خۆت.

## ڕەوشـی ئابووری و ژیانی خـەڵك

تێکـڕای ژمـارەی خێزانێکـی وەرزێـری ئیسـیووپیایی 6-7 کەسـە و زۆرێنەیەکی ڕەهای ئەو خێزانانە، پتـر لە 75%یـان، لە زنجێکـی لە قامیش و زەل و حەسیر و گـونیە و پەڕۆوپاتـاڵ و شـڕە و تەنەکە یا لە باشترین حاڵدا لە کوڵبەیەکی لە قوڕ و دار دروسـتکراودا، کە پانـــایی ناگـــاتە 30م²، لەگەڵ بـــزن و مەڕ و چێـــڵ و کەر و ئاژەڵەکانیانـدا دەژیـن و لە باشـترین حاڵیشـدا ئەگەر 2 هێکتـار (10000م²) زەوی کشتوکاڵییان بە دەستەوە بێـت، ئەوا ڕەوشـیان باشە. کۆچی وەرزێر و کارگەرە دەشتەکییەکان (ئاوایینشینان) بۆ شـارەکان، سـاڵانێکە پەرەی سـەندووە و هۆکارەکەیشـی گەڕانە وەدووی ژیانێکی باشتردا. چونکە ژیـانی ڕۆژانەی ئاسـایی خۆیـان، جەنگـێکە تەنـێ لەپێنـاوی مـانەوەدا. نێـزیکەی 16%ی خەڵکـی ئیسـیووپیا، بژێـوی ڕۆژانەیـان گەلێـک لە 1 دۆلار کەمتـرە. بەشـی زۆری خەڵکـی ئیسـیووپیا تێـر بە زگـی خۆیـان نـان نـاخۆن.

برسـییەتی، دەردێـکە سـەرتاپای ئیسـیووپیای تەنیـوەتەوە. مـن هەژاریم دیوە و خەڵکی هەژاریشم دیون، لێ هەژار و هەژاریی وەک ئەوەی ئیسیووپیام، تەنـێ لە فـیلم و کتێبانـدا دیـوە. هەژاریـی لە هەموو شوێنێکدا و لە هەموو بوارێکدا لە ئیسیووپیا، زەق دەبینرێ و هەیە. برسی، دەرۆزەکەر، کەمئەنـدام، بێمـاڵ و بێیـانە، منـداڵی بێسەرپەرشـــت و هەمـــوو جـــۆرە هەژار و هەژارییەکـــی دیـــکە، دەبینرێن. پتر لە 44 میلیۆن مرۆڤی ئیسیووپیایی، واتە: نێـزیکەی نیوەی دانیشتووانی وەڵاتەکە، ئاوی خاوێنیان بـۆ خـواردنەوە نیـیە و دەستیان ناکەوێت، دیارە بـۆ پێویسـتییەکانی دیـکە ئەو ڕێـژەیە زیاتر دەبێت[20].

ئیسیووپیا بۆ خۆی وەڵاتێکی جوانە، لێ وەک هەر وەڵاتێکی جیهـانی سـێیەم و ئەوانە، ژیـنگەکەی وێـران دەکـرێ. فڕێـدانی پاشـــەڕۆک و خاشـــاک و خڕنەکـــردنەوە و جـــودانەکردنەوە و نەگێڕانەوە و بەکارنەهێنـانەوەی خاشـاک، ژیـنگە وێـران دەکـات و پیسـی و قڕێـژی بڵاودەکـاتەوە و دەبێـتە هـۆی ژیـان بەسـەربردن لەنێو گـوفەکێکی گەورەدا و بڵاوبـوونەوەی سـەدان جـۆری دەرد و نەخۆشـی. 55%ی خەڵکـی ئەدیـس ئەبابـای پێتەخـت لە زنـج و تەنەکە و ژێر گونیە و شڕە و پەڕۆدا دەژین و دانیشتووانی ئـاوایی و شوێنانی دیکە حاڵیان وێرانترە.

---

[20] بەگوێرەی ڕێکخراوی لەشساغی جیهانیی سەربە ڕێکخراوی دەوڵەتانی یەکگرتـوو (WHO)، 650 میلیۆن مرۆڤ، واتە: دەیەکی دانیشتووانی جیهان، ئاوی خاوێنیـان چنگناکەوێت و ئەوەش تووشـی نەخۆشیی خراپیان دەکات و لە تەمەنێکی کەمدا دەمرن.

ڕێژەی درێژیی تەمەن لە بازێڕەکاندا دەگاتە 58 ساڵ و لە ئاوایییەکانیشدا گەلێ کەمترە لەوە. لە هەموو ئیسووپیادا 119 نەخۆشخانە هەیە، 12ەیان لە ئەدیس ئەبابادان. 412 بنکەی تەندروستی لە وڵاتەکەدا هەن. بۆ هەر 100000 مرۆڤی ئیسیووپیایی تاقە یەک بژیشکیان بەر دەکەوێت. لە 1000زارۆک لەوانەی، تازە لە دایک دەبن 47 دانەیان دەمرن. ڕادەی نەخوێندەواری گەلێک زۆرە، کە زۆرینەی خەڵک بەتایبەت هەژاران و دەشتەکییان دەگرێتەوە. ڕێژەی خوێندەواری بەپێی ئاماری ساڵی 2011، 7 ,46% بووە، لەنێو مێیینەدا 39%ە و لەنێو نێرینەشدا 59%ە.

لە ئیسیووپیادا بە گشتی و لە ئەدیس ئەبابا و بازێڕە مەزنەکانی دیکەش، جووڵانەوە و چالاکییەکی ئابووری لە یەک دوو بواردا بە خویایی وەدی دەکرێت. دروستکردنی هوتێلی مەزنی چەندین ئەستێرە و چێشتخانەی گەورە و باڵەخانەی بەرز و مەزن بۆ بە کرێدان و فرۆشتن. تەواوی ئەوانە بۆ بواری گەشتوگوزارە. ئەو جۆرە پرۆژانە، خەڵکانێکی ئیسیووپیایی، کە لە هەندەران دەژین و ساڵانێکە کار دەکەن و پارە خڕدەکەنەوە، ئەوانەن ئەنجامی دەدەن. ئەو جۆرە پرۆژە و بوارانە، هوتێل، چێشتخانە، مەیخانە، قومارخانە، خانوو بۆ فرۆشتن و کرێ، خزمەتێک بە گەشتوگوزاری وڵاتەکە دەکەن و داهاتێک بۆ وەڵات پەیدا دەکەن و ڕەنگە بشبنە هۆی دابینکردنی کار بۆ خەڵکانیک، بەڵام خەڵکانێکی یەکجار کەمی هاووڵاتییانی ئیسیووپیایی، چونکە

ئەوانە بوارگەلێکن، قازانجی خێرا و دەسکەوتنی پارە بە زووترین کات مسۆگەر دەکەن و ئەوانەیشی وەها پرۆژەیەک دەکەنەوە، هێندەی گیرفانی خۆیان لا مەبەستە، هێندە وەتەنگ پێشخستن و گەشەکردنی وەڵاتەوە نین، چون بواری دیکە هەن، وەک پرۆژەی کشتوکاڵیی گەورە و پرۆژەی پیشەسازی و دەیان جۆری دیکەی چالاکیی ئابووری، کە هەزاران وەرزێر و کارگەر وەگەڕدەخەن و کاریان بۆ پەیدا دەکرێت و تەکانێکیش بە ئابووری وەڵات و ژیانی خەڵک دەدەن، لێ ئەوان هێندە خۆ لە قەرەی ئەوانە نادەن[21]. ئەوان کاریان بە دروستکردنی نەخۆشخانە، خوێندنگە، مەلەوانگە و وەرزشخانە، کارگەی دروستکردنی دەرمان، بواری کشتوکاڵ و چاندن و کارگەی کشتوکاڵی و سایلۆ و عەمباری پاشەکەوتکردنی گەنم و جۆ و دانەوێڵەی دیکە، پیرخانە و منداڵخانە، بەخێوکردنی ئاژەڵ و دەیان پرۆژە و بواری دیکە، کە ڕاستەوخۆ سوود بە خەڵک، بە چینەکانی خوارێی کۆمەڵ دەگەیەنێت، نییە[22]. پرۆژەی

---

[21] لە باشووری کوردستانیش، لە 1991 بە دواوە، ئیدی هەزاران پرۆژەی هوتێل، چێشتخانە، مەیخانەی گەورە و پانوپۆڕ، کراونەوە، بەشێکی زۆری ئەوانەی لەو بوارانەدا کار دەکەن، بە خاوەن و کارگێڕ و کارگەرەکانیشیانەوە، بیانین، ئیدی تورکیایی، سووریایی، ئێرانی، چینی، تایلاندی، لبنانی، مسری و...هەموو وەڵاتانی جیهان، بە دەگمەنیش کورد لەنێو ئەوانەدا نابینییەوە، ئیدی ئەوە بێجگە لە کابرای سەرمایەدای خاوەنی، چ خێروبێرێکی بۆ هەژار و بێکارێکی کوردستان هەیە!

[22] ئێمە لە کوردستانی خۆیشمان هەمان دەردمان هەیە. دەوڵەمەندی کورد، گەرەترین و پڕئەستێرەترین هوتێل و مەزنترین مۆڵ و سوپەرمارکێت و چێشتخانە و مەیخانە، کە هێندەی مەیدانێکی ئەسپسواری دەبن، لە کوردستان دەکاتەوە و ڕکابەری هەموو وەڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەندی پێ دەکات، تەنێ بۆ گیرفانی خۆی. ئەوە دەردێکە نە تەنێ ئیسیووپیا و کوردستان دووچاری بوون، بەڵکە وڵاتانی هەژار و تازەگەشەسەندوو پێوەیدەتلێنەوە.

هوتێـل و چێشـتخانە، پـارووە نانێـک ناکـاتە دەمـی هەژارێـکەوە، چونکە کارگەرانێکیش، کە لەو بوارەدا کار دەکەن یا ڕەنـگە هەلـی کاریان بۆ بڕەخسێت، هێندە زۆر نین، لەچاو ئەو هەمـوو بێکـار و گیرفانبەتاڵانەی ئیسیووپیادا. ژیان لەکن مرۆڤـی هەژار و نەدار، لە پێداویستییە سەرەتاییەکانەوە دەستپێدەکات. بۆ ئەو چینـە، نـان، ئـاو، کـوڵبەیەک تێیـدا بـژی، دەرمـان، کـار، گەلێـک لە شـانۆ، سینەما، هوتێل، مەیخانە، چێشتخانە، فڕۆکە، ئۆتۆمبیل، پەیـکەر، پێویستترن. کوردیش زۆر لەمێـژە گوتـوویەتی: "بـۆ نـان بـگەڕێ، خەربـزە ئـاوە." مـرۆڤە هەژارەکـان، برسـییەکان، چەوسـاوەکان، وەدوای نـانەوەن، وەدوای ئەوەوەن، تەنـێ بـژین و هیچـی دیـکە، پێویسـتییە فیزیکییەکـان لەکـن ئەوان لەپـێش هەمـوو شـتێکی دیکەوە دێت و ڕەنگە هەر نەشتوانن بیر لە شتگەلێکی دەرێـی ئەو پێویسـتییانە بـکەنەوە، ئەوجـا بیرکـردنەوە لە چێژوەرگـرتن لە غەیری ئەوانە، ئەوەیان هەر نەبووە و هەر نابێیە.

سـەرباری ئەو هەمـوو نەداری و هەژاریـیە، هێشـتاش ئیسیووپیا یەکێکە لەو وڵاتـانەی جیهـان، کە بە خێرایـی فراژۆتنـی ئـابووری دەکـات و لە سـاڵانی 2004 — 2009دا 5% بـووە و لە ئێسـتادا گەیشـتووەتە 6-7%. خێرایـی گەشـەکردنی وەڵاتەکە ڕێژەیەکـی گەلێـک بەرزی هەیە و ئەوەش هیوابەخشـە بە داهـاتوویەکی باشـتر و گەشـتر، بـۆ تەنـانەت چینەکـانی خـوارێی پلیکانێی جڤـاک، بە دەسـتەبەرکردنی کـار و بژێـوی، لە وەڵاتێکـدا کە ڕێژەی بێکاریی تێیـدا لە کۆتـایی سـاڵی 2015دا 8 ,16%بـووە.

ئیسـیووپیا وەڵاتـێکە بـێ نەفـت و یەکـێکە لە وڵاتە بێنەفتەکـانی ئەفریقـا و ئـابوورییەکەی لەسـەر کشـتوکاڵ و ئـاژەڵە و ئەو دوو بـواره، بژێـوی وڵات و بەرهەم و هەنـارده، دابـین دەکەن. لە بازاڕەکـانی ئیسـیووپیادا، بەرهەمـی دوو وەڵاتـی جیهـان، بە زۆری بەرچـاو دەکەون، چـین و تورکیـا. کۆمپانیاکـانی ئەو دوو وەڵاتە، گەلێک چالاکانە خزاونەتە نێو ئەفریقاوە و بەتایبەتیش ئیسـیووپیا و، بە سەدان چینی و تورک دەبینی، بۆ کاری بازرگانی هاتوون بۆ ئیسیووپیا.

پـارەی ئیسـوپیایی "بـرڕ Birr"ی نـاوە و وردەکەیشـی "سـێنت"ە. بـرڕ، 100ی، 50ی، 10ی، 5ی و 1ی کـاغەزیی هەیە و 1بڕڕی ئاسنییش هەیە. یەک لیتر بەنزین لە ئیسـیووپیا بە 15 بـرڕ (Birr) بوو، کە دەیکردە نزیکەی 75 ,0 دۆلار، دیـارە ئەوە چەسـپاو و نەگـۆڕ نیـیە و بە پێـی ڕۆژە، لـێ لەو دەوروبەرەدایە. ڕۆژانەی ئاسـایی کرێکارێـک 40 بـرڕە، واتە: دوو دۆلارێـک. مانگـانەی کارمەندێکی ئاسایی خاوەن بڕوانامەی نزم لەنێـوان 1500 — 2000 بـرڕە، کە لە باشـترین حاڵـدا دەکـاتە 100 دۆلارێـک و مانگـانەی کارمەنـدێکی خـاوەن بڕوانـامەی بەرز دەگـاتە 3140 بـرڕ، واتە نزیکەی 157 دۆلارێک.

بەرهەمی گشتیی نیشتمانیی (GDP) ئیسـیووپیا، کە دەکـاتە بەهای کۆی کاڵا و شتومەکی ماددی و ئەو خزمەتگوزارییـانەی، لە درێژایی ماوەیەکدا (وەک ئاسایی ساڵێک دەکـرێتە پێـوەر)، کە لە ئیسـیووپیا وەبەرهەم هـاتوون، لە سـاڵی 2006دا بـایی

19,71 میلیـــارد دۆلاری ئەمەریکـــی بـــووە، لە کاتێکـــدا لە ســـاڵی 2014دا بەرز بووەتەوە بۆ بایی 55,61 ملیارد دۆلار، واتە لەنێوان 2006 —2014دا، 35,90 میلیـــارد دۆلار بەرز بـــووەتەوە. بەشـــی سـەرەکی و هەرەزۆری بەرهەمـی گشـتیی نیشـتمانیی ئیسـووپیا لە کشـتوکاڵەوەیە و دوای ئەوەش پیشەسـازی و خزمەتگوزارییەکـان. کشـتوکاڵ لە سـاڵی 2015دا ڕێـژەی 40,5ی لە بەرهەمـی گشـتیی نیشتمانیدا پێکهێناوە. پیشەسازیی لە ئیسیووپیا پتـر ئەم بـوارانە دەگرێتەوە: خـۆراک، پێسـت، ڕسـتن و چنـین، کیمیـایی، ئاسـن و چیمەنتـۆ. لە سـاڵی 2015دا، ئیسـیووپیا بـایی 3,163 میلیـارد دۆلاری ئەمەریکـی کـاڵا و بەرهەمـی هەنـاردووەتە دەرەوە، کە پتـر ئەم کاڵا و بەرهەمانە بوون: قـاوە، قـات، پێسـت و بەرهەمەکـانی، ئاژەڵی زیندوو، تۆوگەلێـک، کە ڕۆنیـان لـێ دروسـتدەکرێن. هێـزی کـار (کـارگەر) لە سـاڵی 2015دا 49,27 میلیـۆن مـرۆڤ بـووە. ئیسیووپیا هەر لە دوای ڕووخاندنی ڕێژیمە کۆمنیستییەکەوە ئیـدی بەرەبەرە لە ئـابووری نەخشـە بـۆ داڕێـژراو و هەرەوەزی و کەرتـی گشـــتی و دەوڵەتـــی و سۆسیالیســـتی، دوور دەکەوێـــتەوە و ڕوو دەکاتە ئابووری بازاڕ و کەرتی تایبەت.

## نێر و مێ لە جڤاکی ئیسیووپیاییدا

جڤاکی ئیسیووپیایی بە شێوەیەکی گشتی، جڤاکێکی کراوەیە و قسەکردن لەگەڵ یەکدیدا و تێکەڵاویی نێر و مێ، گەلێک هاسانە و بوون بە هاوڕێی یەکدی و یەکدی بینین و پیاسەکردن لەگەڵ یەکتردا، هیچ گریوگۆتاڵێکی تێدا نییە. ئەو پێوەند و تێکەڵاوییانە، تەنێ پیاوان ناگرێتەوە، بەڵکە ژنانیش دەگرێتەوە. پێوەندەکانی نێر و مێ، بە تایبەت لەنێو باژێڕەکاندا و لەنێو توێژی خوێندوو و بڕێک دنیادیدەدا، گەلێک کراوەیە. کیژان و کوڕان، لەو ژینگەیەدا، تاڕادەیەکی بەرچاو ئازادن و دەتوانن پێوەندی هاوڕێیەتی و خۆشەویستییان پێکەوە هەبێت و لە دەرێی ماڵ یەکدی ببینن، دیارە ئەمە پتر لەنێو ئیسیووپیاییانی سەر بە دینی مەسیحییدا دەبینرێت، چونکە لەنێو موسوڵماناندا هێشتا ئەو جۆرە پێوەندانە، بڕێک شاراوە و داپۆشراوە، لێ بە بەراورد لەگەڵ وەڵاتی کوردستاندا، کە پڕانیی خەڵکەکەی موسوڵمانن، جڤاکی

موسوڵمانی ئیسیووپیایی، کراوەتر و بەخشندەترن.

ئێمە کە لە فرۆکەخانەی بۆڵی لە ئەدیس ئەبابا دابەزین، بە هۆی پارەگۆڕینەوەوە، دوو کچ، کە لەوێ کارمەند بوون، لەگەڵ هاوڕێیەکانمدا کەوتنە قسەکردن و دەمەتەقە. پاش یەک دوو ڕۆژان، بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی مەسیحەوە، یەکێک لە کچەکان، ئێمەی بانگهێشتنی ماڵی خۆیان کرد، بۆ فراقین. دایک و باوک و خوشک و تەواوی خەڵکی ماڵەکە لە ماڵێ بوون. ماڵەکەیان، لە گڵ و قوڕ و دار و تەنەکە دروستکرابوو، گەلێ هەژارانە دەژیان، لێ بەرچاوتێر و کراوە بوون. چێشتەکان، قیمەیەکی گوشت و هێلکە بوو لەگەڵ نانی ئینجێرا دانرابوون و بۆ منیش، بڕێک ماکەرۆنی و سپاگێتییان لەگەڵ دۆشاوی تەماتەدا سووركردبووە. لەگەڵ ئەو خۆراکانەدا، وەک نەریت گەنمەشامیشیان برژاندبوو و دانرابوو، کە ئەوە نەریتێکی میللی ئیسیووپیاییە و پێوەندی بەو بۆنە دینییەوە هەیە و لە گەلێک جێگەی دیکەش تەنانەت لە هوتێلەکشمان ئەوەم وەدی کرد. دوای نانخواردن، قاوەیان بۆ ساز کردین و دوای هەندێک قسەوباس، ئیدی ماڵاوییمان لێ کردن و وەدەرکەوتین. ئەوەی بۆ من جێی سەرنج بوو، ئەو کچە، بۆ خۆی و بێ هیچ پێشەکییەک و ناسیاوییەکی کۆنینە، سێ زەلامی بیانی نەدی و نەناس، بانگهێشتی ماڵی خۆی و دایک و باوکی دەکات و دێت بە دوویاندا و لە هوتێلەکەوە بە سواری تاکسی دەڕاوەتەوە و دەیانباتەوە ماڵێ، ئەوانیش، باوک و دایک و خوشک، ناڵێن نەء! ئەوە ئیدی

بێجگە لە کراوەیی و ئـازادی، نـاوێکی دیـکەی لێنانرێت! کـچەکەی دیکەی هاوڕێی ئەو، ڕۆژێکیان هاتە لامان بۆ هوتێلەکە بۆ دانیشتن و دەمەتەقە و گۆڕینەوەی زانیـاری و قـاوەخواردنەوەیەک، هەر لەو دانیشتنەدا دنیـایەک زانیـاری لەمەڕ ئیسـیووپیا و کـۆمەڵ و ژیـانی خەڵکــی ئەو وەڵاتەوە بــۆ باســکردین. ئەوە ئــازادی و کــراوەییە، کچێکی گەنجی تەنیا، بێتە سەردانی سێ مرۆڤی نەناس و هەرچـی لەهەگبەکەیدایە هەڵیڕێژێ بۆیان.

ژنان و کچان، ڕێک وەک پیاوان، لە هەموو بوارەکانی ژیانـدا کار دەکەن و چالاکانە بەشدارن، لە خۆبەخێوکردن و بەخێـوکردنی خێزاندا. کچان، کارمەندن، کارگەرن، ئاژۆرن، چێشتخانە و هوتێـل و مەیخــانە و قاوەخــانە بەڕێــوەدەبەن و کــاری تێــدا دەکەن، خوێنــدکارن، پۆلیســن، فرۆشــیار و دوکانــدارن و تەنــانەت وەک کوڕانی کەوشبۆیەکەر، ئەوانیش کاری کەوشـبۆیەکردن (بۆیاغچێتـی) دەکەن. مـن بـۆ خـۆم لە ئەدیـس ئەبابـا و بەهــردار و شــوێنانی دیکەش، کچانێکم بینی، پیاوان دەهـاتن و پێیـان دەخسـتنە سـەر سـندووقە تەخـتەکەی بەردەمیـان و ئەو کچـانەش کەوشـەکانیان دەسـڕین و بـۆیە دەکـردن، بە مـن، ئەوپەڕی سـووکایەتیکردنە بە مرۆڤ و بەتایبەت بە کچان، کە مرۆڤێک تەنێ لەبەر ئەوەی پارەی لە باخەڵـدایە، بە پێـوە ڕاوەسـتێ و پێڵاوەکـانی بخـاتە بەردەسـت کەسێکی دیکە و ئەو کەسە بۆی پاککاتەوە و بۆیەی بکات!

ڕفاندنی ژن، بووک یا کـچ لە لایەن ئەو کـوڕەی، کە دڵـداری کـــچەیە و خۆشەویســـتییەک لەنێوانیانـــدا هەیە، یـــا ڕەنـــگە

ڕەدووکەوتنیش بگرێتەوە، نەریتێکی باوە لە ئیسیووپیا. 69% ی شووکردن و ژنهێنان، بە دڵداری و بە پێکهاتنی کچە و کوڕە لە دەسپێکدا و دواتر ماڵباتی هەردوولا، لەو چوارچێوەیەدا ڕوودەدات، واتە: ڕەدووکەوتن یا ڕفاندن. ئەو ڕێژەیە لە هەندێ دەڤەر و لەنێو هەندێ هۆز و خێڵدا، دەگاتە 80% و گەلێک بەرزتریش تا 92%. ئەگەر کچێک لاقە بکرێ و حوکوومەت بە ڕووداوەکە بزانێت، کابرای لاقەکەر 20 ساڵ زیندانی دەکرێ.

خەتەنەکردنی کچان لە ئیسیووپیا و وەڵاتانی دەوروبەریدا، کردەیەکی باو و ئاساییە و پتر لە 80%ی کچانی ئەو وەڵاتە خەتەنە دەکرێن و ئەو دیاردەیە بە زۆریی لە دەڤەرەکانی دیرە دەوا (Dire Dawa)، سۆمالی (Somali)، عەفار (Afar)، ئۆرۆمیا (Oromia)، هەراری (Harari) و گامبێلا (Gambela)دا، دەبینرێ، ئیدی لە هەندەک شوێن زیاتر و لە هەندەکی دیکە، کەمتر. خەتەنەی کچان، کە لە بنەمادا لە فیرعەونییەکانەوە بۆ خەڵکی ئەفریقا ماوەتەوە و دواتر بە هەندێ دەڤەری دیکەی جیهاندا بڵاوبووەتەوە، بۆ خەفەکردن و سیساندن و لاوازکردنی ئارەزووی سێکسی لەکن مێیینە و هەڵگرتنی، بۆ ئەو پیاوەی مێردی پێدەکات، لەلایەن نیرینەوە، بەسەر مێیینەدا سەپێنراوە و کراوە بە نەریت.

وێللۆ (Wello)، دەڤەرێکە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی ئیسیووپیاوە و پڕانییان موسوڵمانن، هەرچەندە خەڵکی ئیسیووپیا بە گشتی جوانن و ئەوان خۆیشیان لە خەڵکانی دیکەی وەڵاتانی

ئەفریقـا پـێ جـوانترە، بەڵام خەڵکـی وێللـۆ، بەوە بەناوبـانگن، جـوانترین خەڵکـی ئیسـیووپیان و کچەکانیـان جـوانترین کچـانی ئیسـیووپیان. بە شـێوەی شـانەکردن و پرچـداهێنان و ڕێکخسـتنی پرچ و قژیان، هەرزەکاری، کچێتی، گەورەبوون، ژنـی بە مێردیـان، دەناسرێنەوە، دیارە بۆ خۆیان، نەک بۆ ئێمەی لایدە.

## خۆراك

یەكێك لە خۆراكە ناسراو و بەناوبانگەكانی ئیسیووپیا، نانێكە پێی دەگوترێ "ئینجێرا Injera"، كە لە دانەوێڵەیەك دروست دەكرێ ناوی "تێف/ Tef"ە. ئینجێرا، بە تەنێ خۆی، یا لەگەڵ شتی سووركراوە و برژاودا وەك بابۆڵە، یا لەگەڵ شلەدا دەخورێ. لەگەڵ شلەدا، لەسەر سینییەك ڕادەخرێ، چونكە نانێكی گەورە و ئیسفەنجییە و بڕێكیش مەیلەو ترشە. شلەی شیرۆ (Shiro)ی بەسەردا دەكرێ و بەیەك كەس یا بە چەند كەسێك لێی دەخۆن و لەسەر مێزەكە یا خوانەكە لەنێوەندی ئەو كەسانەدا و لەنێوەندی خۆراكەكانی تردا دادەنرێ و بەدەست و پەنجە دەیخۆن، بێ بەكارهێنانی كەوچك و كێرد و چنگاڵ. شلەی شیرۆ، لە نۆكی وردكراو و هاڕاو و تێكەڵ بە توونی و هەندێك تام و بۆنی دیكە و دۆشاوی تەماتە، چێ دەكرێ و دەكرێتە شۆربا و بە نانی ئینجێراوە دەخورێ.

هەر یەکەم نیوەڕۆم لە ئەدیس ئەبابا، کە لەگەڵ هاوڕێکانمدا لە هوتێلەکەمان چووینە دەرێ، ئەوان بە دوای گۆشت و ماسی و ئەو جۆرە خۆراکانەدا دەگەڕان و منیش بە دوای خۆراکێکدا، کە لە هەموو شتێکی ئاژەڵەوە دوور بێت. ئەوان خۆیان کرد بە چێشتخانەیەکدا و منیش بە دانەیەکی تردا. ئەوەی من چێشتخانەیەکی هەژارانەی میللی بوو و لەو کاتەدا تاکە نەفەریان من بووم. کچێک لەوێ کاری دەکرد و کوڕێکی گەنجیش لەبەردەستیدا بوو. من ناوی شیرۆ و ئینجێرام بیستبوو و دەمزانی ئەوانە خۆراکی ڕووەکین و چ جۆرە پێوەندێکیان بە ئاژەڵەوە نییە[23]. ئیدی داوای ئەوەم کرد و بۆیان هێنام. نەمدەزانی چۆنی بخۆم. ناچاربووم کوڕە گەنجەکەم بانگکرد و فەرمووم لێکرد و داوام لێکرد، فێری چۆنیەتیی خواردنی ئەو خۆراکەم بکات. ئەویش پێی گوتم و بۆ خۆی دەستی بە خواردن کرد لەگەڵمدا و منیش چاوم لەو کرد و تا تەواویشمان کرد پێکەوە خواردمان[24]،

[23] پێش سەفەرەکەم بۆ ئیسیوپیا، بە چەند ڕۆژێک "پەری"ی کچم، لیستێکی بۆ کردبووم و زانیارییەکی باشی بۆ نووسیبووم لەمەڕ ئەو خۆراکە ڕووەکییانەی بۆ من دەخورێن و لە چی دروستکراون و ناوەکانیان و هەموو وردەکارییەکانیان، بێجگە لەوەش ناوی چەندین جێگە و شار و شوێنەواریشی بۆ نووسیبووم، کە شایستەی سەردانیکردن و بینین بوون.

[24] سالآنی 1940 و 1950 و تا پێش کوودێتای 14ی تەممووزی 1958، ماڵی بەگزادە جافەکانی کەلار و دیوەخانەکانیان، هەموودەم پڕ بە خەڵک و میوان بوون و شەوانەش پیاوانی گوند، دەچوونە دیوەخانی ئەو ماڵانە، بەتایبەت ماڵی کەریم بەگی جاف و داوود بەگی جاف. خاڵۆ شێخ ئەحمەدی شێخ موحەممەدی شێخ مەحموودی شێخ حەسەنی قەڵاتەپزان، کە دەبووە ئامۆزای داپیرم، دایکی باوکم، پیاوێکی تا بڵێی وریا و بیرتیژ و قسەخۆش و خوداپەرست بوو و یەکێک بوو لەوانەی ئەهلی مزگەوت و دیوەخان و خڕبوونەوەی پیاوان بوون. شەوێک دەچێتە دیوەخانی ماڵی

**بەو جۆرە فێری ئەو خواردنە بووم. بێجگە لە ئینجێرا، جۆرە نانی دیکەشیان هەیە، نانی "گابی Gabi"یە، کە ڕەنگی قاوەییە و ئەویش هەر لە تێف دروستدەکرێت. تێفی سپی هەیە و تێفی قاوەییش هەیە. خۆراکی ئیسیووپیایی، بۆ کەسێکی ڕووەکخۆر بڕێک نائاسیی و سەختە، چونکە لەوێ، زۆرێک لە خۆراکەکانیان، گۆشتی تێدایە.**

داوود بەگی جاف و خەڵکێکی زۆری لێدەبێ. پاش دانیشتن و باسوخواس و قسە و دەمەتەقە و چای خواردنەوە، یەکێک لە خزمەتکارەکان بە سەبەتەیەکی پڕ بە مۆزەوە دێتە ژووری و بەڕێز بەسەر خەڵکەکەدا دێت و هەرکەسەو مۆزێک هەڵدەگرێ. مۆز ئەو کاتە میوەیەکی دەگمەن دەبێ و داوود بەگ، کە ئەندامی پەرلەمانی عیراق بوو و تازە لە بەغدا گەڕابووە و لەگەڵ خۆیدا هێنابووی. مۆز دەگاتە لای خالۆ شێخ ئەحمەد و ئەویش وەک ئەو خەڵکەی دیکە دانەیەک هەڵدەگرێ، بەڵام داماوە نازانێ چۆنی بخوات، چونکە هەژارێکی وەک ئەو لەکوێ و مۆز لەکوێ! فەتاحی ڕۆستەم، کە لەتیرەی عەمەڵەی جاف بوو، لە تەنیشتییەوە دەبێت. فەتاح ڕۆستەم، لەو کەسانە بوو، کە بەردەوام هاتوچۆی بەگزادەجافەکانی دەکرد و لەبەردەستیاندا بوو و بەهۆی ئەوەوە زۆر شت فێر بووبوو و دەیزانی. خالۆ شێخ ئەحمەد لە فەتاح دەپرسێت، کە ئەو مۆزە چۆن دەخورێت، فەتاحیش مۆزەکەی لێ وەردەگرێت و توێکڵەکەی لێ دەکاتەوە و پوختە و زەریف دەیخوات. خالۆ شێخ ئەحمەد تەماشای فەتاح دەکات و دەڵێ، فەتاح ئەوە چ دەکەیت؟ فەتاحیش دەڵێ: ئەی تۆ نەتوت چۆن دەخورێ، دەی ئاوها دەخورێ و ئەوە بۆم خواردی!

# جگەرەنەکێشان

لە تەواوی ئەو ماوەی 3 حەفتەیەدا، کە لە ئیسیووپیا بووم، تەنێ 3 کەسم دیوە جگەرە بکێشن، پیرەمێردێک، پیرەژنێک، شێتێک[25]. دوو جاریان لە باژێڕی ئەدیس ئەبابا بوو. دانەیەکیان لە گەڕەکی بۆڵی (Bole) بوو، لەو کۆڵانەی، کە هوتێلەکەمانی لێبوو. کابرایەکی هەژاری سەر و ڕدین سپی، بە شێوە و ڕەنگوڕوو گەلێک لە تەمەنی خۆی گەورەتر دەردەکەوت و جلکی شڕپیشی لەبەردا بوو، جگەرەیەکی بە دەستەوە بوو و دەیکێشا. کە ئێمە باسی خراپی سیغارکێشانمان بۆ کرد، هەم لە ڕووی لەشساغی و هەم بۆ گیرفانیش، قایل بوو بەوەی، کە ئەوەی ئێمە دەیڵێین ڕاستە ئیدی

---

[25] وشەی شێت لە زمانی کوردیدا بۆ هەموو کەسێکی بڕێک وەک خەڵکە ئاساییەکە نەبێت و لە ڕەوتار و گوتار و هەڵسوکەوت و بەرخوردیدا جیاواز بێت، بەکار دەهێنرێت. هەرچی وشەی کەمعەقڵ و ناتەواو و کەمفام و نەخۆشی دەروونی و...ئەوانەن هیچیان واتای تەواوی وشەی شێت ناگەیەنن. بەکارهێنانی وشەی شێت بڕێک قورسە، واتە: ئاسان نییە مرۆڤ بە کەسێک بڵێ شێت، لێ کورد بە ئاسانی بەکاری دەهێنێت. لە زمانانی دیکەدا تا ڕادەیەک وشەی دیکەیان هەیە لەبری شێت.

**هەوڵدەدات دەستبەرداری ببێت. ئەوی دیکەش پیرەژنێکی شرۆڵی دەرۆزەکەر بوو، هەر لە ئەدیس ئەبابا. لە شاری بەهردار ( Bahr Dar)یش، شێتێک، لەگەڵ تووڕەیی و وەڕزی لە خۆ و لە دنیا، دووکەڵی جگەرەکەیشی بەبادا دەدا. جگەرەکێشان، لەکن ئیسووپیاییان عەیبەیەکی گەورەیە و وەک کارێکی خراپ و شەرمهێنەر تەماشا دەکرێت و خەڵک بە چاوێکی سووکەوە دەنۆڕنە مرۆڤی جگەرەکێش، ڕێک وەک دیدی خەڵکی لادێیەکی وڵاتی خۆمان پێش چل پەنجا ساڵان بەرانبەر کەسێکی عەرەقخۆر و بەدمەست[26]. بەپێچەوانەی سیغارەوە، خواردنەوە خوویەکی**

[26] ئەودەمی بە دەگمەن لە ئاواییەکی کوردستاندا شتی وا ڕووی دەدا، مرۆڤ بە ئاشکرا بخواتەوە، مەگەر کابرای بەدمەست، سەر بە چینێکی باڵای کۆمەڵ یا دەستڕۆیشتوو و دەسەڵاتدار بوویێت یا شارنشین بوویێت و وەک کارمەند و فەرمانبەر هاتبێتە گوند. لە کەلاری سەربە کەرکووکی ساڵانی 1950دا، هەندێک هەرزەکار و کوڕ و کاڵ و گەنجانی بەگزادە جافەکان، کە چینێکی باڵای کۆمەڵ و دەستڕۆیشتوو و ئەریستۆکرات بوون و تێکەڵ بە شار و ژیانی نوێ بوون، دەیانخواردەوە و دانیشتن و گۆڵمەزیان ڕێکدەخست. لە بازێڕی کفریی سەربە کەرکووک، لە ساڵانی 1960دا و پێشتریش لە 1950دا، بە هۆی بوونی خەڵکی تورکمانەوە لە شارەکەدا، کە ئەوان لە کورد، شاریتر (بازێریتر) بوون، هەر لە دێرزەمانەوە یانەی فەرمانبەران هەبوو و خەڵک شەوانە دەچوونە ئەوێ و کاتیان بەسەر دەبرد و دەیانخواردەوە. تەنانەت لەنێو ماڵان و لەنێو باخ و لەگوێ چەم و لە دەشتایی و سەرگردەکانی دەوروبەری شاریش لەو جۆرە خڕبوونەوە و دانیشتنانە ساز دەبوون. دای زەینەڵ هەبوو لە کفری، دیارە "دای" وشەیەکی تورکمانییە و بە واتای: لالە، خاڵۆ دێت، دای زەینەڵ دەکاتە لالەزەینەڵ، کە (باوەزەینەڵ) یشیان پێ دەگوت، چونکە بە بنەچە کاکەیی (یارسان) بوو، لێ بووبوونە تورکمان، سەعاتچی بوو و سێ چوار کوڕی گەنجی هەبوون، یەکێکیان سەرتاش و یەکێکیان وێنەگر و ئەوانی دیکە نازانم چ کارە بوون. هەموو عەسرانێک دوای پایدۆسکردن لە کار و داخستنی دەرگای جێ کارەکەی، باوەزەینەڵ لەگەڵ هەر سێ چوار کوڕەکەیدا، هەریەکەو بە زەنبیلە و کیسەی پڕ لە شووشەی عەرەق و مەززە و تفاقەوە ڕوویان دەکردە باخی پاشا. دیارە هەر پێشتر باوەزەینەڵ بە هۆی کوڕەکانییەوە تەدارەکی ئەو دانیشتنەی ئێوارەی دەدی و خۆیانیان بۆ ئامادە دەکرد. ئیدی تا درەنگانێک و تا تاریک دادەهات، لەنێو باخ

یەکجار بەربڵاو و ئاساییە لە ئیسیووپیا. لە شارەکاندا، ئەوانەی من بۆ خۆم دیتمن، لە هەندێ گەڕەک و هەندێ شەقام و شوێندا، لە مەودای 100 میتردا، مەیخانەیەک، بارێکی گچکە یا گەورە یا دوو دانەت بەرچاو دەکەوێت و جاری وایش هەیە نێوانی مەیخانەیەک و دانەیەکی دیکە ناگاتە 20 میتر. شوێنی خواردنەوە لە هەموو جێگەیەکدا هەیە. ئیدی دەنگی مووزیک دەبیسیت و خەڵک دەبینیت دانیشتوون و دەخۆنەوە. ئیسیووپیاییان، بیرە زۆر

---

دەیانخواردەوە و قسەوباسیان دەکرد و کە سەریانیش گەرم دەبوو، دەستیاندەکرد بە گۆرانی چڕین، گۆرانی و مەقامی تورکمانییان دەگوت، بە "ئەی هاوار دەگیرمانچی، سەن خانچی مەن کاروانچی.." دەستیان پێ دەکرد و بەرەو "چەخماخی چاڵ چراغی یاندر مامیشەم.." و "قەلعانن دیندە بیر داش ئولڵایدم.." هەڵدەکشان تا خاو دەبوونەوە و بە قۆریات کۆتاییان پێ دەهێنا و پاش ئەوەی خورج و تەلیسەکانیان بەتاڵ دەبوو و زگیان تێر و مێشکیان ئارام، ئیدی لۆژەلۆژ ڕووەو ماڵ دەهاتنەوە. باخی قازی و سەر لووتکەی چیای باوەشاسواریش لە کفری، گەلێ جاران، جێ ژوانگەی مەیخۆران و گۆڵمەزی ئەوان بوو. دیاردەی جگەرەنەکێشان وەک نەریتێکی کۆمەڵایەتی لەناو (حەمەسوورییەکان) یشدا، باو بووە. حەمەسوورییەکان پێڕۆی حەمەسوور بوونە و لە گوندی"کلاوقوت"ی ناوچەی "شوان"ی دەڤەری کەرکووکی گەرمێن دانیشتوون. ئەوان یەکێک بوونە لە چوار لقەکانی بزاڤی "حەقە" و لە بنەمادا دەگەڕێنەوە سەر تەریقەتی نەقشبەندی. هەر لە گەرمێنی کوردستان، لەسەر ڕێگەی کەلار – دەربەندیخان، ئاواییەک هەیە پێی دەگوترێ "لەواوان/ لەوایان"، کە لە "لەواو"ەوە هاتووە و بە واتای: "لبادان یا لەبادان" دێت و لە وشەی "لباد یا لەباد"ەوە هاتووە و "نەوو"یشی پی دەگوترێ. "لباد یا لەباد" یا "نەوو"، ڕایەخێکە لە بەرگن، واتە: تووک و کوڵکی بەرخی تازەبوو، کە یەکەمجار دەبڕدرێتەوە، هەلاج دەیپەستێ و دروستی دەکات. لە بنزاری جاف و گەرمیاندا "لەواو، لباد، لەباد" وەک "لواگ، لباگ، لەباگ" دەگوترێن و تیپەکانی دواییان "و، د، گ" دەنگێک دروست دەکات، کە بە تیپی کوردی نانووسرێت. ئەو دەنگە لە گەلێک لەو وشانەدا، کە بە تیپی"گ" تەواو دەبن، وەک"سەگ، لاژگ، قوڕگ، بەلەگ، ڕەگ، بەگ و...." یا تەنانەت لە ناوەندی وشەکانیشدان، وەک "ئەگەر، ئاگر، مەگەر"، دەبیسرێن. خەڵکی ئەو ئاواییە هەر زۆر لەمێژە جگەرە ناکێشن و تاکە یەک کەسیش نییە لەو گوندەدا جگەرەکێش بێت. تەنیا ئەو ئاواییە نموونەی ئیسیووپیایەکی بچووکە لە کوردستان.

دەخـۆنەوە و زۆربەی جـۆری بیرەکانیـان، بەرهەمـی ئیسـیووپیان. بـێجگە لە بیـرە، شـەرابە میللیـیەکەی خۆیشـیان، تەج، فـرە دەخـورێتەوە. خـواردنەوە، خۆماڵییەکـانی خۆیـان، تـا ڕادەیەک هەرزانە، هەر بـۆیە لە مـاڵانیش، خـواردنەوە ئاسـاییە و بـاوە و خەڵکە هەژارەکەشیان گەلێک دەخۆنەوە.

## پیسوپۆخلی و بۆنی ناخۆش

به هه‌موو پێوه‌رێک له‌م جیهانه‌دا، هه‌ژاری له هه‌رچی ده‌ردێکی دیکه‌یه گرانتره. هه‌ژاری، بنه‌مای برسییه‌تی، نه‌خۆشی، تێکچوونی خێزان، دزی، کوژتن، خیانه‌ت، خۆفرۆشتن، خۆسۆککردن، نه‌خوێنده‌واری، تێکچوونی پێوه‌نده‌کان و هه‌زارویه‌ک ده‌ردی دیکه‌یه. کورد له‌مێژه گوتوویه‌تی: "برسییه‌تی ڕه‌گی هاریی پێوه‌یه". زۆرینه‌ی خه‌ڵکی ئیسیووپیا، که له هه‌ژاریدا ده‌ژین، هه‌ژارانه ده‌خۆن و ده‌خۆنه‌وه، هه‌ژارانه ده‌خه‌ون و هه‌ژارانه‌ش خه‌ون ده‌بینن، بێجگه له‌وه‌ی تێرناخۆن، به مانگ و زیاتریش، ئاو له له‌شیان ناکه‌وێت و ڕه‌نگه زێده‌ڕۆیی نه‌بێت، ئه‌گه‌ر بڵێم به چه‌ندین مانگیش نه خۆ ده‌شۆن و نه جلکه‌کانیان، ئه‌م دیارده‌یه پتر له‌کن گوندنشینان و ده‌شته‌کییان، که زۆرینه‌ی خه‌ڵکی ئیسیووپیان، وه‌دی ده‌کرێ و به تایبه‌تیش له‌کن مه‌سیحییانی ئیسیووپیایی، چونکه موسوڵمانانی ئه‌و وه‌ڵاته، وه‌ک هه‌موو موسوڵمانانی جیهان، ئه‌گه‌ر پێڕۆی دینی ئیسلام بن، که زۆرینه‌ش

به جۆرێک، ئەگەر بە تەواویش وا نەبن، ئەوا وەک فەرهەنگ ئەو گرێدراوییەیان بە شێوەیەک بە دینی ئیسلامەوە هەر هەیە و بڕێک زیاتر گرنگیی بە پاکژی دەدەن. ئەوان بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکە ئایینییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، گەرەکە پێش هەر شتێک لەشیان پاک بێت، واتە: دوای هەموو جووتبوون و کردارێکی سێکسی، تەنانەت ئەگەر شەیتانییش بن[27]، غوسڵی خۆیان دەربکەن و بەتەواوی هەموو لەشی خۆیان بشۆرن. ڕۆژانەش بە هۆی نوێژکردنەوە، گەرەکە چەندین جار و لەگەڵ هەموو چوونە ئاودەستێکدا تارات بکەن و پاشەڵی خۆیان بەئاو بشۆن و خاوێن بکەنەوە، بێجگە لەوەش گەرەکە دەستنوێژ بگرن و بۆ هەموو ژەمێکی نانخواردن و دانیشتنە سەر خوانیش، گەرەکە دەستەکانی خۆیان بشۆن و دوای خواردنیش هەمدیس دەست و دەمی خۆیان دەشۆن و ئاوی پێدا هەڵدەدەن و ڕۆژانی هەینییش، کە بەلای موسوڵمانانەوە ڕۆژێکی پیرۆزە، وەک نەریت، بە ناوی "غوسڵی جومعە"وە خۆ دەشۆن و بۆنی خۆش لەخۆ دەدەن، بەتایبەت ئەوانەی دەچنە مزگەفت و نوێژی جومعە. هەمیشەش گەرەکە جلکی خاوێن و بۆنی خۆش و ئەوانەشیان هەبن، کە ئەمانە هەموو دەبنە هۆی پاراستنی بەردەوامی پاک و خاوێنی، واتە: پاراستنی پاک و خاوێنی بەشێکی گرنگە لە دینی ئیسلامدا و بووەتە

---

[27] واتە: شەیتان هاتبێتە خەونیان و لەگەڵیاندا جووت بووبێت یا وەک هەولێرییان دەڵێن: "شەیتان پییان پێکەنیبێت".

فەرهەنگێکی بەهێزی خەڵکی موسـوڵمانیش. لە قورئانـدا هـاتووە: ﴿یا أیها اللذین آمنوا إذا قمتم الی الصلاة فاغسـلوا وجـوهکم وأیـدیکم إلی المرافق وامسحوا برؤوسـکم وأرجلکـم إلی الکعـبین وإن کنـتم جنبـا فـــاطهروا﴾[28]، واتە: "ئەی ئەوانەی بـــاوەڕدارن ئەگەر بڕیـــاری نوێژکردنتـان دا، ڕوومەت و دەسـتەکانتان تـا ئانیشـکان بشـۆن و دەستێکی تەڕ بە سـەر و پێیەکانیشـتاندا تـا قـاپەڕەقە[29] بهێـنن و ئەگەریش لەشتان پیس بوو خۆتـان خـاوێن بـکەنەوە". گـوتەیەکی بـــاویش هەیە دەڵـــێ: "النظافــة مــن الإیمــان"، واتە: خـــاوێنی لە بـاوەڕەوەیە، ئەوانە هەمـوو کـاریگەرییەکی وای کـردووەتە سـەر موسوڵمانان، هەمیشە بە تەنگ پاک و خـاوێنییەوە بـن و گرنگیـی پێبدەن.

ڕەنــگە هەژاریــی کــاریگەریی هەبێــت لە دوورخســتنەوەی ئیسیووپییە مەسیحییەکان، بەتـایبەت لادێییەکانیـان، لە خـاوێنی، لێ ئاییەنەکەشیان هەرگیز هاندەرێک نەبووە و نییە بۆ خاوێنییان. تۆ بنۆڕە ئەوروپاییان و گەلێ لە وەڵاتانی دیـکەی جیهـانی خـۆراوا و زۆرینەی سپیپێسـتان، کە بە بەراورد لەگەڵ وەڵاتـانی ئەفریقـا و ئاسیا و وەڵاتانی موسوڵماندا، لە ڕووی ئابوورییەوە، دەوڵەمەنـد و حەسـاوە و خۆشـگوزەران و تێروتەسـەلن و، لە ڕووی فەرهەنـگ و شێوازی ژیان و تەکنۆلۆگییشەوە کۆڵێک لەو وەڵاتانە جیاوازن، لێ

[28] القرآن الکریم، سورة المائدة، الآیة 6.

[29] قاپەڕەقە: قاپی پا، قولەپێ، قاپارگە، گوێزنگ، گوێزک، گوێزلک.

لە ئاودەستخانەکانیاندا تەنێ کاغەز بۆ پاشەڵخاوێنکردنەوە دانراوە و بەکاردەهێنرێـــت و ئەگەر دەستشۆرییشـــی تێـــدا بێـــت، بـــۆ دەستشۆردنە نەک بۆ پاشەڵشـۆردن. ئەوە پێوەنـدی بە هەژاری و دەوڵەمەندییەوە نییە، بەڵکە دینـی مەسـیحی ئەو خـاوێنییەی، کە لە ئیسـلامدا بـۆ خوداپەرسـتی پێویسـتە، نەکـردووەتە مەرج و گرنگیـی پێـنەداوە و نەشـبووەتە فەرهەنـگ و دەشـێ مـرۆڤ پیسوپۆخڵ و گەماریش بێت، لێ بەو حاڵەشـەوە بچێـتە کڵێسـە و نوێژی خۆی بکات[30]، لـێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێـت، کە موسـوڵمانان، مەسـیحییان و ئەوروپاییـان بە پیسـوپۆخڵ و گەمـار و بۆنهـاتوو و چڵکـن بـزانن، چـون ئەوان (بەتـایبەت ئەوروپاییانیـان) بەهـۆی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنیانەوە و بەهۆی ئاوی زۆر و هەموو ڕۆژ خۆشـۆردن و هەزاران جـۆرە دەرمـان و ئـامرازی خـاوێنکردنەوە و بۆنخۆشی و خۆپاراستن لە نەخۆشـی و گرنگیـدان بە لەشسـاغی و جوانی خۆیـان و دەوروبەر و ژیـنگە و هەمـوو شـتەکانی دیکەیـان، هەمیشـــە ئاگایـــان لە خـــۆیە و باشـــترین و نـــوێترین تەکنیـــک بەکـــاردەهێنن، بـــۆ خزمەتـــی خۆیـــان و ژیانیـــان. زۆریـــنەی

[30] لە سوێد جۆرە ئاودەستێک هەیە، کە لە دەرێی شارە، لە هەندێ کەنار ڕووبار یا نێزیک بە هاوینەماڵ، کە خانووی لە داردروستکراوە و هی خۆیانە یا بە کرێ دەیگرن، کە خەڵک بە هاوینان لە شارەوە بۆ پشوو بۆی دەچن و لەوێ بە مانگ یا چەند حەفتە دەمێنێتەوە، ئەوانە لەو جێگەدا هەر ئەو جۆرە ئاودەستخانەیە بەکاردەهێنن، کە ئاودەستێکی وشکە، واتە: ئاوی تێدا نییە و وەک تەنوور وایە، تەنێ پیسایی تێدەکەن و بە کاغەز پاشەڵیان دەسڕن و هەڵدەستنە سەرپێ و دەڕۆن، چونکە دەستشۆرییشی تێدا نییە تا دەستی خۆیان بشۆن. بە سوێدی بەو ئاودەستخانانە دەڵێن: دەس (Dass).

موسوڵمانەکانی ئیسیووپیا هەژارن، لێ دینەکەی ئەوان هاندەر و پاڵنەرێکە بۆ خاوێنییان.

ئیسلام لە دەسپێکدا بانگەوازێکی ئاینی و بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو و بەرنامە بنەڕەتییەکەی لە شێوەی بزاڤێکی شۆڕشگێڕی جڤاکی هەمەلایەنەدا هاتە گۆڕێ، کە لەگەڵ چەوساوان و بێهێزانی سەر زەویدا، دژ بە دەوڵەمەندان و ستەمکارە بەهێزەکان، ڕاوەستا[31] و لە سەردەمی سەرهەڵدانیدا پێش 1430 و ئەوەندە ساڵێک شۆڕشێک بووە، لە ناوەڕۆکدا بۆ دەرهێنانی عەرەب، لە ژیانی کۆچەری و دەوارنشینی و گواستنەوەیان بۆ ژیانی ژیاری و جێگیربوون لە شاردا و بێجگە لەوەیش یەکتاپەرستیی، واتە: پەرستنی تاکە خودایەکی هێناوەتە گۆڕێ و ئەو تاکە خودایەی، ڕێک بە پێچەوانەی ئەو دوو ئیمپراتۆریایەی ڕۆم و عەجەم، کە قسەی شا و ئیمپراتۆر بۆخۆی قانوون بووە، کردووەتە سەرچاوەی قانوون و ڕێساکانی ژیان، خەڵکی دوورگەی عەرەبیشی لە دواکەوتوویی، نەخوێندەواری، پەرتوبڵاوی، هۆزگەرایی و دەیان ناتەواوی دیکە ڕزگار کردووە و یەکیخستوون و پەیامبەری ئیسلامیش گەلێک زیرەکانە و ژیرانە، چ لەڕێگەی ترساندن بە سزای خودایی و ئاگری دۆزەخەوە و چ لەڕێگەی سەلماندن و باوەڕپێهینانەوە، ئەو خەڵکە پیسوپۆخڵەی پازدە سەدەیەی پێش ئەمڕۆی عەرەبستانی، هێناوەتە سەر

[31] الحيدري، ابراهيم، النقد بين الحداثة وما بعدالحداثة، دارالساقي، الطبعة الأولى، 2012، ص32.

بڕوابوون بە خاوێنی، لە ڕێگەی فێرکردنیان بە خۆخاوێنکردنەوە و دەستنوێژ و نوێژ. ئەو (پەیامبەر)، دەیزانی ئەوانە، ئەگەر ترس نەخرێتە پێشیان، هەرگیز خۆ پاک ناکەنەوە و هەر بە بەرد قوونی خۆیان دەسڕن[32]. دیارە ناشبێ و ڕاستیش نییە، موسوڵمانان تەنێ لەبەر موسوڵمانبوونیان یا بەهۆی نوێژکردن و دەستنوێژەوە، ئیدی وا دابنرێن، کە لە هەموو شتەکانی دیکەشیاندا، خاوێن و بۆنخۆشن، هەموو ئەوانە ڕێژەییە و بە مرۆڤەکە خۆی کەوتووە، ڕەنگە مەسیحی بێت، بەڵام خاوێن و بۆنخۆش بێت و ڕەنگە موسوڵمانیش بێت، لێ پیس و قڕێژ و چڵکن بێت. ئیدی ئەو بۆنە ناخۆشە، بۆنی پیسی، بۆنی چڵک و بۆنی خۆنەشۆردن، بۆنی پۆشاکی عەرەقاوی و هەرگیز ئاولێنەکەوتوو، بۆنی خنکاوی و بۆنی کۆنیی و بۆنی میز و بۆنی پیسایی و پاشەڵی قڕێژ و نەشۆراو، کە بە ڕای خۆم، هەژاری و تاڕادەیەکیش فێربوون و

[32] بەگوێرەی ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانیی (WHO) سەربە ڕێکخراوی دەوڵەتانی یەکگرتوو، ئاوی پیس و خراپی ئاوەڕۆ و ئاودەست، منداڵان تووشی ڕەوانیی (زگچوون)ی زۆر خراپ و توند دەکەن و ڕۆژانە دەبنە هۆی لەبەینبردنی 900 منداڵی تەمەن خوار 5 ساڵ لە جیهاندا. ئەو ڕێکخراوە و ڕێکخراوی دەوڵەتانی یەکگرتووی منداڵان یوونیسێف (Unisef)، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە کەسێک لە سێ کەس لە جیهاندا (واتە: 2,4 میلیارد مرۆڤ) ئاودەستخانەیان نییە و لەوانەش 946 میلیۆن مرۆڤیان لە دەرودەشت خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە. تەواوی ئەو ڕەوشەیش، نەبوونی ئاوی خاوێن و نەبوونی ئاوەڕۆ و ئاودەستخانە دەبنە هۆی نەخۆشی کوژەندە و مردن. تۆ ئێستاش، دوای پازدە سەدە لە هاتنی ئیسلام، بڕۆ بۆ زۆرێک لەو گوندە عەرەبنشینانەی کوردستان و عیراق، بە دەگمەنیش ئاودەستخانەیەکیان تێدا نابینییەوە، من بە چاوانی خۆم تا کۆتایی ساڵانی 1970 و سەرەتای 1980، ئەو دیاردەیەم لە گەلێ لەو گوندانەی دەوروبەری حەویجەی لای کەرکووک و هی دیکەش دیوە و گەلێکیش دڵنیام لەوەی ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر ماوە و هەیە.

**خووپێوەگرتن و...هۆکاری سەرەکین بۆ بوونیان[33]، لە گەلێ شوێنی ئیسیووپیادا، دەچن بە کەپووی مرۆڤدا. ئەوان خۆیان لێی ڕاهاتوون، لێ بۆ بیانییان و ڕانەهاتووان، گەلێک سەختە[34].**

[33] هۆکارە هەرە سەرەکییەکە باری ئابووری و هەژارییە، کە وەها دەردێک دێننە گۆڕێ. ئەگەر بۆ هەموو خەڵک دەرفەت و هەلی چونیەک دەستبەر بکرێن و یەکسانییەک هەبێت، هەموو پێوەر و شێوازەکان دەگۆڕێن.

[34] ڕۆژێکیان لە باژێڕی لەندەن لەنێو ئۆتۆبووسێکدا بووم بەرەو گەڕەکی هارینگەی (Harringey) و وودگرین (Wood Green)، گەلێک پڕ و سیخناخ بوو و جێی دانیشتن نەبوو. من وەک زۆری دیکە بە پێوە ڕاوەستابووم و بۆ ئەوەی نەکەوم ، دەستم بەو دەسک و لوولە و پەتانەی بنمیچی ماشێنەکەوە گرتبوو. لەپڕ لە جێگەیەکی ڕاوەستانی ئۆتۆبووسەکە، کە خەڵک وەسەردەکەون و دادەبەزن دوو سێ ژن و یەک دوو منداڵ و مێردمنداڵ بە گالیسکەی منداڵەوە خۆیان وەژووردا کرد و لە تەنیشت منەوە ئەوانیش بەو پەت و لوولە و دەسکانە خۆیان ڕاگرت. کە کەوتنە قسان دیتم کوردن و بە شێوەزاری کەڵهوڕی (فەیلی) دەئاخڤن. ژنەکان، لە منەوە نێزیک بوون. یەک دوو کەسێک لەنیوانماندا بوون. هەر سێیان دەستیان بە کەپوویانەوە گرتبوو و باوەشێنی کەپووی خۆیانیان دەکرد و قاقا دەخەنین. مێردمنداڵەکان دەیانپرسی: ئەرە لەیفەنە ئەخەنن؟ ئەوانیش دەیانگوت: ها ئەیانە، ئەی ئینگلیزەیلە وا هانە دەورمان، کولیان بووی قنگیان تیەت. منداڵەکانیش دەیانگوت: بووی قنگیان ئەرە تیەت؟ ئەمانیش دەیانگوت: نێزانن ئەرە بووی قنگیان تیەت! ئەرە ئەوەسە قنگیان نێشوورن! ئەوانەی دەوروبەری ژنەکان، پڕانییان ئینگلیز یا سپیپێست بوون. مەبەستی ئەو ژنانەش هەر ئەوە بوو، کە لەنێو ئەوروپاییاندا دوای دانیشتنی ئاودەست، خۆ خاوێنکردنەوە بە ئاو نییە و بە کاغەز خۆ پاک دەکەنەوە، بەپێچەوانەوەی وڵاتان و گەلانی موسوڵمان. منیش خۆم پێ نەگیرا و دەستم بە کەنین کرد.

## دین لە جڤاك و وەلاتی ئیسیووپیادا

دین، لە جڤاکی ئیسیووپیادا نۆرەیەکی یەکجار گرنگ و لەبەرچاوی هەیە، بۆیە گەرەکە ورد و چڕ، بخوێنریتەوە و هەڵوەستەی لەسەر بکرێت:

بێجگە لە دینی عیسایی و ئیسلام، دینی جوولەکە و هەندێک کەونەدینی سروشت یا ئاژەڵپەرستی دیکەش لە ئیسیووپیا هەن. عیساییانی ئیسیووپیا 49%یان سەربە ئایینزای ئۆرتۆدۆکسن و 19%یشیان سەر بە ئایینزاکانی دیکەی مەسیحین. پێڕۆیانی ئایینی مەسیحی ئەو وڵاتە ڕێژەی خۆیان بە 75%، واتە: 75 میلیۆن و ڕێژەی موسوڵمانانی ئەوێش بە 25%، واتە: 25 میلیۆنێک دادەنێن و بە پێچەوانەشەوە موسوڵمانەکان ڕێژەی خۆیان بە 60% و مەسیحییان بە 40% دادەنێن. بە گوێرەی ئاماری ڕەسمیی دەوڵەتیش، 63%ی ئیسیووپیاییان مەسیحین و 34%یان موسوڵمانن و 3%یشیان سەربە ئایینی دیکەن، بەو جۆرە

ڕێــــژەی موســــوڵمانانی ئیســــیووپیا دەگــــاتە ســــێیەکی تەواوی دانیشــــتووان. هەنــــدێکیش پێیــــانوایە، ڕێــــژەی پێڕۆیــــانی هەردوو ئــــایینەکە لە یەکەوە نێــــزیکن و نیوبەنیــــو یــــا بڕێــــک زیــــاتر بەلای مەسیحییەکاندا بشکێتەوە.

مەســــیحییەت لە ســــەدەی ســــێیەمی زایینــــدا گەیشــــتووەتە ئیسیووپیا و لە ساڵی 333وە بووە بە ئـاییـنی ڕەسـمیی دەوڵەت و بەوەش ئیســــیووپیا وەک دووەم دەوڵەت دوای ئەرمەنســــتان ئەو بڕیارەی داوە. ئەو مەسیحییەتە ڕەسمییەش، ئایینزای ئۆرتۆدۆکس بــووە. ئەورووپاییــان بە نــاردنی مــژدەدەر و قەشــەی کاتۆلیــک بــۆ ئیسیووپیا، هەوڵیانـداوە بـیکەن بە کاتۆلیـک و لە سـاڵی 1624دا، شا سووسـینیۆس (Susenyos I)ی یەکەم بـووە بە کاتۆلیـک، بەڵام لە سـاڵی 1632دا، شـا فەسـیلیدس (Fasilides)ی کـوڕی، ئـایینزای ئۆرتۆدۆکسی وەک ئایینی ڕەسـمیی وڵات گێـڕایەوە. مەسـیحییەتی ئیسیووپیایی، لە ئایینی جـوولەکە نەریتـی و کۆنسـێرڤاتیڤەکانەوە گەلێ نێزیکە، بۆ نمـوونە: سـەربڕینی ئـاژەڵ، نەخـواردنی گۆشـتی بەراز، پۆشـتەیی و سەرداپۆشـینی ژنـان کاتێـک دەچـنە کەنیسـە، ژنان لە کاتی سووڕی مانگانەدا بۆیان نییە بچنە کەنیسـە، ژنـان و پیـاوان لە کەنیسـە کاتێـک، کە ڕووەو پێشـەوە دادەنیشـن، جـودا دادەنیشن، ژنان لای ڕاست و پیـاوان لای چەپەوەن، ئەمـانە لەکـن جوویش هەن. بەشـێک لە دانیشـتووانی ئیسـیووپیا جـوو بـوونە و

بێتا ئیسرائیل (Beta Israel) یا فلاشا (Flasha)یان پێ گوتراوە، زۆریان لە دوای ساڵی 1990ەوە کۆچیان کردووە بۆ ئیسرائیل[35].

یەکەم پێوەند لەنێوان موسوڵمانان و ئەم وەڵاتەی، کە ئێستا ئیسیووپیای پێ دەگوترێ، لەسەردەمی پەیامبەری ئیسلامدا بووە، کاتێک بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئیسلامدا، کۆمەڵێک موسوڵمان لە دوورگەی عەرەبەوە کۆچیان کردووە و لە گوندی نەجاش (Negash) لە دەڤەری تیگرای (Tigray) و لە شانشینی ئەکسوم (Aksum)، لە باکووری حەبەشەی ئەودەم و ئیسیووپیای ئێستا، لەسەردەمی ئیمپراتۆر (ئەشامە ئیبن ئەبجار)دا لە سەدەی حەفتەمی زاییندا

[35] بنەچەی فلاشا دەگەڕێتەوە سەر تایفەی "بێتا ئیسرائیل"، کە تایفەیەکی جوولەکەن و لە سەدەی چوارەمی زایینەوە لە ئیسیووپیا دەژین. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا برێک لە خەڵکی ئەو تایفەیە بەهۆی چالاکی "کۆمەڵەی لەندەنی" مژدەدەری مەسیحییەوە، بوون بە مەسیحی. فلاشاکان بۆخۆیان بە ڕەچەڵەک جوولەکەن، لێ ئێستاکە جوولەکە نین. هەرچەندەش بوون بە مەسیحی، فلاشاکان بەشێک نین لە کڵێسەی ئیسیووپیایی، بەڵکە بەشێکن لە کڵێسەی ئەنگەلیکانی ئینگلیزی، چونکە لەڕێی ئەو کڵێسەیەوە بوون بە مەسیحی. ساڵانێکی زۆر، فلاشاکان لەلایەن کڵێسەی ئیسیووپیاییەوە، دەچەوسێنرانەوە و وەک جوولەکەش نەدەهاتنە ژماردن، هەر بەو هۆیەشەوە، وەک تایفەیەکی نەفرەتلێکراو دەژیان. فلاشاکان لە دەسپێکی ساڵانی 1990دا، هێنران بۆ ئیسرائیل و سەرەتا حوکوومەتی ئیسرائیل بڕیاری کۆچکردنی ئەوانی دا بۆ ئیسرائیل، بە مەرجی ئەوەی سەرلەنوێ بگەڕێنەوە سەر دینی جوولەکە. دواتریش بەهۆی پێوەندی خێزانی و خزمایەتییەوە بەشێکی دیکە لە فلاشاکان هاتن بۆ ئیسرائیل. لە کاتی کۆچکردنی فلاشاکان بۆ ئیسرائیل، لە ئیسیووپیا گوێزرانەوە بۆ چەند ئۆردووگەیەک لە باژێرەکانی گۆندەر و ئەدیس ئەبابا، تا ڕۆژی گوێزانەوەیان. ساڵی 2003 کە حوکوومەتی ئیسرائیل بڕیاری دا بە هێنانی فلاشاکان، نوێنەرانی فلاشاکان لەگەڵ ئیسرائیلدا پێکهاتن لەسەر ئەوەی، ئەوانەی ڕەگوڕیشەیەکی جوولەکایەتییان هەیە، ئەوانە مافی کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل هەبێت. هێشتاش چەند هەزار فلاشایەک لە ئیسیووپیا ماون و کەسی یەکەمی وەک خوشک و برا و دایک و باوک و زارۆکیان لە ئیسرائیل دەژین.

نیشـــــتەجێ بـــــوون و وەک پەنـــــابەر وەرگیـــــراون. کـــۆچبەرە موسـولْمانەکان بە دوو جـاران کۆچیـان کـردووە بـۆ ئەو وەڵاتە، جاری یەکەم شازدە کەسێک بوونە و زۆرینەیان پیاو بوونە و چوار ژنیشیان لەگەڵ بوونە. یەکێک لە پیاوەکان، جەعفەری کوڕی ئەبی تالیب (جعفر بن أبي طالب)ی برای ئیمام عەلی بووە، کە ژنەکەیشی لەگەڵدا بووە. عوسمانی کوڕی عەففان (عثمان بن عفان) و ڕوقییە (رقیـة)ی خێزانـی، کە کچـی پەیـامبەری ئیسـلام بـووە، لەنێـو کۆچبەرەکاندا بوونە. جاری دووەمیش دەستەیەکی دیکەی کۆچبەر ڕۆیشتوون بۆ حەبەشە کە لە 83 پەنـابەر پێکهـاتوون. پەیـامبەری ئیسلام جەعفەری کوڕی ئەبی تالیب، کە جەعفەری تەییـار (جعفـر الطیار)یشـی پـێ گـوتراوە، بە ڕێـبەر و دەمڕاسـتی ئەو پەنـابەرانە دەستنیشان کردووە و پێی گوتووە: "إن فيها ملك صالح لا يظلم عنده أحـد"، واتە: حەبەشـە شـایەکی شـیاو و مێرخاسـی لێـیە و هـیچ کەسێک لای ئەو ستەمی لێ ناکرێـت و باسـی ئەوەی بـۆ کـردووە، کە ئەو شایە دادپەروەرە و وەڵاتی حەبەشە وەڵاتێکی سـەربەخۆیە و خەڵکەکەی خاوەنی دینی خۆیانن و پێڕۆی کتێبن (اهل الكتاب) و داوایشـی لێکـردوون ڕێـزی قـانوون و نەریـت و هەمـوو شـێوەی ژیانی ئەو وەڵاتە، بە دین مەسیحییە، بگرن. بەو جۆرە فەرمانیـان دەداتێ بچن بۆ حەبەشە. ئەوجـا کە دەگەنە حەبەشـە دەچـنە لای شای حەبەشە و جەعـفەر وەک سـەرۆکی شـاندەکەی، کە دەچێـتە کن شا، لەوێ باسی ئایینی ئیسلام و پەیامبەری ئیسلام بـۆ شـای وەڵات دەکـات، کە چـۆن عەرەبیـان لە دواکەتـوویی و نـادادی و

پیسوپۆخڵی و تایفەگەری و نابەرابەری ڕزگار کردوون، ئیدی کە شای حەبەشەش بە بەڵگەکانیان و بیروباوەڕیان قایل و ئاشنا دەبێت، مافی پەنابەرییان دەداتێ و ڕێزیان لێ دەگیری و دەمێننەوە. دەستەیەکی ئەو کۆچبەرانە پاش سێ مانگان دەگەڕێنەوە عەرەبستان و دەستەی دووەمیان نزیکەی پازدە ساڵێک دەمێننەوە. دەڵێن جەعفەر پاش دە ساڵان و پاش کۆچی پەیامبەر و هەڤاڵانی بۆ مەدینە، ئەویش گەڕاوەتەوە مەدینە.

زۆرینەی موسوڵمانانی ئیسیووپیا سوننەی شافیعین و بڕێکیشیان سۆفی و سەلەفی و سەر بە تەریقەتی قادرین و دانەدانەیەکیش موسوڵمانی شیعە و ئەحمەدیش هەن. موسوڵمانانی ئیسیووپیا پتر لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیسیووپیا، لە دەڤەرێن سۆمالی، عەفار، دیرە دەوا و هەراری نێشتەجێن. بە هۆی نێزیکی و پێوەندێکی، کە لەنێوان ئیسیووپیا و عەرەبستانی سعوودییەدا هەیە، لەکن حوکوومەتی ئیسیووپیا، تا ڕادەیەک ترسی بڵاوکردنەوەی بیری وەهابییەت و سەلەفییەت لەنێو موسوڵمانانی ئیسیووپیادا، بە هاندانی سعوودییە هەیە و ئێرانیش کار لەسەر بڵاوکردنەوەی شیعەگەری لە هەموو ئەفریقادا دەکات و لەنێو وەڵاتانی ئەفریقاشدا ئیسیووپیا.

ڕۆژژمێر و مێژوو و ساڵنامەی ئیسیووپیایی بەگوێرەی ڕۆژژمێری جوولیان (Julian) دەژمێردرێ، کە حەفت ساڵ و سێ مانگ لە دوای ڕۆژژمێری گریگۆریان (Gregorian)ی زایینی ڕۆژاواوەیە. لە ئیسیووپیا لەبری 25ی دیسەمبەر، کە لەکن

مەسیحییانی جیهان، بە ڕۆژی زایینی عیسا دادەنرێ، ڕۆژی 7ی جەنیوەری بە ڕۆژی زایینی عیسای مەسیح (Christmas) دادەنرێ و ڕۆژی 20ی جەنیوەری جەژنی تیمکەت (Timket)ە، کە بە زمانی ئینگلیزی ئیپیفەنی (Epiphany) پێ دەڵێن. ئەو ڕۆژە دەکرێتە جەژن، چونکە بە باوەڕی مەسیحییان، لەو ڕۆژەدا عیسا تەعمید کراوە، واتە ئاو بە سەریدا کراوە و ناونراوە و لە جوولەکەیەتییەوە کراوە بە مەسیحی و ئەو کارەش لەتەمەنێکی گەورەییدا بۆ عیسا کراوە، کاتێک دەستبەرداری جوولەکەیەتی دەبێت و ئایین دەگۆڕێت و جاڕی عیسایەتی یا مەسیحییەت دەدات. نەک هەر ئەو بۆنە دینییانەی پێوەنددارن بە دینی عیساییەوە لە ئیسیووپیا دەکرێنە پشوو، ڕۆژی 12ی دیسەمبەریش لە ئیسیووپیا وەک ڕۆژی لەدایکبوونی پەیامبەری ئیسلام موحەممەد، دەکرێتە پشوو. وەک ئەورووپا و وەڵاتانی مەسیحی، لە ئیسیووپیاش، ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە پشووە و ڕۆژانی دیکە، ڕۆژانی کارن.

لەنێوان مەسیحی و موسوڵمانەکاندا بە ئاشکرا هیچ جیاوازییەک نییە و گەلێک تێکەڵاوی و نێزیکایەتی لەنێوانیاندا هەیە و پێوەندیان پێکەوە باش و توندوتۆڵە، ئەگەر لێکتێنەگەیشتن و ناکۆکییەکیش لەنێوانیاندا چێ بێت، ناگاتە ئەوەی بەربنە یەکدی و شەڕ و فەرتەنە بقەومێنن. بەرپرسی مزگەوتێک لە بەهردار (Bahir Dar) دەیگوت: ئێمە لێرە، لەم وڵاتە، وەک موسوڵمان ئازادین و هیچ کێشەمان نییە! لێ ڕەنگە ئەوەی ئەو دەیگوت، هەموو ڕاستییەک نەبێت، چونکە لە هەندێ

موسـوڵمانی دیـکەم دەژنەفـت، کە لەو جێگەیـانەی مەسـیحییەکان زۆریـنەن و موسـوڵمانان کەمیـنەن، ڕێـگە نـادرێتە موسـوڵمانان، مزگەوت دروست بکەن.

دیــن لە کــۆمەڵی ئیســیووپیادا، هەرچــی بــواری ژیــان و جمگەکانی هەیە داگیری کردووە و شەقڵی بە هەموو هەڵسـوکەوت و جــووڵە و کــردار و شــێوازی ژیــان و هــزرەوە هەیە و دیــارە و کاریگەریی لەسەرە. ژمارەی کڵێسە و شـوێنی دینیـی عیسـایی، لە هەموو شار و گوند و تەنـانەت چیـا و دەشـتاییەک، هێنـدە زۆرن، بەوەدا پەیوەسـتبوونی خەڵـک بە دیـنەوە پێشـان دەدات. گـۆڕی پیاوانی دینی مەسیحی، قەشەیەک، کەونەخانوو یا ماڵی کەسێکی دینی، جێ پشوویەکی، جێ پیاسەیەکی، هەر شـتێکی پیوەنـدێکی بەوانەوە هەبێت، ئەمڕۆ لە ئیسـیووپیا بـووەتە مەزارگە و بـووە بە سەرچاوەیەکی باشی پارە پەیداکردن، لە لایەن کڵێسە و دەسەڵات و شـارەدارییەکانەوە، ئەویـش بە دادۆشـینی گەشـتیار، بە تـایبەت گەشتیاری ئەوروپـایی و ڕۆژاوایـی. کڵێسـەکان هەمـوو بەیـانییەکی زوو هەر لە شــەفەقەوە، دەسـتدەکەن بە دەنگەدەنـگ و هەرایەک، کە ئەگەر تۆ لە حەوت خەوی شـیریندا بیـت، بێـدارت دەکەنەوە و خەوت لێـدەزڕێنن. ئەوان هەر زەنگـی کڵێسـە لێنـادەن، بەڵـکە بە دەنگی بەرز و لە بڵندگۆوە نـوێژ دەکەن و وێـرد دەخـوێنن، ئیـدی ئەوە کاتی نوێژە و ئەو نوێژەشیان نابڕێتەوە، تا خۆر گەلێـک بەرز دەبێـتەوە و نێزیکـی چێشـتەنگا دەبێـتەوە، ئەو قەشــە و پیــاوە دینییــانە دەلــوورێنن و دەڵــێن. دیـارە ئەوە ئەگەر لەگەڵ نـوێژی

سـبەینانی ئیسـلامدا بەراوردی بکەیـن، ئەوەی ئیسـلام لە کـورتی دەبــڕدێتەوە و تەواو دەبــێ، لــێ ئەوەی ئەوان تــا کۆتــایی دێ، تووشی دەردت دەکات.

ئیسـیووپیاییان، بە جـوو و مەسـیحییە ئۆرتۆدۆکسـەکان و موسـوڵمانیانەوە، گۆشـتی بەراز و ئـاژەڵە ئاوییەکـانی نێـو زەریـا، وەک قرژانـگ و گوێچکەماسـی و هەمـوو ئەوانەی بڕبـڕەی پشـتیان نیـیە، نـاخۆن و بەلایـانەوە حەرامە و بەراز وەک ئـاژەڵێکی پـیس سەیر دەکەن، ئەڵبەت ئەو دیـاردەیە بە کـاریگەری ئـایینی جـوو و ئــایینی ئیســلامەوە هــاتووەتە گــۆڕێ و ئەگەر زۆر پێوەنــدی بە باوەڕە ئایینییەکەیشەوە نەبێت، ئەوا بـووەتە فەرهەنـگ. بەشـێکی زۆری ئەو ڕێســا و نەریــت و خــوو و ڕاهاتنــانەی مــرۆڤ، لە سەرتاسەری جیهاندا، پێڕۆی دەکـات، بۆمـاوەییە و بە تێپەڕبـوونی کات، جێی خۆی لە نەست و هەستی مرۆڤـدا کـردووەتەوە و بـووە بە بەشـێک لە ژیـانی. دواتـر ئەگەر دینـیش هـاتووە و پەیـامێکی هێنــاوە و بەنێــو گەلــی مرۆڤــدا بە هــۆی پەیــامبەرێکەوە، پیاوچـاکێکەوە، بیرازکـارێکەوە، پەخشــی کــردووەتەوە، ئەوا ئەو دیــنە نەیتوانیــوە تەواوی ئەو کــۆمەڵە، ئەو مرۆڤــانە، لە تەواوی ڕابــردوو و بیــرگە و بۆمــاوەییەکی فەرهەنگیــی هەیــانە، دابــڕێ و مێشــکیان بە تەواوی بشــواتەوە و بیانکــات بەوەی بــۆ خــۆی

دەیەوێت، بەڵکە دینەکە ڕەنگی فەرهەنگەکەی وەرگرتووە و خۆی لەگەڵ فەرهەنگەکەدا گونجاندووە[36].

ئەوە فەرهەنگە بڕیار دەدات و دین ڕەنگڕێژ دەکات، نەک بە پێچەوانەوە. دین، هەر بۆ خۆی دەرهاوێشتە و هەڵقوڵاوی فەرهەنگێکە، بۆ نموونە: ئیسلام لە بنەمادا لە خەڵک و فەرهەنگ و ژینگەیەکی عەرەبییەوە زاوە و فەرهەنگی عەرەبیی بەسەردا زاڵە. ئەوە هیچ، کە مەسیحییەت بە شێوازێکی گشتی فەرهەنگی ئارامی و جوولەکایەتیی بەسەردا زاڵە، لێ مەسیحییەت بە هەردوو شێوازە ئۆرتۆدۆکسییەکەی و کاتۆلیکییەکەی، کە هەردوو ناوەکانیان لە زمانی گرێکی (یۆنانی)ەوە هاتوون، فەرهەنگی

---

[36] تەواوی ئەو شین و شەپۆڕ و زنجیرلێدان و سینگکوتان و خۆبریندارکردن و کەژاوەگێڕی و ڕێپێوان و هەموو ئەوانەی بە بۆنەی یادی عاشوورا و شەهیدکردنی ئیمام حوسەین و چلەیەوە لە لایەن موسوڵمانانی شیعەوە، دەکرێ، ڕاستە ڕەگ و بناخەیەکی ئایینی ئیسلامی هەیە، کاتیک ئیمامانی شیعە هانی موسوڵمانانیان داوە بەوەی یادی عاشوورا بکەنەوە و خەمباری و تازیەباری و ناخۆشی دەربڕن، لێ ئەوان باسیان لەوەی ئێستا بەو هەموو خەستی و ئەو جۆرەی دەکری، هەرگیز نەکردووە. هەرچەندە عەلی شەریعەتی پێیوایە تەواوی ئەو زیادەڕۆییەی لە یادکردنەوەی عاشوورادا دەکرێ، لە کاتۆلیک و ئۆرتۆدۆکسی عیسایەتییەوە، هاتوونەتە نێو ئیسلامی شیعەوە، لێ لەبنەمادا، وەک بیرمەندی ئیسلامی عیراقی ئیاد جەمالوددین دەڵێ، پێوەندی بە فۆلکلۆر و کەلەپووری میللییەوە هەیە و دەگەڕێتەوە سەر فەرهەنگی کەونارای عیراقییانی پێشین و سۆمەرییەکان، کە هەر لە دێرزەمانەوە لەسەرەمی ئینکیدۆ و گلگامیشەوە بۆ تەمموز و عیشتار گریاون و عیراقییەکان بە گەلی گریان ناو دەبات و پێیوایە دینەکە لەگەڵ فەرهەنگەکەدا تێکەڵ بووە. عەلی شەریعەتی (علی شریعتی/ 1933–1977)، بیرمەندێکی مەزنی شیعەی ئێرانی بوو و بە سرووشبەخشی شۆڕشی ئیسلامی ئێران دادەنرێت. دوو بڕوانامەی دکتۆرای لە فرانسە لە مێژووی ئیسلام و کۆمەڵناسیدا وەرگرتووە و خاوەنی پتر لە بیست کتێب و سەدان گوتارە لە بواری جیاوازدا. ئیاد جەمالوددین (ایاد جمال الدین/ 1961– ...)، سیاسی و بیرمەندێکی شیعەی عیراقییە.

گرێکی و قیبتییەکان و مسری کەونارا و ڕۆمانەکانیان بەسەردا زاڵە و مەسیحییەتی پرۆتستانتی فەرهەنگی نەتەوە جێرمانییەکان و بەتایبەت ئەڵمانی بەسەردا زاڵە، چون مارتن لۆسەری دامەزرێنەری، ئەڵمانی بوو. دینی بوودایی و هیندۆسی، فەرهەنگی هیندییان بەسەردا زاڵە. تۆ بنۆڕە مەسیحییەت لە هەردوو ئەمەریکای سەروو و خواروو، هەرچەندە پەیام و بەرنامەی موژدەدەرە مەسیحییەکان لەو وڵاتانە، کاریگەرییەکی لەبەرچاوی هەبووە لە لاوازکردنی باوەڕبوون بە کەونەخوداکان و هێزە ئەفسانەییەکانیان، لێ سرووت و کردەی ئایینی مەسیحی، کە لە ڕێگەی ئەورووپییانەوە براونەتە ئەوێ، لەکن گەلانی ئەو وڵاتانە، هێندە مایەی قەبووڵکردن و قایلبوون نەبووە. گەلانی ئەو دەڤەرانە بێجگە لەو بەشانەی لەگەڵ بۆچوون و دیدی فەلسەفەیی و نەریتیی خۆیاندا دەگونجێن و وێکدێنەوە، بەشەکانی دیکەیان بە هێند وەرنەگرتووە. ئەو ئایینە مەسیحییەی، لە ئەمەریکا هەیە، ئایینێکی تێکەڵە لە ئینديان[37]ی و مەسیحی. لە بۆنەی

---

[37] وشەی ئینديان (بە ئینگلزی indigenous) و (بە سپانیۆلی Indígenas)، ناوێکە بۆ کۆمەڵێکی یەکجار زۆری مرۆڤی سەر بە گەل و نەتەوەی جیاواز، دابەش دەبن بە سەر پتر لە 600 هۆز و خێڵدا، ئەم هۆز و گەل و نەتەوانە، دانیشتووانە ڕەسەنەکانی ئەمەریکای باکوور و ئەمەریکای باشوور (ئەمەریکای لاتین)ن، کە بە ئینگلیزی پییان دەگوترین (Native Americans)، واتە: ئەمەریکاییە ڕەسەنەکان، خودانی زمان و فەرهەنگ و ژیاری و ئایین و تایبەتمەندیی خۆیانن و دنیایەک شوێنەواری مەزنی شارستانی لە ئانکا و مایا و هی دیکەیان بەجێماون، کە شانازیین بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، لێ داگیرکەرانی ئەورووپایی کۆڵۆنیالیست، بێجگە لە داگیرکردنی خاک و وڵاتەکەیان و قڕکردن و لەبەینبردنیان، زمان و فەرهەنگ و ئایینەکانیشیان لەبەین برد. ئێستا ئەوانەی وەک خۆیان ماون، کەمینەن و ئەورووپاییاندن و مەسیحییاندن، هەڕەشەن لەسەر بوونیان.

یادکردنەوەی ئازارەکانی مەسیحدا لە کاتی لە خاچدانیدا، کە دیمەنێکی شانۆیی پێشکەش دەکرێ، لەنێو ئەو ئیندیانانەی ئەمەریکادا ئەوەی ئەو ئازارە دەچێژێ، مەسیح نییە، بەڵکە "یوودا" یا "یووداس"ە، کە خودایەکی ئیندیانەکانە. بەشێکی زۆر لە کڵێسەکانی ئەمەریکای خواروو (لاتین) لەو شوێنانەدا دروستکراون، کە پێشتر کۆنە پەرستگەی ئیندیانەکان بوونە. لە لاپاس (La Paz)ی پێتەختی بۆلیڤیا، کڵێسەی سان فرانسیسکۆ هەیە، کە لە سەرەتادا لە ساڵی 1548دا دروستکراوە و دواتر ڕووخاوە و جارێکی دیکە لە ساڵی 1784 لە جێگەی ئەو کەلاوەیە، دروستکراوەتەوە، لە تەلارسازییەکەیدا، هونەری تەلارسازیی کڵێسەیی و هونەری ئیندیانەکان و خەڵکانی ڕەسەنی دەڤەرەکەی تێدا تێکەڵبوون و وێنەی ئاژەڵ و پەیکەرسازیی ئیندیانی پێوە دیارە و دەشگوترێ، کە پەیکەری خودایەکی ئیندیانەکان لەبەردەم دەروازەی سەرەکی کڵێسەکەدایە. بەو پێیە مەسیحییەت بەگوێرەی تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکان، یەک نییە و وەک باوەڕێک لەتەک کۆمەڵێک بەها و نەریت و باوەڕی تایبەتی خەڵکانی هەر جڤاک و

---

وشەی ئیندیان، لە سەردەمی کۆڵۆمبوس (Christofer Columbus)ەوە، کاتێک وەک پێشەنگی ئەوروپاییە داگیرکەرەکان لە ساڵی 1492دا، گەیشتە ئەمەریکا، هاتەگۆڕێ و بەکار هات. کۆڵۆمبوس پێیوابوو سەری لە هیندوستانەوە دەرچووە و وایزانی ئەو خەڵکانەی لە ئەمەریکا دەیانبینێ، هیندین. ئیتر ناوی ئیندیانیان بەسەردا بڕا. ئەم خەڵکانە ناوی ئیندیان بۆ خۆیان بەکارناهێنن و بە ناوی هۆز و خێڵ و نەتەوە و گەلانی خۆیانەوە، خۆیان دەناسێنن.

گەلێکدا تـێکەڵ دەبێـت. واتە: هەر دیـنەو ڕەنگوبـۆ و فەرهەنگـی، ئەو خاک و خەڵک و ژینگەیە وەردەگرێت، کە تێیدا پەیدا دەبێت.

بنەما سەرەکییەکانی لێ دەرکە، واتە: باوەڕبوون بە یەکتایی خودا و پەیامبەر و قورئان، ئیـدی ئیسـلامی مەغریبـی و ئیسـلامی سعوودی و ئیسلامی ئێرانی و ئیسلامی مسری و ئیسلامی چێچنـی (چێچنسـتانی، چێچنیـایی) و ئیسـلامی سـۆفیگەری و ئیسـلامی شـیعە و ئیسـلامی سـەلەفی و ئیسـلامی ئەحـمەدی و ئیسـلامی وەهـابی و ئیسـلامی تالیبـان و ئیسـلامی داعـش، وەک نمـوونە، چەنـدین جـۆرە ئیسـلامی جیـاوازن، نەک تەنـێ لە پێڕۆکـردن و وردەکاری جێبەجێکردنی مەرجەکانی دینداریـدا، بەڵـکە لە هـزرین و فیلۆسۆفینیشـدا. لەنێـو تەریـقەتە سـۆفیگەرییەکانی ئیسـلامدا، کۆمەڵێـک تـوخم و ڕەگ و دیـد و هێـڵ و ڕەنگوبـۆی ئـاینی، بـوودایەتی و هیندۆسـی و زەردەشـتی و کـارکردی فەرهەنگـی هیندوستانی و ئێرانیی کۆن، هەسـت پـێ دەکرێن و دەبینـرێن. بە گـوێرەی فراژۆتنـی مێژوویـی ئیسـلام، تـۆ ناتوانیـت بـاس لە یەک ژیـاری و شارسـتانیی ئیسـلامی بکەیـت، بەڵـکە گەرەکە بـاس لە کۆمەڵێک فەرهەنگی جیـاواز بکەیـت، کە هەڵگـری تایبەتمەنـدی و شـێواز و کەسـیەتی خۆیـانن، لـێ لە تـوخم و بـنگە و بنەمـا سـەرەکییەکانی ئیسـلام و نەریـت و سـرووتەکانیدا، هـاوبەش و هاوڕان. مەسیحییەتیش هەروایە. ئەو جیاوازییەی نێوان ئەو جـۆرە ئیسلامانە و ئەو جۆرە مەسـیحییەتانە، بـێجگە لە هەنـدەک دیـد و بۆچوون و لێکدانەوە و وردەکاریی جیـاواز، فەرهەنـگە، فەرهەنگـی

ئەو گەل و نەتەوانەی سەر بەو دینەن، تێکەڵ بە دینەکە دەبێت و دینەکە بە فەرهەنگەکەی خۆی ڕەنگ دەکات. دین، بە تایبەت ئیبراهیمییەکانی، وەک بۆ خۆیان دەڵێن، پەیامێکی خودایيە بۆ ڕێنیشاندانی مرۆڤ، لە کۆمەڵێک بەها و ڕێسای ڕەوتارکردن و ئاکار و ژیانی جڤاکی پێکهاتووە و مەبەست لە هەموو ئەوانە چاککردنی مرۆڤ و دروستکردنی مرۆڤی باشە، هەرچەندە خاس و خراویی مرۆڤ هیچ پێوەندێکی بە ئایینەوە نییە. پەیامبەری ئیسلام دەڵێ، من نێردراوم بۆ تەواوکردنی ئاکار و ڕەوتارە باشەکان (انما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق)، بەڵام کاتێک دین دەبێتە دەسەڵات و فەرمانڕانی و دەخرێتە چوارچێوەی کارگێڕی و دامودەسگە و بەڕێوەبردن و دامەزراو و پۆلیس و کڵێسە و مزگەوت و قەشە و مەلا و ئاخوند و مووچە و پارەوپووڵەوە، ئیدی ئەرکە بنەڕەتییەکەی خۆی لەدەستدەدات و شێوازێکی ڕەسمی وەردەگرێت، ئەگەر بە تەواوی نەشبێتە دەسەڵات، دەبێتە ئامرازیک بۆ سەپاندنی دەسەڵات و دەبێتە بەشێک لە دەسەڵات و پەسندەری دەسەڵات و پاساوهێنەرەوە بۆ دەسەڵات، ئەودەم دین دەبێتە قورسایی و بارگرانییەکی فەرهەنگی، بەسەر شان و کۆڵی جڤاکەوە و کاریگەرییەکی نەئێنی و ناپەسەندی لەبەرچاوی، بەسەر لەش و مێشکی کۆی جڤاکەوە دەبێت.

تێکەڵبوونی ئاکار و نەریتەکان، بە سرووتە دینییە جۆراوجۆرەکان، فەرهەنگێکی جڤاکیی تا ڕادەیەک گشتگر و هەژموونگەرا، پێکدەهێنێت و ڕاوەستان لە هەمبەری،

ڕووبەڕووبــوونەی، پـــاککردنەوەی، پەرچکردنـــی، ئارایشـــتکردنی، جـوانکردنی و ڕازانـدنەوەی، کـارێکی ئاسـان نابێـت، چـونکە دیـن دەبێــتە فەرهەنگێکــی گەلێــر و جەمــاوەری و جڤــاکی و تەواوی جمگەکـانی جڤـاک دەتەنێـتەوە و جڤـاک تێیـدا و لەگەڵیـدا دەژی. ئەگەر دین هەندێک دەق بێت و لە دووتوێیانـدا، کۆمەڵێـک بەهـا و ئامۆژگاری هەبن و لە ڕێگەی ئەنجامدانی بڕێـک ڕەوتـار و کـردار و نەریتەوە بنوێنرێن، فەرهەنگیش بڕێـک بەهـا و نەریـت و ئەدەب و هـونەر و دیـد و هـزر بێـت سـەبارەت بە ژیـان، دەگەیـنە ئەوەی، دینیش بەشێکە لە فەرهەنگ، دیدی مـرۆڤ لەمەڕ ژیـان و بـوون و گەردوون و گێتــی و کـۆمەڵەوە، دیـاری دەکـات. جیاوازییەکانیـان ئەوەیە، دیـن، لە دیـدی بەشـێکی زۆری پیڕۆیـانییەوە، لە هێزیکـی باڵاوە بۆ مرۆڤ ڕەوانەکراوە و گەرەکە نەگۆڕ و چەسـپاو و داخـراو بێت و فەرهەنگ، ئەگەر چەسپاو و داخراویش بێـت، لەگەڵ ڕەوتــی ژیانـدا، بەرگـۆڕانە. دیـن، هەم بۆمـاوەیی و میـراتە و لە بـاوانەوە دەمێنێـتەوە و هەم فەرهەنـگە، فەرهەنگێکـی بـازنەییە، خەڵکێـک تێیدا دەژین، گوتەی باوان و پێشـینان و دەقە نەگۆڕەکـان، چەنـد پاتە دەکەنەوە و بە کۆتایی و چەقی هزرین و دواوێسـتگەی بیـری دەزانن. دین، فەرهەنگە، فەرهەنگـێکە فرەجـاران، مـرۆڤ لە کـاتی پێویستیدا پەنای بۆ دەبات، لێ کام مرۆڤەیە پەنا بۆ دین دەبات؟

مــارکس دەڵــێ: "دیــن، لە جیهــانێکی دڵــڕەق و بێســۆزدا، بەرەنیســک و ئــاهی چەوســاوە و ســتەملێکراوانە. گیــانێکە لە جیهــانێکی بێگیانــدا، دڵــی جیهــانێکی بــێ دڵە، خەمــڕەوێن و

دڵــدانەوەیەکە بــۆ ئەوانەی دڵــدانەوە و خەمڕەوێنیــان نیــیە، دیــن تلیاکی گەلانە". تلیاک لە سەدەی نۆزدەیەمدا چارەسەری بژیشـکی و قــانوونی بــووە و لە نەخۆشــخانە و بــنکەی لەشســاغیدا بەکــار براوە، نەک وەک بەنگ و سڕکەرێکی ژاراوی بۆ وێرانکردنــی لەشــی مرۆڤ، بەڵکە وەک ئازارشکێنێکی کاتی و ئارامبەخش. هاوشێوەی هــونەر و ئەدەب، کە چــۆن دەبــنە تلیــاک و ئــامرازی مەســتبوون، هاوشێوەی سیاســەت، فیــدێل کاســترۆ گــوتەنی، کە چــۆن دەبێــتە تلیاک و ئــامرازی مەســتبوون، دینــیش، لە دیــدی مارکســەوە، هەر بەو جۆرە، دەشێ ببێتە تلیــاک و ئــامرازی مەســتبوون[38]. مــارکس، کە دینی بە تلیاک چووانــدووە، تلیــاک یــا بەنــگ لەو ســەردەمەدا، وەک چارەســەر و ئازارشــکێن و ئــامرازی بێهۆشــکردن لە بــواری بژیشکیدا بەکار دەهــات. تەواوی ئەو گــوتەیەی مــارکس، بە واتــای ئەوە دێت، کە جەماوەری شەکەت و زەحمەتکــێش و ســتەمدیدە و نەدار و هەژار، ئەوانەی بەدەست ئازار و نامۆیی و چەوساندنەوە و نەبوونەوە، دەنــاڵێنن، دڵنەوایــی و خەمڕەوێنیــی خۆیــان، تەنــێ لە دینــدا دەبینــنەوە و دیــن بــۆ ئەوان گیانێــک بــووە لەو جیهــانە ماددییەدا[39]. مــارکس، ئەو قســەیەی هەروا لەخــۆڕا نەگوتــووە، ئەو

[38] شعبان، عبد الحسين: كوبا – الحلم الغامض، دار الفارابي، بيروت، 2011، ص158.

[39] مامۆستای شاعیر هێمنی موکریانی، کە خۆی هەژار و لانەواز بووە، پێیــوایە ئەوە هەژارە، نەک دەوڵەمەند و ماڵپەرست و دارا، لە "مەی"دا خەمڕەوێنیی و دڵنەوایی خۆیان دەدۆزنەوە. ئەو دەڵێ:

مـــــەی حەلاڵە بۆ منی وێرانە مـــــاڵ
بـۆ منی سەرگەشتە و ڕووت و ڕەجــاڵ
بـــۆ منـــی بابردەڵـەی گردەنشیـــن

کاتێــک نۆڕیــویەتە، ڕەوش و گــوزەرانی چەوســاوانی نەک هەر وەڵاتەیلــی وەک بریتانیــا و ئەڵمانیــا و فرانســا و ئەوانــی دیــکەی ئەورووپا، بەڵکە بـار و ڕەوش و ئـازاری ئەوان لە وەڵاتـانی دیـکەی جیهــان، ئەودەمــی ئەوەی گوتــووە. ئەگەر پتــر وردبیــنەوە لەو گــوتەیەی مــارکس، مەبەســتی تــایبەتی ئەو، پێوەنــدی نێــوان دەوڵەتــی پرووســیا (Prussia) و کەنیســەی پرۆتســتانتی بــووە لە ئەڵمانیـا لە سـەدەی حەڤـدەیەم و هەژدەیەمـدا. بەلای مارکســەوە کاتێـک دیـن ئـاهـ و کـڕووزانەوەی هەژاران بێـت، دەبێـتە نـاڕەزایی جەمـاوەر و تووڕەبوونیــان لە واقیــع. مــارکس ئەو قســەیەی وەک گشــتاندنێکی بەکارهــاتوو بــۆ هەمــوو ســـەردەمێک و هەمــوو دامەزراوەیەکی جڤاکی نەکردووە، بەڵکە مەبەسـتی ئەو لەو کـاتەدا قســەکردن بــووە لەمەڕ جووتیــارانی ئەڵمــانەوەوە. هەم ئێنگڵــزی هاوڕێی مارکس و هەم لێنینی شاگردی مارکس، زۆر جاران دینیـان

---

بـۆ منــی دڵ پــڕ لــە ناسۆر و بریــن
بـــۆ منــی ئــاوارە و دوورە وەتـــەن
بلبلی بــێ بەش لە گوڵــزار و چەمـەن
پـــەڕ وەریوی، باڵ شکاوی، دەنگ بـڕاو
بــێ بــژێوی، بەش خوراوی، دەرکــراو
پیــری زورهانـی، کەنەفتی، دەربەدەر
دیدەسووری، دڵ مەکۆی دەر و کەسەر
داتەپیــوی، بێ پەسیوی، بێ قـەرار
بێ کەســی، دەستەشکاوی، بێ قەرار
لێـــــوبەباری، دەردەداری ڕەنجـــــەڕۆ
شاعیــری جوانــی پەرستی دڵ بەسۆ

وەک کۆمەک و پاڵنەریکی خەباتی چینە چەوساوەکان سەیر کردووە، تەنانەت لێنین، داوا لە حیزبی پرۆلیتاریا دەکات، کە تەماشای دین وەک باس و تایبەتمەندییەکی کەسەکی بکرێت. کاتێک کە کۆنگرەی نێونەتەوەیی یەکەمی کۆمۆنیزم لە ئینگلترا سازکرا، باکۆنین[40]، داوای لە مارکس کرد، تەنێ کارگەرە بێباوەڕەکان ئامادەی بن، لێ مارکس گوتی، ئەوان هەموو کارگەرە کۆمۆنیستەکان، بە باوەڕدار و بێباوەڕیانەوە بانگهێشت دەکەن، چون ئەگەر تەنێ بێدینەکان بانگهێشت بکرێن، ئەوا ڕێژەی بەشداربووان زۆر کەم دەبن. مارکسیزم کە بۆ خۆی تیۆرییەکە بۆ تێگەیشتن لە واقیع و هەوڵدان بۆ گۆڕینی، هەرگیز هیچ شتێکی بەلاوە چەسپاو نییە و هەمیشە، بە گوێرەی دیالێکتیک، گۆڕین و نوێبوونەوە لە گۆڕێدایە.

لە هیچ جڤاکێکی ئیسلامی و وەڵاتگەلی جیهانی سێیەمدا، هیچ هێزێکی خۆ بە شۆڕشگێڕزان ناتوانێت خۆی لە دیاردەی دین نەبان بکات، دین نادیدە بکات. لە ئەمەریکای لاتین و بڤاڤە شۆڕشگێڕەکانی ئەوان، سوودیان لە لاهووتی (خودایەتی) ڕزگاریی مەسیحییەت، وەرگرت، کە پێیوایە خودا لە دیدی نەدارانەوە دەنۆڕێتە مرۆڤ و لە دیدی هەژارانەوە دەبێ ئینجیل

---

[40] میخائیل باکۆنین (Michail Bakunin ⁄ 1814-1876)، شۆڕشگێڕ و گوتارخوێن و بانگخوازێکی ڕووسی بوو، لە ڕووسیا لەدایک بووە و لە سویسرا مردووە. یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ئەنارکیزم و هەر ئەویش جارنامەی کۆمۆنیزمی مارکس و ئێنگڵزی وەرگێڕایە سەر زمانی ڕووسی.

بخوێندرێتەوە. لەنێو بزاڤی کۆمۆنیزمدا، کە بە هەڵە دژایەتـی دیـن دەکـرا، کووبـا و بەرەی ساندینیسـتەکانی نیکـاراگوا، لە سـاڵانی 1980دا، وەک ئـامرازی ڕزگـاری، تەماشـای دینیـان دەکـرد[41].

مارکسیزم لە دەرێی مرۆڤ و کۆمەڵ نییە، مادام لەنێو کۆمەڵیشـدا باوەڕی دینی هەیە، مرۆڤی دیندار و بێـدین هەردوو پێوەنـدیان بە ئاسمانەوە هەیە. ئەوانەی کۆمەڵی کڵـۆمکراو و یەکڕەنگیـان، سـاز کـردووە، وەک چینـی سـاڵانی 1965 و ئەلبانیـا، کە مـزگەوت و شوێنی خوداپەرستییان تێیدا دەڕووخاند و دەیانکردنە مۆزەخـانە، هەمـوو بـوون بە جڤـاکی داخـراو و لە دواییشـدا بە ناچـاری، دەسـتبەرداری ئەو بەسـتەڵەکە هـزرییە بـوون و بە ڕووی بـاوەڕی جیـاواز و هەمەجـۆردا کـرانەوە. لەبەر ئەوەی دیـن لە ئایـدیۆلۆگی فراوانترە و ڕووی دەمی لە خەڵکێکی زۆرترە بە تـایبەت خەڵکـانی گەلێـر و خـوارێی جڤـاک، بـۆیە دەشـێ وەک چەکێکـی دوودەم یـا دوولا، بە دەسـت فەرمـانڕانەوە یـا بەدەسـت ژێرفەرمـانەوە، لێـی بنۆڕدرێ، ئەوجا ئایا دژایەتی دین کارێکی شۆڕشگێڕانەیە؟ ئەوە چ مارکسیزمێکە کە دژایەتی دین و باوەڕی زۆرینەی ڕەهای کـۆمەڵ و بەتایبەت خەڵکـانی گەلێـر و خـوارێی جڤـاک دەکـات؟ ئەوە تەنـێ کارێکی نابەرپرسانە و تێنەگەیشتنە لە مارکسیزم.

---

[41] الصعيب، حسن: الماركسية والدين، دار التنوير، بيروت، 2009، ص22.

سڕینەوەی دین دەکاتە سڕینەوەی مێژوو. لە ڕێپێوانەکانی یادی عاشوورا و چلەی ئیمام حوسەیندا، لە کەربەلا و تەواوی شوێنەکانی دیکەی شیعەنشین، هەمیشە دروشمەکانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق دەوترانەوە. لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی عیراق (سەرکردیەتی نێوەندی/ القیادة المرکزیة)دا، هێڵێکی ڕێکخستن بەناوی هێڵی لایەنگران، هەواداران، پشتیوانانی حوسەین (خط أنصار الحسين) هەبوو، کە چالاکانە بەشداریان لە هەموو شتێکی شیعەدا دەکرد و کاری سیاسی خۆیشیان ئەنجامدەدا. کاتێک هێزە مارکسیستەکانی عیراق بۆنە دینییەکانی وەک عاشوورا و ڕێپێوانی تازیەبارە حوسەینییەکانیان، بە شێوەیەکی دروست و ڕاست، بەکاردەهێنا، دین ڕەهەندێکی پێشکەوتنخوازانە و دژە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و دژە ستەم و چەوساندنەوەی، لەخۆ دەگرت. مارکس پێیوایە ژیاریی سەرمایەداری ڕۆحی لە مرۆڤ سەندووەتەوە، واتە دینی ڕاستینەیانی لەبەین بردووە، لێ هێشتا لە خۆراوا دین هەر ماوە و لە وڵاتانی کەونە سۆڤیێت و ئەورووپای ڕۆژهەڵات دین گەڕاوەتەوە و لە ئەمریکای لاتین کەنیسە ڕۆڵی هەبووە و لە وڵاتانی ئیسلامییش دین تین و گوڕێکی وەبەر هاتووەتەوە.

هەرچەندە زۆرینەی زانا و بیرمەندانی ڕۆژاوا وەک هێزێکی کۆنسێرڤاتیڤ دەنۆڕنە دین، لێ لەنێویشیاندا هەیە، دین وەک هێزی گۆڕین دەبینێت، بۆ نموونە کۆمەڵناسی ناسراوی ئەڵمانی

ماکس ڤێبەر (Max Weber)[42]، پێیوایە پرۆتستانتیزم گیانی گۆڕینی بەبەر جڤاکدا کرد و لە سەدەی شانزدە و حەڤدەیەمدا، بەرەو سەرمایەداری وەبەرهەم هێنا، کە بۆ خۆی گۆڕین بووە. ڤێبەر، پێیوایە ئیسلام لەوەی گەشە بەو پاڵنەر و خواستانە بکات، کە پێویستن بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی، سەرکەوتوو نەبووە، ئەویش بە هۆی بەدوو (البدو)ە کۆچەر و شوانکارە جەنگاوەرە هەوەسبازەکان و سۆفییە کەنارگیر و دوورەپەرێزەکان لە کۆمەڵەوە[43].

لە سەردەمێکدا، کە مارکس ژیاوە، کەنیسە لە ئەوروپادا، بەشێک بووە لە دامەزراو و دەسگەکانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و چەوساندنەوەی مرۆڤ، هەربۆیە بە دوژمنی جەماوەر و ڕێگری ئازادی ئەوان دادەنرا. تووڕەیی خەڵک لەهەمبەر ئایین، پتر، تووڕەیی بووە لە هەڵوێستی وەعزدەرەکانی سوڵتانەکان "وعاظ السلاطین"، یا فەقێیانی سوڵتانەکان "فقهاء السلاطین "، پیاوانی دینی و ئەوانەی پاساویان بۆ کردار و هەموو زۆر و ستەم و چەوساندنەوەکانی دەسەڵات، دەهێنایەوە و چاویان لە خەڵک و جەماوەر زەق دەکردەوە، نەوەک دژی دەسەڵات ڕاپەڕن یا بێگوێیی دەسەڵات بکەن. دین، لە دڵی جیهانی سەرمایەداریدا،

---

[42] ماکس ڤێبەر (Max Weber / 1864-1920)، کۆمەڵناس و فیلۆسۆف و قانوونی و ئابووریسیاسیناسێکی ئەڵمانییە.

[43] الصادق، ریاح، الدین والتغییر الإجتماعي، ندوة"الدین في المجتمع المعاصر"/مرکز الدراسات السودانية ، 2004، ص.5. /http://www.academia.edu/34786130

دڵی سەرمایەداریی ئەودەم، بریتانیا، فرانسا، ئەڵمانیا، ئەمەریکا و بە جۆرێک لە جۆرەکانیش ڕووسیا، کە مارکس بە تەوسەوە ناوی ئەو جیهانە سەرمایەدارییە دەبات و بەتایبەت شۆخیی پێ دەکات و بە بێ دڵ و بێ بەزەیی و بێ میهرەبانی و بێ دلۆڤانی، باسی دەکات و پێیوایە ئەو دینە گیانی ئەو جیهانە دزێوە بێ گیانەیە و دوا شت بووە، مرۆڤی چەوساوە پەنای بۆ بردووە. لە سەردەمی مارکسدا (1818 – 1883) خەشخاش، کە تلیاکی لێ چێ دەکرێ، وەک بەنگ و ئامرازی بێهۆشکردن و مۆرفین و ئازارشکێن، لە کاتی نەشتەرگەری و شێرپەنجە و ڕاگرتنی زگچوون و ڕەوانیی و خەولێخەر و ...بەکار براوە. تلیاک، ئێستاش لە جیهانی پێشکەوتوودا، ماددەیەکی سەرەکی دابینکردنی بەنگ و مۆرفین و بێهۆشخستنە و لە بواری بژیشکیدا سوودی لێ وەردەگیرێ. مارکس پێیوابووە، دین لە جیهانێکی بێ دڵ و بێ گیان و دزێو و بێ ئاکار و بێ ڕەوشتدا، دوا پەناگەیە بۆ چەوساوەکان. کەواتە: دین، ئارامگە و پەناگە و خەمڕەوێن و دڵدەرەوەی ستەمدیدە و چەوساوان بووە و هەیە و ئەوانن، پەنا و هانای بۆ دەبەن و وەک فریادڕەس دەیبینن. ئەوە هەژارانن وەدووی دین دەکەون. دین، لە ئیسیووپیا و جڤاکە هەژارەکانی جیهاندا، بووە بەو پەناگەیە، کە مارکس ئاماژەی پێ دەکات، پەناگەیەک، سەرتاپای بوونیانی پۆشیوە و گیانیانی داگیرکردووە[44] و هەژاران بەهۆیەوە، خۆ

[44] یەکێک لەو قەشە مژدەدەرانەی، کە مەسیحییەتیان بڵاو کردووەتەوە، کە ناوی "سۆنۆ"یە دەڵێ:

مەسـت دەکەن و خـۆ بێهـۆش و بـێ ئاگـا دەکەن، لەوەی لە دەوروبەریان ڕوودەدات.

دین، کە دەکاتە باوەڕهێنان بە نادیار و پێـوار و نائاشـکرا و سروشـتبەدەر، واتە: غەیبییـات (الغیبیـات)ە، هەمیشـە کۆمەڵێـک چارەسەری ئامادەکراو و ڕاستەوخۆی بۆ هەموو کێشـەکان پێـیە و وەڵامـی هەمـوو پرسـیارەکانی لەکـنە، وەک ئـامرازێکی مەسـتی و لەبیربـردنەوەی سـەختی و نەداری و بێئومێـدی و خەم و دژوارییەکانی ژیـان و هەڵاتـن لە هەمـوو بەدبەختـی و نەهـامەتی و چەوسـاندنەوەکانی ژیـان، پەنـای بـۆ دەبرێـت. هەمـوو دینێـک، هەرچەنـدە بۆخـۆی و کتێبەکـانی، وەک پەیامێـک بـۆ سـەرجەم مرۆڤـایەتی، دەناسـێنرێت، لـێ لە ژیـانی ڕۆژانە و کـرداردا، جیاوازییەکی مەزن و بەرین، لەنێوان دینی بۆرژوا و دەوڵەمەندان و دینی چەوساوە و هەژاراندا هەیە، تا ڕادەی ئەوەی وەک دوو دینی جیاواز دێنە بەرچـاو. بەشـی گەوجانـدن و کەرانـدن و گەمژانـدن و قورسـایی و بـاج و گـوێڕایەڵی و قـایلبوون بەوەی هەیە و بەوەی دێـتە پـێش و بەوەی لەنێوچـاوان نووسـراوە و بەوەی ئەوە بەشـی خۆتە و دەبێ قایل و سپاسگوزار بیت و شـتگەلێکی زۆری دیـکەی وەک دەمکوتکردن و نەهزرین و قـایلبوون بە لاتـی و برسـییەتی و قسەی پڕوپووچی ئۆلکاران، ئەوە دینێکە بۆ چەوساوان و هەژاران.

---

"کۆلۆنیالیستەکان چوون و لەشی ئەفریقایان داگیر کرد، بەڵام مژدەدەرەکان ڕووحی ئەفریقایـان داگیر کرد".

دینەکەی بۆرژوا و دەوڵەمەندان، دینێکی دیکەیە و لە تێری و تەسەلی و گیرفانی پڕەوە دەڕوانێتە جیهان و ژیان و کە هەموو شتێکیشی بە ئاسانی بێتە بەردەست و بۆ مسۆگەر بێت، ئیدی چ پێویستییەکی بە دین نییە، ئەگەر هەیشیبێت، بۆ چەوساندنەوەی هەژارانیەتی. دین، لەکن دەوڵەمەندان، ئامرازێکە لە کاتی پێویستیدا، بۆ چاوبەستن و فریودانی خەڵکی هەژار و چەوساندنەوەیان بەکار دەهێنرێت. دین، لای ئەوان، ئامرازە، نەک ئامانج و مەبەست، ئەوە هەژارانن، دین لەکنیان دەبێتە هەموو شتێک و ژیانیان داگیر دەکات. دین، وەک هەر شتێکی دیکەی ئەم جیهانە، لایەنێکی زەق و ڕوون و خویای جەمسەرگری و چینایەتی تێدایە. دینێک لە ئیسیووپیا هەیە، دیارە لە گەلێ شوێنی دیکەی ئەم دنیایەش، دینێکە، هەژاران هەژارتر دەکات و چەوساوان پتر دەچەوسێنێتەوە، هەربۆیە بۆ هەستنەکردن بەو هەژاری و چەوساوەییە، ئیسیووپیاییان وەک تلیاک پەنای بۆ دەبەن. مارکس دەڵێ: "هەژاری شۆڕش دروست ناکات، ئەوە ئاگایی هەژارە، شۆڕش دروست دەکات. کاری ستەمکار ئەوەیە، تۆ هەژار بکات و ئۆلکاری ستەمکاریش کاری ئەوەیە، تۆ ئاگاییت لەدەست بدەیت". عەلی شەریعەتییش وەک مارکس پێیوایە هەستکردن بە هەژاری و نەداری، بزاڤ و یاخیبوون چێ دەکات، نەک هەژاری بۆ خۆی. لەکۆمەڵی ئیسیووپیایی، بێ ئەوەی بۆ خۆیان هەستی پێ بکەن، بەدەست دینی مەسیحییەوە، بەتایبەت شێوە ئۆرتۆدۆکسییەکەیەوە، دەناڵێنن و دەستگە دینییەکان و کڵێسە و

قەشە و ئۆلکاران، بێجگە لە کەراندن و گەوجاندن و گەمژاندنی خەڵکی هەژاری ئەو وڵاتە و خڕکردنەوەی پارە لێیان و ڕووتاندنەوەیان، چ کارێکی دیکەیان نییە. ئۆرتۆدۆکسانی ئیسیووپیاییانی هەژار، دینەکە کردوونی بە گوێڕایەڵ و کۆیلە و لە هەمان کاتیشدا دڵنەوایی و خەمڕەوێنیی خۆیان لە دینەکەدا دەبیننەوە، کە بۆ ئەوان سەرگەرمی و دوورکەوتنەوەیەکە لە سەختی و دژواریی ژیان. لێنین دەڵێ: "ئەو کۆیلەیەی ئاگای لە کۆیلەیەتی خۆیەتی و لە پێناوی ئازادیدا دەخەبتێ، مرۆڤێکی شۆڕشگێڕە و ئەو کۆیلەیەیشی ئاگای لە کۆیلەیەتی خۆی نییە و ژیانێکی کۆیلانەی کەڕ و بێدەنگ دەژی، ئەو تەنێ کۆیلەیەکە، هەرچی ئەو کۆیلەیەشە، چەپڵە بۆ سەروەرانی لێدەدا و بۆیان دەگەشێتەوە و قایلە و دڵخۆشە بە کۆیلەیەتی خۆی و سەرسامە بە گەورە و سەروەرەکەی، ئەو کۆیلەیەکی خوێڕی و هیچوپووچ و سەرشۆڕە"[45]. ئەنتۆن چێخەڤ[46] دەڵێ: "مرۆڤ هەڵناکشێ و

---

[45] دوای دەستگیرکردنی شۆڕشگێڕی جیهانی چێ گیڤارا، لە دواحەشارگەیدا لە بۆلیڤیا، بە زمان لێدانی شوانێک، ڕێبەری ئەو دەستە سەربازییەی گرتیان لە شوانە هەژارەکە دەپرسێت: بۆچی زمانت لە پیاوێک دا، هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی داکۆکی لە ئێوە و مافەکانی ئێوەدا بەسەربرد؟ شوانەکە لە وەڵامدا دەڵێ: جەنگەکانی ئەم لەگەڵ سەربازاندا پەزەکانمی دەتۆقاند! زانا و بیرمەندی ئیسلامیی لبنانی موحەممەد ڕەشید ڕەزا (محمد رشید رضا) دەڵێ: "شۆڕشگێڕ لە پێناوی جڤاکێکی نەزاندا، کەسێکە، ئاگری بەرداوەتە لەشی خۆی، بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ کوێرێک ڕۆشن بکاتەوە".

[46] ئەنتۆن چێخەڤ (AntonTjechov/1860-1904)، بژیشک و گەورە چیرۆکنووس و شانۆیینووسی ڕووس، کە بە مەزنترین کورتەچیرۆکنووس دادەنرێت.

پێشناکەوێ تا ئەو کاتەی بە دەستەکانی خۆی، دەست لە ڕاستیی ئەو ژیانە پووچەی خۆی دەدات، کە دەژی".

تـــا چەکەرەکردنـــی هەســـتی خۆناســـین و خـــۆدۆزینەوە و تێگەیشـــتن لە کـــۆیلایەتی و لەو ڕەوشـــــە و لەوەی دیـــــن چ کـاریگەرییەکی نەئێنـی بەسـەر جڤـاک و مرۆڤـی ئیسـیووپیاییەوە هەیە و چۆن جوولەی لێبڕیون و لە بازنەی داخراوی نەریتگەراییـدا دەیـانخولێنێتەوە، ئاگـاییەکی زۆری گەرەکە و کـارێکی سـەختی دەوێ و لەپـێش هەر شتێکیشـدا، گۆڕینی ژیـان و بـاری ئـابووری مرۆڤەکـــانە و ڕزگاربوونیـــانە لە هەژاری[47]، بە هێنـــانەگۆڕێی سیسـتمێکی ژیـان و کـارگێڕی و بەڕێـوەبردن و دەوڵەتـداریی، کە ئازادی و داد و یەکسانی و نان و کار و ژیان و گەشەی ئابووری و خۆشـگوزەرانی، بـۆ هەمـوو خەڵـکە هەژارەکە مسـۆگەر بکـات. سیسـتمی ئـابووریی جیهـانیی زاڵ و باڵادەسـت، ئەمـڕۆ سیسـتمی سـەرمایەدارییە. ئەم سیسـتمە، لە دەسـتەبەرکردنی یەکسـانی و ئاسایشی جڤاکی و خۆشگوزەرانی و دابینکردنی خواسـتی هەمـوو مـرۆڤ، نەک تەنـێ چینێـک و توێژاڵێـک، دەسـتەپاچەیە و هـیچ چارەسـەرێکی بـۆ کێشـەکانی مـرۆڤ پـێ نیـیە، بـۆیە گەرەکە مرۆڤایەتی، زۆر بە جیددی، بیـر لەگـرتنەبەری ڕێگەیەکـی دیـکەی

[47] ئیمام عەلی دەڵێ: "لو کان الفقر رجلا لقتلته"، واتە: ئەگەر هەژاریی پیاوێک بـووایە، دەمکوژت. بریا وا بووایە و بە تاکە فیشەکێک لەبەین چووبا، خـۆ ئەگەر وابـووایە، ئێسـتا هەژاریـی لە جیهانـدا نەدەمـا و هەمـوو مرۆڤـی ئەم دنیـایە، تێـر و پۆشـتە و لەشسـاغ و خوێنـدوو و خۆشـگوزەران و دڵخۆش و بەختەوەر دەبوون، لێ مخابن وانییە!

ئابووری جیاواز بکاتەوە، ڕێگەیەک، لەسەر بنەمای دابەشکردنی یەکسانیی سامان و نەهێشتن یا کەمکردنەوە و تەسککردنەوەی بۆشایی نێوان نەدار و هەژاران و تێڕە و ترخەکردووانـدا، دامەزرابێت. ڕێگە و سیستمێک، هەرچی بەرهەم و وزە و داهاتی مرۆڤ و سروشتە، بیخاتە خزمەتی پێداویستییەکانی هەموو مرۆڤەوە، بۆ هێنانەگۆڕێی ڕەوش و واقیعێکی باشتر و ژیانێکی خۆشتر و بەختەوەرتر و ئاسانتر بۆ هەمووان، نەک وەک ئێستا، کە کەمینەیەکی یەکجار کەمی مرۆڤ، کە ڕێژەیان ناگاتە 1%ی مرۆڤ، سامانێکی یەکجار فرە و خەیاڵییان هەیە و بەردەوامیش لە زیادکردن و کەڵەکەبووندایە، لەکاتێکدا زۆرینەی مرۆڤ، دەستکورت و نەدار و تەنگدەستە و هەندێ جار خۆراکی ڕۆژێکی ژیانی یا تەنانەت ژەمەخۆراکێکیشی دەستناکەوێت. کێشەکانی مرۆڤایەتی لە نابەرابەری، هەژاری، بێکاری، ژینگە، وزە، کەمی خۆراک، برسییەتی، ملانێی سیاسی و جەنگی سەربازیی ماڵوێرانکەر، بە هۆی ناسەقامگیریی باری سیاسییەوە، کە میلیۆنان مرۆڤ، تووشی مەترسیی لەبەینچوون و هەڵاتن دەکەن و سەرباری ئەوانەش کارەساتە سروشتییەکان، کە ڕوودەدەن. تەواوی ئەو کێشە و کارەسات و نەگبەتییانەی تووشی مرۆڤایەتی دەبن، هەموو هەڕەشەن بۆ سەر مرۆڤایەتی و ژیان لەسەر ئەم زەوییە، کە پێویستیی کارکردن بە شێوەیەکی جیددی، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ڕاستینە، بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە، لەبەینچوون و داهاتوویەکی ترسناک و تاریک، وەک پێویستییەکی

هەنــووکەیی دێنێــتە پــێش. وەهــا ڕێگەچــارەیەک، تەنیــا بە سیســتمێکی سۆسیالیســتی و یەکسـانیخواز، کە بـوار و دەرفەت و هەل، بۆ هەموو مرۆڤێک، هەموو تاکێک، هەموو هاووڵاتێک، هەموو خەڵکەکە، دەستەبەر بکات، دێتە گۆڕێ و جڤاکێکی سەد میلیـۆنی مـرۆڤ، دەگەیەنێـتە ئـازادی و خۆشـگوزەرانی. وەهـا سیسـتمێکی سۆسیالیستی، نە تەنێ بۆ ئیسیووپیا، بەڵکە بۆ سـەرجەم جیهـان و تەواوی مرۆڤایەتی، تاکە ڕێگەیە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی مـرۆڤ و هێنـانەدی ئـازادی و عەدالەت و یەکسـانی و جڤـاکێکی نـاچینی و خۆشـگوزەران، دەنـا لیبرالیـزم و نـۆلیبرالیزم و بـازاڕی ئازاد و کەرتی تایبەت، هەرگیز جڤاکی خۆشگوزان بەرهەم ناهێنن.

## گوێزتنەوە و جادە و هاتووچۆ

لەنێو شاری ئەدیس ئەبابای پێتەختدا، بێجگە لە ئۆتۆبووسی[48] دەوڵەتی و تاکسی و مینیبووسی تاکسی ئاسا و توکتوک، شەمەندەفەری ژێرزەوی (Metro) بۆ هاتووچۆی گشتی هەیە. مێترۆی ئەدیس ئەبابا، لە دوو هێڵ پێکهاتووە و درێژیی هێڵەکان 17 کیلۆمیترن. مێترۆ، تەنێ لە بازێڕی ئەدیس ئەبابا هەیە و لەهیچ بازێڕێکی دیکەی ئیسیووپیا نییە. لە ئەدیس ئەبابا، ترام (Tram)یش هەیە , کە جۆرە شەمەندەفەرێکی گچکەیە و لە یەک دوو بەش پێکدێت و بەسەر هێڵی ئاسندا و بەسەر زەویدا دەڕوات. ئۆتۆبووسی دەوڵەتیی، لە ئەدیس ئەبابا و لە هەندێ بازێڕی

---

[48] وشەی ئۆتۆبووس و باس (Bus) لە زمانی لاتینی و ئینگلیزییەوە گەیشتوونەتە ئێمە، لێ لەکن کورد زۆرجاران حەرفی "ب" کراوە بە "پ"، باس" بووە بە "پاس" و بایسکڵ، بووە بە پاسکیل. یا بە پێچەوانەوە حەرفی"پ"ی نێو هەندێ وشە بووە بە"ب"، بەیکینگ پاوردەر (Baking Powder)، بووە بە پێکن پاودەر و تەبboولە، کە خوراکێکی لبنانی، سووریاییە، بووە بە تەپوولە. بۆ ئەوەی وشەکە بە هەڵە بەکارنەهێنین، من بۆخۆم وشەی ئۆتۆبووس و مینیبووسم بەکارهێناوە. لە زمانی فارسییشدا بەو جۆرە بەکاریان دەهێنن، دەنا ئەگەر بە پێوەرە کوردییەکە بێت، ئەوەی خەڵک بەکاری دەهێنن، دەبێ بڵێیت: ئۆتۆپاس و مینیپاس، کە دوو وشەی سەقەتن و هیچی دی.

دیکەش هەیە. ماشێنی تایبەتی کەسەکی، واتە: خەڵک خاوەنیان بێت، لە هەموو ئیسیووپیادا گەلێک کەمن و کەمتر لەسەر شەقامەکان دەبینرێن، تەنانەت تۆ، کە لە شارێکەوە دەچیت بۆ شارێکی دیکە، لەسەر ڕێگەی نێوان ئەو دوو شارە، ڕێژەیەکی یەکجار کەمی ماشێنی تایبەتی دەبینیت. ئەو ماشێنانەیشی دەبینرێن، گەلێک کۆنن. ئێستاش ماشێنی (لادا)ی ڕووسی، سالانی 1970 و 1980 و ئەو دەورانە بە سەر شەقامەکانی ئیسیووپیادا دەخولێنەوە. لە بازێڕەکانی دیکەی ئیسیووپیا، بێجگە لە ماشێن و توکتوک، گالیسکەی , کە وڵاخ ڕایدەکێشێت و وڵاخ بۆخۆی، بۆ گوازتنەوە، بەکار دەهێنرێن. کەر و هێستر و ئەسپ، نۆرەیەکی زۆر گەورە و گرنگ لە ژیانی خەڵکدا و بۆ بار و گوازتنەوە، دەبینن[49]. لەو جێیەی، کە ئۆتۆبووس و ئەو مینیبووس و ماشێنە نەفەرهەڵگرانەی لێ ڕادەوەستێ، خەڵک بۆ سواری ئەوانە بە ڕیز ڕادەوەستن و کەس پێش کەس ناکەوێت و کەی نۆرەیان هات، ئەودەمی بێ قڕە و هەرا و پاڵپاڵێن، سەردەکەون. ئیسیووپیا 681 کم هێڵی شەمەندەفەری هەیە و ئێستا کۆمپانیا چینی و تورکیاییەکان، خەریکی نۆژەنکردنەوەین و درێژی ئەو

[49] ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان، بە هۆی گۆڕانی ڕەوشی خەڵکەوە و بەهۆی ئابوورییەکەوە، کە لە هیچ خانەیەکی ئابووری جیهاندا جێی نابێتەوە، کەر، کە جاران هاوڕێی مرۆڤ بوو و مرۆڤ پێویستی پێبوو بۆ کار و بارهەڵگرتن و گەلێ پێویستیی دیکە بەکاری دەهێنا و ئەمڕۆ کاری پێی نەماوە و بەهۆی بێوەفایی مرۆڤەوە، بەرانبەر ئەو هاوڕێ دێرینەی، کەر، خەریکە دەبێتە ئاژەڵێکی کێوی و لە دەشت و دەران، بەڕەڵا و بێخاوەن و بێ سەرپەرشت، بۆخۆی دەخولێتەوە.

هـێڵە، دەگەیەنـنە 756کـم. لەو وڵاتەدا 58 فڕۆکەخـانەی لێـیە و گەورەترینیـان فڕۆکەخـانەی بـۆڵی (Bole)ی نێـودەوڵەتییە، کە لە شـاری ئەدیـس ئەبابـایە. هێڵـی هەوایـی ئیسـیووپیا (ETI) هێڵـی فـــڕۆکەی دەوڵەتیـــی ئیســـیووپیایە و یەکــێکە لە هـــێڵە مەزنە ئەفریقایی و جیهانییەکانیش، کە لەگەڵ زۆرینەی وەڵاتانی جیهانـدا پێوەنـــدی هەیە و هـــاتووچۆ دەکـــات. ئەو هـــێڵە تـــاکە هێڵـــی فڕۆکەوانیـــی ئیســـیووپیایە و تەنـــێ ئەوە لە مەیدانـــدایە. لە ڕووی خـزمەت و ڕێکـوپێکییەوە، یەکـێکە لە هـێڵە هەوایـیە باشـەکانی جیهان.

## لالیبێلا (Lalibela)

لالیبــێلا، بــاژێرێکە لە دەڤەری ئەمهــارای بــاکووری ئیســیووپیا و نزیکەی 2360م لە سەرووی زەریـاوە بەرزە و 645 کیلـۆمیتریش لە ژوورووی ئەدیس ئەباباوەیە. لە ئەدیس ئەباباوە بۆ شـاری لالیبـێلا (Lalibela) بە فــڕۆکە 45 خــولەکە. کە لە فــڕۆکەکەوە تەماشــای خـوارێ دەکەیـت، دەڤەرێکـی شـاخاوی و ڕەقەن و وشـکت، دێـتە بەرچـاو. ژمـارەی دانیشـتووانی لالیبـێلا نـزیکەی 20000 کەسـێک دەبن. ناوی لالیبـێلا، لە نـاوی شـایەکەوە هـاتووە، کە لە سـەدەی دوازدەیەمـدا شـای شـارەکە بـووە. شـاری لالیبـێلا وەک سروشـت، شارێکی جوانە، شـاخاوی و هەوراز و نشـێو و ڕێـگەی پێچـاوپێچی زۆری تێـدایە، لـێ لە ڕاسـتیدا تەنـێ نـاوی شـارە، دەنـا بـێجگە لە چەند هوتێلێکی نوێی چەند ئەسـتێرە، کە هەنـدێ سـەرمایەدار بـۆ پارەپەیداکردن دروستیان کردوون، هیچی دیـکەی لە شـار ناچێـت. ئەوەی کە گرنگییەکـی زۆری بەو شـارە داوە و پـایەیەکی پێـداوە،

ئەو کڵێسـانەیە، کە تـا ڕادەیەکـی زۆر سەرسـووڕهێنەرن. ئەوانە لەنێو و دەوروبەری شارەکەدا هەن و گەشتیاران سـەردانی دەکەن. ژمارەی ئەو کڵێسـانە یـازدە دانەن، لەنێـو گـرد و هەوراز و بەرد و ڕەقەنـــدا دروســـت کـــراون. هەر ئەو بەرد و ڕەقەنـــانە بـــڕاون و هەڵکۆڵراون و کراون بە بینا، بێ بەکارهێنانی خشت و چیمەنتـۆ و ئاسن و کەرەسەی دیکەی بینا، بڕاون و کونی گەورەیان لێ کـراوە و دراونەتە دەم یەکـدییەوە. لە نێـوان سـەدەی دەیەم و سـەدەی دوازدەیەمدا هەڵکەندراون و دروستکراون. بنمیچ و دیوارەکانیشـیان بە تابلۆی عیسـای پەیـامبەر و مەریەم و پیـاوانی دینـی مەسـیحی نەخشێنراون. مەزنترین کڵێسە لەو کڵێسانە، کە درێژییەکەی 30 م و بەرینـایی 25 و بڵندیشـی 10 میتـرە. کڵێسـەی سـانت جـۆرج (Church of St. George) یـا بە زمـانی ئەمهەریـک (بێتـا گیـورگیسBete Giyorgis)ە، کە لە کۆتـایی سـەدەی دوازدەیەم و سەرەتای سەدەی سێزدەیەمدا بە فەرمانی شـا لالیبـێلا (Lalibela)، کە گـوایە، هەم سـانت جـۆرج (George Saint)، کە لە سـەدەی سـێیەمی زایینـدا مـردووە و هەم خـودا، فەرمانیـان پێـداوە و نەخشەیان بۆ داناوە، ئەو کڵێسـەیە دروسـت بکـات. ئەو کڵێسـەیە لە شـێوەی خاچێکـدا، هەر لە بەرد و بەڕ و تـاوێر هەڵکەنـدراوە و هەڵکـۆڵراوە. یەکـێکە لە شـوێنەوارە مێژووییەکـانی جیهـان، کە لەلایەن یۆنیسکۆ (Unesco)[50]وە پارێزراوە. ئەو کڵێسانە زیارەتگەی

---

[50] ڕێکخراوی دەوڵەتانی یەکگرتوو بۆ پەروەردە و زانست و فەرهەنگ.

مەسیحییانی ئیسیووپیا و وڵاتانی دیکەشن، ئیدی ئەورووپایی و ئەمەریکایی و چینی و ژاپۆنی و... لەو دۆڵ و کۆڵان و باریکەڕێ و تەنگەبەرییانەی دەوروبەری ئەو کڵێسەی سانت جۆرجە، دەبینرێن.

هەر لەو نواڵ و تەنگەبەرییانەدا، کۆمەڵێ ژووری گچکە گچکە و ساکار و سادە و دوور لە هەموو شتێک، کە لەگەڵ ژیانی سەردەمدا بگونجێ دەبینرێن. دەرکەکانیان بە گونێیەک[51]، پارچەپەڕۆیەک یا تەنەکە و بەردێک داخراون. کە سەر بەو ژوورانەدا دەکەیت، لەبەر مۆمێکدا یا لە تاریکیدا چەند کەسێک دەبینرێن، خۆیان گرمۆڵە کردووە و بە هەندێک پەڕۆوپاتاڵ و شڕە خۆیان پێچاوەتەوە، ئەوانە پێیان دەڵێن مانک یا مونک (Monk). ئەوانە وەک دەروێش و سۆفی لای خۆمانن، لێ زۆر خەستتر[52]. مونک لە دینی بووداییشدا هەن. ئەوانە دەستبەرداری دونیا دەبن و تەنیا بۆ دین دەژین. کار ناکەن و بە دەرۆزە و کۆمەکی خەڵک دەژین و تەنێ خواردنی ڕۆژێک پەیدا دەکەن لە ماڵان، وەک ڕاتبەی فەقێی وڵاتی خۆمان، کە جاران باو بوو[53]. لەنێوان خۆیاندا

---

[51] گونێ: گونیە، گوێنوو، گوێنی، گەوون.

[52] زۆرێک لە دەروێش و سۆفی و شێخەکانی ئەم سەردەمەی لای خۆمان، گەلێ جار، لە خەڵکە ئاساییەکەی کۆمەڵ، تەماحکارتر و دنیاریکەرترن و هێندەی ئەوان عەوداڵی پارەوپووڵن و بیر لە چۆنیەتی خڕکردنەوەی دەکەنەوە، خەڵکە ئاساییەکە یا تەنانەت ئەوانەیشی کە یەکجار پاپەبەندی دین و ئایین نین، هێندەی لێنازانن و هێندە وێڵی ئەو باسە نین.

[53] جاران، کە مزگەوت و حوجرە و مەلا و فەقێ، لە کوردستانی خۆماندا، سیاسەتاوی نەکرابوون، ڕۆرەیەکی مەزنیان هەبوو لە ژیانی جڤاکیی خەڵکدا. لەنێو ئەو مزگەوتانەدا و لەکن مەلایانی زانا و

پێکەوە دەیخۆن. ئەوانە خودانی هیچ نین و وەدووی هـیچ شـتێکی ماددیدا وێـڵ نـین. مونکەکـانی لالیبـێلا 40 دانە دەبـن، زۆرینەیـان پیاون، لێ ژنیشیشیان تێـدان، ژن و پیاوەکـان لە ژووری جیـاوازدا دەژیـن و پـێکەوە نـاژین و لە ڕووی سێکسیشـەوە نزیکـی یەکـدی ناکەونەوە. ئەوانە مەسیحین، ژیانیان سادەیە و هەژارانە دەژین.

پڕانی دانیشتووانی لالیبێلا مەسیحین و چەند ماڵێکی کەمـی موسوڵمانیشی تێـدایە. لالیبـێلا، پـاش ئەکسـوم، بە دووەم شـاری پیـــرۆز لە ئیســـیووپیادا دادەنـــرێ و وەک ئۆرشـــەلیم (قـــودس) پایەیەکی دینی باڵای هەیە و تەنانەت جوولەکەش دەچنە سەردانی کڵێسەکانی ئەو شارە و من بۆ خـۆم لەوێ گەشـتیاری ئیسـرائیلیم دیتن، کە بۆ زیارەت هاتبوون.

---

ناودار، سەدان فەقێ لە حوجرەکاندا دەیانخوێند. ئەوانە بێجگە لە قورئان و حەدیس، دەیـان کتێبـی دیکەی فیقهی و شەرعی و ڕێزمانیان بە زمانی عەرەبی و ئەدەبییاتی فارسییان دەخوێند. فەقێ، لە کوردسـتاندا تـا ئیجـازەی مەلایەتییـان وەردەگـرت، دەسـووڕانەوە و لە کـن مەلایەک و مـزگەوت و حوجرەیەکەوە دەچوونە کن یەکێکی دیکە. لە مهاباداوە دەچوونە سلێمانی و لە هەولێرەوە دەچوونە ئـامەد و لە کەرکـووکەوە دەچـوونە ورمـێ و ئیـدی بە هەمـوو جێیەکـی کوردسـتاندا ئـازادانە دەسـووڕانەوە. فەقێیـان، خـاوەنی هـیچ نەبـوون و بە خێـر و کـۆمەکی خەڵـک دەژیـان. هەمـوو ئێوارەیەک فەقێیەک یا دووان، توورەکەیەکیـان هەڵـدەگرت و دەکەوتـنە نێـو ئـاوایی و مـاڵ بە مـاڵ دەگەڕان و لە دەرکەیان دەدا و بە دەنگێکی بیستراو و بڵند دەیانگوت: " ڕاتبەی فەقـێ، ڕەحمەتـی خواتان لێبێت". ڕاتبەی فەقێ، بە واتەی: بەشی فەقێ. ئیدی ماڵەکەش نانێ، خـۆراکێ، چێشـتێک، شتێکی لەو جۆرەیان بۆ دەهێنان و ئەوانیش بە سپاسـەوە وەریانـدەگرت. هەمـوو مـاڵان دەگەڕان و شتیان خڕدەکردەوە و دواتر دەگەڕانەوە مزگەوت و هەمـوو شـتەکانیان لەبەردەم هەموویانـدا دادەنـا و هەنـدێ جـاریش شـتەکانیان تـێکەڵ دەکـرد، کە بەوەیـان دەگـوت چێشـتی مجێـور. ئیـدی وێکـڕا دەیانخوارد و سپاسی خودایان دەکرد و خەمی سبەینێیان نەدەخوارد و دەیاندایە دەست خودا.

هەر ڕۆژی یەکەمم لەو شارە، کوڕێکی گەنجی 17 ساڵانم ناسی. ئەو و چەند گەنجێکی تر دەهاتن و لەبەردەم هوتێلەکەدا ڕادەوەستان، بۆ ئەوەی لەگەڵ گەشتیاراندا بسووڕێنەوە و شاریان پێشان بدەن و ببنە چاوساغیان، دیارە بەو کارەیان، چاوەڕوانی هەندێک پارە و کۆمەک بوون لە کابرای گەشتیار. سیراج ئەحمەد عەلی، ناوی ئەو کوڕە بوو، بوو بە ناسیاوم. ئەو خوێندکارێکی پۆلی دەیەم بوو، لەگەڵ پووری و منداڵی پوورەکەیدا، کە کچێکی گچکە بوو، لەیەک کوڵبەدا دەژیان. کوڵبەیەک، کە لە زەل و تەنەکە و قامیش و هەندێ بەرد و قوڕ دروستکرابوو و هەموو بەرینایی و ئەو جێگەیەی ئەو سێ مرۆڤەی تێدا دەژیان، دەیانخوارد، دەخەوتن، لە 5- 6 م$^2$ تێپەڕی نەدەکرد و هەموو ئەو شتە شڕانەیشی تێیدا بوون، بە پۆشاک و پێخەف و خۆراک و دەوری و قاپ و هەموو شتێکی دیکە بەسەریەکەوە، بایی پێنج دۆلار نەدەبوون. نە جێی خۆشۆردن و نە ئاودەستیشی تێدابوو و بۆ دەست بە ئاو گەیاندن، دەبێ ڕوو لە عەردێکی چۆڵەوانی بکەن، هەربۆیە لەنێو کۆڵان و پەنادیوار و سووچ و قوژبندا، گەلێ جار، پیسایی دەبینرێن و خەڵکیش دەبینرێن، کە پیسایی دەکەن. میزکردن، ئەوە هەر زۆر ئاساییە و لە گەلێ شوێن پیاو زیاتر و ژن کەمتر دەبینیت، دانیشتووە دەمیزێت و گوێ بە خەڵکیش نادات. سیراج، وەک دین موسوڵمان بوو، لە پۆلی دەیەم دەیخوێند. ئەو بۆ خۆی خەڵکی دێیەکی نزیکی لالیبێلا بوو، بە ناوی "شەگلا"، کە فرە لە لالیبێلاوە دوور نەبوو. باوک و دایک و

باپیر و داپیری و دوو خوشکی، لە گوندەکەی خۆیان لەیەک ماڵـدا دەژیان. سیراج، هەرچەندە هێشتا تەمەنی گچکە بـوو، لـێ وریـا و زیتەڵە و ڕووخۆش بوو و حەزی بە هاوڕێیەتی و کۆمەککردن بـوو و زانیاریشی لەمەڕ ژیانی شارەکەی خۆیان و جڤاکی ئەوێ هەبـوو. زۆرێک لە خێزانانی خەڵکی ئەو شارە لە یەک ژوور زیاتریـان نیـیە بۆ ژیان. کەمینەیەکـی یەکجـار کەم لەو شـارەدا، کارەبایـان هەیە. خەڵـک تەلەڤزیـۆن و ئینتەرنێـت و ئەو بەزمانەیـان نیـیە. سـیراج، جارجـار دەچێـتە مـاڵی برادەرێکـی، کە هەنـدێک ڕەوشـی ژیانیـان باشترە، لەوێ سـەیری تیڤـی دەکـات. سـیراج دەیگـوت: خوێنـدنی زانسـتگە، مفـتە و لە خەوگەی خوێنـدکاران[54]، خـواردن و جـێگەی خەوتن و کەمۆکەیەک پارە بۆ خوێندکاران، دابین دەکـرێن، لـێ بە قەرزە، دوای تەواوکردنـی خوێنـدن، کە خوێنـدکار دامەزرا و کـاری دەسـتکەوت، دەبـێ پـارەکە بـداتەوە. شـەقام و جادەکـانی نێـو لالیبێلا، هەموو ڕێگەی خاکییە و تەپوتۆز و خۆڵاویبـوون، شـتێکی ئاسـاییە لەوێ. ئـامرازی هـاتووچۆ بە زۆری توکتـوکە، چـونکە بە هاسانی دەگاتە هەموو جێگەیەک. سیراج، یەک دوو وشـەی زمـانی ئەمهەریکی فێر کردم، سەلام، واتە: سڵاو، سەلام، دیارە لە زمـانی عەرەبییشدا هەروایە، هەروەها وشەی: ئەمەسـگنالۆ، کە بە واتەی: سپاس، دێت.

---

[54] بەشی ناوخۆیی، داخیلی.

سەیروسەمەرەترین شتێک، لە بازێڕی لالیبێلا دیتبێتم، شەممەبازاڕەکەی ڕۆژی 16ی جەنیوەری 2016 بوو. دەشت و مەیدان و پانابیەکی کەمێک دوور لە نێوەندی شارەوە، هەزاران مرۆڤ هاتبوون بۆ ئەو بازاڕە. ئەو بازاڕە، داروبەرد و سەری هاروماری تێدا بوون. لە مامر و بزن و مانگا و کەرەوە تا دەگاتە دانەوێڵە و میوە و سەوزە و دەرمان و هێلکە و جل و شتی نێومالّ و بارەدار و چیلکە و تەنەکە و بزمار و پلاستیک و ئەوەی ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەکەڵکی شتێک بێت. بێجگە لە تێف و گەنم و جۆ، دەیان جۆرە گیایشیان دەفرۆشت. یەکێک لەو گیایانە "گەیشۆ" بوو، کە گیایەکە بۆ دروستکردنی بیرە، تێکەڵ بە جۆ دەکرێ. ئەو بازاڕە سبەینێ زوو دەست پێ دەکات و تا ئێوارەیەکی درەنگ بەردەوامە. بێجگە لە خەڵکی شارەکە، لە هەموو ئاواییەکانی دەوروبەری لالیبێلاشەوە خەڵک ڕووی تێدەکەن، ئیدی وەک فرۆشیار بێت یا کڕیار. ژنی وا هەیە بە دیار 4 هێلکەوە یا دوو کیلۆ پیازەوە یا یەک مریشکەوە و پیاوی وا هەیە بە دیار یەک بزنەوە یا شەش حەفت قوتووی بەتاڵەوە یا چەند پارچە پەڕۆ یا کەرێکەوە لە بەیانیی زووەوە تا کۆتایی بازاڕەکە، دادەنیشی و مەگەر بە دەگمەن، دەنا نە دەخوات و نە دەخواتەوە و جاری وایش هەیە، کە زۆرتر وایە، نە چوار هێلکەکە، نە پیازەکە، نە مامرەکە، نە بزنەکە، نە قوتووەکان و نە...هیچیان نافرۆشێت و لۆژەلۆژ بە خۆ و شتەکانییەوە، دەست لەگون درێژتر، دەگەڕێتەوە مالّێ و خۆی بۆ شەممەی دادێت، ئامادە

دەکات[55]. کڕیارەکانیش هەر بەو جۆرەن، ڕەنگە لە بەیانییەوە بێت بۆ ئەو بازاڕە، لێ ئێوارە بە دەستی بەتاڵ بڕواتەوە و هیچ نەکڕێ و ڕەنگە زیاتر بۆ کات بەسەربردن و بینینی شتومەک و خەڵک هاتبێتە ئەوێ. ئەوانەی فرۆشیارن لەسەر زەوی یا لەسەر پارچە پەڕۆیەک، چارۆکەیەک، سینییەک، دەفرێک شتەکانی یا شتەکەی خۆی دادەنێ، یا هەروا بە پێوە ڕادەوەستێ و ئەوەی پێیەتی ئیدی ئەگەر بچووک بێت، بۆ نموونە مریشکێ دووان، چەند دانە میوە و سەوزە، هەندێ هێلکە، شووشەیەکی بەتاڵ، ئیدی بوخچەیەک یا شتێکی لەو بابەتە، دەیخاتە سەرشان و بە داردەستەکەی دەیگرێ و چاوەڕوانی کڕیار دەکات. کابرایەک لەو شەممەبازاڕەدا دانیشتبوو، یەک حەمکە لەتەلاستێکی تایە (پێچکە)ی ئۆتۆمبیلی لە دەور خۆی خڕ کردبووەوە. خەڵک دەهاتنە کنی و ئەو لەو لاستیکانەی لە شێوەی پێ بۆ دەبڕین و دوو سێ کۆنی تێ دەکردن و پەتێک یا هەر لاستیکێکی لەو کۆنانە هەڵدەکێشا و خەڵکەکەش، لەپێیان دەکرد و پارەیەکیان دەدایە و دەڕۆیشتن. ئەو کەوشی دروستدەکرد، لەگەڵ هاوڕێ سەرداردا ناوی "کارگەی کەوشدروستکردن"مان لێنا. تەواوی ئەو شتانەی، فرۆشیارەکان دەیهێنن بۆ ئەو بازاڕە، بە کۆڵ، بە کەر یا

[55] هاوڕێم کاک ڕزگار شەوکەت بۆی گێڕامەوە، کە لە ناوچەی "باوەنوور"ی سەربە شارۆکەی کەلار، پیاوێک بە ناوی سالەی سۆسەن (سالْح سۆسەن) هەبووە، گەلێ جار لە باوەنوورەوە یەک دەسک زلْق (سلْق)ی گرتووەتە دەستەوە و بردوویەتی بۆ لادێیەک لای داری خلە بۆ ئەوەی بیفرۆشێت. داری خلە دەکەوێتە دەوروبەری ناوچەی شێخ تەویل، کە بۆ پیادەڕۆ لە باوەنوورەوە گەلێک دوورە.

**لە باشترین حاڵدا بە توکتوک هێنرابوون. لەو بازاڕەدا یا لەو دەشت و جێگەدا، هەرگیز ئاودەستێکی لێ نییە، ئەوانەی دێنە ئەوێ بۆ خۆخاڵیکردنەوە، ڕوودەکەنە ئەو عەردی خودایە و لە پەناوپێچێکدا و جاری وایش هەیە هەروا بەبەرچاوی هەموو ئەو خەڵکەوە دادەنیشن و خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە. بۆ ژن بڕێک سەختترە، لێ ژنم بینی، لەسەر زەوی و لەسەر چیچکان دانیشتبوو و کراسەکەی کردبووە پەرژین و پەردە بۆ خوارەوەی لەشی و کاری خۆی دەکرد، ئەڵبەت دوای ئەوەی، کە هەڵدەستایە سەرپێ، مرۆڤ دەیزانی، ئەو خۆی بەتاڵ کردووەتەوە، لێ ئەو، خۆی لە پاشەڕۆکەکەی گێل دەکرد و وەک ئەو نەبووبێ جێیدەهێشت[56]. بۆ نێرینە، کارەکەیان هاسانتر بوو و بێشەرمانەش**

---

[56] مستەفا بەگی کەریم بەگی جاف، کە یەکێک بوو لە میرانی جاف و ماڵی لە کەلار بوو، پیاوێک بە ناوی "جەلال" لە ماڵیاندا دەبێ، کاروباری نێوماڵ و بەردەستییان بۆ دەکات. جەلال بە زۆرخۆری و قەڵەوی بەناوبانگ دەبێ. ڕۆژێکیان جەلال لە دەوروبەری گوندەکانی قەرەبڵاخ و سیامەرۆ و بانئاسیاو بە ڕێیەکدا بە پێیان دەڕوات. لە دەشتێکدا، کە یاڵێکی لێوە نزیک دەبێ و شوانێک لە سەر یاڵەکە، پەزەکانی دەلەوەڕێنێت، تەنگاو دەبێ و دادەنیشی خۆی بەتاڵ بکاتەوە. کە تەواو دەبێ و هەڵدەستێتە سەر پێیان و وەڕێدەکەوێت، شوانەکە لەسەر یاڵەکەوە هاوار دەکات و دەقیرێنێت و دەڵێ: "هۆ هۆ لالەکە، هۆ مامەکە هۆ.."، کەس وەڵام ناداتەوە. دواتر هەمدیس بانگ دەکاتەوە: "هۆ هۆ لالەکە هۆ.."، جەلالیش سەیری ئەملاو ئەولای خۆی دەکات، کە کەسی تر نابینێت و تەماشای شوانەکە دەکات، تێدەگا، کە لەگەڵ ئەمیەتی. ئیدی ئەمیش وەڵامی دەداتەوە: "هۆ بەڵێ هۆ". شوانەکە دەڵێ: "ئەوە ساقۆکەت، خەرقەکەت، لەبیر چوو و لەو جێگەی دانیشتی، جێما"، تومەز جەلال هێندەی ڕووبەری تەشتێک، ساجێک، پیسی لەو جێگەیە جێهێشتووە، کە بۆ شوانەکە وەک پاڵتۆ و ساقۆ و ئەو شتانە هاتووەتە بەرچاو. جەلالیش ئیدی تێدەگا، شوانە مەبەستی چییە، دەڵێ: "قەیناکا، قەیناکا، هیچ نییە" و خۆی لێ کەڕ دەکات و بەڕێی خۆیدا هەنگاو هەڵدەگرێ و دەڕوات.

ئەنجامیان دەدا. ئیدی خۆخاوێنکردنەوە و بەکارهێنانی ئاو لەگۆڕێدا نەبوو! موسوڵمانەکانیان، ئەوانەی پێڕۆی دێنەکە دەکەن، یا هەموو ڕۆژەکە خۆیان دەگرن و خۆیان بەتاڵ ناکەنەوە یا ئاو لەگەڵ خۆیاندا دێنن و خۆیانی پێ خاوێن دەکەنەوە.

چیایەکی بڵند دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی لالیبێلاوە، پێی دەگوترێ ئاشتین (Ashten). گەلێک بەرزە. کلێسە و زیارەتگەیەکی بە سەرەوەیە و لەو بانەوە دەتوانرێ هەموو لالیبێلا، بە شاخ و لاپاڵ و دۆڵ و ماڵ و کۆڵان و ڕێگەکانییەوە ببینرێت. تا نیوەی کەژەکە بە توکتوک دەڕۆیت و لەوێوە بۆ بان چیایەکە گەرەکە بە پێیان یا بە وڵاخ (هێستر و کەر) بڕۆیت. ئێمە تا نیوەی ڕێگە بە توکتوک ڕۆیشتین. هاوڕێکانم بە کەژەکەدا هەڵزنان و منیش ئیدی لەو نیوەی ڕێگەیە دانیشتم و نەچوومە سەر کێوەکە، لەگەڵ کوڕێکدا، کە تکتی چوونەسەرەوە و زیارەتکردنی ئەو مەزارگەیەی دەفرۆشت و لەگەڵ ڕانەر[57]ی توکتوکەدا، کەوتینە قسەوباس. تکتفرۆشەکە، ناوی ئەلیلگن (Alelgn) بوو. ئەو هەم خوێندکار بوو لە خوێندنگەیەکی گەشتیاری و هەم کارمەندیش بوو لە فەرمانگەیەکی گەشتیاری. تا ڕادەیەک بەو پارەیەی دەستی

57 وشەی "ڕانەر"م بۆ ئەو کەسە بەکارهێناوە، کە ئۆتۆمۆبیل لێدەخوڕێ. لە گەرمیان دەڵێن: فڵانە کەس ئۆتۆمبیل دەڕانێ، ڕانینی ئۆتۆمبیل. لە فارسییدا دەگوترێ "راننده". کورد، وشەی "سایەق"یش بەکاردەهێنێت، سایەق لە "سائق"ی عەرەبییەوە هاتووە. وشەگەلی: " لێخوڕ" و " شۆفێر"یش بەکاردەهێنرێن. لەبری "ماشێنلێخوڕین" دەشێ بگوترێ "ماشێنئاژۆتن" و "ئاژۆتن" و "ماشێن داژوا، ماشێن دەئاژوا، ماشێنم ئاژۆت" و لەسەر ئەو پێوانەیەش دەتوانین بە لێخوڕ، ڕانەر، سایەق و شۆفێر بێژین "ئاژۆر"، واتە: ئەو کەسەی ماشێن داژوا.

دەکەوت دەیتوانی خۆی بژیێنێت و درێـژە بە خوێنـدنەکەی بـدات. ئەلــیلگن، دەیگــوت، مرۆڤــی بیــانی ئەگەر مــاوەی ســاڵێک لە ئیسیووپیا بمێنێتەوە و خۆی بە کارێکەوە خەریک بکـات، خەڵکـی گوند یا گەڕەک دەتوانن گەواهی بۆ بدەن، کە مرۆڤێکی باشـە و چ کێشەیەکی نییە و خۆی دەژێنێت و بەڵگەی بۆ بـکەن و بـۆی واژۆ بــکەن و بیــدەنە دەســەڵاتی دەڤەرەکە، ئەودەمــی ئیــدی، مــافی مانەوەی ئیسـیووپیای پـێ دەدەن و دەتوانێـت ببێـتە خەڵکـی ئەو وەڵاتە. خـۆ ئەگەر پــارە یــا پرۆژەیەکــی هەبێـت، ئەوا کــارەکەی ئاسانتر دەبێت. ئەو باسی کابرایەکی ئەڵمـانی بـۆ کـردم، کە وەک کاری خێرخوازیی، شانەی خـۆر، بـۆ چێکردنـی وزەی ئەلەکتریـک، دەهێنێــت بــۆ ئــاواییەکی ئەو دەوروبەرە و بەۆ هــۆیەوە خەڵــک خۆشیان گەرەکە و ئیدی داوایان لە دەسەڵاتی دەڤەر کردووە، ئەو پیاوە وەک هاووڵاتی ئیسـیووپیایی قەبـووڵ بکرێـت و دەسـەڵاتیش قەبووڵی کردووە.

دواشەومان لە لالیبێلا، لەگەڵ دوو کەسـدا، یەکێکیـان لەوانە بوو هوتێلەکەیـانی بەڕێـوە دەبـرد و ئەوی دیکەشـیان هـاوڕێی ئەو بــوو، لەســەربانی هــوتێلەکە، ڕاوەســتابووین و قســەمان دەکــرد. پرسیاری گەشتەکەمانیان دەکرد و چۆن گـوزەراوە و ئیسـیووپیا و لالیبێلا چۆن دەبینین و لەوانەشەوە هاتینە سەرباسـی خـۆرهەڵاتی ناوین و عیراق و کوردستان و سیاسەتی ڕۆژاوا و دەیان باسی تـر. لەبارەی کوردسـتانەوە زانیـارییەکی یەکجـار کەمیـان هەبـوو، بەڵام ئاگـاداری عیـراق و ڕێژیمـی سـەددام حوسـەین و سیاسـەتی ڕۆژاوا

بوون لەو ناوچەیەدا. بە گشتی سەددام حوسەینیان وەک قارەمان و کەسێکی دژەئەمەریکا و خۆراوا دەهاتە بەرچاو. من دەمزانی و دەزانم، لەنێو هەموو نەتەوە و گرۆ و ڕەگەزێکدا، بیری ڕەگەزپەرستی و ڕقبوونەوە لە ئەوی دی هەیە. دەشزانم سپیپێستانی ڕۆژاوایی زۆرێکیان تێدایە، خۆشیان لە ڕەشپێست و موسوڵمان و عەرەب و بەشێک لە بیانییان نایەت. ئەوەش دەزانم کەسێکی وەک مالکۆڵم ئێکس (Malcolm X)[58]، لە قۆناخێکی ژیانیدا، ڕقی لە سپیپێستان دەبووەوە و ئەوانی بە سەرچاوەی هەموو بەڵا و نەهامەتی وماڵوێرانییەک دەزانی. من لەو باوەڕەدا نەبووم، ڕەشپێستێک، ڕاشکاوانە و ڕوون و ئاشکرا بێژێت: "من ڕقم لە سپیپێستانە"[59]، ئەو ڕستەیەم، ئەو شەوە، لە یەکێک لەو

[58] مالکۆڵم ئێکس (Malcolm X)، داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و بانگخوازێکی ئیسلامی ئەمەریکایی لە ڕەچەڵەکی ئەفریقایی. لە نێوان 1925 – 1965دا ژیاوە و بە کوشتن کۆتایی بە ژیانی هێنراوە. داکۆکی لە ڕەشپێستان و مافەکانیانی دەکرد. لە 1946دا بە تۆمەتی دزی و پەلاماردان، زیندانی کرا و تا ساڵی 1952 لە زیندان مایەوە. لە زینداندا بوو بە هەوادار و ئەندامی بزاڤی نەتەوە یا ئوممەتی ئیسلام (Nation of Islam)، کە ڕێکخراوێکی ئیسلامی تایبەت بە ڕەشپێستان بوو و بڕوای بە بالایی و مەزنیی ڕەگەزی ڕەشی بەسەر سپیپێستاندا هەبوو و ڕقی لە ڕەگەزی سپی دەبووەوە. کە مالکۆڵم ئێکس لە زیندان ئازاد کرا، بوو بە یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو بزاڤە و پتر پەرەی بە بیری ڕقبوونەوە لە سپیپێستان دا. لە 1964دا ئیدی بە هۆی هەندێ ناکۆکی لەنێو ئەو بزاڤەدا، مالکۆڵم ئێکس، وازی لەو بزاڤە هێنا و بیروباوەڕی گۆڕا و لەو توندئاژۆییەوە بوو بە کەسێکی میانڕەوی ئارام و دژە ڕەگەزپەرستی تا لە 1965دا بە دەستی چەند کەسێکی ئەندامی بزاڤەکەی خۆی، کوژرا.

[59] لەنێو گەلێ نەتەوە و خەڵکدا، ڕەگەزپەرستییەکی شاراوە و نادیار هەیە، کە زۆرجاران، بە شێوەیەک خۆی دەردەخات و دەردەبڕدرێ، فرەجار بە لووتبەرزی و خۆبەزلزانیی و ترزلی و برێ جاریش هەروا لە ڕەوتار و قسە و بۆچووندا دەبینرێت. ئیسیووپیاییان، کە لە ڕووی ڕەنگی پێستەوە بڕێک لە ئەفریقاییانی خوارێی خۆیان، کاڵترن و مێژووی خۆیان، لە ئەفریقاییانی دیکە،

دوو پیاوەی قسەمان لەگەڵ دەکردن، ژنەفت و سپیپێستانی وەک "سەرچاوەی هەموو نەگبەتییەک" تەماشا دەکرد. ئەو پێیوابوو "ڕێژیمی هایلا سیلاسی ڕێژیمێکی باش بوو، ڕێژیمی کۆمۆنیستەکانی دوای ئەو باشتر بوو، لێ ئەم ڕێژیمەی ئێستای ئیسیووپیا خراپە و بە قازانجی خەڵک و وەڵات نییە".

ئێوارەی پێش ئەو ڕۆژەی لالیبێلا جێبهێڵین و بەرەو بەهردار وەڕێکەوین، سیراج پێی وتم، گەرەکە بەیانی زوو لە گەراژ ئامادەبین بۆ ئەوەی بتوانین فریای ئۆتۆبووسەکان بکەوین، دەنا ئیدی دەبێ بمێنینەوە بۆ ڕۆژی دواتر. سبەینێ زوو لەتەک هاوڕێ سەرداردا، لە خەو ڕابووین و بە توکتوکێک سەعات پێنجونیو خۆمان گەیاندە گەراژ. کە دیتم لەوێ سیراج چاوەڕوان بوو، بۆ ئەوەی هەم کۆمەکمان پێبکات و هەم دوعاخوازیمان لێ بکات. ئیدی خوداحافیزیم لێکرد و کۆڵێک دڵگران بووم بەوەی جێمهێشت

---

هەندێک پێ جیاوازە، بڕێک زیاتر لەوانی دی، شانازی بە مێژوو و ژیاریی خۆیانەوە دەکەن و تا ڕادەیەک، خۆ بە مەزنتر دەزانن و فشەیان بەوانی دی دێت. لەنێو کوردی خۆمانیشدا، بیری ڕەگەزپەرستی و هەڵاواردن هەیە. لە سوێد کوردێک هەبوو، بڕێک بە تەمەن بوو، هەرجارێک کەسێکی ڕەشپێستی دیتبا، پێی دەگوت: "شیر بخۆوە شیر، بۆوەی سپی ببیتەوە". گەلێ جار، کوردی لای خۆمان، کە باسی کچێکی جوان و لەبار دەکەن دەڵێن: "فڵانە کەس ئەوەندە ناسک و سپییە، هەر دەڵێی بەفرە، ئەوەندە چاوی کاڵە، هەر دەڵێی کووژەکەی شینە و ئەوندە پێست پەمەیی و ڕەنگ ئاڵە، هەر دەڵێی دانەی هەنارە"، ڕەنگە بەلای ئەمانەوە، کچان یا هەر مرۆڤی ئەسمەر و ڕەشتاڵە، ناشیرین بن! ئەگەر مرۆڤ "گۆران"ی شاعیر، "گۆران"ی مەزن، نەناسێت و نەزانێت چۆن دەهزری، ڕەنگە ئەم دێڕە شیعرەی ئەویشی: "قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ، ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ" بخستبایەتە سەبەتەی ئەو بیرکردنەوانەی سەرەوە.

**و سواری یەکێک لەو ئۆتۆبووسە زل و شەقوشڕ و کۆنانە بـووین و خۆمـان دایە دەسـت قەدەرەوە و لالیبێلامـان[60] جێهێشـت و بەرەو شاری بەهردار وەڕێکەوتین.**

[60] کۆمەڵێک وێنەی شاری لالیبێلا، کە لە گووگل (Google)ەوە وەرگیـراون. ئەگەر هەمـوو جارێـک کـرتە لەسـەر ڕەنـگە شـینەکەی بـنەوەی لاپەڕەکە بکەیـت، وێـنەی نوێـت دێـنە بەردەسـت. https://goo.gl/7vjfTS

## بەرەو بەهردار

تــۆ وەک گەشــتیار ئەگەر هەمــوو ڕێگەکــانی نێــو وڵاتێکــی بــۆی دەچیــت و دەتەوێ بیبینیــت و لێــی تێبگەیــت، بە فــڕۆکە ببڕیــت، گەلێک شتت لەدەسـت دەردەچـن. خەڵکەکـانی خـوارێی پلیکـانێی جڤاک نابینیت و نازانیت چۆن دەژین، چون ئەوان فڕۆکە، تەنێ لە وێنەی سەر کاغەز و تەلەڤزیۆن و بە ئاسمانەوە دەبینن[61] ! هێنـدە

[61] دوای هەڵهـاتنم لە عیـراق و کوردسـتان و مـاوەیەک مـانەوەم لە ئێـران، بە فڕۆکەیەکـی ئێرانـی بەناوی "کوردستان"، لەگەڵ "سوعاد"ی خێزانمدا، ڕۆژی 08-03-1981، لە تارانەوە هاتین بۆ شـام. وا ڕێککەوت عومەر دەبابە و عادیل مورادیش، کە دوو سەرکردەی یەکیەتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بوون، لەو فڕۆکەیەدا بوون. هەر بەڕێککەوتیش جێگەی دانیشتنی من کەوتە نێوان سوعاد و عـومەر دەبـابەوە. دەبـابە لای پەنـجەرەوە دانیشـت و سـوعاد لە پەڕەوە و منـیش لە ناوەنـد. کـاک عـومەر دەبابە گوتی: " ئەم فڕۆکە گەلێک گەورەیە، ئەمە جۆری بۆینگە، زۆر باش دەبوو، پیاو فڕۆکەیەکـی ئاوهای هەبایە بۆ کاری بازرگانیی بە کاری بهێنایە". من تەنێ بە پێکەنینێک وەڵامم دایەوە، چونکە هەرگیز نەمتوانیوە خەونی لەو جۆرەیش ببینم. پاشان کاک دەبـابە، باسـی ئەوەی بـۆ دەکـردم، کە ئێستا چرای ئیشارەتەکانی نێو فڕۆکەکە دەکوژێنەوە یا پـێ دەبـن و مـرۆڤ دەبـێ کەمەربەنـدەکەی ببەستێتەوە و دواتر خۆراک دەهێنن و ئیدی چی دەبێ و...منیش هەر سـەرم بـۆ دەلەقانـد و بەڵـێم بۆ دەکرد. کە دیتی هیچ ناڵێم و هەر گوێ دەگرم، گوتی: "خۆ تۆ حەتمەن پێشتر سەفەرت کردووە و دەزانی سەفەری فڕۆکە چۆنە!". گوتم: "ناوەڵڵا کاک عومەر هەرگیز سەفەری فڕۆکەم نەکـردووە و

قسەوباس و دەمەتەقە و تـێکەڵاوی خەڵـک نابیـت و لە وردەکـاری ژیانیان تێناگەیت! خاک و دەرودەشت و سروشت و ژینگە نابینیت و چێژ لەوانە وەرناگریـت! هەڵبژاردنـی ماشـێن لەلایەن ئـێمەوە بـۆ ئەو ڕێگەیە، پتر لەبەر ئەو هۆیانە بوو. ئۆتۆبووسەکە گەورە بوو و جێـی 40 — 50 کەسـێکی تێـدا دەبـووەوە. سـێ چـوار جـێگەیەک نەبێ، دەنا ئیدی هەمـووی پـڕ بووبـوونەوە. ئەوە هـیچ کە ڕێـگەی نێو لالیبێلا خاکی بـوو، ڕێـگەکەی لە لالیبـێلایش دەردەچـوو، هەر خـاکی و خـۆڵاوی و سـەخت و گەلـێ نـاخۆش بـوو. بە گشـتی وشـــکایی و ڕەقەن بـــوو و کەمتـــر ســـەوزایی و کشـــتوکاڵ و دار دەبینــران. هەر کە ســواربووین، ئیــدی بــۆنی پــیس و نــاخۆش، بڵاوبوویەوە و مرۆڤی ڕانەهـاتوو، هەناسـەی سـوار دەبـوو. دیسـان ئەوە نیشانەی پۆخڵی و خۆنەشۆردن و پیسی بوو.

خەڵکـی نێـرینەی لادێـی ئیسـیووپیایی بەگشـتی، هەمیشـە داردەســـتێک، تــێڵایەک، گاڕانێکیـــان بەســـەر شـــانەوەیە یـــا بە دەستەوەیە. بڕێک لە خەڵکی شارەکانیش ئەو خووەیان هەیە. ئەو داردەستە، هەر لە کۆنەوە وەک نەریت، بۆ خۆپاراستنە لە ئـاژەڵی دڕنـدە و بـۆ داکـۆکیکردنە لە خـۆ بەرانـبەر مرۆڤـی شـەڕەنگێز و شەڕفرۆش و بۆ هەڵگرتنی تـوورەکەیەکە، شـتێکی تێـدا بێـت، بەو سـەری دارەکەوە، کە لە سـەر شـانە و بـۆ بەکارهێنـانیەتی وەک

---

من فڕۆکەم هەر لە فیلم و وێنە و تەلەڤزیۆندا دیتـووە، ئەمە جـاری یەکەمـمە سـواری فـڕۆکە بـبم و فڕۆکە لە نزیکەوە ببینم، دیارە ئەویـش خـودا خێـری سـەددام حوسـەین بنووسـێ، دەنـا مـن ئەمەم نەدەدیت و سواری فڕۆکە نەدەبووم!".

گۆچـان لە هەوراز و نشـێودا و بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگییە لەکـاتی ڕۆیشتندا. ئەو داربەدەست و تێڵاهەڵگرانە، لە هەموو گونـد و شـار و دەشـــتایی و دۆڵ و کەژ و عەردێکـــی ئیســـووپیادا دەبینـــرێن، تەنانەت لەنێو بازێڕە گەورەکانی وەک ئەدیس ئەبابا و بەهرداریش، ســەدان لەوانە دەبینــرێن، تــاک تــاک و چەنــد دانە پــێکەوە، سەربازئاســـا، ملـــدەنێن و دەڕۆن. ئەوانە بــێجگە لەو تـــێڵایە، پۆشـاکێکی یەکجـار سـاکاریان لەبەردایە، کە تەنیـا پـارچەیەکی جاجم ئاسا، خاولی ئاسا یا هەر پەڕۆیەکە و لە نێوقەد و کەمەر و گەڵوگونیـــان پێچـــاوە و ئیـــدی لاقیـــان ڕووتە و پڕانیشـــیان بە پێخاوسی دەسـووڕێنەوە. تەواوی نەفەرەکـانی نێـو ئۆتووبووسـەکە لەوانە بوون. هەموو وێکڕا و بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد. کەس ڕێـگەی بەوی دی نەدەدا و هەرکەسـەو بـۆ خـۆی قسـەی دەکـرد. دانەیەک لەگەڵ یەکێکی دیکەدا، کە سێ کورسی لە پێشییەوە بوو و دانەیەک لەگەڵ یەکێکـــی دیـــکەدا، کە لە دەســـتی چەپـــی ماشـێنەکەوە دانیشـتبوو و پێـنج کورسـیان نێـوان بـوو، قسـەیان دەکرد و لەیەکدیش دەگەیشتن. کابرایەک لە دەستی ڕاستی منەوە لەو بەرەوە دانیشـتبوو و شـتێکی عەنتـیکەی لـوولکراوی لەبەینـی خۆی و مندا لەسەر عەردی ماشێنەکە دانابوو و منیش گەلێک پـێم سەیر بـوو و نەمـدەزانی چیـیە. ڕووم لە کـابرا کـرد و ئامـاژەم بـۆ شــتەکە کــرد و هەر بە کــوردی گــوتم ئەمە چیــیە و لە هەمــان کاتیشدا دەسـتم بـۆ شـتەکە بـرد، کە دەسـتم دایە، دیـتم پێسـتە، پێسـتی ئـاژەڵ، پێسـتی گـوێرەکە، ئەویـش پێکەنـی و بە ئامـاژە

تێیگەیاندم، کە بۆ خەوتن، بەخۆیدا دەدا، وەک پەتوو و لێفە و جاجم و ئەو شتانە. ماشێنەکە هەر بەینێ جارێ و تا ڕادەیەک زووزوو ڕادەوەستا. خەڵک دادەبەزین و خەڵکی نوێ سوار دەبوون. کە یەکێکی نوێ سوار دەبوو، چاوی گڕ دەدا بۆ جێگەیەکی بەتاڵ، کە جێی بەتاڵی دەستنەکەوتبا، لە جێیەک دادەنیشت و خۆی دەدا بەسەر کەسێکی دیکەدا و تەنگی پێهەڵدچنی تا جێی خۆی دەکردەوە و ئەو کارەشی بێ قسە و ڕاوێژ و پرس بەوانەی دانیشتوون، دەکرد، ئیدی پاڵیان بەیەکترەوە دەنا و چوار کەس لە جێگەی سێ کەس و سێ کەس لە جێگەی دوو کەسان، دادەنیشتن.

ئەو ئۆتۆبووسەی ئێمە لە لالیبێلاوە تا جێگەیەک دەچوو، کە "گاشەنە"ی پێ دەگوترا و ڕێگەکە ماوەی چوار سەعاتێکی خایاند. لە گاشەنەیش دەبوو دابەزین و ماشێن بگۆڕین و بە دانەیەکی دیکە بڕۆین بۆ بەهردار. گاشەنە، نیوەی ڕێگەی لالیبێلا — بەهردار بوو. لە گاشەنە نزیکەی دوو سەعاتێک ڕاوەستاین تا ماشێنمان بۆ بەهردار بۆ بوو. لەماوەی ئەو دوو سەعاتەدا، لە قاوەخانەیەکی سادە و ساکاری سەر ڕێگەکە دانیشتین و ئیدی قاوەمان خواردەوە و هەندێک خۆراک و میوەشمان خوارد. ئەوەی لەو قاوەخانەیەدا، کاری دەکرد، ئەو کاتەی ئێمەی لێبووین، کچێکی ئێسکسووکی، گورجوگۆڵی، ڕۆحسووکی، ڕووخۆشی 14–15 ساڵان بوو و خوێندکاری پۆلی هەشتەم بوو. دوای ئەو پشوو و

حەسانەوەیە، ئەوجا لەوێشەوە بۆ بەهردار ماشێنێکی دیکەمان گرت و بە سێ سەعاتێک، گەیشتینە بەهردار.

لەو ڕێگەیەی نێوان لالیبێلا و گاشەنە و گاشەنە و بەهرداریشدا، کە بەسەریەکەوە پتر لە حەوت سەعات دەبوو، هەر بەینێ جارێک لەپڕ زەلامێک بە خاچێکی هێندەی باڵای خۆی بەدەستەوە، ڕاوەستابوو و ئۆتۆبووسەکەش، کە دەگەیشتە ئەو، ڕادەوەستا. دەرگای ماشێن دەکرایەوە و کابرای خاچبەدەست خۆی دەکرد بە ژووردا و یەکدوو قسەی دەکرد و ئیدی سەرنشینانی نێو ئۆتۆبووسەکە، هەریەکەو لە جێی خۆی قیت دەبووە و دەستیان دەگەیاندە خاچەکە و ماچیان دەکرد و دەستی کابرایان ماچ دەکرد و لە باخەڵی خۆیشیان بڕێک پارەیان دەردەهێنا و دەیانخستە توورەکەیەکەوە، کە کابرای خاچهەڵگر، لە ملی کردبوو. ئەم دیاردەیە نەک جارێک بەڵکە دەیان جار لەو ماوەیەدا ڕوویدا. لە سواربوون و دابەزینی نەفەراندا و لە ئۆتۆبووسی دووەمدا، لە گاشەنەوە، کچێک سەرکەوت و هاتە لای چەپی منەوە، لای پەنجەرەوە دانیشت. ئەو کچە تا ئەو جێگەیەی دابەزی، هەموو ڕاوەستانی ماشێنەکە بۆ کابرایەکی خاچهەڵگر، خاچەکەی ڕادەمووسی و پارەیەکی دەخستە توورەکەی کابراوە. لە کچەم پرسی: بۆ ئەو پارەیە دەدەیت بەوانە، گوتی: ئەوانە قەشەن و کڵێسە دروستدەکەن و ئاوەدانیان دەکەنەوە و کۆمەکێکە بۆ ئەو کارەیان و خێرە. گوتم: کێ دەڵێ ئەوانە ئەو پارەیە بۆ خۆیان نابەن، کێ دەزانێ چی لێ دەکەن، کێ دەزانێ چەند خرچەکەنەوە،

کێ ئەو پارانەی وەریدەگرن دەژمێرێ بزانێ ڕاستە یا درۆ، کێ دەڵێ ئەوانە ساختەکار و درۆزن نین! ئەو دەیگوت، نەخێر وا نییە و من وا بیر ناکەمەوە. لە کار و ژیانیم پرسی، گوتی، کە بەیتاڵ (ڤیترینێر)ە و لە گاشەنە کار دەکات و دەچێتەوە بۆ ماڵی خۆیان. کە لە گوندێکی سەر ئەو ڕێگەیە بوو.

لە پێشی ئێمەوە لەنێو ماشێنەکەدا، کابرایەک بە جلە جاجم ئاساکەیەوە، کە نیوەی لەشی داپۆشیبوو و بە داردەستەکەیەوە، مۆبایلێکی بەدەستەوە بوو، هەر جار نا جارێک، زەنگێکی بۆ لێدەدرا، ئەویش کە وەڵامی دەدایەوە، پشتی مۆبایلەکەی نەک ئەو دیوەی ژمارەکانی لەسەرە، دەخستە سەر گوێ و قسەی دەکرد، ئیدی ناچار بوو، بقیرێنێت و دەنگی ئەوەیشی زەنگی بۆ لێدەدا، دەگەیشتە ئێمەش. سەیرەکە لەوەدا بوو، کە نەک یەک جار، بەڵکە هەموو جارێک زەنگی بۆ لێدەدرا، هەر بەو جۆرە وەڵامی دەدایەوە. بۆ هاوڕێ سەردار و من خوا دابووی، بابەتێکی خۆش بوو بۆ پێکەنین.

ئەو ڕێگە حەوت سەعاتییە، هەموو جۆرە خاک و هەوراز و دۆڵ و دەشتایی و ئاو و وشکاییەکی پێشانداین. بەرد و ڕەقەنێکی زۆر و هەندێ جێگەش خاکێکی جوان و لەبار بۆ کشتوکاڵ، لێ کەمترین کێڵگە و خەلە و سەوزایی و کشتوکاڵ دەبینران. پچڕپچڕ و لەهەندێ زەوی بەمبەر و ئەوبەری ڕێگەکەدا، کێڵگەی بچووک بچووکی قامیشەشەکر، قات، تێف یا هەندەک دانەوێڵە و سەوزە دەبینران، بەڵام ئەوە بۆ ئەو زەوییە پانوپۆڕ و خۆڵەسوورە، هیچ

نەبوو و من بۆ خۆم حەزم دەکرد، هەموو ئەو خاکە سەوزایی بووایە. نەبوونی سەوزایی و سوودوەرنەگرتن لەو سروشت و کەش و هەوا و ژینگە و خاک و ئاوە، من بۆ خۆم بە تەنبەڵی و تەوەزەلی وەرزێر و لادێی و دەشتەکیانم دەزانی. ئیدی پاش حەوت سەعاتێک لە لالیبێلاوە و پاش سێ سەعاتێک لە گاشەنەوە و پاش تێپەڕبوون بە سەر سەدان برکە ماڵ و تاکەماڵ و چاتۆڵ و گونددا، گەیشتینە بازێڕی بەهردار.

## بەهردار (Bahir Dar)

بەهـردار، بـاژێڕێکە لە دەڤەری ئەمهـارا لە بـاکووری ئیسـیووپیا و پێتەختی ئەو دەڤەرەیە. باژێڕەکە، دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی زەریـاچەی تانـا (Tana) و (نیلـی شـین Blue Nile)یـش دەکەوێـتە ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە. سەرچاوەی نیلـی شـین، لە ئیسـیووپیا و لە بەهردار و زەریاچەی تاناوە دەست پێ دەکات و دواتر لەتەک نیلی سپیدا تێکەڵ دەبێت و بە هەردوویانەوە ڕووباری نیل پێکدەهێنن، کە بەنێو خەرتووم و سـووداندا دەڕوات و دەگـاتە مسـر و زەریـای سپیی ناوەڕاست. بەهۆی زەریاچەی تانـا و نیلـی شـین و تـاڤگەی سەر نیلی شین، کە بەزمانی ئەمهاریک، تیس ئیسسـات (Tis Issat) یا (Tis Abay)ی پێ دەگوترێ و سروشت و دار و بـەهۆی درەختـی شارەکەوە، بـووە بە زیـارەتگەی گەشـتیاران. بەهـردار، 578کـم لە سـەرووی ئەدیـس ئەبابـاوەیە و بەرزایـی شـارەکەش لە ئاسـتی زەریاوە 1800 میترە. دانیشتووانی شارەکە نزیکەی 600000 مرۆڤ دەبـن. نـزیکەی 97% ی دانیشـتووانی شـارەکە زمـانی ئەمهاریـک،

زمانی زگماکیانه و 90% یشیان مەسیحی ئۆرتۆدۆکسن و 9%یان موسولْمانن و ئەو 1%کەیشی پرۆتستانتن. زانستگەی بەهردار، یەکێکە لە زانستگە گەورەکانی ئیسیووپیا، کە ژمارەیەکی زۆری خوێندکار تێیدا دەخوێنن. بەهردار وەک گەلێ شاری تری ئیسیووپیا، فرۆکەخانەی لێیە. هاتووچۆی نێو شار و بۆ دەوروبەری شار، بە تاکسی و مینیبووس و توکتوک و ئەو جۆرە شتانە دەکرێ. بۆ ئەوەی چێژ لە جوانی شارەکە و دیمەنەکانی ببینیت،

گەشتێکی نێو زەریاچەی تانا، خۆشترین کارێکە، دەبێ بیکەیت. ئەو گەشتە، بە کەمی دەکرێ و ئێمە بەلەمێکمان گرت، کە ماشینی بوو و بە بەنزین و مۆتۆر، کاری دەکرد، جلی خۆرزگارکردن لە خنکانی نێو ئاومان لەبەر کرد و سواری بەلەمەکە بووین. کابرای خاوەنی بەلەمەکە، کە دەیئاژۆ، باسی ئەو دیمەن و جێگە و شوێنانەیشی بۆ دەکردین، کە دەماندیتن و پێیاندا تێدەپەڕین. دەیان دوڕگەی گچکە و گەورە لەنێو ئەو زەریاچەیەدا دەبینران. دوڕگەکان سەرسەوز و بەرد و ڕەقەن بوون و پڕیش بوون لە قامیشەڵان، تاکە دوڕگەیەکیش نەبوو، کلێسەی تێدا نەبێت. کەنار زەریاچەکە و کەنار ئەو دوڕگانە، بەردی ڕەشی گڕکانی بوون، کە نیشانەی ئەوە بوون، لەو جێگەیەدا و زەمانێکی بەسەرچوو، گڕکان ڕوویداوە. لە چەندین جێگە لەنێو ئەو زەریاچەیەدا و لە سەر دوڕگە هەرەگچکەکان و لەنێو قامیشەڵان و

بەردەڵاندا، گەلە کەڵک (پەلیکان Pelican)[62]ی جوان و لەبەردڵان بە دەنووکە پان و درێژەکانیانەوە دەبینران. دوای نزیکەی زیاتر لە سەعاتێک گەڕان بەنێو تانادا، لە کەنارێک، کە خەڵکێکی زۆر خڕبووبوونەوە، ئێمەش ڕاوەستاین و لە بەلەمەکە هاتینە خوارێ و ڕوومانکردە نێو ئەو عەشاماتە. خەڵکێکی زۆر لەو جێگەیەدا گردبووبوونەوە و سەریان کردبوو بەیەکدا و ماسییان دەکڕی و دەفرۆشت. ئەوە جێگەی ماسیگرتن و فرۆشتن و کڕین بوو، چونکە تازە و هەرزان بوو و بە بەرچاوتەوە دەیانگرتن و پاکیان دەکردن و بۆ خۆت هەڵتدەبژارد. هەبوو یەک کیلۆ یا چەند کیلۆیەکی دەکڕی و هەشبوو چەندین کیلۆ و باری دەکڕی. من بۆخۆم هیچ جۆرە مەیلێکم بۆ ئەو باسە نەبوو، چونکە نە فرۆشیار و نە ماسیخۆر و کڕیاریش بووم، لێ هاوڕێکانم، هەم کڕیار و هەم ماسیخۆر بوون. یەک کیلۆ ماسی پاککراو لەو جێگەیەدا بە 24

---

[62] باڵندەیەکی گەورەی درێژی قورگ ئەستووری ئاوییە، بێجگە لە دەنووکی درێژ و پان، لەژێر بەشی خوارەوەی دەنووکیدا، پێستێکی کیسەئاسا شۆر بووەتەوە، کە وەک توورەکە بەکاری دەهێنێ بۆ ئەوەی ، کە ماسی دەگرێ لەوێدا هەڵیگرێ و وردەوردە ئاوەودیوی گەروو و گەدەی بکات و چێژ لە خواردنی وەرگرێ. بە فارسی "مرغ ماهیخوار" و بە عەرەبی "البجع"، بە کوردییش سەقاقوش، کە دیارە وشەکە لە بنەمادا تورکییە، یا سەقاکوژی پێ دەگوترێ و، ڕەنگە بە کوردییش، وشەی"ماسیخۆرە"، بۆ ئەو باڵندەیە بگونجێت. مامۆستا هەژاری موکریانی لە "هەنبانە بۆرینە"کەیدا وشەی کەڵک بۆ ئەو باڵندەیە بەکاردەهێنێت و ئاوها پێناسەی دەکات:"کەڵک، باڵدارێکی زەلامی ماسی خۆرە، قورتمێکی لە خوار دندووکی هەیە ماسی و ئاوی تێدا عەنبار دەکا"، لە "فەرهەنگی وێنەداری گیانداران"دا مامۆستا کەمال جەمال غەریب، بەمجۆرە پێناسەی ئەو باڵندەیە دەکات:"کەڵک، باڵندەیەکی ئاویی زۆر گەورەیە، توورەکەیەک والەژێر ملیدا ماسیی تێدا کۆدەکاتەوە".

بــڕڕی ئیســیووپی بــوو، کە دەیکــردە 12 کرۆنــی ســوێدی و 2 ,1 دۆلاری ئەمەریکــی. لەو قەراخ ئــاوە، هەشــت نــۆ دانە ژن، کە لە ئەژنــۆ بە خوارەوەیــان لەنێــو ئــاوەکەدا بــوو، بە جلــی شــڕ و بە چیچکانەوە دانیشتبوون و پەیتاپەیتا و بێ ڕاوەستان، مەکینەئاسا ماسییان پاک دەکرد، پوولەکەکانیــان لادەبــرد، زگیانیــان دەدڕی و خاوێنیان دەکردنەوە و دەیانکردنە نێو پەقرەج و دەفر و دەیاندانە دەســت ئەو زەلامــانەی لەو کەنــارە ڕاوەســتابوون. ئەو ژنــانە، ئەو کارەیان بۆ ئەو ماســیگر و ماسیفرۆشــانە دەکــرد. ژنەکــان کــارگەر بــوون و بە پــارەیەکی کەم ئەو کارەیــان دەکــرد و هەمــوو ڕۆژەکە ئەوەی دەستیاندەکەوت نەدەگەیشتە 5 ,1 دۆلار. تەنیــا ژنــیش ئەو کارەیان دەکــرد و پێــدەچوو، پیــاوان ئەو کــارە نەکەن. هاوڕێکــانم ماســــییان کـــڕی و ســـواری بەلەم بـــووینەوە و وردەوردە بەرەو کەنــارەکەی لێــوەی ســواربووبووین، ڕۆیشــتین و لەوێ لەنگەرمــان گرت و دابەزین. ئیدی باسی برسییەتی و خواردن هاتە گۆڕێ و لە چێشتخانەیەکی گەورە، کە باخچەیەکی گەورە و پانوپۆڕی هەبــوو، دابەزین و داوای خواردنمان کرد. هاوڕێکانم، ماســی بــرژاو و شــتی دیکەش، منیش هەنــدەک ســەوزە و مــاکەرۆنی و نــان و ئەو جــۆرە شتانە.

کەناری ئەو زەریاچەیە سەدان چێشــتخانە و مەیخــانەی لێــیە و چەنــدین هــوتێلی بڵنــد و مەزن و گرانبەهــای لێــیە، کە خەڵکــی ئەوروپایی و عەرەبستانی سعوودییە و دەوڵەمەندانی ئیســیووپیایی بۆ خۆیــان دروســتیان کــردووە. شــارەکە گەشــتیارییە و ئەو جــۆرە

پرۆژانەیش، پارەی باش و خێرا، دەدەنە خاوەنەکانیان. بە زۆری ئەوانەی ڕوودەکەنە ئەو چێشتخانە و هۆتێلانە، گەشتیاری ئەورووپایی و ئەمەریکایی و ئەوانەن. لەو جێگە و شوێنانەدا مامەڵەی جیاوازی بیانییان، ئەورووپاییان، بەتایبەت ڕەگەزی سپی و خزمەتکردنیان بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی تردا، گەلێک دیارە و گرنگییەکی تایبەتیان پێ دەدرێن، بەوەی خێراتر بە دەمیانەوە دەچن و پتر ڕێزیان دەگرن.

ڕۆژێکی بڕیاری چوونە سەر تاڤگەکانی سەر "نیلی شین"مان دا و دەبوو بە مینیبووس بڕۆین. دوای ڕێککەوتن لەگەڵ شۆفێرێکدا پێکهاتین و وەڕێکەوتین. لەو وەڵاتە هەرچی پێکهاتن و کڕین و فرۆشتنە، بە مامەڵەیە و هەرچۆنێکیش بیژمێری و لێکدانەوەی بۆ بکەیت، هەر تۆی کڕیار و نەفەر، زیانمەند و دۆڕاویت. فرۆشیار و خاوەن هوتێل و خاوەن چێشتخانە و شۆفێری تاکسی و مینیبووس و هەر یەکێ لەوانە بگرێ، ئەو نرخەی بە تۆی دەڵێ گەلێ زۆرترە لە نرخە ڕاستییەکەی خۆی و هەندێ جار، چوار پێنج ئەوەندە دەبێت و بە ئاشکراش جیاوازیی لەنێوان تۆی بیانی و ئەوانەی هاوولاتیی خۆیاندا دەکەن، بۆ تۆ هەوڵدەدات، زۆرترین پارەت لێ ببچڕێ و بۆ هاووەڵات و هاوزمانەکەی خۆی، پێنجیەکی ئەوەی تۆی لێ ناسێنێت. ئەو ڕێگەیەی بەرەو ئەو تاڤگەیە دەچوو، لە هوتێلەکەمانەوە گەلێک دوور نەبوو و هەر لە ناو شارەوە دەچیتە سەر ئەو ڕێگەیە و هەر یەکسەر لەوێشەوە، ڕێگەکە خاکییە، خۆڵاوییە، پڕە لە چاڵ و

قــــۆرت و بەردی زل. پیرەماشـــێن هێنـــدەت ڕادەوەشــێنێت و هەڵتــدەتەکێنێت، ئەگەر لەتە گۆلکێکیشــت خــواردبێ، هەرســـی دەکەیـت. ڕێـگەکە دەوروبەری سـەعاتێک یـا بڕێـک زیـاتر دەبێـت. لەوبەر و ئەمـبەری ئەو ڕێـگەیە، سـەدان ئـاوەدانی گچکەگچـکە و ماڵی تەنیاتەنیا و زنج و کوڵبەت بەرچاو دەکەون. سـەدان زەلامـی تێلا لە شـان، پێخـاوس، نیـوەڕووت دەبینیـت بەو قەراخ ڕێـگەیەدا دەڕۆن. ســـەوزایی و کشـــتوکاڵی کەم دەبینیـــت. بـــزن و مەڕ و کەروبار و چێڵ و گۆلک و مامرت بەرچاو دەکەون.

تایبەتمەندییەکی ئەو لادێیانەی ئەو وەڵاتە هەیـانە، لادێیەکـی گــرد و گەورە و هەمــوو مــاڵان نزیکــی یەکـدی، کە خوێنــدنگە و نەخۆشخانە و فرۆشگە و هەندێک خزمەتگوزاریی بۆ هەمووان تێـدا بێت، زۆر بەدەگمەن نەبێت، دەنا نابینییەوە. تەنیا ماڵ، بەمـبەر و بەوبەری جـــادەدا، وەک عەرەبـــانەی قەتـــار، یەک لە دوای یەک، ڕیزیـــان بەســـتووە. هەژاری لە هەموویـــان دەبـــارێ و ســـادەترین ئامرازی ژیان، پۆشاک، خـانوو، ئـاو و ئـاوەڕۆ، خـاوێنی، خـۆراک، ناومــاڵە لەنێــو ئەو خەڵــک و مــاڵانەدا نــابینرێن. هێنــدە منــداڵە دەرۆزەکەرت تــووش دەبـن و داوای پــارەت لــێ دەکەن، وەڕســت دەکەن. پاشان گەیشـتینە جـێگەیەک، پەرژینێـک، کە دەرگەیەکـی ئاسـنینی لێبـوو، ئەوە پرسـگەیەکە و لەوێـوە دەچیـیە ژووری بـۆ دەڤەری تاڤگەکە. ئیدی هاتینە خوارێ و لەوێش کابرایەک، کە لەو ســـەرجادە و وەک نـــوێنەری حوکـــوومەت ڕاوەســـتاوە، ســـەرت دەقەبڵێنێ و پارەیەکت لێ دەستێنێ، کە تـۆی بیـانی دە هێنـدەی

هاووەڵاتی ئیسیووپیایی دەبێ بدەیت. ئەو چەند هێندەیە بۆ بیانی و پارەی کەم بۆ خۆیان، لە تەواوی مۆزە و کڵێسە و کۆشک و هەرچی شوێنی گەشتیارییە، بەو جۆرەیە و بە ڕەسمی بڕاوەتەوە. ئێمە پارەی خۆمان دا، بە پێیان وەژوورکەوتین، چونکە ئیدی لەوێوە ماشێن ناڕوات و پیادە ڕێیە. هەر لەوێشەوە کەسێکت لێ پەیدا دەبێت، کە دەلیل و چاوساغتە و پێشت دەکەوێت و باسی هەموو شتێکت بۆ دەکات. لە بەرد و دار و مرۆڤ و درەخت و مەل و سروشتەوە تا ناو و مێژووی ئەو پرد و بەرد و کێو و شتانەی تووشت دەبن. دیارە وەک گرۆ و دەستەیەک دەتبەن، واتە: چەند کەسێک خرِدەکەنەوە و کەسێک دەبێتە چاوساغیان. ئەوەی چاوساغی ئێمە بوو، کوڕێکی گەنجی تەمەن لە بیستوپێنجساڵێک کەمتر بوو، لێ لەبلەبان و قسەزان و وریا بوو و هەردەتگوت زاری لە هەسان دراوە.

بێجگە لە سروشت و پرد و هەوراز و نشێو و لاپاڵ و گاشەبەرد و تاوێر و دۆڵی قووڵ و تـوولەڕێی باریک، ئەوەی لە هەموو شت زیاتر لەو ڕێگەی ڕۆیشتنەماندا، دەبینرا و هەستی پێ دەکرا، ڕووت و برسی و شڕۆڵ و مرۆڤی بێچارە، منداڵی شتفرۆش، شتی دەسکردی خۆیان، گوڵی لە پەڕۆ دروستکراو، کڵاو، دارسیگار، มوروو و زەنگیانە و وردەواڵە. ژنێک لەسەر ڕێگەکە دانیشتبوو نانی (ئینجێرا)ی بەبەرچاوتەوە دروست دەکرد، مێردەکەشی لەسەر بەردێک، پاڵی دابوو بە تاوێرێکەوە لەولای ژنەکەیەوە، بەخۆ و داردەستەکەیەوە دانیشتبوو و بێ ئەوەی هیچ

بکـات، بـێ ئەوەی جـووڵە بکـات، بـێ ئەوەی دەنگـی لێـوە بێـت، چاوی بڕیبووە ئەو ئاسمانە و هیچی دی. لەو وەڵاتە ژنـان گەلێـک لە پیاوان شەکەتتر و کاراترن، ئەوان پتر کار دەکەن و پیاوان پتر دادەنیشـــن و تەنـــبەڵانە دەیگـــوزەرێنن. ئەو ژنە، تەنـــێ وەک پێشاندانێک ئەو نانەی دەکرد، بۆ ئەوەی گەشـتیارەکان پـارەیەکی بدەنێ.

دوای پتر لە سـەعاتێک ڕۆیشـتن و بڕینـی ڕێـگەی سـەخت و پەڕیـنەوەی پـرد و بەرەوژوورکە و بەرەوخـوارکە، گەیشـتینە کـن تاڤگەکـان، کە لە تاڤگەییـدا نەمـاون و وەک بێچوەتـاڤگەیەکی لێهاتووە و هاتووەتە بیسـتیەکی جـاران و کەمتـر، ئەویـش بەهـۆی پرۆژەی بەنـداوی "ڕابـوون"ەوە. ئەو تاڤگەیـانەی، سـەر زەریـاچەی تانـا، کە جـاران زۆر و بەرفراوانتـر بـوونە، پێیـان دەگـوترێ ( Tis Abay)و وشەی ئابەی، بە زمانی ئەمهاریـک، بە واتەی: نیلـی شـین دێـت. پـاش مـاوەیەک مـانەوە لەوێ، کەوتیـنەوە ڕێ بەرەو کـن ماشێنەکەی هێنابووینی بۆ دەروازەی دەڤەری تاڤگەکە، لێ دەبـوو پێش گەیشـتنمان بە ماشـێنەکە لە ڕووبـارێکی گچـکە، کە دەڕژایە ئەو تاڤگەیەوە، بپەڕینەوە و بۆ ئەوەش سواری بەلەمێـک بـووین و پەڕینەوە. کوڕە چاوسـاغ و دەلیلەکەمـان، کە قسـەمان زۆر لەگەڵ یەکدیـدا دەکـرد و شـارەزا بـوو، لە وەڵامـی پرسـیارێکمدا لەمەڕ دەسـەڵاتەوە لە ئیسـیووپیا، کە ئەو بـۆ خـۆی لەگەڵـی نەبـوو و مەیلـــی بەلای بیـــری سۆسیالیســـتی و دەســـەڵاتی پێشـــتری ئیسیووپیادا هەبوو، کە حیزبێکی کۆمۆنیست فەرمـانڕەوا بووبـوو،

هێنـدە ورد و ژیـرانە گـوتی: "دەسـەڵات لە ئیسـیووپیا، بێگومـان سەربە ئەمەریکایە، ئەمـڕۆ چ وەڵاتێـک یـا دەسـەڵاتێک لە جیهانـدا دەتوانێت هەبێـت و درێـژە بە بـوونی خـۆی بـدات، ئەگەر سـەر بە ئەمەریکـــا نەبێـــت؟". لەکـــن ماشـــێنەکە، دوعاخوازیمـــان لە چاوســـاغەکەمان کـــرد و بە ڕێـــگە خـــاکییەکەدا، بەرەو بەهـــردار، وەڕێکەوتینەوە، لێ ئەمجارەیان دنیا تاریکی کردبوو، ئێمە بە ڕۆژ، بەرەو تاڤگەکە هاتین و کە تاریک داهات گەڕاینـەوە. ئەو تاکەمـاڵ و ئاوەدانییـــانەی بەرۆژ لەمـــبەر و ئەوبەری ڕێـــگەکە دەبینـــران و بەلایاندا تێپەڕین، لە سـەدان ماڵـدا دانەیەکیـان ڕووناکییەکی تێـدا نەدەبینـــران. نە چـــرایەک، نە مۆمێـــک، نە قەنـــیلەیەک، نە ڕۆشـنایییەک. تەنـانەت چـرای کارەبـای سـەر ڕێـگەش، کە نزیکـی بەهـرداریش بـووینەوە، نەبـوون. ئێـوارەیەکی درەنـگ، شـەکەت و بێهێز و وێران، گەیشتینەوە بەهردار.

لەو هوتێلەی لە بەهردار لێیبـووین، کـابرایەکی ئیسـیووپیایی تەمەن نزیکەی چل ساڵی لێبوو، کە پێشتریش لە ئەدیس ئەبابا و لە هوتێلەکەی ئێمەدا بوو. چەند دانە کەزێی درێژی هەبوو و بڕێک بەخۆیەوە بوو. ژنێکـی سپیپێسـتی، تەمەن سـەرووی شیسـتوپێنج ساڵی، لە هەردوو هوتێلەکە لەگەڵدا بوو، هـاوڕێ بـوون و پـێکەوە دەگەڕان. ئیدی بۆ ئێمە وەک ناسیاویان لێهاتبوو و قسە کەوتبووە نێوانمانەوە. کابرا دەیگوت: "ئەم ژنە خەڵکی ئەمەریکایە و شـووی بە من کردووە و ئەم مـاوەیەی لێـرەیە مـن بـۆ هەمـوو شـوێنێک و هەمـوو شـتێک لەگەڵیـدا دەبـم و دواتـر کە ڕۆیشـتەوە هەوڵـم بـۆ

دەدات بۆ ئەوەی من ببات بۆ ئەمەریکا، ئیدی بۆ خۆم دەچم بۆ ئەمەریکا". لەو جۆرە دیاردەیە، لە وڵاتانی ئەفریقادا گەلێک زۆرە. ژنانی سپیپێستی ئەمەریکایی، ئەوروپایی و ئەوسترالیایی و...بە تەمەن و بێ پیاو و تەنیا و خەمۆک و خودان پارە، بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانیان، ڕوودەکەنە وڵاتانی هەژاری وەک ئیسیووپیا و لەوێ زەبەلاحێکی گەنجی ئەسمەری پڕپەنگ و ڕەشتاڵەی پڕهێز و وزە و گەرم و سادە و سافیلکە و قسەخۆش و ئەهلی گاڵتەوگەپ و شۆخی و ڕابواردن، پەیدا دەکەن و هەموو مەسرەف و خەرجییەکی تا بۆ خۆیان لە ئیسیووپیا یا هەر وەڵاتێکی دیکەن، دابین دەکەن و ئەو گەنجەش بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەک، سوود لە پارەوپووڵ و گەشت و خۆراکی خۆش و بەدمەستی و هوتێل و سواریی فڕۆکە و لە پاڵیشیدا سێکسکردن لەگەڵ سپیپێستێکدا، هەرچەندە پیریش بێت و سەرباری هەموو ئەوانەش، بەڵێنی کۆچکردنی بۆ ئەمریکا، کەنەدا، ئەوروپا، ئەوستراليا و...، هەموو ئەوانە بۆ وی، وەک ژیانی ئەکتەر و نێو فیلمانی دێنە بەرچاو و خەونێکە ئارەزوو دەکات درێژە بکێشێت و نەبڕێتەوە. هەر لەو هوتێلە، پێچەوانەیەکی ئەو پیاوە ئیسیووپیاییەی هاوڕێی ژنە ئەمەریکییەکە، گەنجێکی مسری بوو بە هاوڕێمان و چەند سبەینانێک نانی سبەینانمان پێکەوە دەخوارد. ئەو ناوی عەلی بوو و لە کۆمپانیایەکی تەلیفۆنی مسری وەک شارەزا و بەرپرسی فرۆشتن و بازاڕکردن کاری دەکرد. گەنجێکی بەدین و موسوڵمان و ئەهلی مزگەوت بوو و گەلێک

قسەخۆش و ڕووخۆش و شارەزایش بوو و سەری لە سیاسەتیش دەردەچوو و ئاگای لەوەش هەبوو، کە لەجیهاندا چی ڕوو دەدات.

لە بەهەردار، مزگەوتێکی لێیە ناوی سەلام"سلام" یا سەلامەت"سلامة"ە و بێجگە لەو مزگەوتە، بە قسەی ئەو کەسەی سەرپەرشتی مزگەوتەکەی دەکرد، 10 دانە مزگەوتی دیکەیشی لێیە. ئەو پیاوەی سەرپەرشتیاری مزگەوتی سەلام یا سەلامە، باسی تەبایی و پێکەوەژیانی مەسیحی و موسوڵمانانی ئیسیووپیای بۆ دەکردین و دەیگوت، خەڵک هیچ جۆرە کێشەیەکی دینی لەگەڵ یەکدیدا نییە و ئازادانە پێڕۆی دینی خۆیان دەکەن. شەش حەوت پیاوی سوودانیمان لەو مزگەوتە بینین و لەگەڵیاندا کەوتینە قسەکردن. ئەوان باسی سوودانیان وەک وەڵاتێکی داخراو و دیکتاتۆر دەکرد و دنیایەک ڕقیان لە عومەر ئەلبەشیر"عمر البشیر"ی سەرۆککۆمارەکەی خۆیان بوو. لە سوودانەوە هاتبوون بۆوەی بچن بۆ ئەدیس ئەبابا و لەوێشەوە بۆ ئیسرائیل. وەک گۆڕینەوەی بیروڕا، لێم پرسین، مەگەر ئێوە عەرەب و موسوڵمان نین، چۆن دەچن بۆ ئیسرائیل؟ دەیانگوت: "عەرەب و ئیسلام چ نان و دادێکیان داوین! سەرۆکەکانمان، سەرۆکەکانی وەڵاتانی عەرەب، هەموویان بۆخۆیان نۆکەر و پیاوی ئیسرائیل و ئەمەریکان، ئێمە و گەل و خاک و وەڵاتەکانی خۆیانیان فرۆشتووە بەوان، بۆ ئێمەی بچووک و بێدەسەڵات و هەژار و چەوساوە، بۆ حەرام بێت لێمان، بۆ کار و پەنابەری و ژیان، بچین بۆ ئیسرائیل و بۆچی بۆ ئەوان حەرام نەبێت!". ئەوان دەیانگوت، لە ئیسرائیل

وەک پەنابەر وەردەگیرێن و کاریان پێ دەدەن و دواتر ئەمانیش خەڵکی دیکەی ماڵبات و کەسی خۆیان دەبەن بۆ ئیسرائیل. خەونی ژیانێکی ئاسوودە و باشتر و خۆشگوزەرانی، لەکن هەموو هەژار و چەوساوە و ستەمدیدەیەک، هەرچی چەمکی خاک و نەتەوە و وەڵات و نیشتمانە، ئەگەر بەتەواوی نەشسڕێتەوە، کاڵ و بێڕەنگ دەکاتەوە.

هەر لەو کاتەی لەگەڵ سوودانییەکاندا قسەمان دەکرد و لەنێو ئەو خەڵکانەی لە مزگەوتەکەدا بوون، کوڕێکی گەنج توورەکەیەکی پڕ گیا و گەڵایەکی سەوزی پێ بوو و دەیفرۆشت، منیش دوای پرسیار تێگەیشتم ئەوە قات یا چاتە[63]، وەک خۆیان دەڵێن. من هەرچەندە لە فیلم و وێنەدا قاتم دیتووە و دەمزانی دەیجوون، لێ هەرگیز بەڕاستی قاتم نەدیبوو و نەشمدەزانی تامی چۆنە. ئەو کوڕە گەنجە چنگێکی دامێ و گوتی تاقییکەوە و بە هەموویانەوە فێریان کردم، چۆنی بەکاربهێنم. منیش خستمە لایەکی دەمم و دەبوو وردەوردە بیمژی و ئاوەکەی قووتدەیت، بەڵام گەڵاکە نەکرۆژیت و نەخۆیت تا ئیدی ئاوەچۆڕ دەکات و تەنێ تڵپەکەی دەمێنێتەوە و ئەودەمی فڕێی دەدەیت و ئەو کارە

---

[63] قات یا چات (Kat, Khat Qat Quatt, Chat, Jaad, Kat)، ڕووەکێکە بەرزییەکەی لەنێوان 1 – 3م دەبێت و گەڵایەکی کەسکی 5 – 10 سەنتیمیتریی هەیە. لە نیوەدوڕگەی عەرەب و یەمەن و خۆرهەڵاتی ئەفریقا دەڕوێ. دەگوترێ، لە ئیسیووپیاوە گەیشتووەتە یەمەن. لە ساڵی 1973وە، قات، لەلایەن ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانییەوە (WHO) وەک ماددەیەکی بێهۆشکەر و بەنگ هاتووەتە ژماردن. لە کاتی بەکارهێناندا، ماوەی دوو سێ سەعاتێک هێز و وزە دەداتە مرۆڤ و لەش چالاک دەکات، لێ دواتر دەبێتە هۆی گێژبوون و لەشخاوبوونەوە.

دەوروبەری دوو سەعاتێکی پێدەچێت. بەرەبەرە ئەو قـاتە، دەبێـتە هــۆی بڕێــک گێژبــوون و ئــارامیی لەش، بــۆ ئەوانەی ناشــین و یەکەمجـــار بەکـــاری دەهێـــنن و بـــۆ ئەوانەیشـــی بەردەوام بەکاریدەهێنن، وەک ئەو خەڵکەی ئەوێ دەیانگوت، دەبێـتە هێـز و وزە. هەربــۆیە بەشــێکی زۆر لە خەڵــکە کــارگەرەکە و ئەوانەی لەشـیان بەکـاردەهێنن و کـاری قـورس و گـران و سـەخت دەکەن، بەردەوام پڕ دەمیان قاتە و هەرگیز لێیان نابڕێت. قات، لە هەمـوو جــێگە و شــوێن و شــار و شــارۆچکە و گونــدێکی ئیســیووپیا دەفرۆشـرێت. لە هەنـدێ جـێگە، فرۆشــگەی بچـووک و تــایبەت دەیفرۆشـێت و لەهەنـدێ شـوێنی دیـکەش، لە فرۆشـگەی میـوە و سەوزەفرۆشـیی و ئەوانەدا هەیە و لە هەنـدێ جـێگەیش لە کەنـار شەقامەکان هەرزەکار دانیشتوون و دەیفرۆشن.

بۆ گۆڕینی بلیتی فڕۆکەی نێـوان بەهـردار و ئەدیـس ئەبابـا، دەبـوو بچیــنە هێڵــی هەوایــی ئیســیووپیایی. لەوێـش ڕێـک وەک ڕیزگـرتن بـۆ وەدەسـتهێنانی سـیمکارتی تەلیفـۆن، کە لە ئەدیـس ئەبابا کڕیمان، دەبوو لێرەش بۆ چوونە لای کارمەندەکانی هێڵەکە، ڕیـز بگـرین و لەسـەر کورسـییەکان دانیشـین و ئیـدی هەڵسـان و دانیشـتن و کورسـیگۆڕین تـا نۆرەمـان هـات. تەنیـا جیـاوازییەکی نێـوان ئێـرە و ئەوەی سـیمکارتەکە، ئەوە بـوو، لێـرە کـابرایەکی چـاودێر و ڕێکـخەر بـۆ ڕیزگـرتنەکە و کورسـییەکان دانرابـوو و ئەو

**ئامـاژەی دەکـرد بـۆ ئەو کەسـەی نـۆرەیەتی[64]. ئـێمە هەر کە لە ئەدیس ئەبابا بووین و دواتر هاتینە لالیبـێلا و بەهـردار، بـاس هەر باسی جەژنی تـیمکەت (Timket) بـوو و باسـی ئەوەش دەکـرا، کە ڕۆژانـی 19 — 21ی جەنیـوەری گەورەتـرین ئاهەنـگ و فێسـتیڤاڵی ئـایینی لە بـاژێڕی گۆنـدەر (Gonder) دەکـرێ، بـۆیە ئـێمەش بە پێویستمان زانی، خۆمان بگەیەنینە گۆندەر و بەشداری ئەو کەیـف و خۆشییە بکەین. ئیدی بڕیارمان دا بچین بۆ گۆندەر.**

---

[64] لە سوێد و ئەوروپا و پێموابێ گەلێ لە وەڵاتـانی جیهـانی سـەرمایەداری و ڕۆژاوایـی، سیسـتمی ڕیزگرتن و نۆرە، لە گەلێ جێگە و بواردا هەیە. لە سوێد، ئامێرێکیان داناوە، ژمـارەی یەک لە دووی یەکی تێدایە، تۆ کە وەژوور دەکەویت، ژمارەیەک ڕادەکێشیت و ئەوەی دوای تۆ دێت، ژمـارەکەی لە دوای تۆوەیە. ئیدی لە جێگەیەکەوە ژمارە لێدەدرێ، هەم دەنگی دێت و دەگوترێ ژمـارە ئەوەنـدە و هەمـیش بە چـاو دەبینرێـت و ئامـاژەش بەو شـوێنە دەکـات، کە تـۆ دەبـێ بچیـتە لای، بـۆ نمـوونە دەلاقەی ژمارە 7 یـا 13 یـا هەر ژمـارەیەکی دیـکە، کە نـۆرەت هـات، دەچیـتە کـن ئەو دەلاقەیە و کارەکەت جێبەجێ دەکرێت. ئیدی نە دەڵەکدان و نە نۆرەبڕکێی بەرپرس و دەسـەڵاتدار و لەمـیش و مشـەخۆرانی سـەر خـوانی دەسـەڵات، وەک لە کوردسـتان ڕۆژانە دەبینرێـت و نە هـیچ، بەڵـکە هەرکەسەو نـۆرەی خـۆی، خـودای دەکـرد، وەزیـر و گزیـر و کـوڕ یـا کچـی سـەرۆکی حوکـوومەت و وەڵاتیش دەبوو.

## گـۆنـدەر (Gonder)

لە بەهـردارەوە بـۆ گۆنـدەر، نـزیکەی 3 سـەعاتێکە بە مینیبـووس. لەنێو ئەو جۆرە مینیبووس و ماشێنە گەلێر و گشتییانەدا، شتی و سەیروسەمەرە و خەڵکی خۆش و ڕووداوی نـاوازەت تـووش دەبـن، کە هیچ کتێب و تیۆرییەک نایانگرێتەوە و جێیان تێیاندا نـابێتەوە. جـادەکەی نێـوان بەهـردار و گۆنـدەر بە سـەر شـاخ و بەرزەخاکـدا دەڕوات. ئەمدیو و ئەودیوی ڕێگەکە دەشـتێکی پـانوپۆڕ و لەگەڵـێ جـێگە سـەوزایی و کشـتوکاڵ و کێڵگـە چێنرابـوون، لـێ بەبەراورد لەتەک ئەو دەشـتاییە زۆرەدا، سـەوزایی کەم بـوو. گەلێـک لەو سەوزاییانە چات یـا قاتیـان لـێ دەچێنـرێن و لە هەنـدێ شـوێنیش گەنم و جـۆ و تێـف، دەچێنـرێن. ئـاژەڵی وەک مانگـا و بـزن، بە زۆری دەبینرێن، لێ مەڕ کەمتر. ڕێگەی نێـوان بەهـردار و گۆنـدەر، بە دۆڵ و هەورازی گەلێ زۆردا تێـدەپەڕێ و چیـا و گـردی بڵنـد و جــوان و ســەیر لەو ڕێــگەیەدا دەبینــرێن. لە ڕێــگە جــارێکی ماشێنەکەمان لەلایەن پۆلیسـەوە ڕاگیـرا، ئەویـش زۆر بە ئـارامی و

بێدەنگی و لەسەرەخۆ لە یاریدەری ئاژۆرەکەیان پرسی، ئایا چەک لەو ماشێنەدا هەیە. یاریدەری ئاژۆریش بە نەخێر، وەڵامی دانەوە و ئەوانیش بێ قڕە و هەرا و هیچ جۆرە خۆدەرخستنێک، بەو نەخێرە قایل بوون و فەرموویان لێ کردین بۆ ڕۆیشتن.

گۆندەر، دەکەوێتە دەڤەری ئەمهارای باکووری ئیسیووپیا و لە گەورەییدا بە چوارەم باژێڕی ئیسیووپیا دەژمێردرێت. دانیشتووانی نزیکەی 250000 کەسێک دەبن. شارەکە بە هونەری نازککاری و شتی دەستکرد بەناوبانگە. فڕۆکەخانەیشی تێدایە. گۆندەر لە ساڵی 1635دا دروستکراوە و تا ساڵی 1855 پێتەختی ئیسیووپیا بووە و لە ساڵانی 1600دا، بە 60000 دانیشووانییەوە، یەکێک بووە لە باژێڕە مەزنەکانی جیهان. ئێستاش گەلێک کەلاوەی کڵێسە و کۆشک و قەڵای ئەو سەردەمی مەزنایەتییەی ماون. گۆندەر، بە یەکێک لە باژێڕە دینییەکانی ئیسیووپیا دەژمێردرێ، شوێنەواری 44 کڵێسەی تێدایە و لەسەردەمێکیشدا زێدی زۆرینەی جوولەکەکانی ئیسیووپیا بووە.

ئێمە دوو شەوان لە گۆندەر ماینەوە و لە هوتێلێکی پیسوپۆخڵی هەژارانە خەوتین، کە تەنێ خەڵکی گوندی و دەشتەکی خۆیانی تێدەهاتن. هاوڕێ سەردار لە ژوورێک و من لە ژوورێک خەوتین. کابرای خاوەنی، کە ژوورەکەت دەداتێ، بە مەرجی ژووری پاک و خاوێن و حەمامی باش و ئاوی گەرمی بەردەوام و ئینتەرنێت و هەموو ئەو جۆرە شتانە دەتداتێ، لێ هیچ یەکێک لەوانەی تێدا نییە و بۆ کرێیەکەیشی، لەبەر ئەوەی تۆ بە

سپیپێست و بیانی و مستەر دەژمێرێت، دەهێندەی میوانێکی خۆیانیت لێ دەستێنێت. ژوورەکە پڕ بوو لە کێچ و ئەسپێ و تابڵێی سارد بوو. حەمامەکە ئاوی گەرمی تێدا نەبوو و نەتدەتوانی خۆت بشۆیت. ئاودەستەکە، کاری نەدەکرد و ئاوەکەی نەدەڕۆیشت و نەدەکرا خۆت خاوێن بکەیتەوە. ژوورەکە و حەمامەکە پڕبوون لە سیسەرک (سیسرک) و شووشەی شکاو. جووتێ سەرپێی عەنتیکە دانرابوون بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنین، کە دیتمن سەیر دەکەم هەر تاکێکیان ڕەنگێکە، یەکێک زەردێکی حەڵوایی و ئەوی دیکەیان قاوەیی ڕەنگ و ژمارەکەشیان جیاواز دانەیەکیان 40 و دانەیەکیان 45 بوو. لە کابرای خاوەن هوتێلم پرسی، بۆ ئەو سەرپاییانە بەو جۆرەن؟!، گوتی: "ئەوە مۆدە، ئەوە هونەر و داهێنانە"، گوتم، کوڕە داهێنان و هونەری چی! دواتر کە ڕەوشی هوتێلەکە و ئەو خەڵکانەم بینی، تێیدا میوان بوون، تێگەیشتم هونەرەکە لەبەر ئەوەیە ئەو سەرپێیانە نەدزرێن! ئەو دوو بەیانییەی لەخەو هەڵدەستاین و شەوان کە درەنگانێ دەهاتینەوە هوتێل، دەیان مرۆڤم دەدی، لەبەر دەرگا و ڕاڕەو و هەیوانی هوتێلەکەدا خەوتوون، بێگومان ئەوانە دەشتەکی و خەڵکی هەژار و بێ پارە بوون و لەو پەنا و پەسارەدا بە پەتووی خۆیان یا بە هی هوتێل، بە پارەیەکەی هەرزان جێکرابوونەوە.

ئەو دوو ڕۆژ و دوو شەوەی لە گۆندەر بووین، گەورەترین فێستیڤاڵی دینیی ئیسیووپیاییمان بینی. ئێمە ڕۆژانی 19 — 21ی جەنیوەری لەوێ بووین، کە سێ ڕۆژی ئەو جەژنە بوو، خەڵک لە

هەموو شارەکانی دیکەی وڵاتەوە بۆی هـاتبوون، ڕەنـگە درۆ نەبـێ ئەگەر بێـژم دوو هێنـدەی خەڵکـی شـارەکە، لە شـوێنی دیـکەوە ڕوویان لە گۆندەر کردبوو. نە هوتێل، نە چێشتخانە، نە قاوەخانە، نە تاکسی و نە توکتوک بەر دەکەوتن، هەرا و زەنا و شـایلۆغانێک بـوو، هەر مەپرسـە. ئەو خەڵـکەی هـاتبوون، هەرکەسـەو جـل و پۆشـاکی دەڤەری خـۆی پۆشـیبوو. لە نێوەنـدی شـار، کۆشـک و مەیدانێکی فراوانـی لێـیە، پێـی دەڵـێن فاسـیلیدەز (Fasilides)، کە دەگەڕێـتەوە بـۆ ئیمپراتۆرێـک بەو نـاوەوە، کە سـاڵانی 1603 — 1667 ئیمپراتـۆری وەڵات بـووە. ئەو مەیـدانەی شـار، دەبێـتە جێگەیەک، بۆ خڕبوونەوەی هەزاران مـرۆڤ، مۆسـیقالێدان، بەزم و سـەما و شـادی و گـۆرانی چـڕین. کچـان، کـوڕان، لاوان زۆڕنـا دەژەنـن، هەڵـدەپەڕن، هەمـوو یـا زۆریـنە، خوێنـدکاران، لاوان و ئەوانە جلەکانیان وێنەی خـاچی لەسـەرە و دەستەدەسـتە پـێکەوە دەڕۆن. شارێکی شاخاوییە، درەنگ خـۆر هەڵـدێ و زوو خـۆر ئـاوا دەبـێ. لەو بـۆنەی تـیمکەتەدا، وەک نەریـت، کـوڕان چەنـد دانە لیمـۆترش (Lime)، دەخەنە باخەڵیـان و وەنێـو ئەو عەشـاماتەی دەکەون. لەنێو ئەو خەڵکەدا، ئەگەر کچێکیان بە دڵ بێت و حەزی لێبکەن، لیمۆیەکی تێـدەگرن، دەیگـرنە سـەر سـینگی، ئەگەر کـچە لیمـۆکەی گـرتەوە و قایـل بـوو بەو کـارە، ئەوە هێمـایەکە بەوەی کـچەش حەز لە کـوڕە دەکـات و ئەودەمـی ئیتـر کـوڕە دەتوانێـت لەگەڵ کچەکەدا بـدوێ و ڕێکـکەون لەسـەر ئەوەیشـی، کەسـوکاری خۆی بنێرێتە خوازبێنی، لە مـاڵی بـاوک و دایـک و کەسـی کـچە و

دواتر بە تەواوی ڕێککەون و ببنە ژن و مێرد. ئەگەر کچە لیمۆکەی نەگرتەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کوڕەی نەگەرەکە و بە دڵی نییە. ئەوجا کوڕە دەتوانێت، هەمان تاقیکردنەوە لەگەڵ کچێکی دیکەدا بکات.

گۆندەریش مانەندی هەموو شار و جێیەکی دیکەی ئیسیووپیا، هەژارییەکی بێتامی تێدا وەدی دەکرا. خەمی نان و برسییەتی و پێخاوسی و نیوەڕووتی و کەمجلی لەنێو خەڵکەکەدا زەق دەردەکەوت. لە گۆندەر نانی گەنمم لە شێوەی سەمموون (صمون)دا بینی، کە لە شارەکانی دیکە نەمدیبوو. عارەبانەی، کە ئەسپ ڕایدەکێشێ لە نێو شاردا هاتوچۆیان دەکرد و بۆ سواری و بار بەکار دەهێنران. کچان، ڕێک وەک کوڕان و گەلێک ئازادانە و چالاکانە، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا: چێشتخانە، قاوەخانە، فرۆشیاری، کەوش بۆیەکردن و زۆری دیکەش، کاریان دەکرد. بە بۆنەی تیمکەتەوە لە گۆندەر، پۆلیس و سەرباز لەنێو شەقامەکاندا هەبوون، بەڵام ئارام بوون و فشوفاشیان بەسەر خەڵکدا نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەیشی ئەو خەڵکە یەکجار زۆرە هاتبوونە ئەو شارە، هێشتاش پێوە دیار نەبوو، چونکە هەموو ئارامییان دەپاراست و سنووری خۆیانیان دەزانی.

مەسیحییانی ئیسیوپیایی، دار و بەرد و دیوار و کڵێسە و خاچ و هەموو نیشانە دینییەکانی مەسیحییەت ماچ دەکەن و کڕنۆشی بۆ دەبەن. خاچ لە مەسیحییەتدا لە هەموو شوێنک، لە هەموو بۆنەیەکدا هەیە. لەسەر کڵێسەکان، لەنێو ئالای

دەوڵەتەکان، لەسەر پۆشاک و لەش و وەک ملوانکە بە گەردنەوە، لە خوێندنگە و نەخۆشخانە و ماڵاندا هەیە. هەموو مەسیحییەک ڕۆژانە، دەیان جار بە دەستی هێمای خاچەکە لەسەر سنگی خۆی دەنوێنێت. لەو هەموو هەرا و بەزمەی ئەو ماچکردنی خاچەدا، ئەم بیرەم بە خەیاڵدا هات: "خاچ ئەو دارەیە، عیسای مەسیح، پەیامبەری مەسیحییانی جیهانی پێدا هەڵواسراوە، واتە: ئامێری کوشتنی عیسایە، ماچکردنی خاچ وەک ئەوە وایە: موسوڵمانان بە شیعە و سوننەیانەوە، شمشێرەکەی شەمری کوڕی زیلجەوشەن (شمر بن ذي الجوشن)، کە ئیمام حوسەینی پێ شەهید کرا، یا شمشێرەکەی عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلجەم (عبدالرحمن بن ملجم)، کە ئیمام عەلی پێ شەهید کرا، یا شمشێرەکەی ئەبالوئلوئەی فەیرووز (ابا لؤلؤة فيروز)، کە عومەری کوڕی خەتتابی پێ شەهید کرا، ماچ بکەن، یا وەک ئەوە وایە، شۆڕشگێڕانی جیهان، تفەنگەکەی، کە چێ گیڤارای پێ شەهید کرا ماچ بکەن!".

ئێمە بەو کۆڵان و شەقامانەدا دەگەڕاین و پیاسەمان دەکرد، سەرمان لە کۆڵانێکەوە دەرچوو، کە ڕیزێکی زیاتر لە 40 — 50 م، پتر لە 50 دەرۆزەکەر، دانیشبوون و گەداییان دەکرد، ڕەنگە بتوانین ناوی کۆڵانی دەرۆزەکەران لەو کۆڵانە بنێین. ڕێمان کەوتە حەوشەیەک، سەدان کەسی لێ دانیشتبوون و مەنجەڵی گەورە و تەشتی خۆراک دانرابوون و ئەو خەڵکەش دەچوون خۆراکی خۆیان

**به بۆنەی جەژنەوە مفت وەردەگرت و زگی خۆیان تێر دەکرد[65]. لەنێو ئەو هەموو عەشاماتەدا تووشی، کوڕێک هاتین، موحەممەدی ناو بوو، موسوڵمان بوو، زیتەڵ و وریا و هاروهاج، کچێکی هاوڕێی لەگەڵ بوو، هەر لەو بۆنەیەدا پەیدای کردبوو. کچە، بەچکە دەوڵەمەندێکی خەڵکی شاری ئەکسوم بوو و مەسیحی بوو و لە شاری بەهردار زانستگەی خوێندبوو و بۆ ئەو جەژنی تیمکەتە هاتبوو بۆ گۆندەر. موحەممەد دەیگوت: "دۆستایەتی نێوان نێر و مێ، با لە دوو دینی جیاوازیش بن، گەلێ ئاسانە و چ ڕێگرییەک نییە".**

**کڵێسەیەکی گەورە لەنێوەندی شاردا هەبوو، خەڵکەکەی هەموو بۆ دەچوون و لەنێو ڕووبارێک و ئاوێک و ئەستێڵێکی گەورەدا، هەموو مەلەیان دەکرد و بە بیروباوەڕی خۆیان بۆ خاوێنبوونەوە لە گوناه و هەڵە و بۆ نوێبوونەوە و وەرگرتنی وزە و هێز و بەختەوەری و چالاککردنەوەی ژیان[66]. بێجگە لەو کۆشک**

[65] ئەو شێوە ڕێکخستنەی گەڕان و خۆپێشاندان و مۆسیقا و گۆرانی و خاچ و ئاڵا و پەیکەر و کەژاوەهەڵگرتن و دابەشکردنی خۆراکە، ڕێک کەربەلای ڕۆژانی موحەررەم و عاشوورای وەبیرهێنامەوە، کە ساڵانی نێوان 1968 – 1972، هەمیشە دەچووم و بەشدارییم تێدا دەکرد. بیریاری ئێرانی عەلی شەریعەتی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، تەواوی ئەو شێوە تازیەبارییەی عاشوورا و هەموو ئەو نمایش و ڕێپێوان و کەژاوە و وێنەهەڵگرتن و شتانەی لەلایەن موسوڵمانانی شیعەوە دەکرێن، لە مەسیحییانی کاتۆلیک و ئۆرتۆدۆکسەوە وەرگیراون و لاسییکردنەوەی ئەوانە.

[66] مەلەکردن لەنێو ئەو ئاو و ئەستێڵەدا وەک، مەلەکردنی هیندییەکان لە زەریای گانگە، گانگ، گۆنگە یا گانگیز یا گانجیز (Ganges، کە بە ئینگلیزی وای پێ دەڵێن)دا دەهاتە بەرچاو، کە زەریا و ئاوێکی پیرۆزە لەکن هیندۆسییەکان و خۆیانی لێ هەڵدەژەنن و بەوە ئیدی لە هەموو

و مەیدانەی  بە ناوی فاسیلیدەزەوە هەیە، پەیکەرێکی مەزنی شا تیۆدرەس (Tewodros)یش لەنێوەندی شاردا هەیە، کە شایەکی بەناوبانگ بووە و وەک هەڵبژاردەی خودا سەیر کراوە. ئەو پەیکەرەی، سوارە و شمشێری بەدەستەوەیە، وەک نیشانەی جەنگاوەری و قارەمانیەتی.

ڕۆژی سێیەممان لە گۆندەر ئیدی دەبوو بڕۆینەوە بۆ بەهردار، چونکە لە کاتی گەڕانەوە بۆ ئەوروپا نزیک دەبووینەوە. موحەممەد، ئەو کوڕە گەنجەی بوو بە ناسیاومان، باسی ئەوەی لەگەڵ کردین، کە بۆ ئاسانکاریی لەگەڵماندا دێتە گەراژ، چونکە دەسکەوتنی ماشێن و گەڕانەوە بۆ بەهردار، بەهۆی ئەو هەموو خەڵکەوە، سەختە و ئەو دەتوانێت کۆمەکێکمان پێ بکات. خۆی و کچەهاوڕێیەکەی لەتەکماندا هاتن بۆ گەراژ. گەراژی چی، دەتگوت ڕۆژی حەشرە، هەر ئاژۆر بوو هاواری دەکرد و نەفەری بەلای خۆیدا ڕادەکێشا. جاری وابوو پێنج حەوت ئاژۆر پەلاماری یەک نەفەریان دەدا و یەکێک قۆڵی چەپ و دووان قۆڵی ڕاست و یەکێک ملیوانی چاکەتەکەی یا کراسەکەی و یەکێک کۆڵەپشتەکەی ڕادەکێشا و هەریەکەیان بەرەو کن ماشێنەکەی خۆی نەفەری بێچارەیان ڕادەپێچا. بۆ بیانییەکی وەک ئێمە، هەر یەکجار سەخت بوو لەو فەرتەنە و هەرایە دەرباز بین. موحەممەدی هاوڕێشمان

---

گوناهێک خاوێن دەبنەوە و دەبێتە هۆی خێروبێر بۆیان و کە مردوویشیان دەمرێ، دوای سووتاندنی، خۆڵەمێشەکەی هەڵدەڕێژنە نێو ئەو زەریایەوە.

هەرچەندە هەندەک هەوڵی دا و لەتەک ئاژۆراندا قسەی کرد، لێ چی ئەوتۆی پێ نەکرا. ئێمە بۆ خۆمان لە ماشێنێکدا جێگەی خۆمان کردەوە و هەندێک پارەشمان دا بە موحەممەد وەک پێزانینێک بۆ یارمەتییەکەی. لەو شارانەدا و بەهۆی زۆریی گەشتیاری بیانییەوە، ئەوروپایی و ئەمەریکایی بەتایبەت، خەڵکانی وەک موحەممەد، گەلێک زۆرن، کە خزمەتی خۆیان پێشکەش دەکەن و چاوساغییەکت بۆ دەکەن، بە مەبەستی وەرگرتنی بڕێک پارە. ئەوانە بەهۆی تێکەڵاوییان لەگەڵ بیانییاندا شارەزایی نیوەچڵ لە گەلێک زماندا پەیدا دەکەن و کۆمەڵێک فرۆفێڵ و جۆری پارەپەیداکردنیش فێر دەبن. ئێمە سواری مینۆبووسێک بووین و بەرەو بەهردار تێمانتەقاند. لە ڕێگەی گەڕانەوەدا، لە هەر گوند و ئاوەدانی و بڕکەماڵێک، خەڵکەکەی، گەورە و گچکە، نێر و مێ، بەدەم سەما و گۆرانی و مۆسیقا و دەهۆڵ و زوڕنا و هەڕاکردن و بە پۆشاکی ڕەنگاوڕەنگ و داردەستەکانیانەوە، دەهاتنە سەر جادەکە، خۆشی و کەیفیان لێ دەباری و دەبەخشییەوە، هەموو ئەوە بە بۆنەی جەژنی تیمکەتەوە. دەوروبەری ئێوارە گەیشتینەوە بەهردار.

## جارێکی تر بەهردار

پاش گەڕانەوەمان لە گۆندەر دوو شەو و سێ ڕۆژێکی تر لە بەهردارماینەوە. ئێوارەکەی گەیشتینەوە بەهردار، دوای هەندێک پشوو لە هوتێلەکە، چووینە دەرێ بۆ پیاسە و گەڕان و نانخواردن و قاوەخواردنەوە. تا درەنگانێک لە خواردنگەیەک دانیشتین و خواردنێکمان لەوانەی زۆرجاران دەمانخوارد، خوارد و دواتر بە پیاسە و دانیشتنێکی قاوەخانەیەک و بەکاوەخۆ هاتینەوە ژوورەکانی خۆمان لە هوتێل بۆ خەوتن. ئەو شەوە تا بەیانی و تا دوای دەمەوئێوارەی ڕۆژی دووەم، کە دەیکردە 22-01-2016، تووشی ڕەوشێکی، یەکجار خراپ بووم و زگئێشە و ڕژانەوە و حاڵێکی خراپ، کە نیشانەی ژەهراویبوونم بوو، بەهۆی کۆنی یا ناپوختەیی یا پیسی خۆراکەکەی ئێوارەوە. ئیدی لە هوتێل لێیکەوتم و تەنێ ئاوم دەخواردەوە و هەندێ لەو حەب و دەرمانانەی لە سویێدەوە لەگەڵ خۆمدا بردبوومن، بەکارم هێنان، تا ئیدی بەرەبەرە هاتمەوە سەرخۆم و بۆ ئێوارێ، جارێکی دی،

کـۆڵان و شـــەقام و قاوەخانەکـانی بەهردارمـــان، بەســـەرکردەوە. بەهـردار، بەهـۆی ئەو زەریـاچە گەورەیەوە و ئەو هەمـوو سروشـتە جوانەیەوە و باخچە و پارک و قاوەخانەکانییەوە و ئارامی و جێگە جـوان و خۆشـەکانییەوە، خۆشـترین بازێڕێـک بـوو، لەو گەشـتەی ئیسیووپیا دیتم و تێیدا ژیام.

جەژنی تیمکەت هەر بەردەوامیی هەبوو و هەموو بەهردار لەو دوو سـێ ڕۆژەدا، خرۆشـابوو و ڕازابـووەوە. خەڵـک بە کـۆمەڵ و دەستەدەسـتە و بەگـوێرەی گـرۆ و کـار و گەڕەک و خوێنـدنگە و کـارگێڕی و هەمـــوو ئەوانە، ڕێکخرابـــوون و ڕێپێوانیـــان دەکـــرد. کەژاوەی کڵێسـە و عیسـای مەسـیح و مەریەمـی دایکـی و هەمـوو ئەوانەیـــان دروســـتکردبوو و دەیانخســـتنە ســـەر شـــان و بە شـەقامەکاندا دەسـووڕانەوە. چەنـدین شـەقام و کـۆڵان، هـاتوچۆی ماشـێنی تێـدا ڕاگیرابـوو. دەنگـی زوڕنـا و هەمـوو جـۆرە ئاوازێـک دەبیسـرا. هەمـوو جـۆرە ڕەنگێـک، پتـر ڕەنگـی سـپی، کە ڕەنگـی ئاسـایی جلـی ژنـانە، دەبینـرا. ژنـان پۆشـاکی میللـی خۆیـان و هەرکەسەو هی دەڤەری خۆی پۆشابوو. ئـێمەش جارنـا لەگەڵ ئەو خەڵکەدا دەڕۆیشتین و جارناژی لە کەنار جـادەکە ڕادەوەسـتاین و ئەو خەڵـــکە بە بەردەممانـــدا تێـــدەپەڕین. دوای مانـــدووبوون و وەڕزبـوون لەو هەرا و زەنـایە، پێویسـتمان بەوە بـوو، جـێگەیەک بدۆزینەوە، کەمێ پشوو بدەین. قاوەخانەیەک لە قەراخ یەکێک لەو جادە سەرەکییانەمان وەدی کـرد. لە دەرێ دوو ژن دانیشـتبوون و ئێمەش بە دەرفەتمان زانی، لەگەڵیان دانیشـین، هەم پشـوویەک و

**قاوەیەک، خۆشاوێک، شتێک بخۆینەوە و هەمیش هەندێ پرسیار لەو خانمانە لەبارەی ئەو جەژنی تیمکەتەوە بکەین. خانمەکان دوو خوشک بوون بە ناوەکانی بێزا (Beza) و مەسیرەت (Maserat). یەکەمیان لە کالیفۆرنیا دەژیا و دووەمیشیان لە بەهردار. بێزا، وەها باسی تیمکەتی دەکرد: "کە عیسای مەسیح تەمەنی گەیشتووەتە 30 ساڵان، خودا مەلیکی سپی ناردووە بۆ خەڵکی ئیسرائیل، مەلەکە ناوی "بەیزا" بووە. ئەو مەلە، پەیامی خودای بە خەڵک گەیاندووە، کە خودا دەڵێ: "عیسای مەسیح کوڕی منە". جۆن (John)[67]، پیاوێکی پیرۆز و شارەزا و دونیادیدەی ئەو سەردەمەی ئیسرائیل بووە و هەر پێشتر، هەموو شتێکی لەبارەی عیسای مەسیحەوە زانیوە و هەر لە سەرەتای ساوایی و منداڵیی مەسیحەوە، باسی مەسیحی بۆ خەڵک کردووە، کە ئەو وەک کوڕی خودا و پەیامبەر دێت و دەبێتە ڕێنیشاندەر و ڕێبەری مرۆڤایەتی و دواتر ئاوی داوەتە مەسیح، یا ئاوی کردووە بەسەر مەسیحدا، ئەوەی کە پێی دەگوترێ تەعمید. بێزا، دەیگوت؛ "تیمکەت لەو ئاوبەسەرداکردن و تەعمیدەوە هاتووە". منیش گوتم: "دیارە ناوەکەی تۆیش لە ناوی ئەو مەلەوە هاتووە!"، گوتی: "ڕێک وایە،**

[67] جۆن (John)، یۆن یا یۆحەننا، ناوێکە لەکن مەسیحییە ئۆرتۆدۆکس و کاتۆلیکەکان بە جۆن ، ناودەبرێت و لای عەرەب پێی دەگوترێ یۆحەننای موعەمدان (یوحنا المعمدان)، ئەوە، کە عیسای مەسیحی لە کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری ئوردون (نهرالأردن) لە وەڵاتی ئوردونی ئێستا، تەعمید کردووە، واتە: کردوویەتی بە مەسیحی. لەکن موسوڵمانان ئەو جۆنە، یەحیایە، کە پەیامبەری مەندائی (الصابئة)یەکانە.

لەوەوە هاتووە". لە قاوەخانەکە خۆشاوی گوشراوی ئەڤۆکادۆمان خواردەوە. لە ئیسیووپیا، میوەگەلی وەک: ئەڤۆکادۆ، مانگۆ، پاپایا و مۆز، گەلیَ زۆرن و بەرهەمی وەڵاتەکە خۆیین. من بۆ خۆم هەرگیز داری ئەڤۆکادۆ، پاپایا، مانگۆ و قاوەم لە هیچ جێگەیەک نەدیبوو، لیَ لەو سەفەرەمدا، داری پاپایا و مانگۆم لەنزیکەوە بینین و تا پێشمکرا، ئەڤۆکادۆ و مانگۆ و پاپایام، چ وەک میوە و چ وەک خۆشاو و گوشراو، خوارد و خواردەوە.

لە پیاسەیەکدا بەنێو باخچەیەکی گەورەی شاردا، کە دەشتێک بوو بۆ خۆی و بە ڕۆخی زەریاچەی تاناوە بوو، لە جێگەیەکدا نزیکەی شازدە حەڤدە کارگەرم بینین، لە پلیکانەیەک، کە چوار پێنج پلە بوو، خڕبووبوونەوە و سیَ سیَ و چوار چوار لەسەر یەک پلەیان، بەتەنیشت یەکەوە و هەریەکەو بە بێڵچەیەکی گچکەی هێندەی کەوگیرێک و بڕێک چیمەنتۆ و بەرد و زیخ و شتی دیکەوە، خەریکی چاککردنی یا پینەکردنی ئەو پلیکانەیە بوون. بەسەر سەری ئەو کارگەرانەوە، کابرایەک ڕاوەستابوو، دەستەکانی لە پشتەوە لەسەر پشتی قوونی لێک ئاڵاندبوون و کاری هەر ئەوە بوو، تەماشای ئەو کارگەرانە بکات و چاودێرییان بکات. ئەو کابرایە بۆ خۆی تەلیفۆنی دەکرد و جغارەشی دەکێشا و جاروبایش بەو دەورەدا دەهات و دەچوو. کاری ئەو کابرایە، چاودێریی ئەو کارگەرانە بوو و بە کارەکەشی دەگوترا "چاودێر". مووچە و مانگانە یا ڕۆژانەیەک، ئەو چاودێرە و ئەوانەی وەک ئەو، کە هیچیش ناکەن، وەریدەگرن، گەلێک لەوانەی کارگەرەکان

وەریدەگرن زیاترە. دیمەنی لەو جۆرە، تەنێ لە وەڵاتگەلێکدا، کە لەڕووی ئابووری و پیشەسازی و کارگێڕییەوە، فراژۆتنیان بەخۆوە نەدیوە و بازێکیان نەداوە و فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و بەڕێوەبردنێکی گەندەڵیان هەیە و کەس، کار بە قانوون ناکات، دەبینرێ. وەڵاتگەلێک مانەندی ئیسیووپیا و کوردستان، هێشتا ئیسیووپیا لە کوردستان باشترە! کاری پینەکردنی پلیکانەیەکی لەو جۆرە، بە تاکە یەک کەس یا دوو کەس دەکرێ و هیچ پێویست بەو هەموو کارگەرە ناکات و ئەو چاودێرەش، زیادەیە و هیچ نۆرەیەکی نییە و بێ ئەویش کارەکە بەڕێوە دەچێت[68].

لەو کەنار زەریاچەی تانایە، لە چەندین شوێن، بەتایبەت لەو شوێنانەی، کە کەنارەکە تاوێر و بەردە، ئیدی لە چێشتەنگاوەوە تا دەگاتە نزیکی عەسرێکی درەنگ، بەتایبەت ئەگەر خۆرەتاو بێت و هەوا بڕێک خۆش بێت، دەیان مرۆڤ دەبینیت، بە ڕووتی، بە بەرچاوی هەموو ئەو خەڵکانەی لەو ناوە پیاسە دەکەن، لەنێو ئاوەکەدان، یا لەو قەراخە لەسەر بەردێک دانیشتوون و سابوون لە

[68] لەو جۆرە ڕەوشەم لە کوردستان دیوە و لە گەرمای هاوینی گەرمیاندا، کارگەری خاوێنکردنەوەی خاشاک و زبڵم دیوە، لەبەر گەرمای 50 پلە و پتردا کاریان کردووە و قومە ئاوێکی ساردیان دەستنەکەوتووە بیخۆنەوە، لێ چاودێرەکانیان، لە ژوور و کابینەکانیاندا، کە تایبەتن بە خۆیان و کارگەر مافی ئەوەی نییە، بچێتە نێوییەوە و پشوویەک بدات، لەبەر هەوای فێنکدا دانیشتوون، چا دەخۆنەوە، ئاوی سارد دەخۆنەوە، سیغار دەکێشن، سەرخەو دەشکێنن، قسەی زل دەکەن و هیچ کارێکیش ناکەن و چەند هێندەی کارگەرەکانیش، پارە وەردەگرن. لە وەڵاتێکی ئەوروپاییدا، بینا و باڵەخانە و پرۆژەی زەلام زەلام و مەزن دروست دەکرێن، کە تەماشایان دەکەیت، هەموو ئەوانەی کاری تێدا دەکەن، ناگەنە حەفت هەشت دانەیەک یا کەمتریش، نە چاودێریان هەیە و نە هیچ، چاودێریش، کارگەرێکە وەک ئەوانی دیکە.

لەشــی خۆیــان دەدەن و خۆیــان لە ئــاوەکە هەڵــدەژەنن و خۆیــان دەشــۆن و جلەکــانی، کە لەبەریانــدان، دادەکەنــن و لەســـەر ئەو بەردانە دەیانشــۆن و هەر لەســـەر ئەو بەردانە، هەڵیانــدەخەن بــۆ ئەوەی وشک ببنەوە و هەر کەمێک کزربوونەوە، هەمدیس لەبەریان دەکەنەوە. ئەوانە خەڵکــانێکن، هەر ئەو جلانەیــان هەیە و ئیــدی ماڵ و خانوو و ئەو شتانەشیان نییە. خەڵکی بێماڵ و بێیــانە، لەو وەڵاتە گەلێ زۆرن.

لە پیاســـەیەکی دوای نیوەڕۆیەکـــدا، لە قەراخ شـــەقامێک، ژنێکمان بینی، لەنێـو تەشـتێکدا، کە لە سـەر تـایەی ئۆتۆمبیلێـک دانابوو، خەریکی جلشۆردن بوو. پڕی ئاو کردبـوو و جلەکـانی لە ئاوەکە و دەرمانی جلشۆردن هەڵدەژەند و دەیانیشـۆرد. دیـمەنەکە بەلامانەوە سەیر بوو، چونکە لە دەرێی ماڵ و کەناری شـەقامەکە، بڕێک سەیر دەهاتە بەرچـاو، سـڵاوێکمان لە ژنە کـرد و ئەویـش بە پێکەنینەوە وەڵامی داینەوە. داوام لێکـرد ئەگەر مۆڵـەتمـان دەدات، وێـنەی بگـرین، سـەری لەقانـد و قایـل بـوو و دواتـریش فەرمـووی لێکردین بـۆ ماڵـەکەیـان، کە هەر سـێ چـوار هەنگـاو لە پشـتییەوە بـــوو. وەژوورکەوتـــین. پیـــاوێکی دامـــاو، بە سەروســـیما تەمەنـــی نێزیکەی 85 ساڵ دەبوو، لەسەر قەنەفەیەک دانیشـتبوو و ئـێمەش سڵاومان لێکرد و لە تەنیشتییەوە دانیشتین. بەرانبەرمـان، لەسـەر دیواری ژوورەکە، لەسەر تابلۆیەک، "محمد رسول الـله، صـلی الـله علیە وسلم"ێک نووسرابوو، ئیدی ئەوە نیشانەی ئەوە بوو، مـاڵـەکە موسـوڵمانن. کچێکیــان پەیـدا بــوو، کە بڕێــک عەرەبــی دەزانــی و

لەگەڵ ئەودا کەوتینە قسان. لەبارەی تەمەنی باوکییەوە، گوتی، پەنجا ساڵێک دەبێ و بێ کارە و نەخۆش[69]. ئیدی پاش کەمێک ڕوونیشتن و کۆڵێک خەمخواردن، ماڵاواییمان لێیان کرد و وەدەرکەوتین.

ئێمە ئیدی دوای ئەو دوو ڕۆژەی دیکەمان لە بەهردار، دەبوو بگەڕێینەوە بۆ ئەدیس ئەبابا و بلێتی فڕۆکەمان ڕێکخستبوو و چووین بۆ فڕۆکەخانەی بەهردار، کە فڕۆکەخانەیەکی، بچووکە و بە ئاسانی جێگە و ڕێگەکان دەدۆزرێنەوە. شتێکی دیکەی سەیر، هەر ڕێک وەک کارگەرانی پلیکانەکەی نێو پارکەکە، لە هۆڵەکەدا، کە هۆڵێکی بچووک بوو، کاتێک چاوەڕوانی فڕینی فڕۆکەکەمان دەکرد، بڕێک لەولامانەوە شەش دانە ژن، هەریەکەو بە گسکێکەوە، ئەو گسکانەی تەڕی دەکەن و زەوی پێ دەسڕن و خاوێن دەکەنەوە، بەڕیز و شان بە شانی یەکتر، بەشێکی ئەو هۆڵەیان خاوێن دەکردەوە، کە هەموو پانابییەکەی نەدەگەیشتە 100 میتری چوارگۆشە! ئەو کارەی ئەو هەموو ژنەی لێ وڕووکابوون، زۆر بە

[69] لای خۆمەوە بەراوردی ئەو پیاوە و پیاوێکی سوێدی هاوتەمەنی ئەوم دەکرد، کە چەندە لێکجیاوازن. سوێدییەکە، کە 65 پڕدەکاتەوە و خانەنشین دەبێ، ئەویش ئەگەر بۆ خۆی گەرەکی بێت، دەنا دەتوانێت پاش ئەو تەمەنەش بەردەوام بێت لە کارکردن، دەڵێ: "ژیان ئیدی لەو تەمەنەوە دەست پێ دەکات". ئەوروپایی لەڕووی ڕووحییەوە پیر نابن، مرۆڤی ئیسیووپیایی و وەڵاتانی مانەندی ئەوێ، بە کوردستانیشەوە، زوو خۆ بە پیر دەزانن و جڤاک و دینەکەش لەو شوێنانە، ڕۆحی "خۆبەدەستەوەدان" و "تەواوم کردووە" و "چی ماوە، پێچی مێزەرێکی ماوە" و...بە سەریاندا زاڵ دەکات.

ئاسانی بە تاکە یەک مرۆڤ دەکرا[70]. دواتر نۆرەی فڕینی فڕۆکەکەمان هات و وەڕێکەوتین و پاش سەعاتێک گەیشتینەوە ئەدیس ئەبابا.

[70] ئەم حاڵەتە، ئەمەی ئەو ژنانە و کارگەرانی پلیکانەکە و بوونی دەیان کارمەند لە یەک ژووردا و سەدان کارمەند لە کارگێڕییەکدا، لە کوردستانیش هەیە، کە ئەگەر 90%یشیان نەبن، کارەکە بە 10% یان بە باشی و ڕێکوپێکی و بێ کێشە دەکرێ، ئەمە حاڵەتی "بێکاریی شاراوە"یە، کە عەرەب پێی دەڵێ "البطالة المقنعة"، ئەمە لە وڵاتانی گەشەنەسەندوودا بە ڕوونی دەبینرێ و خەڵک ناونووس دەکەن و مووچەیان بۆ دەبڕنەوە، بێ ئەوەی کارێک بکەن و بەرهەمێکیان هەبێت، وەک لە کوردستانی خۆمان، کە یەکێکە لەو وەڵاتانەیە، بە زەقی و ئاشکرا، خەڵک دەکرێنە مشەخۆر و پارەی مفت وەردەگرن ، بێ ئەوەی ڕێزەیەک وێژدانیان بیریان بخاتەوە، کە ئەوەی دەیکەن و وەریدەگرن، دزییە.

## جارێکی دیکە ئەدیس ئەبابا

کە گەیشتینەوە ئەدیس ئەبابا، عەسرێکی درەنگ بوو. چووینەوە هوتێل و پیاسەیەکی کۆڵانەکانی دەوروبەری هۆتێلەکەمان کرد و فریای خواردنێک کەوتین. بۆ سبەینێ بە تاکسی چووین بۆ نێو شار، نێوەندی شار، دەوروبەری مەرکاتۆ و دەستفرۆش و ڕووت و برسییە خەوتووەکانی کەنار شەقامەکان. لە سەیرکردنی ئەملاو ئەولا و قۆرت و چاڵ و ناڕێکی قەراخ شەقامەکان و سەرگەرمیم بە تەماشاکردنی ئەو هەموو دیمەنە سەیرانە و بە قسەکردن و دەمەتەقە لەتەک هاوڕێ سەرداردا، لەپڕ پێی ڕاستم لە قۆرتێک هەڵکەوت و چەمایەوە و بەلادا دام بەزەویدا، ئیدی ئەو پێیەم لەجێ چوو و تووشی ئازارێکی زۆری کردم و بە شەلەشەل و ددان ڕیچکردنەوە و ترس و لەرز هەنگاوم دەنا و تاڕادەیەک لەپێ کەوتم. ئەوەی خەم بوو، ئەو ئێوارەیە 25ی جەنیوەری دەبوو بڕۆم بۆ فڕۆکەخانەی بۆلی و بگەڕێمەوە بۆ سوێد. لەنێو شارەوە بە تاکسی گەڕاینەوە بۆ هوتێلەکەمان و لە ڕێگە، لە جێگەیەک،

خەڵکێکــی زۆرم بینــی ڕیزیــان بەســتبوو، یەک لە دووی یەک، ڕیزێکی درێژ، لە ئاژۆرەکەم پرسی، ئەوانە بۆ وا بەڕیز ڕاوەستاون، گــوتی، ئەوانە دەچــنە ســینەما. دیــار بــوو لەو هەژاری و بەدبەختییەشـدا، نەفەری سـینەما هەبـوون، کە ئیـدی ئەوەیـش مــایەی دڵخۆشــی بــوو. بە گەڕانەوەم بــۆ هوتێلەکەمــان و شیوخواردنێک و هەنـدێک پشـوو، ئیـدی دەبـوو خـۆم بپـێچمەوە و ئامـادەی ڕۆیشـتن بـم بـۆ گەیشـتن بە فـڕۆکەکەی دەیبـردمەوە بـۆ سوێد.

# خۆشـویسـتنی وەڵات

ئەو شــەوەی دەبــوو بچــمە فڕۆکەخــانەی بـۆڵی (Bole) بـۆ ئەوەی بگەڕێــمەوە بـۆ سـوێد، لە هــوتێلەکەوە بە مینیبووســێک چــووم. شـۆفێری مینیبووسـەکە، لە ڕێـگە هەروا پرسـیاری لـێ دەکــردم، لەبــارەی گەشــتەکەمەوە و وڵاتــی ئیسـیووپیا و شــارەکانی و ئەو شـوێنانەی دیـومن و خەڵکـی ئیسـیووپیام چـۆن بینــی و هەمــوو ئەوانە، منیش پەسنی وڵاتەکەم دا، کە جوانە و سروشتێکی نایابی هەیە و پـــڕە لە خێــروبەرەکەت و هیــوای پێشــکەوتنی زیــاتری لێــدەکرێ و گوتیشــم، کە جــوانترین دیــاردە لەو وڵاتەدا دیــومە، ئارامی و بێدەنگیی خەڵکی ئیسـیووپیایە، کە هەرگیـز نە هەرا، نە قیــژە، نە دەنگــی بەرز، نە دەمەقــاڵە و هاتوهــاوار، نە شــەڕ، نە تووڕەبــوون، نە فەرتەنە، هــیچ جــۆرە شــتێکی لەو جــۆرانەم لە تەواوی ئەو مــاوەیەی لەو وڵاتەدا بــووم نە بینـــی و نە ژنەفـــت. پەسـنی نەکێشـانی سیگاریشـم دا، کە چەنـد دیـاردەیەکی بـاش و جوانە و باسی میواننەوازی خەڵکەکەیم کرد، کە چەنـد زوو دەبـنە

هـاوڕێ و دۆسـتت و باوەشـت بـۆ دەکەنەوە. کـابرای شـۆفێر، کە گەیاندمییە فڕۆکەخانە و دابەزیم، ئامێزێکی هێندە گەرم و بەهێزی پێدا کردم، دەتگوت کەسێکی نزیکمە و دوای دابڕانێکی چەندین ساڵە یەکدی دەبینینەوە یا لێکدادەبڕێین و گوتی: "دەزانی چەندی دڵم بەو قسانەی تۆ خۆش بوو، دەزانـی ئەوە خەڵاتێکـی نایـاب و نـاوازە و جـوان بـوو بـۆ مـن و وڵاتەکەم و گەواهییەکـی جـوان و ڕاسـتگۆیانە و دڵخۆشـکەر و بەهێـزە، لە بیـانییەکەوە، لە گەشـتیارێکەوە بـۆ وڵاتەکەم و بـۆ خـۆم، هیـوادارم زووزوو سـەری ئێرە بدەیتەوە و هەمیشە ئاگـاداری هەواڵـی ئێـرە بیـت و ئێـرە بە وڵاتی خـۆت بزانیـت و خۆیشـت بە یەکێـک لە ئـێمە". چەنـدە ئەو ئـاژۆرە بە قسـەکانی مـن دڵخـۆش بـوو، منـیش پتـر بە هەسـت و خۆشەویستیی ئەو، بۆ وڵات و نیشتمان و خاک و خەڵکەکەی و بۆ ئەوەی منی وەک یەکێک لە خۆیان ژمارد، دڵخۆش بووم.

## سێ شت، کە دەبێ لەمەڕ ئیسیووپیاوە بگوترێن

یەک: لە دەرێی شارەکان، ژیان، بە واتا هاوچەرخ و باوەکەی فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و حوکوومەت و کارگێڕی و ڕێکخستن و ئەو جۆرە شتانە، تا ڕادەی نەبوونە و ئەوەی زاڵ و سەردەستە، شێوەی ژیانی خێڵەکی و هۆز و تیرەوتایفەیە. خەڵک نەریتگەران و بەگوێرەی قانوونی خێڵ و ڕێسا و نەریتە باوەکانی سەدان ساڵەی بۆماوەیی، کێشەکانیان چارەسەر دەکەن و هەڵسوکەوت و ڕەوتار دەکەن. دەوڵەت و پۆلیس و حوکوومەت، تەنێ لە شاردا هەن. جڤاکێ نەریتگەرای لەو جۆرە، جڤاکێکە، ژیان، فەرهەنگ، ئابووری، لەشساغی، خوێندەواری، هاتوچۆ، سیاسەت و هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان، لە چوارچێوەی بازنەیەکدا دەخولێنەوە، کە تا ڕادەیەک، سەدان ساڵە لە جێگەی خۆیاندان و سنووری بازنەکە، یا نابەزێنن، یا ئەگەر بیشیبەزێنن، تا ڕادەی هەستپێنەکردن، گەلێک لەسەرەخۆ و خاوە. چۆنیەتی ژیان، لەو جڤاکگەلەدا، بەگوێرەی قانوون و ڕێساگەلێک بەڕێوە دەچێت، کە

هەڵقوڵاوی نەریتی جڤاکی خێڵ و شێوازی ئەو ژیان و باوەڕ و هزرینەی ئەو خەڵکەیە، کە نەوە لە دوای نەوە، لەسەری ڕاهاتوون و پێڕۆیان کردووە.

دوو: تاکە دوو وەڵات لە ئەفریقادا، کە هەرگیز کۆڵۆنی هیچ وەڵات و دەسەڵاتێکی دەرەکی نەبووبێتن، وەڵاتگەلی ئیسیووپیا و لایبیریان. ئیسیووپیا، وەڵاتێکی یەکجار کۆنی جیهانە و لەوەتی ژیان لەسەر زەوی هەبووە، ژیانی تێدا بووە و هەرگیزیش ژێردەستەی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزم و ئیمپریالیزم نەبووە و ئەوان لەو وەڵاتەدا، چ نۆرەیەکیان نەبووە.

سێ: دیاردەیەک، کە بڕێک بەلامەوە سەیر بوو، لە تەواوی ئەو ماوەیەی لەو وەڵاتە بووم و لەو شار و شوێنانەی سەردانیم کردن و دیتمن، بەتایبەت لە بۆنە ئایینییەکاندا، خەڵکێکی زۆرم دەدیت، بەتایبەت ژنان، بە چەتر (سەیوان)ەوە دەسووڕانەوە. بۆ من بڕێک سەیر دەهاتە بەرچاو، چونکە ئێمە وا ڕاهاتووین چەتر تەنیا بۆ کاتی بارانبارین هەڵگرین و بەکاربهێنین، لێ ئیسیییووپیاییان، کە ئاسمانیش ساف و جوان و ڕوون و سایەقەی ساماڵ بوو و گەرما و تین و تیژیی تیشکی خۆر لەو ماوەیەدا هەرگیز لە 25 پلەیەک تێنەدەپەڕی، ئەو کاتە، بۆ خۆپاراستن لە تیشکی خۆر، هەڵیاندەگرت!

## ئیسیووپیا و وەڵاتگەلێکی وەك ئیسیووپیا، ئاسۆکان، ڕێگاکان و ئەنجامگرییەك

ڕەنگە ناونیشانی ئەم نووسینە "سەدەیەک گەڕانەوە بۆ قووڵایی مێژوو، گەشتێک بۆ ئیسیووپیا" و بەکاربردنی هەندێک وشە و دەستەواژەی، مانەندی پێشکەوتن، پاشکەوتن، دواکەوتن، بەجێماو و...لە ناواخنی بابەتەکەدا، بۆ خۆیان، ناڕوونی و وێنایەکی تەماوی و نەئێنی و ڕەشبینانە، لەمەڕ ئیسیووپیاوە پێشان بدەن و بێهیواییەک بئافرێنن و هێمایەک بدەرێنن و وا پێشان بدەن، کە ئیسیووپیا و وڵاتانی وەک ئیسیووپیا، تا لە دەلاقەی جیهانبینیی خۆراواوە نەنۆڕنە جیهان و ڕێگە خۆراواییەکە نەگرنە بەر و مێژووی ئەوان دووپاتە نەکەنەوە، هەرگیز ناچنە ڕیزی بەناو "جڤاکە پێشکەتووەکان"ی جیهانەوە و تاکە ڕێگەی پێشڤەچوونیش بۆ هەموو جیهان، هەر ئەوەی ڕۆژاوایە! واتە: بابەتەکە وەک خوێندنەویەک بێتە بەرچاو، کە لە دیدێکی ڕۆژاواییانەوە بنۆڕێتە ئەو جڤاکە یا ئەو جڤاکانە. ڕەنگە ئەوەی بۆ ئیسیووپیا دەگوترێ، بۆ گەلێک جڤاکی دیکەیش لەم جیهانەدا بگوترێ. لە میانەی

پیاسـەیەک بەنێـو هەنـدێ چەمکـی مانەنـدی فەرهەنـگ، مێـژوو، تازەگەری، نەریت و جیهانگەری و ئاوڕدانەوەیەک لە هەنـدێ دیـدی خۆراواییـانە لەمەڕ ئەوانەوە، ڕەنـگە ئەو تەمـاوی و نـاڕوونییەی ناونیشـانی بـابەتەکە و نـاوەڕۆکەکەی، برێـک خویـاتر خۆبنـوێنن و بخوێنرێنەوە.

هەموو کۆمەڵێک لە دیدی خەڵکی سەر بەو کۆمەڵە خۆیەوە، ئەگەر کـاریگەریی دەرەکـی و دەسـتێوەردانی بیـانی، نەکەوتبێـتە سـەر، کـۆمەڵەیەکی ئاسـاییە و شـێوازی ژیـان بەو جـۆرەیە، کە خەڵـکەکەی لەسـەری ڕاهـاتوون، لـێ پێناسـەیەکی خۆراواییـانەی وەهاجڤـاکێکی وەک ئیسـسـیووپیا، یـا هەر وەڵاتێکـی جیهـانی ناسـەرمایەداری، بـێجگە لە "دواکەتـوو"، یـا لە باشـترین حاڵـدا "گەشەنەکردوو" زیاتر، هیچی دیکە نییە. پێشـکەوتن و دواکەوتـن، گەشـەکردوو و گەشـەنەکردوو، نەریـتگەرا و مـۆدێرن، دەسـتەواژەگەلێکن، لە فەرهەنگـی خـۆراواوە، پەڕیـونەتە نێـو فەرهەنگـی وڵاتـانی نـاڕۆژاوایی. ڕۆژاوا، بە داهێنـانی ئەو دەسـتەواژانە، سـنوورێک دەخـاتە نێـوان خـۆی و ئەوی دیـکەی ناڕۆژاواییەوە و هەموو جیهان لەنێـوان ڕۆژاوا و نـاڕۆژاوا، "ئـێمە" و "ئەوان"دا، دابەش دەکـات. گەشـەکردن و پێشـکەوتن، لە چەمکـی گەشەکردنی ڕۆژاواوە وەرگیراوە، کە بیرێکی بە جیهان داوە، تێیـدا دەڵێ، تـاکە ڕێـگە و شـێوازی گەشـەکردن و پێشـڤەچوون ئەوەیە، کە سـەرمایەداری و نمـوونەی خـۆراوایی دەسـتەبەری کـردووە و هەمـوو جیهـان دەبـێ پێـڕۆی ئەوە بێـت و ئەوە بکـات و ئەو

ڕێگەیەش، بەلای ڕۆژاواییانەوە، هی ئەوە نییە، هەڵبژێردرێت یا نەء، چونکە ئەوە تاکە ڕێگەیە و هەر گەرەکە بڵێی بەڵێ و هەڵیبژێریت[71]. ئەو ڕێگەیە و ئەو نموونەی سەرمایەدارییەی ڕۆژاوا (دیموکراتی لیبرالی، نوێلیبرالی)، لەکن کەسێکی وەک فوکویاما[72]، بە کۆتایی مێژوو ناودەبرێ، کە ئیدی ئەوە دواوێستگەی مرۆڤە و وەدووی ئەودا هیچی دیکە نایەت. جیاوازیی کۆمەڵانی ناڕۆژاوایی لەتەک ڕۆژاوادا، یا بە گوتەی خۆراواییان، "دواکەوتوویی و بەجێماوی"، کۆمەڵانی دیکەی ناڕۆژاوایی، ڕۆژاواییان، دەیگەڕێننەوە بۆ هۆکاری ناوەکی ئەو جڤاکانە خۆیان، وەک جیۆگرافیا و ڕەگەز و ئایین و فەرهەنگ و نەریت و پێشکەوتنی ڕۆژاواش دەگەڕێننەوە بۆ پێکهاتەی جڤاکی و فەرهەنگیی ڕۆژاوا، بۆیە بەلای سروشتی ڕۆژاواوە، دەبێ ئەوان ڕێبەرایەتی جیهان بکەن و هەموو کەلێنەکان، لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، وەک ناتەواوییەک دەدەنە پاڵ ئەو جڤاکانە بۆ خۆیان و هەرگیز خۆیان

---

[71] عەرەب پەندێکیان هەیە دەڵێ: "ترید ارنب اخذ ارنب، ترید غزال اخذ ارنب"، واتە: کەروێشکت دەوێ، کەروێشک ببە، ئاسکت دەوێ، کەروێشک ببە. لە هەموو حاڵێکدا، هەر گەرەکە کەروێشک ببەیت. ئەوەی سەرمایەداری ڕۆژاواش هەر بەو جۆرەیە.

[72] فرانسیس فوکویاما (Francis Fukuyama/1952– ...)، نووسەر و پرۆفێسسۆرێکی ئەمەریکاییە و بە کتێبە بەناوبانگەکەی (کۆتایی مێژوو و دوامرۆڤ/ *The End of History and the Last Man*) ناسراوە، کە لە ساڵی 1992دا بڵاوبووەوە و لەوێدا ڕووخانی سۆڤیێت و وڵاتانی سۆسیالیست، وەک سەرکەوتنی بەرەی ڕۆژاوا و سەرمایەداری دەژمێرێت و ئەوەش بە کۆتایی مێژوو دادەنێت و پێیوایە، ئیدی هیچ تیۆری و فەلسەفەیەک نییە، بتوانێت بەرانبەر سەرمایەداری و لیبرالیزم ڕاوەستێت و خۆی بگرێ و دنیا ئیدی دەبێتە، دنیای سەرمایەداری و لیبرالیزم.

(ڕۆژاوا) وەک هۆکـــــاری ئەو دواکەتــــوویی و بەجێمـــــاوییەی ناڕۆژاواییان، ناناسێنن.

هەموو جڤاک و گەلێـک، کە بەردەوامـن لە ژیـان و بە زینـدوو دانراون، جڤاک و گەلێکن خودانی فەرهەنگێکی تایبەتن بە خۆیان، فەرهەنگێک، لە مێژووی درێژی خۆیانـدا، کـۆمەکی بە بەردەوامیـی بوونیــان کــردووە و وای لـــێ کــردوون، لەگەڵ خۆیانــدا و لەگەڵ سروشــتی دەوروبەریانــدا خــۆ بگــونجێنن. گەل و جڤاکێــک، کە بەردەوامە لەســەر ژیـان و زینـدووە، بە هـیچ پاسـاو و شـێوەیەک، نــاکرێ و ناشـــێ وەک کەمبەهــاتر و ســـەرەتاییتر و دواکەوتــوو، تەماشا بکرێ و بژمێردرێ. مرۆڤ، لە جیهاندا، بە شێوازی جیـاواز و جۆراوجــۆر دەژی و کــۆمەڵ دروســـت دەکـــات و بەگــوێرەی پێویســتیش، گـۆڕانی تێـدا دەکـات، هەر ئەوەیشــە واتــایەک، بە تایبەتمەندی و جیـاوازیی فەرهەنگیـک لە یەکێکـی دیـکە، دەدات و چەمک و دیدی جیاواز، بەهۆی تایبەتمەندیی جیۆگرافی و مێژوویی دەردەخات، کە دەبنە هۆی دەراندنی کۆمەڵێـک ڕێسـا و سیسـتمی باوەڕ و بیرکردنەوەی تایبەت، بە هەر کۆمەڵێک.

هەمــوو گەلێــک خــودانی ئاکــار و دیــدی جڤــاکی و بــاری دەروونیـــــی خــــۆیەتی و کــــارتێکردن، بەهەر جۆرێـــــک، لەو تایبەتمەندیانە، بۆ لێتێگەیشتن و زانینی پاشـخان و هۆکارەکـانی، کــارێکی ســـەخت و دژوارە. فەرهەنگەکــان بە هــۆی پێوەنـــد و تێکەڵاوی لەنێوان کۆمەڵە جیاوازەکان و لەیەکدی وەرگرتنی ئامێرە تەکنۆلۆگییەکــان، هەمیشــە بەرگــۆڕانن. فەرهەنــگ، بۆمــاوەیی و

میراتێکــی گشــتییه، بــۆ ڕەگەزی مــرۆڤ. مــرۆڤ، لەڕێــگەی فێربوونەوە نەک خۆڕسکانە، فەرهەنگ دەستەبەر دەکات. مرۆڤ، زۆرجـاران، بەهـۆی ڕاهـاتن و خووپێـوەگرتنەوە، شـێوازی ژیـانی نەتەوە و گەل و کـۆمەڵەکەی خـۆی، لە هەمــوو ئەوانەی گەل و جڤاکەکانی دیکە، لا ئاسانتر و پەسەندترە و گەلێ جاریش فشـەی پێ دێت و سەرلەبەری یا بەشێکی ڕەددەکاتەوە و تەنانەت هەوڵـی گـۆڕین و لەنێوبردنیشــی دەدات. کە پەســەندیش بــوو لەکنــی و گرێدراو و پەیوەستبوو پێـوەی، ئەوە، دەبێـتە بنەمـای بارهێنـانی مرۆڤ، بە فەرهەنگێکی تـایبەت و بە باشـترزانینی ئەو فەرهەنـگە، لە فەرهەنگەکانی دیکە و شـانازیی پێـوەکردنی، کە ئێـدی هەنـدێ جار، دەبێتە هۆی چەکەرەکردنی بنەمای هەستی نەتەوەپەرستی و داخراویی نەتـەوەیی و زاڵبوونی باوەڕی خۆبەڕەسەنزانی و مەزنی و بە گچکەزانــین و ســووکلێنۆڕینی کۆمەڵەکـانی دیــکە، هەرچەنــدە تێکەڵاوبوون و کرانەوە بەڕووی جیاوازییەکاندا، وا لەمرۆڤ دەکات، دەمارگرژی و خۆپەسەندبوون، وەلاوەنێت و فرەوانتر ببینێت.

مێژووی جیهان، بە بۆچوونی، تۆماس کارلایل[73]، مێژووی ئەو کــار و شــتانەیە، کە ڕێــبەر و کەســەمەزنەکان ئەنجامیانــداون و دەســکەوتە ماددییەکـانی جیهـانیش، بەرهەمــی ئەو هــزرانەن، لە ئــاوەزی ئەو مــرۆڤە گەورانەدا بــوونە و قارەمانەکــان، مێشــکی

[73] تۆماس کارلایل (Thomas Carlyle / 1795-1881)، نووسـەر و مێژوونووسـی سـکۆتلاندی، نووسەری کتێبی "مێژووی شۆڕشی فرانسا/The French Revolution: A History".

مێــژووی مــرۆڤن و کرۆکــی عەقڵــی ئەون. ئەوان مەزنگەلــێکن هەنگاونانی مرۆڤیـان دیـاری کـردووە و نەخشـەکانیان بـۆ دانـاون. ئەوان گیــانی مێــژووی تەواوی جیهــانن. بە گــوێرەی فەلســەفەی بوونگەرایی و لەدیدی ژان- پۆڵ سارتر[74]ەوە، مرۆڤ لە هەڵبژاردنـدا لەنێوان بەربژێرەکاندا، ئازادە و توانـایە و بەرپرسیشـە، لە تەواوی ئەو بەرپرسیارییەتیانەی وەئەستۆی دەکەون. لە دیدی سـارترەوە، مێـژوو دروسـت دەکـرێ، بەڵام بەپێـی بڕیارەکـانی مـرۆڤ خـۆی، نەخشــەی ژیـانی خـۆی لەسـەر دادەنێـت، کە ڕەنـگە ببێـتە هـۆی بونیادنــانی مرۆڤــایەتی و ڕەنگیشــە ببێــتە هــۆی داڕووخــانی مرۆڤایەتی.

جڤاک هەمیشە پێویستی بە شۆڕشی هزرییە، بۆ دەربازبوون لە چەقبەســتنی هــزر، شۆڕشــی هــزرییش بە واتەی دابــڕان و جوێبــوونەوە و دەســتبەرداربوون , لە ڕابــردووی نەتەوە و هــێڵە ســەرەکەکییەکانی بــاوەڕ و فەرهەنــگ و مێــژووی نــایەت، بەڵــکە کردەی نـوێکردنەوە و جێگـۆڕکێکردنە بە چەمکەیلێکـی بەرگـۆڕان. مارکس، مێژوو دابەش دەکات بۆ پێکهـاتەیلێکی ئـابووری- جڤـاکی لەســـەر بنەمـــای بەرهەمهێنـــان، کە لە ئەنجـــامی ململانــێ، لە کۆمۆنیزمی سـەرەتاییەوە بـۆ کـۆیلایەتی و دواتـر دەرەبەگـایەتی و دواتر سەرمایەداری و دواتر سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، جێگیر دەبـێ

[74] ژان پـۆڵ سـارتر (Jean-Paul Sartre/1905-1980)، نووسـەر و فیلۆسـۆف و ڕووناکبیری فرانسی، ڕێبەری فیلۆسۆفیی بوونگەرایی لە سەدەی بیستەمدا.

و دەگاتە ئامانج. مارکس پێیوایە، هەموو کۆمەڵانی دنیا دەبێ بەو قۆناخانەدا تێپەڕن، لێ کە دیتی بڕێک لەو کۆمەڵانەی کەنار ڕووباران لە ئەفریقا و ئاسیا (مسری کۆن، هیندوستان، چین) لەگەڵ ئەو مەرجەدا وێک نایەنەوە، شێوازێکی دیکەی بۆ زیاد کرد و ناوی "شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی" لێ نا[75]. مێژوو هەرگیز هێڵێکی ڕاست و کۆمەڵێک قۆناخی دیاریکراو، وەرناگرێت وەک ئەوەی مارکسیزم و گەلێ تیۆری و فەلسەفەی دیکە پێشبینییان کردووە. مێژووی مرۆڤ، ڕەنگە هێڵی پێشکەوتن وەرگرێت، لێ ڕەنگە باداتەوە و بگەڕێتەوە و هەمدیس ڕابێتەوە و ڕەنگیشە , هەر لە شوێنی خۆیدا سمکۆڵان بکات[76].

یەکێک لەو چەمک و ڕەوت و ڕێبازانەی، چەند سەدەیەکە لە ئەورووپاوە سەریهەڵداوە و باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە و بووەتە مۆتەکەیەک، کە لە هەموو قوژبنێکی جیهاندا وەدووی مرۆڤەوەیە و ناویەتەڕەتیەوە، تازەگەری (Modernity)یە، کە ڕێباز و باس و کردەیەکە، دوای سەردەمی ڕۆشنگەری (Enlightenment)، هاتە گۆڕێ، کە ئیدی مرۆڤی ڕۆژاوایی، تەواوی سەنگ و قورسایی خۆی، خستەسەر عەقڵ و بیرکردنەوەی خۆی و پابەندبوون بە زانست و ئاوەزی مرۆڤ و ئەزموونی ڕاستەوخۆ و سروشت و

---

[75] الجابري، محمد عابد، التراث والحداثة، دراسات ومناقشات، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى، بيروت 1991، ص107.

[76] عصام عبد الله، (الجذور النيتشوية لـ"ما بعد" الحداثة)، الفلسفة والعصر، العدد الأول، اكتوبر، 1999، ص229-248، ص232.

بەرەورووبــوونەوە و کەمکــردنەوەی نــۆرەی ئــایین و دامەزرانــدنی حوکــوومەت و دەســەڵاتی قــانوون و کــارکردن لەســەر مــرۆڤ و مافەکانی و پشتبەستن بە ڕێبازی ئەزموونگەری و هەستەکی، نەک پێــوەری و فەلســەفەیی. تــازەگەری، وەک بزاڤێکــی مێژوویــی، بوارەکانی فەلسەفە، سیاسەت، ئابووری و جڤاکناسی گرتەوە. لە دیـدی ڕۆژاواوە و لە دیـدی گەلێـک لە ڕۆژاوازەدەکـانی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەمیشەوە، تازەگەری، جیهانبینییەکی نوێیە، گرێدراوی عەقڵە و ڕەدکردنەوەی داخـراوی و چەقبەستووییە و قـایلبوونە بە بنەماکانی کراوەیی و تێکەڵاوی لەتەک فەرهەنـگە جیهانییەکانـدا و پەخشـکردنی ئـازادی و ڕێگەدانیشـە بە هەمـوو چەمـک و گـۆڕینە جڤاکییەکـان بـۆ ئەوەی نـۆرەی خۆیـان ببیـنن[77]. لەکـن هەنـدێکی دیکە، تازەگەری بزاڤی بەرەو باڵابردنی هەمیشەیی پێگەی مرۆڤە و لەڕووی سیاســی و کۆمەڵایەتیشــەوە، نــوێکردنەوەی چەمــک و داڕشــتنەکانی هەمــوو بنەمــا و یاســا و سیســتمەکانی، کە پێوەندەکانی جڤاک لە پێویستییەوە بۆ ئـازادی و لە بەکـاربردنەوە بــۆ دادپەروەری و لە بەرخــۆرییەوە بــۆ بەرهەمهێنــان و لە پاشــکۆیەتییەوە بــۆ ســەربەخۆیی و لە دەســەڵات و زاڵبــوونی خێڵەکییەتی یا خێزان و بنەماڵە یا تایفە , بۆ دەوڵەتـی هـاوچەرخ و نـوێ و لە دەوڵەتـی دیکتـاتۆرییەوە , بـۆ دەوڵەتـی دیمـوکراتی،

[77] جرار، سمير احمد ، التربية العربية ومازق الثنائية المتوهمة، الحداثة والتغريب، ضمن: الجمعية الكويتية لتقدم الطفولة العربية، العرب والتربية والعصر الجديد، الكتاب السنوي الثالث عشر، الكويت، 1997-1998، ص63.

دەگـــــوێزنەوە[78]. تــــــازەگەری، بەلای ئەوانەوە واتە: داهێنـــــان. تـازەگەری، سـەرخانی گەشـەکردووی سـەرمایەداریی مێـژووییە. لە وڵاتـانی ناسـەرمایەداری و "گەشــەنەکردوو"دا، تــازەگەری، تەنــێ شێوازی وەرگرتن و لاساییکردنەوەیەکی بۆشوبەتاڵی شارستانییەت و نموونەکانی ڕۆژاوایە و ئەو وەرگرتن و لاساییکردنەوانەش، وزە و توانستێک نین، لە ناخی ئەو جڤاکانە خۆیانەوە، سەریان هەڵـدابێ و لە پزدانیانـدا چـێ بـووبن. زۆرجـاران ئەو نمـوونە ڕۆژاواییـانە، لەتەک نموونە ژیارییەکانی ئەو جڤاکانە و بنەماکانیاندا نـاگونجێن، ئەوەش دەبێـتە هـۆی گومبـوونی زیـاتر. زۆرجـاران دەبێـتە هـۆی پێکەوەژیانی، دوو شێوە و سیستمی جڤاکی ناکۆک لەیەک کاتدا و بەتەنیشت یەکەوە، شێوەیەکی نەریتی، کە ژیان بەگوێرەی نەریـت و بەها کۆنەکانی دەگوزەرێنێت و جڤاکێکی تازەش، کە بەگـوێرەی نوێترین پێوەرە سەردەمییەکانی خۆراوا دەژی، بێ ئەوەی بۆ خۆی هیچ نۆرەیەکی لە وەدیهێنانی ئەو تـازەگەرییەدا بووبێـت یـا بنەمـا گیانەکییەکـــانی وەرگرتبێـــت. مـــوحەممەد ئەرکـــوون[79] دەڵـــێ: "تــازەگەری هەڵوێســتێکی گیــانەکییە لەبەردەم کێشــەی زانینــدا، هەڵوێستی گیانە لەبەردەم، هەموو ئەو ڕێبـازانەی عەقـڵ بەکاریـان

---

[78] عصفور، جابر، (اسلام النفط والحداثة) ضمن الإسلام والحداثة، ندوة مواقف، لندن، دار الساقي، 1990، ص177-209. جابر عەسفوور (الدكتور جابر احمد عصفور/ 1944-)، نووسـەر و بیرمەنـدی مسری، لەسەردەمی حوسنی موبارەک (حسني مبارك)دا، ماوەیەک وەزیری ڕووناکبیری بوو.

[79] موحەممەد ئەرکوون (محمد اركون/1928-2010)، لە ئەلجەزائیـر لەدایـک بـووە و گەورەتـرین ئیسلامناســی فرانســی بــوو و بیرمەنــد و مامۆســتای زانســتگەی ســۆربۆن بــوو. وەک هــزر لەگەڵ نوێکردنەوەی ئیسلامدا بوو. خاوەنی دەیان کتێب و توێژینەوەیە بە زمانی فرانسی.

دەهێنێت، بۆ گەیشتن بە زانیارییەکی لەبەرچاو و واقیعی. هەرچی نوێسازییە، تەنێ هێنانەژوورێی داهێنان و تەکنۆلۆگیی نوێیە، بۆ کۆمەڵگەکانی عەرەبی یا ئیسلامی، مەبەستیش داهێنانە بەرخۆرییە ئەوروپاییەکانە، بە برێک دەستکاریی ڕواڵەتییەوە، کە هیچ گۆڕینێکی بنەڕەتی لە هەڵوێستی عەرەب یا موسوڵماندا بەرانبەر بوون و ژیان لەگەڵ خۆیاندا ناهێنن و ساز ناکەن"[80]. ئەرکوون، وەک نموونە باسی ئەلجەزائیر و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی دەکات. ئەلجەزائیر دوای سەربەخۆیی لەساڵی 1962دا، دەستیکرد بە نوێسازی لە بواری پیشەسازیی قورسدا، بە هاوردنی کارگەی پیشەسازی و شارەزایی ئەوروپایی، کە ئەمە بۆ خۆی تازەگەری نییە. هەرچی وڵاتانی کەنداویشە، تەواوی دیاردە ماددیەکانی تازەگەری، وەک ماشێن و ئامێر و لوولەی نەفت و پالاوتگە و زۆری تریش، لە دەرێ ڕا دێنن، کە هەموو ئەوانە ئەوروپا، سەدان ساڵی پێوە خەریک بووە، بە پشکنین و تاقیکردنەوەی زانستی و لەنێو ئەو داهێنان و ئامێرانەشدا، گیانی دیکارت و فرانسیس بیکۆن و گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس و ئەدیسۆن و هی دیکەشی تێدایە و شاراوەیە و ئەو گیانە زانستییە، گیانی زانستی نوێیە، کە کرۆکی تازەگەرییە. ئەو جڤاکانە تەنێ دیوەکانی دەرێی ئەو گیانە دەگوێزنەوە، نەک گیانە زانستییە

[80] محفوظ، محمد، الإسلام، الغرب وحوار المستقبل، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، 1998، ص45.

ڕاستینەکە. ئەو جڤاکانەی ئێمە لەسەر پاشماوە و توێکڵی تازەگەری دەژین و هەرگیز گیانی تازەگەری ڕاستینە نەیتوانیوە جێی خۆی لە پێکهاتەی ژیانی جڤاکی و گیانەکی جڤاکی عەرەبیدا بکاتەوە. تازەگەری و ڕابوون، بە زاڵبوونی عەقڵ و سێکۆلاریزم و تاکایەتی و مافی مرۆڤدا دەناسرێنەوە[81]. "کرۆکی تازەگەری مرۆڤ بۆ خۆیەتی، تازەگەری ڕاست و دروست بە دیاردە و هێما چەندییەکان دەست پێ ناکات، بەڵکە بە ناوەڕۆک و کرۆک دەست پێ دەکات، کە مرۆڤە، بێ ئەوەی مرۆڤ، فەرهەنگ و بەهاکان و دیدی بۆ خۆ و بۆ ئەوی دی بگۆڕێت، دیاردەی نوێسازی تەنێ ڕواڵەتی و ناڕاستە و بە دروستی ڕەنگدانەوەی واقیع ناکات. وەک ئەوەی لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە "إن الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم"[82]، واتە: خودا خەڵکانێک ناگۆڕێ، تا بۆ خۆیان خۆیان نەگۆڕن. بنەمای نوێسازی، مرۆڤ خۆیەتی و ئەو بەها و دیدانەی کاریگەرییان لەسەر کەسیەتی و ژیانی جڤاکییان هەن"[83].

تازەگەری، وەک هەموو چەمک و بزاڤ و وەرچەرخانێک، لە هەموو لایەکەوە پێشوازیی لی نەکراوە و بە ئەرێنی وەرنەگیراوە. یەکێک لەوانەی دژ بە تازەگەری بووە، ژان ژاک ڕۆسسۆ[84] بووە،

---

[81] سەرچاوەی پێشوو.

[82] القرآن الكريم، سورة الرعد، الآية 11.

[83] محفوظ..، الإسلام..، سەرچاوەی پێشوو، ص27.

[84] ژان-ژاک ڕۆسسۆ (Jean-Jacques Rousseau/1712-1778)، سویسرییەکی فرانسی، نووسەر و فیلۆسۆفی سیاسی بوو.

که بە نەئێنی لە تازەگەری نۆڕیوە و عەقڵگەرایی  توندی بەلاوە خەتەر بووە و پێیوابووە، لە قووڵایی هەست و بوونی مرۆڤ دەدات و تەنانەت دژ بە پێشکەوتنی زانستیشە، کە پێیوایە لایەنە مرۆڤایەتییەکەی مرۆڤ دەشێوێنێت، تەنانەت داوای بیرازکردن و چاکسازی لەبواری پەروەردە و بەها و دامەزراوە سیاسییەکان و دین دەکات، لەپێناوی مرۆڤدا. ڕۆسسۆ، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شارستانییەتی ماددی عەقڵگەرا، ئاکار و ڕەوشت و بەها مرۆڤییەکان دەشێوێنێت و پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بەرەو نامۆبوون، چونکە سەروەریی سیاسیی دەخرێتە خزمەتی عەقڵەوە و ئەوەش لەسەر لاوازکردنی تاکایەتی مرۆڤ و خۆبوونی مرۆڤ گەشە دەکات، واتە: لەپێناوی سەرخستنی عەقڵ و عەقڵگەرایی، گەرەکە مرۆڤ دەستبەرداری خۆی ببێت، ئەو خۆیەی، کە چەندە تایبەتمەندی و شانازیی بەخۆوە تێدایە. لەو ڕەوشەدا مرۆڤ هەموو سۆز و هەست و بەها تایبەتییەکانی خۆی دەکاتە قوربانی عەقڵ و ڕامانە عەقڵییەکانی. ئیدی بەو جۆرە مرۆڤ دەبێتە بەشێک لە بوونە جڤاکییەکەی و لەوێدا پێگە و شوێنێک وەردەگرێت، ئیدی وەک سەربازێک، کارگەرێک یا هاووڵاتێکی پلەدار، گەورەتر لەوەی، بۆ خۆی گەورەی خۆی و چارەنووسی خۆی بێت. بەوجۆرە عەقڵ دەبێتە ستەمکار و عەقڵگەرایش، بە چەوساندنەوە و ستەم.

موحەممەد عابید ئەلجابیری[85]، باوەڕی وایە، فەرهەنگ، هیچ فەرهەنگێک، لەنێو خۆیدا نەبێت، نوێ نابێتەوە و نوێکردنەوەی بواری کەلەپووریش بە خوێندنەوەیەکی بابەتییانە و عەقڵگیرانە نەبێت، ناکرێت. وەها کارێک بە گوتوبێژ دەکرێت، گوتوبێژی ڕەخنەگرانە، گوتوبێژی عەقڵی و گوتوبێژی خاوەنداریەتی، چونکە لەتوێی دەق و کەلەپووردا، بنەما و ڕەگەزگەلێک هەن، ئەگەر مرۆڤ لەگەڵیاندا کەوتە گوتوبێژ و دواندنیان، کۆمەڵێک سوود بۆ پێشکەوتن و ڕابوون، وەدەستدەخات. لەنێو ئەو کەلەپوورەدا، ڕەگەز و بنەماگەلێکی بەرفراژۆتن و ژیان هەن و هی وایشی تێدایە، کاتی بەسەر چووە و کۆتایی هاتووە. کەلەپوور، گەنجینەی هزر و دید و وێناکردن و پێشبینییە و نەتەوە، گەل، ئەوەی لێ وەردەگرێ، کە بەکەڵکی ئێستای دێت و ڕەنگە کۆمەکێکیش بە بزاڤ و پێشکەوتن بکات. دوو مەرجی سەرەکی تازەگەری، عەقڵگەرایی و دیموکراتییە، کە هیچ یەکێک لەو دووانە، کاڵایەک نین لە دەرێ ڕا بهێنرێن، بەڵکە کردار و ڕەوتارن، کە گەرەکە پیادە بکرێن. ئەگەر عەقڵانییەت لە کەلەپووردا پیادە نەکرێت و ڕەگوڕیشەی چەوساندنەوە و ستەم و دیاردەکانی لەنێو ئەو کەلەپوورەدا، لەقاو نەدرێن، ئەوا هەرگیز لە دامەزراندنی تازەگەرییەکی تایبەت بە خۆمان، تازەگەرییەک، لە ڕێگەیەوە بە

---

[85] موحەممەد عابید ئەلجابیری (محمد عابد الجابري/1935–2010)، بیرمەند و فیلۆسۆفێکی عەرەبی مەغریبییە. خاوەنی 30 کتێبە.

تازەگەری سەردەم و هاوچەرخی جیهانی تێکەڵمان بکات و وەک کارا نەک وەک کارتێکراو، نۆرەی خۆمانی تێدا ببینین، چ نەخشێکمان لە پرۆسێس و کردارەکەدا نابێت. هیچ تازەگەرییەک , بێ عەقڵ و عەقڵانییەت , نایەتە گۆڕێ و هیچ ڕابوون و هەڵسانەوەیەکیش , بێ عەقڵێکی ڕابوو و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاو، دانامەزرێنرێت. تازەگەری و کەلەپوور دوو دیوی پارەیەکن، کە کێشە و ئەندێشەی ڕابوونن[86]. غالی شوکری[87]، دەڵێ: "ئەوەی ناوی چەرخی ڕابوونی لێ دەنرێت، بەرهەمی بەخشینی شارستانییەتێکی نوێ نەبوو، بەڵکە پێکگەیشتنێکی ناهاوتای نێوان چەوسێنەران و چەوساوان بوو"[88]. لە ناخی ئەو فەرهەنگەوە، کە ڕۆژاوا بە چەق و نێوەندی بزاڤ و شارستانییەتی جیهانی دەزانێت، دەستەواژەگەلی: "شارستانی، مەسیحی، پێشکەوتن، گەشەکردن"، لەهەمبەر "کێوی (هۆڤ)، بتپەرست، پاشکەوتن، بەجێماوی"، هاتنە گۆڕێ، هەموو ئەمانە وەک ئیدوارد سەعید[89] دەڵێ، پاش قایلبوون بە چالاکییە ئایینییەکانی نێردە و

---

86 الجابري..، التراث...، سەرچاوەی پێشوو، ص16-18.

87 غالی شوکری (غالي شکري 1935-1998)، نووسەر و توێژەر و ڕەخنەگر و مێژوونووسێکی مسرییە. خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەی ڕەخنەگرانەیە.

88 شکري، غالي، دیکتاتوریة التخلف العربي، مقدمة في تأصیل سوسیولوجیا المعرفة، الهیئة المصریة للکتاب، 1944، ص105-106.

89 ئیدوارد سەعید (ادوارد سعید/1935-2003)، نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی و پرۆفێسسۆری ئەدەبی بەراوردکاری و زمانی ئینگلیزی و بیرمەندێکی گەورەی فلستینی و عەرەب بوو. لە فلستین لەدایک بووە و لە نیوویۆرک کۆچی دوایی کردووە.

مـژدەدەرە ئایینییەکـان (سـەدەی حەڤـدەیەم)، دواتـر بازرگـانی (سەدەی هەژدەیەم)، دواتریش پاشکۆیەتی (سـەدەی بیسـتەم) و تەواوی ئەو دیتن و کردەیەش بوون بە هۆی تەماشـاکردنی جیهـان و دابەشکردنی خەڵک بەسەر دوو جەمسـەری "ئـێمە" و "ئەوان"دا. فرانز فـانۆن[90]دەڵـێ: "گەرەکە بە تونـدی ئەو ڕەوشـەی دەوڵەتـانی ڕۆژاوا دەیانەوێـــت، ئـــێمەی تێـــدا خـــڕکەنەوە و گەمـــارۆدەن، ڕەدبکەینەوە. کۆڵۆنیالیزم و ئیمپریالیزم، بە کێشانەوەی ئاڵاکانیان و پۆلیســـەکانیان، قەرزەکـــانی لەســـەریانە نـــاتوانن بـــدەنەوە. ســـەرمایەداران (بیانییـــان)، بـــۆ چەنـــدین ســـەدە لە وڵاتـــانی گەشەنەکردوودا، ڕێگەیەکیان گرتەبەر، هیچ جیاواز نییە لە ڕێـگە و ڕەوتارەکانی کوژەرە تاوانبارەکان"[91].

ئیـدوارد سـەعید لە خوێنـدنەوەیەکی قـووڵ و فـرەلایەنە و ورددا، لە کتێبـــی فەرهەنـــگ و ئیمپریـــالیزم (Culture and Imperialism)دا، دەگــاتە ئەو ئەنجـامەی، کە کۆڵۆنیـالیزم تەنـێ داگیرکردنی زەوی و خاک و ئابووری و سیاسەت نەبووە، بەڵکە لە ئەدەبیشـدا، جێـی خـۆی کـردووەتەوە و ڕێـگەی بـۆ خۆشـکراوە. سـەعید، بە دوورودرێـژی لەمەڕ ئەو ڕۆمـان و کـارە ئەدەبییـانەوە

[90] فرانـز فـانۆن (Frantz Fanon/1925-1961)، بژیشـکی دەروونناسـی، فیلۆسـۆفێکی جڤـاکی فرانسـی بـوو. چەپ و مارکسیسـت بـوو. لەگەڵ بەرەی ڕزگـاریخوازی ئەلجەزائیـردا بـوو و دژ بە ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالیزم بوو.

[91] سعید، ادوارد، الثقافة والإمبریالیـة، ترجمـة کمـال ابـو دیـب، الطبعـة الثانیـة، دارالآداب، بیـروت 1998، ص83.

دەدوێ، کە هێما و سرووشبەخشی کۆڵۆنیالیزم لە دوو توێیاندا وەدی دەکرێن و هەڵکۆڵینیان تێدا دەکات و لێکیاندەداتەوە. وەک نموونە، سەعید، ڕۆمانی "ڕۆبنسن کرۆزۆ (Robinson Crusoe)"، دێنێتەوە، کە ساڵی 1719، لە لایەن نووسەری ئینگلیزی دانیال دیفۆ[92]وە نووسراوە. لەو ڕۆمانەدا نووسەر، کرۆزۆی قارەمانی ڕۆمانەکە، وەک کەسێکی سپیپێست، ئەوروپایی، مەسیحی، خەڵکی وڵاتێکی سەرمایەدار، باوەڕبەخۆبوو و لووتبەرز و توانا و زیرەک و خاوەن بیر، پێشان دەدات، کاتێک لە دوورگەیەکدا بە تەنێ خۆی دەبینێتەوە و دوای چەندین ساڵ ژیانی تەنیایی، لە ڕۆژێکی هەینیدا پیاوێکی ڕەشپێستی دانیشتووی ڕەسەنی دوورگەکەی لێ پەیدا دەبێ و ئیدی ئەو پیاوە لەکن کرۆزۆ، هیچ ناوێکی نییە و لەبەر ئەوەی لە ڕۆژی هەینیدا کرۆزۆ بینیویەتی، ناوی هەینی (Friday) لێ دەنێ. کرۆزۆ، پیاوەکە دەکاتە نۆکەری خۆی و دەیەوێ هەموو تایبەتمەندییە ڕۆژاواییەکانی خۆی پێشانی ئەو پیاوە بدات و دواتریش، دوای 28 ساڵان، لەگەڵ خۆی دەیباتەوە بۆ ئەوروپا. ئەم ڕۆمانە، پەیامێکی ئایینیی مەسیحییانە و بیرێکی کۆڵۆنیالیستانەی، لە دوو توێی خۆیدا حەشارداوە. زۆرێک لەو کارە ئەدەبییانە، پێشاندانی ڕۆژاوا و سپیپێستانی ئەوروپاییە، وەک نموونەی زانیاری و توانست و لێهاتوویی و

[92] دانیال دیفۆ (Daniel Defoe/1660-1731)، کە دانیال فۆ (Daniel Foe)یشی پێ گوتراوە. نووسەرێکی ئینگلیزی بووە و لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا چالاک بووە.

خــودانی ئــاوەز و تێگەیشــتن، لەهەمــبەر ئەفریقــا و مرۆڤــی ڕەشپێستدا، کە نزم و وەک خەڵکانێکی کەمئـاوەز تەماشـادەکرێن. ئەم ڕۆمانــانە و زۆری دیــکە، سرووشبەخشــی کۆلۆنیــالیزمن و هەڵگـری پەیـامی ڕەگەزپەرسـتین، بە جۆرێـک لە جۆرەکـان[93]. لە نـزیکەی تەواوی نەخشـە کۆلۆنیالیسـتییەکاندا، خەڵکـی ڕەسـەنی وڵاتانێک، کە داگیریـان دەکەن، وەک دواکەوتـوو دادەنـرێن و وەک خەڵکانێک سەیردەکرێن، کە توانسـتی سـەربەخۆیی و یەکسـانییان نییە و تەنانەت بە خەڵکانێکی بـاش و لەشسـاغیش نـاژمێردرێن[94]. فرانز فانۆن دەڵـێ: "خۆشـگوزەرانیی ئەورووپـا و پێشـڤەچوونی، بە ئـارەقەی کـۆیلە و ڕەشپێســتەکان و عەرەب و هینــدی و ڕەگەزە زەردەکـان و لەشــی ئەوان، کە کەوتــن و مــردن، بنیـات نـران"[95]. سـارتر دەڵـێ: "ئەورووپـایی نەیـدەتوانی ببێـتە پیـاو، تـا کـۆیلە و کێـویی دڕنـدەی دروسـتکرد"[96]. سـەردەمی ڕۆشـنگەری، سـەردەمی زاڵبوونی هێـزداران بـوو نەک مـرۆڤە مێرخاسـەکان، ئەو سـەردەمە بــوو بەهــۆی ســەرهەڵدانی بیــری چڕبــوونەوەی ئەورووپــایی و گەشەکردنی دیکتاتۆرییەکان و درێژەپێدانی جەنگ و دروسـتکردنی فەرهەنگێک، کە لە ئاکار و باوەڕە ئابوورییەکانی مرۆڤدا و پێـوەرە

---

[93] سـعید، ادوارد، الثقافـة والإمبرياليـة، ترجمـة كمـال ابـو ديـب، الطبعـة الثانيـة، دارالآداب، بيـروت 1998، ص131-248.

[94] سعید..، الثقافة...،سەرچاوەی پێشوو، ص148.

[95] سعید...، الثقافة...، سەرچاوەی پێشوو، ص256.

[96] سەرچاوەی پێشوو.

قازانجخوازەکانیــدا، ڕەنگــی دایەوە و کــاریگەرییەکی وای کــرد، سامان و هێز، تاکە دوو پێـوەری سـەرکەوتن و پێشـکەوتن بـن لە ژیانــدا[97]. شــپێنگلەر[98]، فیلۆســۆفی ئەڵمــانی پێیــوایە، لە شــارە پێشەسازییەکاندا، کاتێک گەشـە دەکەن و مەزن دەبـن و سـەرمایە تیایانــدا کەڵەکە دەبێـت و جـۆرە پێوەنـدێکی جڤـاکی نـوێ، کە لەسـەر بنەمـای بازرگـانی و قـازانج بەڕێـوەدەچێ و کـار دەکـات، ســـەرهەڵدەدات و گەشـــە دەکـــات، دواتـــریش دەبێـــتە هـــۆی هەڵوەشـــاندنەوە و پووکـــانەوەی، پێوەنـــدە جڤـــاکی و خێزانـــی و کەسـەکییەکان، هەربـۆیە بـاژێر، مـرۆڤ لە ڕەگە فەرهەنگییەکـانی خـۆی هەڵدەکێشـی و دادەبـڕێ و دەیـانگوێزێتەوە بـۆ دەوروبەر و ژینگەیەکی دیکە، کە ئیدی مرۆڤی شارسـتانی لە کۆتاییـدا دەبێـتە نموونەی مرۆڤی دۆزەخ[99].

نایەکسانی و نەهامەتی مرۆڤ، دەگەڕێتەوە بـۆ خۆویسـتی و خـۆ بە چەقـی ژیـان و بـوون و گەردوون زانـین و بەهـۆی هێـزەوە زاڵبـوون بەسـەر ژیـنگە و سروشـت و ئاژەڵـدا و وێرانکردنـی هەر هەموویشـیان لەپێنـاوی هەوەس و ئارەزووەکـانی خۆیـدا و تەنـێ خۆبینین و ڕژدی و چنۆکی (Egoism)، کە سیستمی خاوەنـداریەتی دەهێننە گۆڕێ، سیستمێک کە لەسەر بنەمای نادادی و ناڕەوایەتی

97 الحيدري، ابراهيم، النقد بين الحداثة وما بعدالحداثة، دارالساقي، الطبعة الأولى، 2012، ص65.

98 ئۆزڤاڵد شپێنگلەر (Oswald Spengler/ 1880-1936)، فیلۆسۆف و مێژوونووسی ئەڵمـانی، کە دیتنێکی ڕەخنەگرانەی لەمەڕ شارستانییەتی ئەوروپایی و ئەڵمانی و ڕۆژاوایی هەیە.

99 الحيدري...،النقد...، سەرچاوەی پێشوو، ص69.

دابەشکردنی سامان دامەزرێنراوە، ئیدی ئەو نادادی و ناڕەوایەتی دابەشکردنی سامانە لەنێو کۆمەڵێکدا بێت یا لەنێوان کۆمەڵانی مرۆڤ و وەڵاتان و لەسەر ئاستی جیهان بێت، کە ئەوەش کرۆکی کێشەکەیە. ڕۆسسۆ دەڵێ: "یەکەم مرۆڤ کە دەستی بەسەر زەوییەکدا گرت و گوتی ئەمە موڵکی منە و لە دەوروبەری خۆیشی خەڵکێکی سادە و سافیلکەی بینییەوە، کە باوەڕیان بە بانگەشەکەی کرد، ئەوە یەکەم کەسە، کە کۆمەڵی شارستانیی دامەزراند و بەوەش بوو بە یەکەم کەس، کە تاوان و جەنگ و کوژتار و نەهامەتی لەنێو ڕەگەزی مرۆڤدا داهێنا"[100]. عەلی شەریعەتی، دابەشبوونی مرۆڤ دەگێڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی، کە مرۆڤ بیری لە خاوەنداریەتی تاکانە کردەوە و ئەوە بە دەسپێکی ملانێی چینایەتی دادەنێت. سیستمی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات و ئیدیۆلۆگی سەرمایەداری، یەک جۆرە بیرکردنەوە، کار و ڕەوتار، بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنن، بێ ئەوەی ئازادی بیرکردنەوە لە ناکۆکییەکان و لە دواییشدا ئازادی هەڵبژاردن و بڕیاری چارەنووسی بۆ بهێڵنەوە. کردەی گەوجاندن و مێشکشۆردنەوە، کە ئامرازەکانی پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن، بە خنکاندنی تاکەکان، بە زانیاری و گریمانە و تیۆرییە چەواشەکارییەکانیان، ئەنجامی دەدەن و کە دەبێتە هۆی ڕێگەگرتن لە پێشکەوتنی ئاگایی مرۆڤ، ئامانجی کۆتایی، پاراستن و هێشتنەوەی ئەو سیستمەیە، کە هەیە

---

[100] الحيدري...،النقد...، سەرچاوەی پێشوو، ص80.

و بەردەوامبــوونیەتی[101]. مــارکۆزە[102]، بزرکردنــی ڕاســتی لەلایەن مـرۆڤەوە، دەگێـڕێتەوە بـۆ وەلانـان و دەسـتبەرداربوون لە هەمـوو دیدێکی ڕەخنەگرانە، کە ئیـدیۆلۆگی داپڵۆسـێنەری سـەرمایەداری، بەرهەمـی هێنـاوە. ئێریـک فـروم[103] دەڵـێ: "هەمـانبێ یـا هەبـین"، ئـازادی ڕاسـتینە ئەوەیە، ببـین بەوەی گەرەکمـانە، نەک ببیـنە خاوەنی ئەوەی دەتوانین ببینە خاوەنی[104]. مـارکس، لە تێزەکانیـدا لەمەڕ سەرمایەداری و چڕبوونەوەی و ئەنجامەکانی لەسـەر مـرۆڤ، جەخـت لەسـەر حـاڵەتی نـامۆبوون (Alienation)، دەکـاتەوە، کە مــرۆڤ لەژێــر کــاریگەریی ئــابووری عەقڵــگەرای سیســتمی سەرمایەداریدا تێیدەکەوێت و دەکەوێتە بن دەسـەڵات و هەژمـوونی ئەو ئـامێرەی بـۆ خـۆی دروسـتی کـردووە و دەبێـتە پاشـکۆی و دەبێـتە بەشـێکی ملـکەچ و بندەسـتی قـانوونە ماشـینییەکانی سـەرمایەداری و کـۆیلەی ئامرازەکـانی بەرهەمهێنـان و بەشـێک لە کردەی بەرهەمهێنان، نەک لایەنێک لە لایەنەکانی[105]. ئێریک فـروم، پێیــوایە، سیســتمی ســەرمایەداری، لە ڕێــگەی چێکــردن و

[101] الحيدري...،النقد...، سەرچاوەی پێشوو، ص215.

[102] هێربەرت مارکۆزە (Herbert Marcuse/ 1898-1979)، فیلۆسۆف و بیرمەندی ئەڵمانی-ئەمەریکی، تیۆریسیەنی چەپی ڕادیکال و بزاڤە چەپە نوێیەکان و دژ بە سیستم و ڕێژیمەکانی سەردەم بوو.

[103] ئێریک فروم (Erich Fromm/ 1900 – 1980)، دەروونناس و فیلۆسۆفێکی ئەڵمانی – ئەمەریکی بووە، بیر و تێزەکانی، تێکەڵەیەکن لە فرۆیدیزم و مارکسیزم.

[104] الحيدري...،النقد...، سەرچاوەی پێشوو، ص221.

[105] الحيدري...،النقد...، سەرچاوەی پێشوو، ص224.

هێنـــانەگۆڕێی جڤـــاکێکی بەرخـــۆرەوە، مـــرۆڤ کەوڵـــدەکات، هەڵـــدەتەکێنێت، ئـــاوەڕووت دەکـــات، دادەڕزێنێـــت و دەیکـــاتە ژێردەستەی سیستمێک، کە چ پێوەندێکی پێوە نییە و لە سنووری ئازادی تاکەکان و باوەڕەکانیانیشدا ڕاناوەستێ، چونکە تـاک، هـیچ بەهـایەکی لەو سیسـتمەدا نـیـیە و بەو جـۆرە، ڕاسـتەوخۆ هەسـتی نامۆبوون بەهێز دەکـات و هەموویـان بە تـاکە داردەسـتێک داژوا و تاکەکـان دەبـنە کـۆمەڵ و خڕبـوونەوەیەکی نائاگـا، کە دەبـێ بـێ ئەوەی توانسـتی پرسـیاریان هەبێـت، تەنـێ گـوێڕایەڵ و ئامـادەی فەرمان بن[106]. تەکنۆلۆگی تادێـت بەسـەر مرۆڤـدا زاڵ دەبێـت و لە مرۆڤیەتی دایدەماڵی و دەیگـۆڕێ و دەیکـاتە ئـامێر و ماشـینێک و تووشی نامۆیی دەکات[107]. مارکسیزم، ژێرخانی ئابووری (شـێواز و جـۆری بەرهەمهێنـــان و تەواوی هێـــزی بەرهەمهێنـــانی جڤـــاکی و ئابووری)، بە دیاریکەر و بڕیاردەری سەرخان (دەوڵەت و ئـایین و هەمـــوو بیـــر و دیـــدە فەلســـەفەیی و سیاســـی و جڤـــاکی و قانوونییەکـان) دەزانێـت و پێشـیوایە ئاگـایی خەڵکـیش، ئاگـایی مرۆڤەکـان وەک تـاک، گرێـدراوی ئاگـایی جڤـاکە. خەمسـاردی و نەئێنیـی ئەمـڕۆی جەمـاوەر لەوەدایە، کە نـاتوانێ بە گوێچکەکـانی خۆی بژنەفێت، تا ڕێگەی ژنەفتنی پێ نەدرێت و بەدەسـتی خـۆی شتێک بگرێـت، تـا ڕێـگەی گرتنـی ئەو شـتەی پـێ نەدرێت، ئەمە

---

[106] الحيدري...،النقد...، سەرچاوەی پێشوو، ص226.

[107] الحيدري...،النقد...، سەرچاوەی پێشوو، ص339-340.

شێوازێکی نوێی شێوازەکانی گەوجاندن و شۆردنەوەی مێشکە و ئەمەش یەکێکە لە ئەنجامەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری[108]. لە ڕاستیدا ئەوە سەرمایەدارییە، ڕەگ هەڵدەکەنێت و ئەوە، چینە کۆمەڵایەتییەکان دەسڕێتەوە و چینی کۆمەڵایەتی دیکە دەئافرێنێت و دانیشتووان دابەش دەکاتەوە و پێکهاتەی کۆمەڵەکان و هاوکێشەی شار و گوند و کشتوکاڵ و پێشەسازی دەگۆڕێت، هەمووی بە هۆی بوون و جمووجووڵی سەرمایەدارییەوەیە، ئەوەی لە ڕاستیدا ڕیشە هەڵدەکێشێ گەشەکردنی سەرمایەدارییە[109].

جیهانگەری (Globalization)، کە بۆخۆی سەردەمێکە لە سەردەمەکانی بزاڤی مێژوویی سەرمایەداری، دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی دیموکراتی و لیبرالیزم، کە هەردوویان بۆ ئیسیووپیا و وەڵاتەیلی وەک ئەو، دەردن نەک دەرمان، زاڵبوونی هێزی بازاڕ، کاملبوونی ئابووریی جیهانی، خێرایی گۆڕانکارییە تەکنۆلۆگییەکان، گۆڕینی سیستمی بەرهەمهێنان و بازاڕی کار، شۆڕش لە بواری ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا و برەودان بە بەرخۆری و کڕین و بەکاربردن، کە دەگوێزرێنەوە بۆ وڵاتانی تازەگەشەکردوو یا گەشەنەکردوو یا ناسەرمایەداری، تەواوی ئەمانە دەبنە هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەنجامگەلێکی جڤاکی و دامەزراوەیی، لە لەدەستدان

[108] الحيدري...،النقد...، سەرچاوەی پێشوو، ص529.

[109] النبواني، خلدون، في بعض مفارقات الحداثة وما بعدها، دراسات فلسفية وفكرية، دارالمدى للثقافة والنشر، الطبعة الأولى، 2011، ص257.

و بزرکردنـــی ناســـنامه و کەســـایەتی و پەرەســـەندنی تـــاوان و تاوانکاری و مامەڵەکردن و بەکاربردنی بەنگ و مادده هۆشبەرەکان و گوشارخستەنەسەر خێزان و پەرەسەندنی گەندەڵی و خراپەکاری و پەلاماردانی ژنان و ململانێ ڕەگەزی و نەتەوەیـی و ئایینییەکـان و زیـــادبوون و بڵاوبـــوونەوەی هەژاری و بێکـــاری. جیهـــانگەری، دەکاتە: فەرهەنگـی بەرخـۆری، بەرەڵڵاکردنـی هەوەس و ئـارەزووە سێکسییەکان، هەڵوەشانەوەی خێزان، تاوانی ڕێکخراو، تاکایەتی و گۆشەگیری، دروستکردنی چینێکـی تێروتەسـەل و تـرخن لە 1%ی خەڵک و جڤـاک، کە زاڵە بەسـەر 99%ی هەمـوو خەڵـک و هەمـوو شتێکی جڤاکـدا. جیهـانگەری بۆشـاییەکانی نێـوان دەوڵەمەنـدان و هەژاران قـــووڵتر دەکاتـــەوە و ســـتەم زاڵ دەبێـــت و ئازادییەکـــان پاشەکشـێ دەکەن و تونـدازۆیی ئـایینی بە شـێوەیەکی خێـرا بـڵاو دەبێتەوە[110].

جیهــــــــــانگەری لەلایەن ڕۆژاوا و فیلۆســـــــــــۆفەکانیان و تیۆریســـتەکانیانەوە دروســـت کـــراون و هەر بـــۆ بەڕێوەبردنیشـــی کۆمەڵێک ڕێکخراوی وەک، ڕێکخراوی دەوڵەتانی یەکگرتـوو و بانـک یـا سـندووقی دراوی نێـودەوڵەتی، دامەزرێنـراون. پایەکـانی، کە جیهـــانگەری لەســـەریان ڕاوەســـتاوە= کۆمپانیـــا دارایـــیە سنووربەزێنەکان+ ڕاگەیاندن. جیهانگەری، لەگەڵ بەجیهانیبوون یا بەنێونەتەوەییبوون و هـاووڵاتی جیهـان، جیـاوازە، وەک بیرمەنـدی

[110] النبواني...، في بعض...، سەرچاوەی پێشوو، ص162.

عەرەب مـوحەممەد عابیـد ئەلجـابیری بـۆی دەچێـت، ئەو دەڵــێ:

"جیهــانگەری پــرۆژە و ئیــدیۆلۆگی و هەژمــوون و داگیرکــردنە و بەجیهانیبوون ئاسۆکانی گوتوبێژی شارسـتانییەتەکان دەکـاتەوە و تــێکەڵ بە یەکیــان دەکـات و ئاسـانکاری جـووڵانەوەی مـرۆڤ و پێوەنــدەکانی دەکــات و ســوود لە تەکنۆلــۆگی و پێشــکەوتنە زانستییەکان وەردەگیرێت، کە دەبێتە هۆی چێکردنـی هـاووڵاتیەتی جیهـانێکی هاوتـا و یەکسـان و پـرۆژەی بەجیهـانیبوون، ئاسـۆکان دەکاتەوە و ڕێگە بۆ فراژۆتن و گەشەکردنی گەلان، خـۆش دەکـات و هەرچی جیهانگەرییشە، دەرگا بەسەر وڵاتـانی گەشـەنەکردوو یـا تازەگەشەکردوودا، دادەخات و وەلایان دەنا"[111].

جیهانگەری، دیـاردەیەکە لە دیاردەکـانی سـەرمایەداری نـوێ، کە لە هەژمــوون و زاڵبــوونی یەک جەمســەرەدا خــۆ دەنوێنێــت، ئەویــش وەک دەردەکەوێــت، لە ئاکــامی داڕووخــانی یەکیەتــی ســۆڤیێتەوە هــاتووەتە گــۆڕێ، لــێ لە ڕاســتیدا ململانێیەکــی هەمیشەیی و بەردەوام بـووە هەر لە پـێش دروسـتبوونی یەکیەتـی سۆڤیێتیشــەوە و لە کــاتی یەکیەتــی سۆڤیێتیشــدا و لەدوای داڕووخانی یەکیەتـی سۆڤیێتیشـەوە، لە پێنـاو دابەشـکردنی کـاردا لەسـەر ئاسـتی جیهـانی و ململانــێ لەپێنـاو دابەشـکردنەوەیدا، لە کردەیەکی بەردەوام و هەمیشـە پەرەسـەندوودا، لەنێـوان نێوەنـد و

---

[111] الجابري، محمد عابد، العولمة والهوية الثقافية – عشرة أطروحـات، المسـتقبل العربـي 269، آذار 1998، ص91 – 99.

چـــواردەوردا. لەنێـــوان دوو (چەق) و دەوروبەردا، لەڕێـــگەی ئەم ملانێیەوە، سەرمایەداریی سەرکەوتوو، هەمیشە دەیەوێت ئاگـایی و هـزر و ئاکـار و بەرژەوەنـدە تایبەتییەکـانی خـۆی، بکـا بە ئاگـایی وهـــزر و ئاکـــار و بەرژەوەنـــدی جیهـــانی[112]. جیهـــانگەری، کە سەرمایەداری، دڵ و داهێنەر و بزوێنەریەتی، وێرانکردنی ژیـنگە بە دووی خۆیـدا دەهێنێـت، تەکنۆلۆگیـای ناپێویسـت و زیـانبەخش بڵاودەکـاتەوە، ئـابووری بـازاڕ دەکـاتە پێـوەری بەرهەمهێنـان و بازرگانی، پارە و قازانج دەخـاتە جـێگەی بەهـا و ئاکـار، وەڵاتـانی دەوڵەمەند زاڵتر دەکـات بەسـەر دنیـادا، ژیـان لەسـەر زەویـدا، بـۆ مرۆڤ سەختتر و ناخۆش دەکـات، تـا ئەو ڕادەیەی مـرۆڤ، دیـارە دەوڵەمەنـدان، وەدووی ئەسـتێرەی دیـکەدا بگەڕێـن بـۆ ژیـان، بـۆ ئەوەی ئەو شـوێنانەش بە دەردی زەوی بـبەن و وێرانـی بـکەن. ڕۆژاوا، کە فەرهەنگی خۆیـان بە سەردەسـت و زاڵ و دەوڵەمەنـد و بایەخـدار دەزانـن، لە دیـدێکی داگیـرکەرانە و هێـزەوە دەنـۆڕنە فەرهەنگـــی ئەوی دی، واتە: فەرهەنگـــی ڕۆژاوا داگیـــرکەرە و فەرهەنگی ئەوی دی داگیرکراو. ڕۆژاوا هەر لەو دیـدەوە، ڕەوایەتـی بە داگیرکردنی سەربازی، سیاسی، ئـابووری، ئاکـاری، زمـانەوانی، پۆشاکی، خۆراکی و هەموو شتێک و هەموو بوارێکی دیکەی ژیـانی جڤاکگەلی دیکەی ناڕۆژاوایی دەدات. ئـابووری سـەرمایەداری و ئەو

[112] سالم، عدنان حسين عطية، الفكر العربي التنموي فـي ظـل العولمـة، بيرزيـت-فلسـطين 2010، ص91.

جیهـانگەرییەی ڕۆژاوا بەسـەر هەمـوو جیهانـدا دەیسـەپێنێت، تـاک وەپێش کۆمەڵ و بەرخۆریی و وەپێش بەرهەم و سامان و وەپـێش بەهاکـان دەخـات[113] و پەرە بە بەرخـۆریی فرۆشـیاری دەدات، کە بەرخــۆری زمــانەوانی- فەرهەنگــی، لەگەڵ خۆیــدا دەبــاتە هەر شوێنێکی تێـی دەچێت، ئەو بەرخـۆرییەش، یەکـێکە لە سـەرچاوە هەرە ترسناکەکانی، کە هەڕەشە لە زمان و فەرهەنگی تەواوی ئەو جڤـاکە نـاڕۆژاواییە بێهێـزانەی جیهـان دەکـات. ڕۆژاوا، یەک دیـد و گشـتاندنێکی لەهەمـبەر گەلانـی ژێردەسـتەدا هەیە، بـاوەڕی وایە، گەلانی ژێردەستە دەبێ حوکم بکـرێن و ئەو گەلانە هەر بە ڕاسـت، وەک گەلانێکی بندەست سـەیر دەکـرێن و وەک خـودان توانسـت و خواسـتی خۆیـان سـەیر نـاکرێن. مرۆڤـی ئەو کـۆمەڵانە، وەک مرۆڤەیلێکی بـێ مێـژوو سـەیر دەکـرێن، مرۆڤەیلێـک، کە تەنـێ بـۆ بەکـاربردن بـۆ پەرەپێـدانی ئـابووری و دەوڵەت، کە ئیمپراتۆریـای داگیـرکەر هێزیـان وەبەردا دەکـات، پێویسـتی پێیـانە، لـێ واقیعـی ئەوان هیچ شایستەی گرنگیپێدانی مێژوویی یا فەرهەنگی نین.

ئەو چوارچێوە و پێناسە و پێوەرانەی، ڕۆژاواییان بۆ ژیاری، فەرهەنگ، پێشکەوتن، دواکەتن و گەلێ شتی دیـکەش دایاننـاوە و بە دروســتی دەزانــن، پێناســە و چوارچێــوە و پێــوەرگەلێکن، بەرهەمی بیرکردنەوە و جیهانبینی خۆیانن و کەمترین بەهایـان بـۆ تایبەتمەنـدییەکانی کـۆمەڵانی دیـکەی نـاڕۆژاوایی دانەنـاوە و بەو

---

[113] الحيدري...،النقد...، سەرچاوەی پێشوو، ص 395.

بۆچـوونەی ئەوان، ناڕۆژاوایيـان چـی ئەوتۆيـان بـۆ نـامێنێتەوە و دەکەونە دەرێـی ئەو بـازنە و چوارچێـوەيەی ڕۆژاواوە. کـۆمەڵانی دەرێـی بـازنەی خـۆراوا و سـەرمايەداری، لە ئەنجـامی گۆڕانکـارييە ئـابووری و فەرهەنگييەکـانی، کە سـەرمايەداری و تـازەگەری و جيهـانگەری ڕۆژاوا، بەسـەرياندا دەيسـەپێنن يـا بەرەبەرە ڕاياندەکێشنە نێـو جڤـاکە پاشـکۆ و ڕەدووکەتووەکـانی خۆيـانەوە، پاکيزەيی خۆيان دەدۆڕێنن و دەبنە تاکە يەک شت، ئەويش کـۆپی و پاشـکۆی ڕۆژاوا و مرۆڤەکانيشـی وەک "کـوردەکەی لە هەردوو جەژن بوو"يـان لـێ دێ، هـێلکەی قازيـان پـێ نـاکرێ و ئەوەی خۆيشيان لەبير دەچێتەوە.

ئێمە ئەگەر مێژوو، وەک ئەسپی ژێر گاليسکە يا ڕاکێشـەری گاليسـکە، کە ئەمـلاو ئەولای خـۆی نابينێـت، لە ديـدێکی ڕۆژاواييانەوە بخوێنينەوە، ئەوا تەنيا ڕێچکە و هێڵێک دەگـرينەبەر، کە بەرەو يەک ئاقارمـان دەبـات، ئەويـش ئەو ئاقـارەيە، ئێسـتا ڕوژاوای تێـدايە و پێيگەيشـتووە، واتە: ئەو سيسـتمە سەرمايەدارييەی، کە ئەمڕۆ بووەتە تەوقێـک و لە ملـی مرۆڤـايەتی ئالاوە و بەرەو هەڵدێری دەبات. سيستمی سەرمايەداری، ئەمـڕۆ لە ترۆپکی زاڵبوون و سەردەسـتەيی خۆيـدايە و گەيشـتووەتە ئاقـاری ئيمپرياليزم و وا تێيشيدەپەڕێنێت بۆ ناديـار و مەگەر خـودا بزانـێ چـی، چـاوچنۆکترين مـرۆڤ دەئافرێنێـت، کە لەپێنـاوی خـۆی و حەزەکانی خۆی و هەڵپەی ژياندا، چەکی ناوکی (ئەتۆم) و چەکی کيميـايی دروسـت دەکـات و ژيـنگە وێـران دەکـات و ئامـادەی

سڕینەوەی ئەوی دیکەیە و ئامادەی ئەنجامدانی هەموو تاوانێکە، کە ئەو خۆی پێی ئاساییە و شەرعییە، تەنیا بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆی. لە کۆمەڵە مۆدێرن و سەرمایەدارییەکاندا، ئەگەر قانوون یا ڕێساگەلێک نەبێت، کە هەموو شتێکی بۆ دیاری کردوون و سنووری بۆ جووڵانەوەی مرۆڤ داناوە، ئەوا سەرباری ئەو بانگەشەیەی ئەو جڤاکانە بۆ خۆیان دەیکەن، بەوەی خاوەنی فەرهەنگن و باوەڕیان بە مافی مرۆڤە و دەیان شتی دیکەی لەو جۆرە، یەکدی دەخۆن و هەزاران تاوان ئەنجام دەدەن.

ئەوە قانوونە، هەموو کار و کردەوەیەکی ڕۆژاواییەک، ڕێکدەخات، ئەوە قانوونە مافی مرۆڤ، پێگەی منداڵ و ژن و پیاو و ئاژەڵ و کارمەند و کارگەر و بەرپرس و بێکار و هەموو تاکێکی کۆمەڵ و هەرچی پێوەندە بە ژیان و ماف و ئەرک و ئابووری و سیاسەت و کۆمەڵەوە، دیاری دەکات. هەرچی شتە لە چوارچێوەی قانووندا، جێکراوەتەوە، تەنانەت پێوەندی ئەندامەکانی خێزان لەگەڵ یەکتردا (ژن و مێرد و دایکوباوک و زارۆک) و مامۆستا و خوێندکار و نەخۆش و بژیشک و کڕیار و فرۆشیار و هاوسێ و هاوماڵ و زبڵ و خاشاک فڕێدان و خواردنەوە و سیگارکێشان و هەموو ورد و درشتێکی، کە مرۆڤ بیری بۆی ناچێت. ڕۆژاوایی تەنانەت خۆشەویستی و بەزەییهاتنەوە، بە سەگێکی نەخۆش و پاراستنی دەوەنێک و سەردانی نەخۆشێک و سێکسینی پیاوێک لەتەک ژنێکی لەشفرۆشی سەرجادەدا و دانیشتنی قاوەخانەیەک و زەنگلێدان بۆ دۆستێک یا کارگێڕییەک و بەکاربردنی جلشۆرییە

گشـــتییەکانی گەڕەک و ئاودەســـتخانەیەک و ئەوەی تـــۆ بیـــری لێنـاکەیتەوە، هەر هەمـووی بەگـوێرەی قـانوون و لە چوارچێـوەی قانوونـدا، لێیـان دەڕوانێـت و ئەنجامیـان دەدات، کە گەلـێ جـار، مرۆڤ وەک ماشینێکی لێ دێت و بۆ خۆی ناتوانێت لە دەرێـی ئەو قـانوون و ڕێسـاگەلە، بیربکـاتەوە و چارەسـەرێک بـۆ کێشـەیەکی تەنانەت یەکجار گچکەش بدۆزێتەوە، لێ لە کۆمەڵە هەژار و سـاکار و ناهـــاوچەرخ و ناســـەرمایەدارییەکاندا، کە ڕۆژاواییـــان نـــاوی سەرەتایی و دواکەوتوویان لێدەنێن، گیانی هاریکاری و هاوئاهەنگی و بەزەیـــی و خۆشەویســـتی و بەتەنگەوەهـــاتن و فریـــاکەوتن و دەسگیرۆیی و زۆری تریش لەو کارە چاکانە، خۆڕسکە و بەرهەمـی مێژوویەکـی درێـژ و فەرهەنـگ و بیرکـردنەوەی سـەدان و هەزاران سـاڵەی بۆمـاوەیی مرۆڤەکـانە. بـا نمـوونەیەکی ئەو قـانوون و قانوونبازی و کۆیلەی قانوون و چوارگۆشەییەی مرۆڤی ڕۆژاوات بـۆ بگێڕمەوە: ژنێکی بریتانی، سـەعات سـێی سـەری سـبەی، ژانێکـی سـەختی منـدالبوون دەیگـرێ و لە مـاڵەوە بەتەنێـیە، چـونکە مێـردەکەی سـەفەری دەرێـی بریتانیـای کـردووە. ژان، ژنە ناچـار دەکـات، هـاوار ببـات بـۆ هاوسـێ عیـراقییەکەی، کە ناسـراوە بە گەرمـــی و بەتەنگەوەهـــاتنی لە تەنگـــانەدا، بـــۆ ئەوەی بە ئۆتـــۆمبیلەکەی خـــۆی بیبـــا بـــۆ نەخۆشـــخانە. هاوســـێکەی بە هاوارییەوە دێت و خێـرا بەرەو نەخۆشخانە داژوا و ژنەش بەهـۆی ژانەوە هەر هـــاوار دەکـــات. کـــابرا، بـــێ ئەوەی گـــوێ بە چـــرا سوورەکانی سەر شەقامەکە، بـۆ ڕاوەسـتانی ئۆتۆمبیـل بـدات، لە

هەموویان دەدات و سەرەڕۆیی بە مۆڵەتی شۆفێرییەکی خۆیشیەوە دەکات، کە لەو وەڵاتە قانوونەکانی گەلێک سەختن. بە سەلامەتی ژنە دەگەیەنێتە نەخۆشخانە و لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، تا منداڵەکەیشی بە سەلامەتی دەبێت و بە تەواوی لێی دڵنیا دەبێت و ئەوجا دەگەڕێتەوە ماڵێ. مێردی ژنە زەنگێ بۆ کابرا لێدەدا و سپاسی کردە جوامێرانەکەی دەکات. دوای چەند ڕۆژێک لە کارگێڕیی هاتوچۆوە نامەیەک بۆ کابرا دێت، کە دەبێ پارەیەک وەک سزا بدات، لەبەر ئەوەی کاری ناقانوونی کردووە و لە چرای سوور پەڕیوەتەوە. کابرا دەچێت بۆ کارگێڕی هاتوچۆ و پارەکە دەدات و دەچێتە کن بەرپرسی ئەو کارە و پێی دەڵێ: گەورەم من بە ئاگاییەوە لەو چرا سوورانەم دا، بۆ ئەوەی نەخۆشێک بگەیەنمە نەخۆشخانە و هیچ کێشەیەکم لەگەڵ پارەکەدا نییە، چونکە پارەکەم دا، بەڵام ئەوەی بۆ من سەیرە، ئێوە چۆن بەو کارەی منتان زانیوە، لەکاتێکدا نە کامێرا لەو شەقامەدا هەیە و نە پۆلیسی هاتوچۆیش! بەرپرسەکە پێی دەڵێ: ژنە دووگیانەکە زمانی لە تۆ داوە و ئێمەی ئاگادار کردووەتەوە! کابرا بڕوای بە گوێی خۆی ناکات، کە چ دەژنەفێت! ئێوارە دەگەڕێتەوە ماڵێ و دەچێ بۆ سەردانی ژنەی هاوسێی بۆ دڵنیابوون لە تەندروستی ئەو و پیرۆزبایی منداڵە نوێیەکەیشی. ژنە بە گەرمی پێشوازیی لێدەکات و سپاسی لێدەکات و خەریکە لە خۆشییاندا و لەو مێرخاسی و بەتەنگەوەهاتنە مرۆڤیانەی کابرا، دەست بە گریانێ بکات. کابرا ناتوانێ خۆی بگرێت و لە ژنە دەپرسی: تۆ زمانت لە

من دا، لەکن کارگێڕی هاتوچۆ؟ ژنە دەڵێ: بەڵێ. کابرا دەڵێ: بۆ؟ ژنە دەڵێ: ئێمە وەڵاتی قانوون و وەڵاتی ڕێکخستن و ڕێکوپێکیین، ئەوەی لە قانوون لادەدات، دەبێ سزای خۆی وەرگرێت، هەرکەسێک بێت و کوڕی هەرکەسێک بێت، بەبێ ئەم قانوونە، ئێمە هەرگیز، نە ئەم دەوڵەت و نەتەوەیەمان دروستدەکرد و نە دروستی دەکەین و بێ ئەمەش، بەرەڵایی زاڵ دەبێت و هەرکەسەو هەرچییەکی گەرەکبێت دەیکات. ڕاستە تۆ کۆمەکت بە من کرد و من سپاسی مێرخاسی و بەخشندەیی تۆ دەکەم، بەڵام من بەشێکم لە ڕێکخراو و سیستم و دامەزراوەی جێبەجێکردنی قانوون، کە لە منەوە دەست پێ دەکات و هەموو بەرپرسێک دەگرێتەوە، تکایە لەمە تێبگە و لەبەرچاوی بگرە!! ژنە کاغەزێکی پێشان دەدات، کە پارەی سزاکەی، وا داویەتی بە کارگێڕیی هاتوچۆ، بۆ خستووەتە سەر حیسابە بانکییەکەی. کابرا ژنە جێدەهێڵێ و سەری سووڕدەمێنێت، لەنێوان ئەو مرۆڤایەتییەی، کە قانوون نازانێت و ئەو قانوونانەی کە مرۆڤایەتی نازانن!

هێندەی لە کۆمەڵە بەناو "هاوچەرخ" و "مۆدێرن" و "پێشکەتوو" و "سێکۆلار"ەکاندا، کە بەرهەمی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمن، تاوان، خراپەکاری، هەڵاواردن، نابەرابەری، نایەکسانی، ڕەگەزپەرستی، هەن و ڕوودەدەن، کە بۆ خۆیان، دەردەیلێکن، گرێدراوی وەها کۆمەڵەیلێکن، لە کۆمەڵە سەرەتایی و ناهاوچەرخ و نامۆدێرن و ناپێشکەوتوو و ناسێکۆلارەکان و

ناسەرمایەدارییەکاندا، هەرگیز ڕوونادەن. خەڵک لەمانەی دواییندا، پتر سەنگی پێکەوە ژیان و گیانی هەرەوەزی و هاریکاری و بەتەنگەوەهاتن و فریاڕەسین و خۆشەویستی، دەپارێزن. سەرەتاییترین کۆمەڵێک لەمانە، کە ڕەنگە ڕووت و برسی و هەژارترین، جڤاکی دنیا بن، لێ ئەوەی هەیانە، بۆ هەموویانە و هەمووان بەشدارن، لە دەستەبەرکردنی هەموو شتێک بۆ هەمووان و بۆ خۆیان گەیشتوونەتە، حاڵەتێ ژیانێکی ئەنارکی یا جۆرە کۆمۆنیستییەک. پرسی مۆدێرنە و پێشکەوتنی جڤاک و گۆڕانەکان، لە هەموو جمگەکانی ژیاندا، لە کۆمەڵ و لەنێو خەڵک و وڵاتێکدا، من تەنێ لە دیوە لەبەرچاو و ئاشکراکەی تەکنۆلۆگی و ئابووری و شێوازی ژیانی خەڵکەوە نایبینم و نایخوێنمەوە، ئەوانە بە تاکەپێوەر نازانم. من دەزانم ڕۆژاوا و ئەورووپا، هەموو شێواز و بەها و دیدەکانی خۆیان، بە پێوەر دادەنێن و ئەوەی لەو چوارچێوەیەدا نەبێت و ڕەوتار نەکات و نەهزرێت، لە جیهانی ئەوان و دیدی ئەواندا، لەکن ئەوان، جیاوازە و دەکەوێتە خانەی "ئەوی دیکە"وە و جێی نابێتەوە و زۆرجاران ئەو باسە بە فەرهەنگەوە گرێدەدەن و هەموو جیاوازییەک لەتەک ئەواندا، لەکن ئەوان، دواکەوتن و جێمانە، لە ژیاری. بۆ من مێژووی مرۆڤایەتی یەک مێژووە و هەر هەنگاوێکی گۆڕان لە قوژبنێکی ئەم دنیایە، بەخێر و بەشەڕ، بەخاس و بەخراو، دەگەڕێتەوە بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

تازەگەری، پەیداکردنی تەکنۆلۆگی نویَ و تەلارخانەی نویَ نییە، بەڵکە ئازادی بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتنە لە هزر و دامەزراوە جیاوازەکان، بیَ ئەوەی مرۆڤ لە دەمکوتکردن و چەپاندن بترسیَت. ئەوەی لە ڕۆژاوا و مۆدیَرنەکەیدا، بەلای منەوە گرنگە و پتر جیَی بایەخە، ورووژاندنی پرسیار و هزرین و ڕەخنەیە، کە لە ڕۆژاوا دەتوانیَت لە فەزای مرۆڤ و بووندا، تاڕادەیەک ئامادەیی هەبیَت و ئازادانە بخولیَتەوە و نۆرەیەکی لە خویَندنەوەی میَژوو و هەلومەرجی ژیان و خویَندنەوەی پیَشبینییەکان و نەخشەکانی داهاتوودا هەبیَت، ئەگەر نەشبیَتە بڕیار و پابەندبوونی خەڵک، بە جۆریَک لە جۆرەکان، بەر دیدی خەڵک دەکەویَت و ئاگاداری دەبن. ئامانجی ڕەخنەش، جووڵانەوەی بیر و ڕزگارکردنی عەقڵە، لەو وەهمانەی بەستوویانەوە، بۆ وەلانان و ڕزگاربوون لە هەموو دەسەڵاتیَکی زانیاری، کە کار دەکات بۆ کپکردنەوەی عەقڵ و گەمارۆدانی و لەکارخستنی و پەکخستنی، لەوەی بتوانیَت هانی هزر بدات و بیجوولیَنیَت و پرسیار بورووژیَنیَت. هانس ئینسنسبیَرگەر[114]، نووسەری ئەڵمانی دەڵیَ: "دەبیَ بەرد فڕیَ بدەینە نیَو گۆمەئاوە گەنیوەکانەوە بۆ شڵەقاندنیان"[115]. نیتچە دەڵیَ: "ئەو مارەی کاژەکەی ناگۆڕیَ دەمریَ". سادیق جەلال ئەلعەزم دەڵیَ: "ئەو فەرهەنگەی گەنگەشەی تیَدا نییە، بە من،

---

[114] هانس ئینسنسبیَرگەر (Hans Enzensberger/ 1929- ...)، نووسەر و وەرگیَڕ و شاعیر و سەرنووسەریَکی ئەڵمانییە.

[115] الحیدري...، النقد...، سەرچاوەی پیَشوو، ص12.

فەرهەنگێکـی مـردوو یـا نیـوەمردووە، گەنگەشـە لەگەڵ ئەوانـی دیـکەدا، خـوێی زەویـیە"[116]. ئەگەر مـرۆڤ لە بیرکـردنەوەی خۆیـدا ئـازاد نەبێـت و لە لەشـی خۆیـدا ئـازاد نەبێـت و لە جـووڵانەوە و گەڕانیدا، ئازاد نەبێت، ئەودەمـی سـەختە بیـر بکـاتەوە و سـەختە بتوانێـت گۆمەکـان بشـڵەقێنێت، بـۆوەی لەسـەر بنەمـای تایبەتمەنـدییە فەرهەنگـی و مێژوویـی و هزرییەکـانی خـۆی، دامەزراوەکـان بگۆڕێـت و لەو ڕێگەیەشـەوە، کـۆمەڵ بگۆڕێـت. مـن جیاوازییەکەی نێـوان ڕۆژاوا و وڵاتـانی جیهـانە سـێیەمە هەژارەکە، لەوەدا دەبینم، دەنا لایەنە ماددییەکەی، کە بـۆ ڕۆژاوا تـا ڕادەیەک هەموو شتێکە و هیچ شتێک لە بـان ئەوەوە نیـیە، بە مـن، ڕەنـگە بەشێکی زۆری تەنـێ قسـەیقۆڕ بێـت و هیچـی تـر و هێنـدە گرنـگ نەبێـت، هەرچەنـدە ئەویـش، دیـارە بەشـێکی، ئەگەر لیبرالیـزم و سەرمایەداری و بـازاڕی ئـازاد و درۆ و فشـەی دیمـوکراتی و ئەوانە نەبێـت و بەرهەم نەبێـتە هەمـوو بەهـایەک و کـار نەبێـتە ئـایین و مرۆڤ نەبێتە کۆیلەی پووڵ و ماددە و ئـامێرێکی کـڕین و ڕاکـردوو وەدووی کاڵادا، بۆ خۆی ئاسانکارییەک بێت بۆ ژیـانی مـرۆڤ، لـێ لەگەڵ ئەوەشدا، مەرج نییە تەواوی ئەو کاڵا و شێوازی ژیانەی، لە دیدێکی سەرمایەدارانەی ڕۆژاواوە، پێویستە و گەرەکە بۆ مرۆڤێکی جڤـاک و وڵاتێکـی سـەرمایەداریی دەسـتەبەر بێـت و بکرێـت، بـۆ

---

[116] النبواني...، في بعض...، سەرچاوەی پێشوو، ص235.

کەسێکی جڤاک و وڵاتێکی مانەندی ئیسیووپیا و کوردستانیش، بە هەمان پلە پێویست بێت و هەمان بەهای هەبێت.

ژیـان، لە هەر کۆمەڵێکـدا و لەنێـو هەر گەلێکـی مرۆڤـدا، لە وڵاتگەلێکی مانەندی ئیسـیووپیا، یـا هەر جێیەکـی ئەم دنیـایە، بە هەر شـێوازێک بێـت، پێکهـاتنی خەڵـکەکەیە لەسـەر یەک کـۆمەڵە ڕێسا و نەریت و شێواز و جۆر و فەرهەنگ و شتگەلێکی هـاوبەش، کە زۆرینەیان قایلن پێیان و بەلای خۆیانەوە، خاوەنی شـەرعییەتن و ستانداردن. ئیدی بەهیچ جۆرێک، مەرج نییە ئەوەی لە سوێد یـا فرانسا، شەرعی و ستانداردە، لە ئیسیووپیا، کوردسـتان، فلیپپـین یا بۆلیڤیا، شەرعی و ستاندارد بێت و دیارە هەرگیز مەرجیش نییە هەمـوو جیهـان، هەمـوو مرۆڤـایەتی، بە ڕێچـکەی ڕۆژاوادا بـڕوات و هەر ئەو قۆناخـانە ببڕێـت، کە ئەوان پێیـدا تێپەڕیـون و کـۆپێیَ مێژوو و هەموو شت و کار و کردەکانی ئەوان بکەن، دەشێ ڕێگەی تـر بگـرنەبەر و ئەو جـۆرە ژیـانە هەڵبژێـرن، کە بۆخۆیـان پێیـان باشە. ئەو هێڵە ڕاستەیشی مارکس بۆ مێژووی مرۆڤ داینـاوە، کە لە کۆمۆنیزمی سەرەتاییەوە دەست پێ دەکات و بە سۆسـیالیزم و دواتر کۆمۆنیزم تەواو دەبێت، مەرج نییە بۆ هەموو کۆمەڵێکی ئەم دنیایە، ڕێک بەو جۆرە بێت. بە باوەڕی من، بەگوێرەی کۆمەڵەکان و جیاوازییەکانیـان، جیـاوازی لەو ڕەوتەشـدا چـێ دەبێـت. دەشـێ وەک نموونە، بێجگە لە جیاوازییە تیۆرییەکـانی نێـو هـزر و بزاڤـی سۆسیالیسـتی جیهـانی، کە لە دەیـان ڕەوت و ڕەنـگ و دیـدی جیـاوازدا، دەرکەوتـن و دەردەکەون، لە کـردە و پیـادەکردن و

پراکتیکیشـدا، نمـوونەی دەیـان جـۆرە سۆسـیالیزمی جیاوازمـان ببینیبێـت و ببینـین، ئیـدی جـۆری چینـی، سـۆڤیێتی، کووبـایی، لاتـین ئەمەریکـایی، یەمەنـی خـوارووی، یۆگوسـلاڤی، چیکـی، هەنگاری، ڕۆمـانی، ئەلبـانی، مسـری، بەعسـی، ئەفغـانی و دەیـان جـۆری دیـکە، کە جیاوازییەکانیـان، کـارکردی ژیـاری و مێـژوو و فەرهەنـگ و...تایبەتمەنـدییەکانی هەر جڤاکێـک لەو جڤاکـانەی لەسـەرە. تێکەڵبـوونی جڤاکەکـان، دەبێـتە هـۆی، شـارەزابوون لە ئەزموونی کەڵەکەبووی یەکتردا و ڕەنگە گۆڕان لە ڕوانین بـۆ ژیـان و هزریشـدا. هەمـوو جڤاکێـک ڕێگەیەکـی جیـاواز، بـۆ فراژۆتنـی فەرهەنگـی و سیاسـی و ئـابووری خـۆی هەڵـدەبژێرێت، کە لەگەڵ مێـژووی خۆیـدا و هەمـوو کێشـە و پێچەڵپـێچ و گرێیەکـانی مێژووەکەیـدا بگونجێـت. دیـارە چارەسـەری ئامـادە بـۆ هەمـوو کێشـەیەک لە ژیانـدا، تەنیـا لە ئـایین و ئیدیۆلۆگیـدا هەیە، دەنـا مرۆڤ گەرەکە وەدووییاندا وێڵ بێت.

هـیچ گەل و نەتەوە و کـۆمەڵە خەڵکێـک، لەسـەر ئەم گـۆی زەوییەی مرۆڤـی تێدا دەژی نیـیە، کە خـاوەنی ژیـاری و مێـژوو و فەرهەنگ نەبێت. ئەو گەل و نەتەوە و کۆمەڵانە، خودانی دەوڵەت بن یا نەء، نێشتەجێ بن یا کۆچەر، هەر جۆرە ژیـان و ئـابووری و زمـان و ئـایین و ڕەنـگ و ڕەگەزێکیـان هەبێـت، لەنێـو دارسـتان و دەشتایی و دۆڵ و چیا و ئەشکەوتدا بژین یا لە گوند و شـاردا، لە ئەفریقـا، ئاسـیا، ئەمەریکـای خـواروو بـن یـا ئەمەریکـای سـەروو، ئەورووپـا و ئەوسـترالیا، هیچیـان، بـێ فەرهەنـگ، بـێ مێـژوو، بـێ

ژیاری نین و هەموویان خاوەنی ئەوانەن و هەریەکەو تایبەتمەندی و کەسیەتی و سەنگ و بەها و خەون و ئامانجی خۆی هەیە. لە جیهاندا سەدان گەل و هۆز و کۆمەڵ هەن، کە هێشتا ساکارترین ژیان دەژین و دوورن لە هەموو تازەگەری و بەزموورەزمێکی سەرمایەداری و ئەوەی پێی دەگوترێ ژیانی هاوچەرخ و جیهانگەری و ئاساییترین شتێکی ئەو تازەگەری و جیهانگەرییە، بەوان نەگەیشتووە و ژیانی خۆیشیان دەژین و خاوەنی دەوڵەمەندترین فەرهەنگ و درێژترین مێژوو و کۆنترین ژیارین، وەک نموونە دەکرێ ئاماژە بەم هۆز و گەل و کۆمەڵانە بکرێ، کە لەم جیهانەی ئەمڕۆدا دەژین: لە ئاسیا: هۆزی سێنتینیس (Sentineese) لەنێوان هیندوستان و تایلاند. هۆزی کۆرۆوای (Korowai) لە ئیندۆنیزیا. لە ئەمەریکای خواروو (لاتین ئەمەریکا): هۆزی مێشکۆپیرۆ (Mashko-Piro)، کە لە دارستانەکانی ئەمازۆنن لە دەڤەری مادری دی دییۆس لە وەڵاتی پەروو. هۆزەکانی برازیل، کە 50 هۆزێک دەبن. دەیان هۆزی دیکە کە مرۆڤی تەنیان و پاشماوەی ئیندیانەکانن، کە ئەمەریکاییەکانی داگیرکەر، کوشتوویانن، وەک: ئیشی و دانەدانەیەک لە برازیل. لە ئەوسترالیا: ئەبۆریجینەکان (Aboriginal)، کە خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەوسترالیان. هۆزی ناین پینوپی (Pintupi Nine)، کە تەنێ 9 دانە کەسن. لە نیوزیلاند: ماوری (Maori)یەکان، کە خەڵکە ڕەسەنەکەی نیوزیلاندن. لە ئەفریقا: هۆزی ماسای (Massai) لە نێوان کینیا و تەنزانیادا. گەلی فولانی (Fulani) لە نایجیریا. هۆزی شێوا (Chewa)

له مەلاوی. هــۆزی وۆدابــی (Wodaabe) له نایجیریـا. هۆزەکــانی ســورما (Surma) له ســوودان و ئیســیووپیا. هــۆزی بانیــانکۆل (Banyankol) له ئۆگەندا. هۆزی هامەر (Hamer) له ئیسیووپیا. ئەو خەڵکه هەزاران ساڵە، بێ تازەگەری و بـێ پـاش تـازەگەری و بـێ ســەرمایەداری و بــێ جیهــانگەری، ژیــاون و فەرهەنگــی خۆیــان پاراســتووه و هەرگیــز پێویســتیان بەوه نەبــووه، دەســتبەرداری نەریـت و کەلەپـوور و فەرهەنـگ و هەمـوو کـردار و ڕەوتارەکـانی خۆیان بن و هی نوێ وەرگرن، یا پێویستیان بەوه نەبووه، شتی سەیروسەمەره و نامۆی دەرەکی، تێکەڵ بەوەی خۆیان بکەن.

هەرگیــز مەرج نیــیه مــرۆڤ له ڕێــی عەقــڵەوه، وەک له سـەرمایەداری و تازەگەریـدا بـاوه، بگـاته ڕاسـتییه یەکـلاکەرەوه و تەواوەکـانی، پێوەنـددار به مـۆده، تەلارسـازی، ئاکـار یـا ئەدەب. هەرگیـز مەرج نیـیه شـتێک ڕاسـتتربێت له شـتێکی دیـکه! بـۆ له خانوویەکدا، ژووری میوان و ناندین[117] بکەونه جێگەیەکی دیاریکراو و پێوانەکانیشـیان ڕێـک بەو جـۆره بێـت، که بۆیـان دیـاریکراوه؟ بــۆچی هــونەر و ئەدەب، هەمیشــه هەوڵــی خۆنــوێکردنەوه و ڕەسەنایەتی بدەن؟ بۆچی مۆزارت یا بیتهۆڤن له حەسەن زیرەک و مـوحەممەد عـارف جزێـری باشـتر بـن و نووسـینەکانی ئەوگوسـت

---

[117] ئاشگه، ئاشپەزخانه، چێشتخانه، شیوگه، مەتبەخ.

ستریندبێری[118] لە ڕشتەی مرواری باشتر بن؟ شێوازی چاتۆڵ و زنج و خانوودروستکردن و مۆسیقاژەندن و سترانچڕین و گێڕانەوەی چیرۆک لەکن ئیندیانەکان، ئەفریقاییەکان، مارییەکان، ئەبوریجینەکان، ئیسیووپیاییەکان، کورد یا قەرەچ، هەرگیز کەمبایەختر و نزمتر نین، لەوانەی ڕۆژاواییان. ڕەنگە ئەوانە چەند ڕامانێکی پاش تازەگەرییانە بن، لێ دەشێ مرۆڤ خۆیان لێ نەبان نەکات. مرۆڤ چ پێویستییەکی بەو هەموو تەکنۆلۆگی و ئامێر و ئەو هەموو شتە زیادانەیە، کە بۆخۆی لەگەڵ کەسەنزیکەکانی و هاوزمان و هاوڕەگەز و هاونیشتمان و هاووەڵات و هاوچڤاکەکانی خۆیدا و خەڵکی دیکەش، تێکەڵ بە سروشت، ئاسوودە و ئارام، بێ کێشە و گرێ و بارگرانی بژی! مرۆڤ، کە هەموو ڕۆژێک لە دڵەڕاوکەدا بێت و چاوەڕوانی ئەوە بێت، ئەمەریکا یا ڕووسیا، کۆریای باکوور، ئێران یا ئیسرائیل، هیندوستان یا پاکستان، پەنجە بە بۆمبە ئەتۆمییەکانیاندا، کە بەرهەمی تازەگەری و عەقڵ و خوێندەواری و زانستە، بنێن و گۆی زەوی و ژیان و بوون، لە چاوتروکانێکدا خاپوور بکەن، ئەم زانست و عەقڵ و تازەگەرییەی بۆچییە؟ مرۆڤ، کە بۆ خۆی لەسەر شێوازێکی ژیان ڕاهاتبێ، ئیدی هەموو شتێکی دیکە زیادەیە. ژیان بێ زانستگە و بێ جیهانگەری و بێ تازەگەرییش، هەر دەقەتێ و دەگوزەرێت. مرۆڤ

[118] ئەوگوست ستریندبەری (August Strindberg/ 1849-1912)، نووسەر و ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و شانۆنووس و شێوەکار و وێنەگر و نیگارکێشی سوێدی. یەکێکە لە ناسراوترین نووسەرانی سوێد. خاوەنی زیاتر لە 36 کتێب و 8000 نامە و چەندین تابلۆیە.

هەرگیز پێویستی بەو هەموو گرێوگۆتاڵ و ئاڵۆزییە نییە بۆ ژیان، ئەوانە تەنێ، بارێکی گرانی سەرشانی مرۆڤن. خۆشترین ژیان، ئاسانترین و ساکارترین جۆری ژیانە.

ئەگەر سەردانی ئیسیووپیا، گەڕانەوە بێت بۆ قووڵایی مێژووی سەدەیەک لەمەوپێش، تەنێ بەو واتایە دێت، کە شێوازی ژیانی خەڵک لەو وەڵاتەدا، بە بەراورد لەگەڵ شێوازی ژیانی خەڵک، لە فرانسا، دانمارک، سپانیا یا تەنانەت کوردستانیش، جیاوازە. جیاوازییەکە، بە واتای: دواکەوتوویی ئەو و پێشکەوتوویی فرانسا، دانمارک، سپانیا و کوردستان، نایەت، بەڵکە شێوازی ژیان، جۆرێکە، کە ڕەنگە، سەدەیەک یا پتر پێش ئەمڕۆ، لە ئەوروپا، خەڵک بەو جۆرە ژیابێت. کە مرۆڤ ئەو جیاوازییانە دەبینێت، پرسی ئەوەی لا دروست دەبێت، ئایا گەیشتنی گوندییەکی تێڵالەسەرشانی ئیسیووپیایی، بە ئەوروپا و وڵاتانی مانەندی ئەوروپا، کە دەکاتە هەڵاتن و چوون بۆ ئەوێ، وەک پەنابەر یا بۆ کار و ژیان، گۆڕانی ئەو مرۆڤە و کۆمەڵەکەیەتی یا بازدانێکە، بەرەو سەدان ساڵێکی جیاواز لە وڵاتەکەی خۆی و بەرەو زەمەنێک، کە وەڵاتەکەی خۆی هێشتا تێیدا نەژیاوە؟ پێمـوایە، وەها سەفەرێ، بازدانە، بازدانێکی ناسروشتی و نائاسایی، بڕینی زەمەنێکە، بە خێراییەکی سەدساڵی و دوورکەوتنەوەی تاکە کەسێکە، لە سەد ساڵێک و سڕینەوەیەتی، بەڵام تەواوی ئەوانە لەسەر زەوی و مەودا و دووریی جیۆگرافیایی و لە ڕواڵەت و ڕووکەشدا، دەنا چ گۆڕانێک نەهاتووەتە دی و

ڕوونـادات، تـا جڤـاکە ئیسـیووپیاییەکە بۆخـۆی، ڕێچـکەی خـۆی نەدۆزێتەوە و خـۆی نەگۆڕێت و دەردەکـانی خـۆی تیمـار نەکـات! ڕەنـگە ئەوە بـۆ ئەفغـانییەک، کوردێـک، عەرەبێـک، بەنگـالییەک، کۆنگۆییەک، ئیندیانێکی خەڵکی بۆلیڤیـا یـا هەر کەسێکی دیـکەی خەڵکـی ئەو وەڵاتـانەی هەژار و جیهـانی سـێیەمە، ڕاسـت بێـت. گـۆڕینی داردەسـتەکەی سەرشـان، پەڕۆوپاتـاڵەکەی گەڵوگـون داپۆشـین، خـواردن بە چنـگ و دەسـتوپەنجە، دانیشـتن و خەوتـن لەسەر زەوی، جـووتە سـەرپێییە لاستیکەکەی لالیبـێلا، کەرەدێـزە بچکۆلەکە، بە کۆڵەپشتێکی تۆکمە و قایم، بە پـانتۆڵێکی جینـز و کراسێک و پاڵتۆیەک، خواردن بە چەقۆ و چنگاڵ، دانیشتنی سـەر کورسی و پشـتی مێـز، خەوتـن لەسـەر دۆشـەکی نەرم و تەخـتەی خەوتـــن، جـــووتێ کەوشـــی چەرمـــی نایـــابی ئیتـــالی، مێتـــرۆ و ئۆتۆبووسی تـازە و لەکـاتی خۆیـدا هـاتوو، ئەلەکتریکـی بەردەوام، ئـاوی سـارد و گەرمـی بەردەوام و زۆری تـریش، کـار ناکـاتە سـەر جڤـاکەکەی، ئەو مـرۆڤەی لێـوە هـاتووە، تەنـێ بـۆ خـۆی، وەک تاکێک، هاتنەکەی و جێگـۆڕکێکەی، گـۆڕانە و هیچـی دی، ئەویـش ئەو بۆخۆی، بێجگە لەوەی بە لەش، جیۆگرافیایەکی جێهێشتووە و لە خاک و جیۆگرافییەکی دیکەدا لەنگەری گرتووە و گیرسـاوەتەوە و بـێ هـیچ خۆشـەکەتکردنێک هـاتووەتە سـەر شـتگەلێکی پێشـتر ئامـادەکراو، دەنـا چ نـۆرەیەکی، بـۆ گەل و خـاک و کـۆمەڵەکەی خـۆی نیـیە. نەبـوون یـا لاوازیـی فەرمـانڕەوایی و دەسـەڵات و حوکوومەت و کارگێڕی و ڕێکخستن و ئەو جۆرە شتانە،  لە دەرێی

شارەکان، لە ئیسیووپیا و زاڵبوونی شێوەی ژیانی خێڵەکی و هـۆز و تیـــرە و تـــایفە و خـــولانەوەی ژیـــان، فەرهەنـــگ، ئـــابووری، لەشساغی، خوێندەواری، هـاتوچۆ، سیاسـەت و هەمـوو بوارەکـانی دیکەی ژیان، لە چوارچێوەی بازنەیەکدا، کە تـا ڕادەیەک، سـەدان ساڵە لە جێگەی خۆیانـدان و سـنووری بـازنەکە، یـا نـابەزێنن، یـا ئەگەر بیشـــیبەزێنن، گەلێـــک لەســـەرەخۆ و خـــاوە. ژیـــان، لەو جڤاکگەلەدا، بەگوێرەی قانوون و نەریتی جڤـاکی خێـڵ و شـێوازی ئەو ژیان و باوەڕ و هزرینەی ئەو خەڵکە بەڕێوە دەچێت، کە نەوە لە دوای نەوە، لەســـەری ڕاهـــاتوون و پێڕۆیـــان کـــردووە. وەهـــا شـێوازێکی ژیـان، تەنـێ لەبەر ئەوەی وەک ڕۆژاوا نیـیە، دواکەوتـن نییە، بەڵکە شێوازێکە لە ژیان، کە بەرهەمی ئەو خاک و فەرهەنگ و نەریت و هزرەی خەڵکی ئەو کۆمەڵەیە.

ئەو ڕەوشەی ئیسیووپیا و وەڵاتەیلێکـی وەک ئیسـیووپیا، کە ئەگەر لە دیـدێکی ڕۆژاوایـیەوە تەماشـای بکەیـت، وەک کێشـەیەک ســەیر دەکرێــت و دێــتە بەرچــاو و مــرۆڤ وەدووی چارەســەردا دەگەڕێ بۆی. ڕۆژاواییەک، دەگاتە  باوەڕێک، کە وەهـا کۆمەڵێـک، بێ ڕێکخستن و حوکـوومەت و کـارگێڕی و دەوڵەت و دەسـەڵاتێک، هەرگیز بۆخۆی، نە دەتوانێـت خـۆی بەڕێـوە ببـات، نە چارەسـەی دەردی برســـییەتی و نەخۆشـــی و نەخوێنـــدەواری و هەژاری و چەوســانەوەی چینــایەتی و ئــایینی و هەمــوو دەردەکــانی خــۆی دەکــات، نەپێشــدەکەوێت، نە شــتێک بە کــۆمەڵی مرۆڤــایەتی پێشـکەش دەکـات. ڕۆژاوایـی پێیـوایە، جڤـاکەیلێکی لەو بـابەتە و

مرۆڤەکانی، ناتەواو و بێفەرهەنگ و کاڵفام و دەردەدارن و هەرگیز توانستی لێکجیاکردنەوەی خاس و خراویان نییە و هەرگیز ناتوانن فەرمانڕەوای خۆیان بن و هەرگیز نوێنەرایەتی خۆیانیان پێ ناکرێت، هەر بۆیە، ڕۆژاوا، کە خۆی بە میراتگری مرۆڤایەتی و دەمڕاست و زانا و توانا و خاوەنی گۆی زەوی دەزانێ، پەنا دەباتە بەر کۆڵۆنیالیزم و داگیرکردن، لە ڕابووردوودا بە ڕێگەی سەربازی و چەک و داگیرکردن و لە ئێستاشدا بە فرۆفێڵی تازەگەری و جیهانگەری و سیکۆلاریزم و مافی مرۆڤ و تەکنۆلۆگی نوێ و ئابووری هەڵلووشین و ڕاگەیاندن و میدیا و دەیان تەڵەکە و کڵاوی دیکەوە، بۆ پەرەپێدانی سەرمایەداری و بازاڕ و دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانیی خۆی، لەسەر بەدبەختی و سیاچارەیی جیهانی هەژاران (جاران سێیەم). بوونی دەوڵەت و حوکوومەت و ڕێکخستن و کارگێڕی، لەکن ڕۆژاواییەک، لە هەموو شتێکی دیکە پێویستترە، لێ ئەو حوکوومەت و کارگێڕی و ڕێکخستنەی، ڕۆژاواییەک دەیەوێ دایمەزرێنێت، نموونەی حوکوومەت و کارگێڕی و ڕێکخستنێکی سەرمایەداری و کراوە بۆ بازاڕی ئازاد و لیبرالی و دیموکراتیی پەرلەمانییە، واتە: نموونەیەک لەو وەڵاتانەی ئەوروپا و ئەمەریکا و مانەندی ئەوان. وەها کارگێڕی و ڕێکخستن و حوکوومەتێک، چارەسەری دەردی ئیسیووپیا و وڵاتانی هەژار ناکات.

سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد، دەرفەت بۆ دەوڵەمەندان و بۆرژوا دەڕەخسێنێت، بۆ پتر دەوڵەمەندبوون و پتر هەژارکردنی

هەژارانی وڵات، هەرچی لیبرالیزم و گەمەی هەڵبژاردنی دیموکراتی پەرلەمانتارییشە، فێڵ و تەڵەکەیەکە بۆ فریودانی هەژاران و قازانج و فرەوانترکردنی هەژموونی دەوڵەمەندان. تاکە دیموکراتییەک بە کەڵکی کۆمەڵی ئیسیووپیا و کۆمەڵانی وەک ئەو بێت، دیموکراتی ڕاستەوخۆی گەل و ناپەرلەمانییە، کە هەموو دەسەڵات و کارگێڕی و فەرمانڕاوەییەک لە خوارەوە بۆ سەرێ بێت و ئاسۆیی و لەنێو خەڵکەوە بەرەو لووتکە هەڵکشێ، لە چوارچێوەی سیستمێکی سۆسیالیستیدا، لەسەر بنەمای دامەزراندن و بنیاتنانی ژێرخانێکی ئابووری بتەو و دامەزراوەی، بەتەنگ خەڵکەوە هاتوو و فریاڕەس و دادپەروەر و ئازادی و یەکسانیخواز، بۆ جڤاکی هەژار، دەستەبەر دەکرێ و تەواوی کێشەکانی مرۆڤ، چارەسەر دەکرێن. هەرچی چێکردنی جڤاکی گچکەگچکە و سەربەخۆ و خۆجێیە، لە جڤاکی ئیسیووپیا و جڤاکگەلی مانەندی ئیسیووپیا و تەنانەت کوردستانی لەمەڕ خۆیشمان، دەشێ وەک ئۆتۆنۆمیگەلێک جڤاکەیلێکی خۆسەری و خۆجێی گچکە گچکە و شێوازی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی شارەداری و سەندیکالیستی، دابمەزرێنرێت، لێ هەر دەبێ لە سەرێ ڕا و بە کۆمەڵێک ڕایەڵە، گرێدراوی دەسەڵات و حوکوومەت و ڕێکخستن و کارگێڕییەکی سۆسیالیستی و گەلێر بن، بۆوەی بتوانرێ، هەلومەرج و دەرفەتی وەک یەک، بۆ هەمووان بڕەخسێنرێت و یەکسانی و کۆمەڵی ناچینایەتی بهێنرێتە گۆڕێ.

## دوو وشـه بۆ ئیسـیووپیاییەکان

لە ڕاستیدا، تەواوی مرۆڤە باریکەڵە قەڵەمییە ئـارام و لەسـەرخۆ و سادە و ساکار و خاکەرا و بێ قیرە و ڕووخۆش و کـراوە و لاشـەڕ و نەرمونیـان و ئەسـمەر و خوێنگەرمەکـانی ئیسـیووپیا، تەواوی خەڵک و جڤاک و خاک و وەڵات و ژینگە و سروشت و ئاو و دار و ئاژەڵ و هەوا و هەژارەکانی ئیسیووپیام، خۆشویستن و بە یەکێـک لەو وەڵاتە جوانـانەی جیهـانی دەزانـم، کە دونیـایەک حەز دەکەم سەردانی بکەمەوە و پێوەندییم لەگەڵیدا هەبێت و لێی دانەبڕێم.

2016 — 02 — 29

## وێنەگەلێك لە ئیسیووپیاوە:



کەنیسەیەک لە ئەدیس ئەبابا



مزگەوتی ئەننوور (النور) لە ئەدیس ئەبابا



**مزگەوتی ئەننوور (النور) لە ئەدیس ئەبابا**



گۆڕی هایلا سیلاسی لە کاتدراڵی ئەدیس ئەبابا



کچێکی کەوش بۆیاغکەر لە ئەدیس ئەبابا



مالّە هەژارێک لە ئەدیس ئەبابا




مۆزەخانەی هایلا سیلاسی لە ئەدیس ئەبابا



بازاڕی ئاژەڵ و جامبازان لە ئەدیس ئەبابا



بازاڕی ئاژەڵ و جامبازان لە ئەدیس ئەبابا



کەرگەلی ئەدیس ئەبابا



ئەو ژنە هەژارەی نێو کولّبەکەی نزیک هوتێلەکەمان لە

ئەدیس ئەبابا



کاتدراڵی سەینت جۆرج لە ئەدیس ئەبابا



هەژارێک لە ئەدیس ئەبابا



هەژارێک لە ئەدیس ئەبابا



هەژارێک لە ئەدیس ئەبابا



هەژارێک لە ئەدیس ئەبابا



هایلا سیلاسی، ئیمپراتۆری پێشووتری ئیسیووپیا



پەیکەری هایلا سیلاسی لە ئەدیس ئەبابا




زانستگەی ئەدیس ئەبابا



ئاڵای ئیسیووپیا



فڕۆکەخانەی بۆلی لە ئەدیس ئەبابا



مەیدانی تیۆدرۆس و تۆپی سێباستۆپۆل لە ئەدیس ئەبابا




شانۆی هاجەر فیکیر لە ئەدیس ئەبابا



مەیدانی میسکل لە ئەدیس ئەبابا



کاتدراڵی سەینت جۆرج لە ئەدیس ئەبابا



بانکی بازرگانیی ئیسیووپیا له ئهدیس ئهبابا




بازاڕی دێمبڵ له ئهدیس ئهبابا



شەقامێک لە نێوەندی شاری ئەدیس ئەبابادا



کاتدراڵی سەینت جۆرج لە ئەدیس ئەبابا




تەختی خەوتنی هایلا سیلاسی لە مۆزەخانەی ئەدیس ئەبابا



بووک و زاواکەی ئەدیس ئەبابا



ژنێک لە کڵێسەدا لە ئەدیس ئەبابا، کڕنۆش دەبا و

زەوییەکەی ماچ دەکات



کڕنۆشبردن و ماچکردنی زەوی و دیواری کڵێسەیەک لە ئەدیس ئەبابا



کچە دارکێشێک لە چیای ئێنتۆتۆوە دێتە خوارەوە بەرەو نێو

## شاری ئەدیس ئەبابا



یەکێک لە  ئاهەنگگێڕە هەژارەکانی ئەدیس ئەبابا، لە جەژنی تیمکەتدا




لاوێکی دوکانداری قات فرۆش لە ئەدیس ئەبابا



شوێنەوار و پاشماوەی ڕێژیمە سۆسیالیستییەکەی ئیسیووپیا

لە ئەدیس ئەبابا



شەممەبازاڕەکەی لالیبێلا



شەممەبازاڕەکەی لالیبێلا



شەممەبازاڕەکەی لالیبێلا




شەممەبازاڕەکەی لالیبێلا



کارگەی کەوش دروستکردنی شەممەبازاڕەکەی لالیبێلا



**شەممەبازارەکەی لالیبێلا**



**سیراج ئەحمەد عەلی و ماڵی میمکی، کە پێکەوە دەژین، لە لالیبێلا**



مالّی میمکەکەی سیراج ئەحمەد عەلی




مونکەکانی لالیبێلا



کارگەی کەوش دروستکردنی شەممەبازاڕەکەی لالیبێلا



کەنیسەی سەینت جۆرج لە لالیبێلا



کەنیسەی سەینت جۆرج لە لالیبێلا




کەنیسەی سەینت جۆرج لە لالیبێلا



کۆمەڵێک زارۆک لە باژێڕی لالیبێلا



باژێڕی گۆندەر



مەلەکردنی نێو هەسێڵی فاسیلیدس لە جەژنی تیمکەتدا لە گۆندەر



مەلەکردنی نێو هەسێڵی فاسیلیدس لە جەژنی تیمکەتدا لە گۆندەر



هەژارێکی بێ ماڵ لە گۆندەر



دەرۆزەکەرانی گۆندەر



عەرەبانە و ئەسپ لە بازێڕی گۆندەر



جووتە سەرپێیەکانی هوتێلەکەی گۆندەر



ئاهەنگگێرانی جەژنی تیمکەت لە گۆندەر



ئاهەنگگێرانی جەژنی تیمکەت لە گۆندەر



توکتوک



تاڤگەکەی سەر نیلی شین لە بەهردار



تاڤگەکەی سەر نیلی شین لە بەهردار



بەنداوە مەزنەکەی ڕابوون



ژنە ماسیی پاککەرەکانی بەهردار



ژنە ماسیی پاککەرەکانی بەهردار



زەریاچەی تانا و سەرچاوەی نیلی شین لە بەهردار



کەڵک (سەقاقوش، پەلیکان)ەکانی نێو زەریاچەی تانا لە
بەهردار



زەریاچەی تانا و هوتێلێک لە بەهردار



جەژنی تیمکەت لە بەهردار



ژنانی کارگەر لە فڕۆکەخانەی بەهردار



کارگەران و چاودێرانیان لە بەهردار



له ڕێگەی تاڤگەکەدا، گوندییەکی ئەو دەوروبەرە، کە هەموو کارێکی، تەنێ ڕوونیشتنە و تەماشاکردنی دەوروبەر



داری پاپایا لە بەهردار



داری مۆز لە بەهردار



جەژنی تیمکەت لە بەهردار



بێزا و مەسیرەت، دوو خوشکەکەی شاری بەهردار



هەژارێکی شاری بەهردار، لە کەنار زەریاچەی تانا، خۆی و جلەکانی
دەشوا



هەژارێکی شاری بەهردار، لە کەنار زەریاچەی تانا، خۆی و
جلەکانی دەشۆرێ



هەژارانی شاری بەهردار، لە کەنار زەریاچەی تانا، خۆیان و
جلەکانیان دەشۆرن



هەژارانی شاری بەهردار، لە کەنار زەریاچەی تانا، خۆیان و
جلەکانیان دەشۆن



هەژارانی شاری بەهردار، لە کەنار زەریاچەی تانا، خۆیان و جلەکانیان دەشۆن



مزگەوتی سەلام یا سەلامەت لە شاری بەهردار

# بڵاوكـراوەكـانـی پـرۆژەی بـیـری مـیـانڕەو

| ژ | نـــاوی كـتـێـب | نــاوی نووســەر | نــاوی وەرگـێـر |
|---|---|---|---|
| 1 | ئەركی ئەمڕۆی گەنجی موسڵمان | د. يوسف القرضاوي | شڤان ئیبراهیم |
| 2 | ئایین لە سەردەمی زانستدا | د. يوسف القرضاوي | محەمەدی مەلا حەسەن |
| 3 | ئەو ئیسلامەی بانگەوازی بۆ دەكەین | د. يوسف القرضاوي | شڤان ئیبراهیم |
| 4 | ئافرەتانێكی باوەڕدار | د. يوسف القرضاوي | ڕووبار عومەر ئیبراهیم |
| 5 | بوونی خوا | د. يوسف القرضاوي | حەسەن پێنجوێنی |
| 6 | یەكتاپەرستی | د. يوسف القرضاوي | سالار عبدالرحمن |
| 7 | موسڵمانان و جیهانگیری | د. يوسف القرضاوي | سەركەوت جەلیل |
| 8 | قســـەگەلێك لەمـــەڕ میـــانڕەویی ئیسلامی | د. يوسف القرضاوي | هیوا مەحمود جاف |
| 9 | ڕۆڵــی قـــەرەزاوی لـــە چەســـپاندنی میانڕەویی ئیسلامیدا | د. أكـرم كســـاب | هیوا مەحمود جاف |
| 10 | چارەسەری ئیسلام بۆ گرفتی هەژاری | د. يوسف القرضاوي | حەمەكەریم عبدالله |
| 11 | زانایەك و ستەمكارێك | د. يوسف القرضاوي | إحسان برهان الدين |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هێمن خورشيد | د. يوسف القرضاوي | ڕۆشنبیریی بانگخواز | 12 |
| يوسف مەلا خەليل | د. يوسف القرضاوي | نەوەی سەرکەوتن | 13 |
| | قانع خورشيد | سیستەمی ستەمکاری, سەرهەڵدان و ڕووخانی.. | 14 |
| | قانع خورشيد | مرۆڤ و پەیامداری | 15 |
| ئیکرام کەریم | د. يوسف القرضاوي | مێژووی شێوێنراومان | 16 |
| | عومەر عەبدولعەزیز | هۆکارەکانی سەرکەوتنی ڕەوتی ئیسلامیی میانڕەو | 17 |
| | هێمن خورشيد | ئاو و ئاور | 18 |
| | عومەر عەلی غەفور | ئایین و هەرا | 19 |
| | هیوا مەحمود | حەسەن بەننا.. ڕابەری بێداری | 20 |
| | قانع خورشيد | قومێك ئاوی سارد بۆ گەروویەکی تینوو. | 21 |
| | قانع خورشيد | تۆزی بەر با (سەلەفییەت واتا و مێژوو) | 22 |
| سەیوان عەلی | حامد ئەلگار | تۆزی بەر با (وەهابییەت، وتارێکی ڕەخنەیی) | 23 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 24 | تـۆزی بـەر بـا (پەیکـەر و وێنــە، لـە نێوان دەق و واقیعدا) | ڕێناس ئەحمەد | |
| 25 | لـە سـفرەوە (ئـەڤین تـەنیا بیـانووی ژین) | قانع خورشید | |
| 26 | فووکردن لە خۆڵەمێش | هێمن خورشید | |
| 27 | بۆچی ئیسلام؟ | د. یوسف القرضاوي | ڕووبار عومەر ئیبراهیم |
| 28 | عیشق لە نێوان عەقڵ و ئاییندا. | قانع خورشید | |
| 29 | ئایـا موسـوڵمانان دەبنـە حەفتاوسـێ بەشەوە؟ | حاکم موتەیری<br>سەیید حەسەن سەقاف | یوسف مەلا خەلیل |
| 30 | بەخشینی نرخ (قیمەت) لـە زەکـات و سەرفترەدا | د. یوسف القرضاوي | قانع خورشید |
| 31 | مـەلای گـەورە، کوێخـای دیوەخـانی هزر و میوانی دیوانی شیعر | قانع خورشید | |
| 32 | مرۆڤ و باوەڕ | مورتەزا موتەهەری | ئارام سەلاح |
| 33 | بەردبارانکردنی زیناکـەر لـە قورئانـدا نییە | موستەفا زەڵمی | شڤان ئیبراهیم |
| 34 | ئەڤین، تنێ حێجەتا ژینێ | قانع خورشید | ئەیاز عەبدوڵڵا مزرورى |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 35 | بۆ ئەو گەنجانەی دەچنە زانکۆ | قانع خورشید | |
| 36 | دیارەدەی هەڵگەڕانەوە لە دین | قانع خورشید<br>ڕێناس ئەحمەد | |
| 37 | بۆ ئەوانەی وەکو خۆمن (1) | قانع خورشید | |
| 38 | سوننەت و بیدعەت | د. یوسف القرضاوي | محەمەدی مەلا حەسەن |
| 39 | تێڕامانێك لە چەمکی بیدعەت | محەمەد مەلا مەحموود تاوگۆزی<br>یوسف مەلا خەلیل | |
| 40 | گرفتەکە لە کوێدایە؟ | د. یوسف القرضاوي | ئەحمەد حسێن |
| 41 | ئایین و ناتوندوتیژی | عومەر عەلی غەفوور | |
| 42 | بۆ ئەوانەی وەکو خۆمن (2) | قانع خورشید | |
| 43 | دیوەکەی تری جەلالەدین | قانع خورشید | |
| 44 | ئەبوو حامدی غەززالی و تێڕوانینی بۆ زانستی کەلام | قانع خورشید | |
| 45 | سەدەیەك گەڕانەوە بۆ قوڵایی مێژوو، گەشتێك بۆ ئیسیووپیا | ئەمجەد شاکەلی | |